# پێشەنگ ٢٤

ئەدەبی، فەرهەنگی، هونەری، رۆشنبیری



فایلێکی تایبەت بە ئەدەبیاتی منداڵان

لەم ژمارەیەدا: وتار - وتووێژ - بابەت - چیرۆک - شیعر

## چپەیەکی خۆمانە

خوێنەرانی ئازیز! گۆڤاری" پێشەنگ" بە هەگبەیەک بابەتی بە پێز و هەمە جۆرەوە جارێکی تر کەوتەوە بەر دیدەی ئێوەی خۆشەویست.
لە ژمارەی ئەمجارەی" پێشەنگ" دا، کە ژمارە ٢٤ یەتی، گەلێک بابەت و بەرهەمی لە بوارەکانی: هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری، ئەدەبیاتی منالآن، ژنان، ڕەخنەی ئەدەبی، سینەما، شانۆنامە، سانسۆڕ، چیرۆک و شێعر، ژیان و بەرهەمەکانی نووسەران، ئەدیبان و شاعێرانی خاوەن هەڵوێست و لایەنگری شێلگیری ئازادی و یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ و سەر بە چینی کرێکار و خەڵکی زۆر لێکراو و هیتری لە خۆ گرتوە.
کۆی ئەو بەرهەمانەی لەم ژمارەیەدا دەکەونە بەرچاوی خوێنەری ئەم گۆڤارە حاسڵی ڕەنج و ماندوو بوونی کۆمەڵێک ئینسانی ماندوویی نەناسن کە خۆبەخشانە و بەوپەڕی دڵسۆزی و هەست بە بەرپرسیاریەتیەوە کاریان لەسەر کردون و ئامادەیان کردون بۆ ئەوەی بکەونە بەر دیدەی ئێوەی بەرێز.
ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە لە نێو ئەو هەموو گۆڤارە هەمە ڕەنگانەدا کە لەبوارەکانی هونەر و ئەدەبیات و ڕوناکبیری کۆمەڵایەتیدا، بەدیزاینی جوان و قەبارەی گەورە و کەم و زۆر بە ئاڕاستەیەکی لەیەک نزیکەوە، بڵاو دەبنەوە دەنگی تایبەت بەخۆمان هەبێت و ئاڕاستیەکی کاریی لەوان جیاوازتر، داوەریی لەسەر ئەم بەشە بە ئێوەی خوێنەر دەسپێرین، کە هیوادارین خاڵی جێی مەبەستمان پێکابێت.
لەم ژمارەیەدا ئێمە لە یارمەتی و هاوکاری کۆمەڵێک لە دۆستان و هاوڕێیانی خۆمان و لایەنگرانی ڕێبازی گۆڤاری" پێشەنگ" بەهرەمەند بووین کە ناوەکانیان، بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان یان بەناوی خوازراوەوە، لە دوتوێی گۆڤارەکەدا هاتوە و جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینی خۆمانیان پێ ڕابگیەنین و وێڕای دەستخۆشی کردن لێیان هیوادارد بین لە داهاتوش دا هەروا هاوکار و پشتیوانمان بن.

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد ساڵحی

سەرنووسەر: سەعید ئەمانی

هاوکارانی ئەم ژمارەیە:

ناسر حەقپەرەست یوسف عەلیپوور تەرزە عەباسی

سەلام قادری پەروین عەلیمرادی ئاکام بەسیم

بەرگ: یوسف عەلیپوور مونتاژ: دەریا

ئیمەیل:

Peshang2@hotmail.com

لەسەر تۆری ئەنتەرنێت لە بەشی (نشریات) ماڵپەری (پیام) دەتوانن پێشەنگ بخوێننەوە www.payam.se

تەلەفۆن:

٠٧٧٠١٩٣٤٥٧٣

٠٧٧٠١٥٦٧٨٥٤

بۆ ئاگاداری خوێنەران:

* کەڵک وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئاماژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.
* ناوەرۆکی بابەتەکان تەنها نووسەرەکانی لێی بەرپرسیارن


# ناوەڕۆک


| ناوی بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| فەرهەنگی کرێکاری چیە و ئایا هاتنەدی... | ن: ترۆتسکی | و: سەعید ئەمانی | ٥ |
| پێگەی کرێکاران لە شیعری هاوچەرخی فارسی | ن: عەلی ئەمینی نەجەفی | و: پێشەنگ | ١٤ |
| داهێنانی زمانێک بۆ هەڵاتن لە سانسۆر | ن: سەلام قادری | | ١٨ |
| دەرد و ژانی ئەفغانی بوون | ئا: س.ا | | ٢٢ |
| فروغ ئەو شاعیرەی ئێستاش بەسەر پێوەیە | ناسر حەقپەرەست | | ٢٥ |
| بۆ پەپولە باڵکراوەکان | یوسف عەلیپوور | | ٢٧ |
| لە جیهانی برسیدا، واتای ئەدەبیات چیە؟ | سارتر | و: هێمن ئەمانی | ٢٩ |
| لە ستایشی چاپەمەنی ئازاد دا | مارکس | و: عەلی ئەحمەدپوور | ٣٠ |
| دوژمنایەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ... | واسگز | و: رازان | ٣٢ |
| ژنان لەسەر بەستێنی فەرهەنگێکی وەحشی | ن: فریشتە حەزرەتی | و: هیوا | ٣٦ |
| گەران بە شوێن ژیان دا | ن: یوسف عەلیپوور | | ٣٨ |
| نازم حیکمەت شاعیری دەردئاشنای تورکیە | ئا: سەعید ئەمانی | | ٤١ |
| شوێنکەوتوانی بیردۆزی هونەر بۆ هونەر | سیروان پەرتەونووری | | ٤٤ |
| ژیان و بەرهەمەکانی هێرمان هێسە | ئا: پەروین عەلیمرادی | | ٤٦ |
| بۆ ویکتۆرخارا و ئێوارەی ... | و: هیوا ئەمانی | | ٤٩ |
| لە پێناو بەرز نرخاندنی گۆرکی | گئۆرک لۆکاچ | و: کازێوە | ٥٠ |
| مارکسیزم و مێژووی ئەدەبیات | گئۆرک لۆکاچ | و: هیوا ئەمانی | ٥١ |
| میراتگری شۆرش کارلۆس فۆئینتس | | و: پەیمان | ٥٣ |
| سروودێک بۆ ژنان قسەیەک بۆ مێژوو | ن: نەجم محەمەد | | ٥٥ |
| کەمتەر خەمەکان | ن:ئانتۆنیۆ گرامشی | و: باران | ٥٦ |
| کاتێک دەنووسی بەردەوام لە حاڵی خەبات... | بێرتۆلد برێشت | و: پێشەنگ | ٦٠ |
| پێشەکی بۆ کتێبی شەری نێوخۆیی لە فەرەنسا | ئێنگێڵس | و: ئاکام بەسیم | ٦١ |
| رۆژی نوێ، مەینەتی نوێ | داریۆ فۆ | و: سەلام قادری | ٦٩ |
| کۆڵبەر | ن: شەهرام ئەمانەتی | | ٧٤ |
| فیلمی ئانا کارنینا | جیمز برادینی | و: کازێوە | ٧٩ |
| رێگای گەیشتن بە خەون و ئاواتە داخراوەکان | ئا: پەیمان | | ٨٢ |
| وتووێژ لەگەڵ سەعید ئەمانی | ئا:تەرزە عەباسی | | ٨٦ |
| سینەماو رۆژنامەوانی | ن: سەلاح مەزن | | ٨٨ |

# ناوەڕۆک


| ناوی بابەت | نووسەر | وەرگێر | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| **فایلی تایبەت به ئەدەبیاتی منداڵان** | | | |
| ئەدەبیاتی منداڵان | ن: سەمەمەد بێهرەنگی | و: هێمن ئەمانی | ٩١ |
| ڕۆڵی خەیاڵ و فەلسەفە لە ئەدەبیاتی... | هۆمایون فەلاح | و: ناسر حەقپەرەست | ٩٣ |
| یاری | ن: نوشین حافێزی | و: پەروین عەلیمرادی | ١٠٠ |
| بەسەرهاتی کلوە بەفرێک | ن: سەمەد بێهرەنگی | و:سەرگوڵ بێتوشی | ١٠٣ |
| پیتەر | ن: ئێریش کستنێر | و: تەرزە عەباسی | ١٠٥ |
| چەن شیعری منداڵان | | | ١١١ |
| وتوویژ لەگەڵ زارا پەرەستار | ئا: ڕێبوار شریفی | | ١١٤ |
| لەبیرم مەکەن! | وتاری: سوسەن بەهار | و: دایکی هانا | ١١٦ |

# فەرهەنگی کرێکاری چییە و ئایا هاتنەدی شتێکی لەم بابەتە ئیمکانی هەیە؟



ن: لیئۆن تروتسکی
لەفارسیەوە: سەعید ئامانی

هەموو چینێکی دەسەڵاتدار فەرهەنگی خۆی، و لە ئاکامدا هونەری خۆی بەدیدێنێ. مێژوو بەڵگەیەکە لەسەر فەرهەنگی کۆیلەداری ڕۆژهەڵات، قۆناغەکانی کلاسیکی باستانی، فەرهەنگی دەرەبەگایەتی سەدەکانی نێوەڕاستی ئوروپا و ئەو فەرهەنگە بۆرژوازیەی بەسەر دنیادا حوکمڕەوایی دەکات. لە ئاکامی ئەم زنجیرەیەشدا ڕوون و ئاشکرایە کە پڕولیتاریاش فەرهەنگ و هونەری تایبەت بەخۆی بەرهەم دێنێ.

بەم حاڵەشەوە، ئەم پرسیارە بەو هاسانیەش نییە کە لە یەکەم سەرنجدا بەزەین دەگات. کۆمەڵگایەکی کە لەودا کۆیلەداران چینی خاوەن دەسەڵات بوون، بۆ ماوەی چەندین سەدە بوونیان هەبووە. ئەمە سەبارەت بە دەرەبەگایەتیش هەروایە.

ئەگەر کەسێک فەرهەنگی بۆرژوازی، تەنیا لە کاتی سەرهەڵدانە پڕ لە گێژاوەکەیەوە کە لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە دەست پێدەکات، بە ئەژمار بێنێ دەگاتە پێنج سەدە، بەڵام تەنیا لە سەدەی نۆزدەدا و یان بە دروستی لە نیوەی دووهەمی ئەم سەدەیە دایە کە دەگاتە لوتکەی خۆی. مێژوو نیشانی دەدات کە بۆ پێکهاتنی فەرهەنگێکی نوێ کە سەربە چینێکی دیاریکراوی دەسەڵاتدارە پێویستی بە کاتێکی جێی سەرنجە و کامڵ بوون و گەشە کردنیشی تەنیا لە قۆناغی بەرلە کاتی لاواز بوون و بەرەو لە نێو چوونی سیاسی ئەو چینە دەسەڵاتدارەوە دەست پێداکات و کۆتایی دێت.

ئایا پڕۆلیتاریا بە ڕادەی پێوست بۆ پێکهێنانی فەرهەنگی" پڕۆلیتری" کاتی بەدەستەوە دەبێت؟ بە پێچەوانەی ڕژیمی کۆیلەداری، لۆردە دەرەبەگەکان و بۆرژوازی، پڕۆلیتاریا تەنیا وەک قۆناغێکی کورتی گوزار دەروانێتە دیکتاتۆری خۆی. کاتێک کە ئێمە بەگشتی ڕوانگەگەلی لە ڕادە بەدەر خۆشبینانە سەبارەت بە گوزار بەرەو سوسیالیزم ڕەد دەکەینەوە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەین کە قۆناغی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە مێقیاسی جیهانیدا نەک بۆ مانگ و ساڵەکان بەڵکو بۆ چەندین دەیە درێژەی دەبێت- بۆ چەندین دەیە نەک چەندین سەدە و بێگومان نەک بۆ هەزاران ساڵ. ئایا پڕۆلیتاریا لەم ماوەیەدا دەتوانێ فەرهەنگێکی نوێ بەرهەمبێنێ؟ ئەم پرسیارە بە گومانەوە دەست پێدەکات، لەبەر ئەوەی کە قۆناغەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، دەورانی خەباتێکی چینایەتی بێ ئەمانە کە لەودا نەک بنیادنانەوەی نوێ، بەڵکو وێران کردن زۆرترین جێگا بۆخۆی تێیدا داگیر دەکات. بەهەر ڕادەیەک، ئینێرژی خودی پرولیتاریا بەشێوەی گشتی سەرفی بەدەست هێنان، پتەوکردن و پاراستن و قایم کردنی دەسەڵاتەکەی دەبێت تا بتوانێ بە باشترین شێوە ولامدەرەوەی نیازە هەنوکەییەکان و درێژەی خەباتەکەی بێت. بەهەرحاڵ لەم دەورە شۆڕشگێڕانەیە دایە کە، چینی کرێکار بە لوتکەی هەڵچوون و کەماڵی خسڵەتی چینایەتی خۆی دەگات و لە مەودای ئەم مەدار و بازنە بەرتەسکە دایە کە ئیمکانی سازندەگیە پلان بۆ دارێژراوە فەرهەنگیەکەی سنوردار دەبێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، بەهەر ڕادیەک ئەم ڕژیمە نوێیە زیاتر

و زیاتر بەدوور بێت لە ڕووداوی چاوەڕوان نەكراوی سیاسی و نیزامی، بارودۆخ بۆ داهێنانە فەرهەنگیەیەكەی لەبارتر دەبێت. پرۆلیتاریا زیاتر و زیاتر بەرەولای كۆمەڵگای سوسیالیستی دەكێشرێ، خۆی لە تایبەتمەندیە چینایەتیەكانی ڕزگار دەكات و بەم شێوەیە كە كۆتایی بە پرۆلیاتاریا بوونی خۆی دێنێ و لە ئاكامدا ئیتر لەوێدا پرسیار لەسەر پێهێنانی فەرهەنگێكی نوێ لە ئاستی مێژوییدا لە دەورەی پرولیتاریادا نییە. بنیاد نانەوەی فەرهەنگێكی كە سەردەمانێك دەست پێدەكات كە ئیتر پێویستی بە چنگاڵی پۆلاینی دیكتاتۆری بێهاوتای پرولیتارا لە مێژوودا سڕابێتەوە، خسڵەتی چینایەتی نییە. وا بەنەزەر دەگات كە ئەمە دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئاكامێكی كە هیچ كات فەرهەنگێك بەناوی فەرهەنگی پرولیتێری بوونی نەبووە و نابێت و لە ڕاستیدا هیچ هۆكارێكیش بۆ بەداخەوە بوون بۆ ئەم بابەتە نابێت، لەبەر ئەوەی كە پرۆلیتاریا بەدەست هێنانی دەسەڵاتی تەنیا بە ئامانجی لە ڕیشەوە هەڵكێشانی هەتاهەتایی فەرهەنگی چینایەتی و دەستەبەر كردنی فەرهەنگێكی ئینسانی دەوێت. وا دەردەكەوێت كە ئێمە بە بەردەوامی ئەم بابەتەمان لەبیر دەچێتەوە.

باسە بێ فۆرمەكان سەبارەت بە فەرهەنگی پرۆلیتێری، وەك ئانتی تیزێك لە بەرانبەر فەرهەنگی بۆرژوازی دا، دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ ناسینی نا ڕەخنە گرانەی چارەنووسی مێژویی پرۆلیتاریا لەگەڵ بۆرژوازیدا. شێوازە ڕواڵەتی و خالیسە لیبراڵیەكانی بەراورد كردنی شكڵی مێژویی هیچ پێوەندیەكی هاوبەشی لەگەڵ مارکسیزم دا نییە. لە نێوان گەشە و پەرەسەندنی مێژویی بۆرژوازی و چینی كرێكاردا بەراوردێكی ڕاستەقینە بوونی نییە.

پەرە گرتنی فەرهەنگی بۆرژوازی چەندین سەدە بەرلەوەی كە بۆرژوازی دەسەڵاتی دەوڵەتی بە كەڵك وەرگرتن لە زنجیرەیەك شۆڕش و گۆڕانكاریەوە بە دەستەوە بگرێت دەستی پێكرد. تەنانەت كاتێكی كە بۆرژوازی چینی سێهەم بوو وە تەقریبەن بێبەش لە حەقوق و مافەكانی بە بەردەوامی دەورو نەخشێكی گەورە و ڕوو لە گەشەی لە بوارە فەرهەنگیەكاندا گێڕا. ئەم بابەتە بە تایبەت لە بواری بیناسازیدا بەرچاوە. بینای كلیساكانی گوتیكی كۆڵن، مێعماری و پەیكەر سازیەكانی، دەستكەوتی پەیكەر سازی لە ئەزمونەكانی بەشەرییەت لە سەردەمی كۆنە بەردینەیە كە ئاوێتەی توخمی ئەزمونی شێوازی نوێ بووە و دەرخەری فەرهەنگی سەردەمانی خۆیەتی كە لە لێكدانەوە و هەڵسەنگاندنی كۆتایی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و تێكنیكەكانی ئەو سەردەمەیە. سینفەكان بەرلە بۆرژوازی ( دەورانی سەدەكانی نیوەڕاست) پێكهێنەرانی ڕاستەقینەی شێواز و سەبكی گوتیك بوون. كاتێك ئەم شێوازە دەوڵەمەندتر بوو، كە بە هێزو تواناوە گەشەی كرد و هەڵیدا، بۆرژوازی لە ئاستی قۆناغی گوتیك پەڕیەوە و وشیارانە و هەڵسوڕاوانە شێوازی مێعماری تایبەت بەخۆی داهێنا نەك بۆ كلیسا، بەڵكو بۆ دروست كردنی كاخەكانی.

بە ژێر بینای خۆیەوە كە لەسەر شێوازی گوتیك ڕۆنرا بوو، ئاراستەكەی بەرەو سەبك و شێوازی دەورانی باستان گۆڕا، بە تایبەت بەرەو مێعماری ڕۆم و ئافریقای باكۆر و هەموو ئەمانە ئەو دەستكەوتانەی لە هەلومەرج و بارودۆخ و پێداویستی شاری كۆمەڵگای نوێدا بەكار هێنا.

بەم جۆرەیە كە( ڕێنێسانس لە كۆتایی سێ دەیەی یەكەمی قەرنی پازدەدا لە ئیتالیا بە دیهات.) پسپۆڕان ڕەنگە ژمارەی ئەو توخمانەی كە ڕێنێسانس سەر بە شێوازی باستانی و ئەو توخمانەی دیكەی بە شێوازی گوتیكیان دەزانێ، بژاردوە و ڕەنگە بەڵگە بێننەوە و باس لەوە بكەن كە كام لایەن بەهێزترە. بەڵام ڕێنێسانس تەنیا كاتێك دەست پێدەكات كە ئەوچینە كۆمەڵایەتیە نوێیەی شكڵی گرتوە و ئێستا لە لوتكەدایە، بە ڕادەی پێویست هەست بە دەسەڵات دەكات و لەژێر كۆت و بەندی گوتیك هاتۆتە دەر و وەك ئەو بەستێنە دەڕوانێتە هونەری گوتیك كە مەوادەكەی لە پێشترەوە لێوەرگرتوە تا لە خزمەت بە ئامانجەكانی خۆیدا بەكاریان بێنێ و لە تێنیكەكانی ڕابردوی بۆ هونەرەكەی خۆی كەڵك وەربگرێت. ئەم بابەتە سەبارەت بە هەموو هونەرەكانی دیكەش هەروایە، بەڵام بە جیاوازیەكەوە كە هونەرە ئازادەكان بەهۆی نەرمونیانی زیاتریان و وابەستەگی كەمتریان بە ئامانج و بەرژەوەندیەوە، دیالكتیكی بۆماوەیی شێوازەكانی بەوەها مەنتقێكی نەگۆڕی كە مێعماری هەیەتی ئاشكرا ناكات.

لە سەردەمی ڕێنیسانس و دەستپێكی ئەو ڕیفۆرمە كۆمالایەتیەوە كە بوارێكی گەلێك گونجاوتری بۆ بارودۆخی سیاسی و فكری بۆرژوازی لە كۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا خۆش كرد، تا كاتی شۆڕش كە دەسەڵاتی گواستەوە بۆ چینی بۆرژوازی، سێ تا چوار سەدە بەسەر گەشەی هێزی مادی و فكری بۆرژوازی لە فەڕانسەدا تێپەڕی بوو. شۆڕشی گەورەی فەڕانسە و شەڕێكی كە لێی كەوتەوە بە شێوەی كاتی ئاستی فەرهەنگی مادی هێنایە خوارێ بەڵام دواتر ڕژیمی سەرمایەداری خۆی

وەک بابەتێکی سروشتی و هەتا هەتایی قایم کرد. بەم پێیە پرۆسەی گەشەی فەرهەنگی بۆرژوازی و دەرکەوتنی لە شێوازێکدا لەلایەن تایبەتمدیەکانی بۆرژوازیەوە وەک چینێکی داگیرکەر و چەوسێنەر دیاری کرا. بۆرژوازی نە تەنیا بەشێوەی ماددی لە ناخی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا گەشەی کرد، خۆی لە شکڵ و شێوەی جۆراو جۆردا لە گەمارۆی داهاتوو دەرهاویشت و سەروەت و سامانی وڵاتی هێنا ژێر چنگی خۆیەوە، بەڵکو ڕوناکبیرانیشی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و بناغەی فەرهەنگی خۆی( قوتابخانە، زانکۆ، ئاکادیمی، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان) ماوەیەک بەرلەوەی کە بە ئاشکرایی دەوڵەتی لە ئیختیاردا بێت دامەزراند. ئەوەندە بەسە لە بیرمان بێت کە بۆرژوازی ئاڵمان، بە تێکنیکی بەراورد هەڵنەگری، فەلسەفە، زانست و هونەری خۆی ئیزنی دا دەسەڵاتی دەوڵەتی لە دەست چینی دەرەبەگی بۆرۆکراتیکدا بێت تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٨ و بڕیاریدا، یان بەدروست، تەنیا کاتێک ناچار بە گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن خۆیەوە بوو کە بناغە ماددیەکانی فەرهەنگی ئاڵمان دەستی بە لێک هەڵوەشان و دارمان کرد.

بەڵام ڕەنگە یەکێک لە وڵامدا بڵێت: کە هەزاران ساڵی پێچووە تا ئەوەی کە هونەری کویلەداری شکڵ بگرێت و تەنیا چەند سەد ساڵێکیش بۆ هونەری بۆرژوازی، کەوایە بۆچی هونەری پرۆلیتێری ناتوانێ لە دەیان ساڵدا شکڵ بگرێت؟ جێگاوشوێنی تێکنولۆژیکی ژیان لەمڕۆدا بەرابەر نییە و لە ئاکامدا ڕیژەی خێراییەکەشی جیاوازە. ئەم ئیرادەی، کە لە یەکەم ڕوانیندا بەر زەین دێت وێدەچی ڕازیمان بکات، لە ڕاستیدا مەتەڵی مەسەلەکە لەبەرچاو نەگرێت. بێ گومان، لە گەشە و هەڵدانی کۆمەڵگای نوێدا، ئەوکاتە دەگات کە ئابووری، فەرهەنگ و هونەر گەورەترین ئەنگیزە لە داهاتودا، بێنێتە گۆڕێ. لە حاڵی حازردا ئێمە تەنیا دەتوانین کە خەون و خەیاڵەکانمان لە ڕاستای بەدیهاتندا ئاڕاستە بکەین. کۆمەڵگایەکی کە قەیران و تەنگوچەڵەمە و نیگەرانی پەیدا کردنی نانی ڕۆژانە کەسەکان لە بەین دەبات، چێشتخانە گشتیەکانی، خۆراکی باش، سالم و بەتام بۆ هەموان ئامادە دەکات تا بە دڵی خۆیان هەڵبژێرن، جلشۆرخانە گشتیەکان، مەلافە و جلوبەرگی هەموان بە خاوێنی دەشوات و منداڵەکان، هەموو منداڵەکان بەباشی تێرەکرێن و بەهێزو شادمانن و توخمە بنەماییەکانی زانست و هونەر وەک ئاهەنروبا هەوا و گەرمی وزەی خۆر ڕادەکێشن، لە کۆمەڵگایەکدا پیشەسازی کارەبا و ڕادیۆ ئیتر وەک ئەمڕۆ نییە بەڵکو لە سەرچاوەیەکی بەهێز و بێ کۆتایی پێکدێن کە بە گوشاردانی دوگمەیەکی ناوەندی وەکار دەکەوێت، کۆمەڵگایەکی کە ئیتر لەودا وتەبێژانی بێکەڵک لە ئارادا




نین و هێزی بەتوانای ڕزگاربووی زاتی غەیرە بەشەری- بە گشتی بەرەو دەرکی ئاڵوگۆڕ و باشتر بوونی جیهان هیدایەت دەکرێت- لە ئاوا کۆمەڵگایەکدا، پەرەسەندنی پتەو و بەردەوامی فەرهەنگی لەگەڵ هەموو ئەوەی لە ڕابردودا بەرەوپێشەوە چووە شیاوی بەراورد نییە. بەڵام هەموو ئەمانە بەدوای هەڵچوونێکی دژوار و درێژ ماوەدا دێت کە هێشتا لەبەر دەمماندایە. و ئێمە تەنیا لەبارەی ئەو قۆناغی هەڵچوونەوە خەریکین قسە و باس دەکەین.

بەڵام ئایا ساتەکانی ئێستا بزۆز و خاوەن جوڵە نین؟ لە بانترین پلەدا ئەوەیە، بەڵام زرت و زیندوویەکەی لە سیاسەتدا چڕبۆتەوە. شەڕ و ئاشتی لە جوڵە و بزوتندا بوون بەڵام بەشێوەیەکی بەرین لە ژێر هەزینەی تێکنولۆژی و فەرهەنگ دا. ئەمە ڕاستە کە شەڕ قۆناغێکی درێژ ماوەی داهێنانی فەننی پێکهێنا بەڵام هەژاریەکی کە لێی کەوتەوە، کاربوردی بە کردەوەی ئەم داهێنانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەکارخست و لەگەڵیدا ئیمکانی شۆڕشگێرانە کردنی ژیانیش. ئەمە سەبارەت بە ڕادیۆ، کەشتیی و دۆزینەوەی گەلێک تێکنولۆژی تریشدا ڕاستە.

لە لایەکی دیکەوە شۆڕش بوار بۆ کۆمەڵگەی نوێ خۆش دەکات بەڵام ئەمە لەگەڵ شێوازەکانی کۆمەڵگای کۆندا، لەگەڵ خەباتی چینایەتی، توندوتیژی، وێران کردن و لەنێو بردندا بەڕێوە دەبات. ئەگەر شۆڕشی کرێکاری نەهاتایەتە بەرەوە بەشەریەت لەگەڵ دژوازیەکانیدا خۆی هەڵدەواسی. شۆڕش کۆمەڵگا و فەرهەنگی ڕزگار کرد بەڵام لە ڕێگای بێڕەحمانەترین کردارەوە. هەموو هێزە هەڵسوڕاوەکان لە سیاسەت و خەباتی شۆڕشگێرانەدا چڕ بوونەتەوە، و هەموشتەکانی تریش بەرەو بوارەکانی دەوروبەر پاڵپێوە نراون و هەرچیەکی دەست و پێگری زاڵمانەش خراونەتە ژێر پێوە. لەم ڕەوتەشدا، هەڵبەت جەریانی هەڵکشان و داکشان بوونی هەیە: کومونیزم پێگەیەکی دا بە نیزامی nep ، کە بە نۆرە، بە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا تێدەپەڕێت.

بەڵام لە جەوهەری خۆیدا، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ڕێکخراوێک نییە بۆ بەرهەم هێنانی فەرهەنگی کۆمەڵگای نوێ، بەڵکو سیستمی شۆڕشگێرانەی نیزامیێکە کە خەباتی بۆ دەکات. ئەمە نابێ لە بیر بچێتەوە. ئێمە پێمان وایە کە مێژوو نووسانی داهاتوو لوتکەی کۆمەڵگای کۆن لە ڕۆژی دووهەمی مانگی ئوتی ساڵی ١٩١٤ دا تۆمار دەکەن، کاتێک کە هێزی شەڕەنگێزی فەرهەنگی بۆرژوازی، دنیای خەڵتانی خوێنی شەڕە ئیمپریالیستیەکەی کرد. دەستپێکی مێژووی نوێی بەشەرییەت لە ڕۆژی ٧ ی نوامبری ١٩١٧ دا پایە ڕێژی دەکرێت. ئێمە پێمان وایە کە قۆناغە سەرەکییەکانی گەشەو هەڵدانی بەشەرییەت تا ڕادەیەک بەم شێوەیەی خوارەوە دادەمەزرێت: کورتە مێژووی بەر لە مێژوویی ئینسانی سەرەتایی، مێژووی باستان، کە هەڵچوونی لە سەر بنەمای کۆیلەداری بوو؛ سەدەی نێوەڕاست، لەسەر بنەمای کۆیلەیی کشتوکاڵی؛ سەرمایەداری بە چەوساندنەوەی هەقدەستی بەخۆڕای و لە کۆتاییدا، کۆمالگای سوسیالیستی، کە ئێمە هیواداریين گواستنەوە و پەڕینەوەیەکی بێ دەردەسەر بێت بەرەو کۆمەڵگایەکی ئیشتراکی بێ دەوڵەت.

لە هەرحاڵدا، بیست، سی، یان پەنجا ساڵ شۆڕشی جیهانی پرۆلیتێری خۆی وەک دژوارترین هەڵچوون لە سیستمێکەوە بەرەو سیستمێکی تر لە مێژوودا بەرەو پێش دەبات، بەڵام نە لە هیچ بابەتێک دا لە زاڵبوونی سەردەمێکی سەربەخۆی فەرهەنگی پرۆلیتێریدا.




لە ئێستادا، لەم ساڵانەی بەهێز بوونەوەدا، ڕەنگە پەرە بەمجۆرە خۆشباوەڕیانە لە کۆماری شوڕایی ئێمەدا بدرێ. ئێمە بابەتە فەرهەنگیەکانمان لە دەستوری کاردا داناوە. بە هێنانە گۆڕی گرفتەکانی ئەمڕۆمان و دیمەنگاکەی بۆ داهاتویەکی دوور، دەکرێ خۆمان لە ڕاستای دوور و درێژی تێپەڕبوونی کاتدا بەرەو فەرهەنگی پرولیتێری وێنا بکەین. بەڵام گرنگ نییە کە تاچەند بیناسازی فەرهەنگی

دەتوانێ گرنگ و حەیاتی بێت لە کاتێکدا کە ئەو بەتەواوی پێوەندی بە ئاڕاستەی ئوروپا و شۆڕشی جیهانیەوە هەیە. ئێمە هەروەک پێشو، تەنیا سربازانی گۆڕپانی خەبات و تێکۆشانین. بۆ ماوەی ڕۆژێک لێرە جێگیر دەبین، دەبێ کراسەکانمان بشۆردرێن، ڕواڵەتمان ئیسلاح بکرێت، بەڵام گرنگتر لە گشت ئەمانە پێویستە تفەنگەکانمان خاوێن بکرێنەوە و چەوربکرێن. هەموو چالاکی و هەڵسوڕانی ئابووری و فەرهەنگی ئەمرۆمان شتێک نییە بێجگە لە جێگۆڕکێی خۆمان لە مابەینی دوو گۆڕەپان و دوو بەرەنگار بوونەوەدا. نەبەردە سەرەکیەکانمان لەبەردەمدان و ڕەنگە دووریش نەبووبێتن. سەدەمی ئێمە هێشتا سەدەمی فەرهەنگێکی نوێ نییە بەڵکو تەنیا سەرەتایەکیەتی. ئێمە بەرلە هەرشتێکی تر دەبێ گرنگی توخمە فەرهەنگیە کۆنترەکان بەو بەرینایییەی کە بتوانێ ئێمە لانیکەم، ئەوەندە تەیار بکات بتوانین ڕێگای بەرەو فەرهەنگی نوێ ببڕین و لەباری سیاسیەوە داگیری بکەین. ئەم بابەتە بەتایبەت کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە کەسێک گرفتەکە ئەو جۆرەی کە دەبێت لە کاراکتەرە جیهانیەکەیدا لەبەرچاو بگرێت. پرۆلیتاریا، چینێکی داگیرکەر نەبووە و ناشبێت. ئەمە بەتەنیایی دەست ڕاگەیشتن بەو دەستەیە لە توخمەکانی فەرهەنگی بـورژاوزی کە بۆ هەمیشە ئاژین ببوە نێو مەوجودیەتی ئینسانیەوە بەرتەسک دەکاتەوە. لە درک پێکردنێکی دیاریکراودا، بەڕاستی ڕەنگە کەسێک بڵێت پرۆلیتاریاش، لانیکەم پرۆلیتاریای ئوروپایی، قۆناغی ئیسلاحاتی خۆی هەبوە. کاتێکی کە لە نیوەی دووهەمی سـەدەی نـۆزدەدا، بەبێ ئـەوەی دەسـت بداتـە هەوڵێکی ڕاسەتوخۆ بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی، لەژێر سیستمی بۆرژوازیدا زۆرترین هەلی گونجاوی حوقوقی بۆ پەرەپێدانی خۆی بەدەست هێنا.

ڕیفۆرم( پارڵمانتاریسم و ئیسلاحاتی کۆمەڵایەتی) کە بەزۆری هاوکاتە لەگەڵ دەورەی مێژویی نێونەتەوەیی دووهـەم، دەرفەتی بۆچینی کرێکار ڕەخساند تا بتوانایێ ئەم کارە ئەنجام بدات و ئەمەش هاوسەنگە لەگەڵ گشت ئەو دەیە زۆرانەی کە بوونە دەرفەتی سەدەی بۆرژوازی. لە ئاستی دووهەمدا، پرولیتاریا، لە ماوەی ئەم قۆناغە سـەرەتـایـیـەدا، بەهیچ شـێوەیـەک نـەبـوو بـە چینێکی سەروەتمەند و نە هێزی ماددیشی خستە ژێر چنگی خۆیەوە. بە پێچەوانە، لە گۆشەنیگای کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەوە، هەرچی زیاتر گیرۆدەی هەژاری بوو. لە بەرانبەردا بۆرژوازی بەتەواوی تەیار بە فەرهەنی سەردەمی خۆی، دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. پرولیتاریا، لەلایەکی ترەوە، تەنیا بەتەواوی تەیار بە نیازی دژواری زاڵ بوون بەسەر فەرهەنگدا، دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت. گرفتی ئەو پرولیتاریایەی کە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتوە بەرلە هەرشتێک ئەوەیە، کە ماشێنی فەرهەنگی- پیشەسازی، قوتابخانە، ئینتیشارات، ڕۆژنامەکان، تیاتر، و هیتر- ی کە پێشتر لە ئیختیاریدا نەبووە بەدەست بێنێت و بەمجۆرە ئاڕاستە و مەسیری فەرهەنگی بەڕووی خۆیدا بکاتەوە.

ئەرکی ئێمە لە ڕووسیە بەهۆی هـەژاری و سەرجەم سوننەتە فەرهەنگیەکانمان و ئەو وێرانیە مادیەی بەهۆی ڕووداوەکانی ڕابردووەوە بەدیهاتون، گەلێک ئالۆزە. دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و دوای نزیک بە شەش ساڵ خەبات لە پێناو پاراستن و سەقامگیر کردنیدا، پرولیتاریای ئێمە ناچارە هەموو تواناییەکانی سەرفی دامەزراندنی سەرەتایی ترین بارودۆخی مەوجودی ماددی و پێوەندی لەگەڵ abc فەرهەنگدا بکات. بێ هۆنییە کە ئێمە تا هاتنی دەیەمین ساڵیادی ڕژیمی شۆڕەوەی خوێندەوار کردنی گشتیمان لە دەستوری کاری خۆماندا داناوە.

ڕەنگە کەسێک گلەیی ئـەوە بکات کەمن بابەتی فەرهەنگی پرۆلتێریم لە مەفهوم و واتایەکی گەلێک بـەریـنـدا بـەکـار هـێـنـاوە. ئـەگـەرچـی شـایـەد بـە تـەواوی و بەشێوەیەکی پێشکەوتو وە گەشەسەندو فەرهەنگی پرۆلیتێری بوونی نەبێت بەم حاڵەشەوە چینی کرێکار ڕەنگە سەرکەوتو بێت لەوەدا کە بتوانێ پێناسە و مۆرکی خۆی بە فەرهەنگەوە بنێت بـەرلـەوەی لە کۆمەڵگای سۆسیالیستی دا بتوێتەوە. ئـاوا نـاڕەزایـەتـیـەک بەرلە هەموو شتێک دەبێ وەک پاشەکشێ لە هەڵوێستێک چاولێبکرێت کە گوایە فەرهەنگێکی کرێکاری بوونی دەبێت. ئەم پرسیارە نابێ بێتە ئاراوە کە پرولیتاریا، بەڵام لە مەودای کاتی دیکتاتۆری خۆیدا، مۆرکی خۆی بە فەرهەنگەوە دەنێت. بەهەرحاڵ، ئەمە داواکاریەکی دوور لە فەرهەنگی پرۆلیتێری بە واتـای سیستمێکی گەشە کردو وە بە تەواوی هاوئاهەنگ لەگەڵ زانست و هەنەردا لە هەموو بـوارە بە کـردەوە مـاددی و مەعنەویەکاندایە. بۆ دەیان ملیۆن کەس لەو خەڵکەی کە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن و محاسەبە بکرێن، ئەمە خۆی لە خۆیدا واقعیەتێکی فەرهەنگی نوێیە و خاوەن گرنگیەکی زۆریشە.

جەوهەری فەرهەنگی تازە، ئەشڕافی و بۆ کەمینیەکی هەڵکەوتە نابێت، بەڵکو فەرهەنگێکی جەماوەری، گشتی

و خۆشەویست و جێی پەسند دەبێت. چەندایەتی دەبێتە چلۆنایەتی، لەگەڵ گەشەی چەندایەتی فەرهەنگیدا، ئاخێزێک لە ئاست و ئاڵوگۆڕێک لە کاراکتەرەکانیدا بەدیدێت. بەڵام ئەم ڕەوتە، تەنیا لە ڕێگای زنجیرەیەک قۆناخی مێژووییەوە گەشە دەکات و پەرە دەستێنێ. بەرادەیەکی کە بتوانێ سەرکەوتوبێت تێیدا، خسڵەتی چینایەتی پرۆلیتێریەکەی لاواز و بەم شێوەیە بناغەی فەرهەنگی پرۆلیتێری لە نێو دەبات.

بەڵام بارودۆخی توێژی سەرەوەی چینی کرێکار چۆن دەبێت؟ بارودۆخی پێشرەوانی فکری ئەم چینە؟ ئایا کەس دەتوانێ نەڵێت لەم مەحفەلانەدا، پەرەسەندنی فەرهەنگێکی پرۆلیتێری لەحاڵی پێکهاتن دایە؟ ئایا ئێمە ئاکادیمی سۆسیالیستیمان نییە؟ پرۆفسۆری شۆڕشگێڕ؟ هەڵەی هێندێک کەس لەوەدایە کە ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی زۆر هەڵێنجراو دێننەگۆڕێ. وابەزەین دەگات کە ئەم ئیدەیە پێی وایێت ڕەنگە بتوانێ فەرهەنگی پرۆلیتێری لە ڕێگای ئازمایشگایەوە بەدی بێنێت. شادەمارەکانی فەرهەنگی لە ڕاستیدا لە شوێنێکدا دەتەندرێت کە پێوەندی و ئاڵوگۆڕی ڕوناکبیرانی چینێک و خودی چینەکە پێکەوە دەبەسترێت. فەرهەنگی بۆژوایی- تێکنیک، سیاسەت، فەلسەفە و هونەر، بە ئاڵگۆڕی بۆرژوازی و داهێنەرەکانی، ڕێبەران، بیرمەندان و شاعیرانی، پەرەی پێدرا. خوێنەر نووسەری دروست کرد و نووسەریش خوینەر. ئەمە لە پلەیەکدا ڕاستیەکی شیاوی بەراورد نەکراوە سەبارەت بە پرۆلیتاریا، لەبەر ئەوەی ئابووری، سیاسەت و فەرهەنگەکەی دەکرێت تەنیا لەسەر بنەمای هەڵسوڕانێکی داهێنەرانەی جەماوەری بینا بکرێت.

ئەرکی سەرەکی ڕوناکبیرانی پرۆلیتێری لە داهاتویەکی نزیکدا، بە جاوپۆشی کردن لە حازر نەبوونە بابەتیەکەی، نەک پێکهاتنێکی هەڵێنجراوانە لە فەرهەنگێکی نوێ، بەڵکو بنیاتنانی فەرهەنگێکی دیاریکراوە کە سیستماتیک، گەلاڵە بۆدارێژراو، و هەڵبەت حەیاتی ببێتە جولێنەری جەماوەری خەڵکێکی نا وشیار کە توخمە بنەڕەتیەکانی فەرهەنگی ئێستان. ئەمە نا مومکینە کە بتوانی دەست بدەیتە پێکهێنانی فەرهەنگێکی چینایەتی لە پشت سەری چینێکەوە. و بۆ ئەوەی فەرهەنگێک بەهاوکاری لەگەڵ چینی کرێکار و لە پێوەندیەکی نزیکدا لەگەڵ گەشە و هەڵدانە گشتیە مێژوییەکەیدا بنیاد بنێی، پێویستە سۆسیالیزم دامەزرێت ئەگەر لەگەڵ ناهامواریشدا بەریوە بچێت. لەم ڕەوتەدا، تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەهێزتر نابێت، بە پێچەوانەوە بەهەر ڕادەیەک شۆڕش سەرکەوتن بەدەست بێنێ و بەرەوپێشەوە بچێت، ئەوانیش بەرەو پوکانەوە دەچن و دەتوێنەوە. گرنگی ڕزگار کردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەم ڕاستیەدایە کە بە شێوەی کاتی- و تەنیا بۆ ماوەیەکی کورتە- ئامرازێکە بۆ پاککردنەوەی ڕێگا و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی بێ چین و فەرهەنگە کە لەسەر بنەمای یەکێتی و هاوپشتی دامەزراوە.

بۆ ئەوەی قۆناغی سازانی فەرهەنگی لە بەرەوپێشەوە چوونی چینی کرێکاردا بە شێوەیەکی روون تر شیبکەمەوە، ئیزن بدەن تا نەک قۆناغە مێژوویەکانی چینایەتی، بەڵکو بەرەو نەوەکان لەبەرچاو بگرین. بەردەوامی ئەوان لەم ڕاستیەدایە کە هەرکام لەم کۆمەڵگایانە لە حاڵی گەشەدا نەک لەحاڵی پوکانەوە، گەنجینەکانیان دەخەنە سەر دەستکەوتە فەرهەنگیەکانی ڕابردوو. بەڵام بەرلەوەی کە بکرێت ئەم کارە ئەنجامبدرێت، هەرکام لە نەوە نوێیەکان دەبێ قۆناغێکی فێرکاری بنێنە پشت سەر. ئەم فەرهەنگەی ئێستا دەگونجێنێ و لە ڕێوشوێن و ئاراستەی خۆیدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دینێ، زۆر یان کەم لەگەڵ ئەو فەرهەنگەی نەوەکانی پێشتر خاوەنی بوون، جیای دەکاتەوە. بەڵام ئەم تایبەتمەندی پێدانە، هێشتا داهێنانێکی نوێ نیە، ئەمە خوڵقاندنی بایەخی فەرهەنگی نوێ نیە، بەڵکو تەنیا گومان و فەرزیەیەکە بۆی. تا ڕادەیەکی دیاریکراو، ئەوەی کە وتراویشە ڕنگە لە چارەنووسی جەماوەری کرێکاراندا کە بەرەو قۆناغی دەوران سازی کاری داهێنەرانە کەوتونەتەڕێ، کەڵکی لێوەر بگیرێت. کەسێک تەنیا دەبێ ئەمەی بۆ زیاد بکات کە پرولیتاریا بەرلەوەی کە بە قۆناغی فیرکاری فەرهەنگیدا تێپەڕێ، لە پرولیتایا بوونی خۆی دەست دەکێشێتەوە.

هەروەها ئێمە نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە توێژی سەرەوەی بۆرژوازی خاوەن زەوی فێرکاری فەرهەنگی خۆیان لە ژێر سێبەری بانیژەی کۆمەڵگای دەربەگایەتیدا بردەسەر؛ کاتێکی کە هێشتا لە نێو ڕەحەمی کۆمەڵگای دەربەگایەتیدا بوون لە باری فەرهەنگیەوە پێش دەسەڵاتدارانی خاوەن زەوی پێشوو کەوتەوە و بووبە بزوێنەری فەرهەنگی بەرلەوەی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. ئەمە جیاوازە لەگەڵ مەسەلەی پرۆلیتاریا بە شێوەی گشتی و پرولیتاریای رووسیە بە تایبەتی. پرولیتاریا ناچارە کە دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت بەرلەوەی کە عەناسوری ئەساسی فەرهەنگی بۆرژوازی بۆخۆی تەرخان بکات؛ ئەو ناچار بە روخاندنی کۆمەڵگای بۆرژوازی، لە ڕێگای توندوتیژی شۆڕشگێرانەوەیە، بەم

هۆکارەی کە کۆمەڵگا ئیزنی پێنادات دەستی بە فەرهەنگی خۆی ڕابگات. چینی کرێکار، هەوڵدەدات تا دەزگای دەوڵەتی بکاتە پۆمپاوێکی بەهێز بۆ شکاندنی تینویتی فەرهەنگی جەماوەر. ئەم بابەتە خاوەنی گرینگیەکی مێژوویی بێ هاوتایە. بەڵام ئەگەر کەسێک دەستەواژەکان بەهەڵە بەکار نەهینێت، ئەمە هێستا بە واتای دامەزرانی فەرهەنگێکی تەیبەتی پرۆلیتێری نییە." فەرهەنگی پرۆلیتێری"،" هونەری پرۆلیتێری" و هیتر...، لە نێو دەیان حاڵەتدا، سێ حاڵەتیان بە شێوەی نا ڕەخنەگرانە لە دیاری کردنی فەرهەنگ و هونەری کۆمەڵگای کومونیستی داهاتودا بەکار هاتون. لەنێو دە حاڵەتدا، دوو حاڵەتیان، بۆ دەست نیشان کردنی ئەم ڕاستیە کە تەنیا چەند گوروپێکی تایبەت لە پرۆلیتاریا دەستیان دەگاتە هێندێک توخمی جیاواز لە فەرهەنگی بەرلە پرۆلیتاریا، و لە ئاکامدا، لە کۆی پێنج حاڵەت لەو دە حاڵەتە، دەرخەری ئەوەن کە لەم چەمک و وتە هەژێنەرانە کەس نەیتوانیوە نە سەریان لێ چێبکات و نە کلک.

ئەم نموونەیەی دوایی لە نێوان سەدان نوونەی تردایە. جێگایەکی کە لە دەستەواژەی" فەرهەنگی پرۆلیتێری" بە شێوەی هاکەزایی، نا ڕەخنەگرانە و مەترسیدار کەڵک وەرگیراوە،" ژێرخانە ئابووریەکان و سیستمی سەرخانی وابەستە بەو" سیزۆی دەنووسێت: تایبەتمەندیە فەرهەنگیەکانی سەردەمی( دەرەبەگایەتی، بۆرژوازی و یان پرۆلیتیری)" هەرچەند کە سەردەمی فەرهەنگی پرۆلیتێر لێرەدا لەو ئاستەدا کە بۆرژوازییە دامەزراوە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا پێی دەوترێ سەردەمی پرۆلیتاریا تێپەڕینێکی مەودا کورتە لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی فەرهەنگیەوە بەرەو سیستمێکی تر لە کاپیتالیزمەوە بەرەو سوسیالیزم. ڕژیمی بۆرژوازیش بەدوای دەورەیەکی گوزار دا جێگیر بوو. بەڵام شۆڕشی بۆرژوازی بە بەردەوامی هەوڵی ئەوەیداوە دەسەڵاتی بۆرژوازی هەتا هەتایی بکات، لە حاڵێکدا ئامانجی شۆڕشی پرۆلیتاریا هەڵوەشاندنەوەی هەرچی زووتری پرۆلیتاریایە وەک چینێک. ماوەی ئەم قۆناغە بەتەواوی بە سەرکەوتنی شۆڕشەوە گرێدراوە. ئایا ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە لەبیرمان بچێتەوە سەردەمی فەرهەنگی پرۆلیتێریمان لە ئاستی فەرهەنگی دەرەبەگایەتی و بۆرژوازیدا داناوە؟

بەڵام ئەگەر ئەمە ڕاستە، ئایا ئەمە بەدوای ئەوەدا نایەت کە ئێمە خاوەنی زانستی پرۆلیتێری نین؟ ئایا نابێ بڵێین کە چەمکی ماددی مێژوو هەروەها ڕەخنەی مارکسیستی ئابووری سیاسی، دەرخەری سەردەمێکی پڕ بایەخی زانستی فەرهەنگی پرۆلیتاریایە؟

هەڵبەت چەمکی ماددی مێژوو وە نەزەریەی بایەخی کار خاوەنی گرنگیەکی بێ هاوتایە بۆ تەیار کردنی پرۆلیتاریا وەک چینێک و بۆ زانست بەشێوەی گشتی. لە مانیفێستی کومونیست دا بە تەنیایی زیاتر لە هەموو کتێبخانە مێژوویەکان و نووسراوەی مێژوویی- فەلسەفی، ئەفکار و ئاوەژوو کردنەوەی پرۆفسۆرەکان، دانش و زانستی ڕاستەقینە بوونی هەیە. بەڵام ئایا کەس دەتوانێ بڵێت کە مارکسیزم بەرهەمی فەرهەنگێکی پرۆلیتاریایی نوێنەرایەتی دەکات؟ و ئایا کەس دەتوانێ بڵێت کە ئێمە ئێستا نەک بەتەنها لە خەباتی سیاسیماندا، بەڵکو لە بەڕێوەبردنی ئەرکی بەرینی زانستیشماندا خەریکین



کەڵک لە مارکسیزم وەردەگرین؟

مارکس و ئینگڵس لە ڕیزی دێموکراسی وردە بۆرژوازی هاتنە دەرێ، و هەڵبەت، بەهەمان فەرهەنگ و نەک فەرهەنگی پرۆلیتاریایی، گەورەبوون. ئەگەر لەوێ چینی کرێکار بە مانگرتن، خەبات، ئازار و ڕەنج و شۆڕشەکانی لە ئارادا نەبوایە، هیچ کومونیزمێکی زانستیش نەیدەتوانی بوونی هەبێت، لەبەرئەوەی کە هیچ پێویستیەکی مێژوویی بۆ حوزوری ئەو لە ئارادا نەبوو. بەڵام نەزەریەکانیشی بەگشتی، بە سیاسی و زانستیەوە لەسەر بنەمای فەرهەنگی بۆرژوازی شکڵی گرت، هەرچەند لە هەوەڵەوە تا کۆتایی دژ بەم فەرهەنگە شەڕی ڕاگەیاند. لەژێر گوشاری دژوازیەکانی سەرمایەداریدا، گشتی بوونەوەی تەفەکوراتی دێموکراسی بۆرژازی، بوێر ترین، سادق ترین، و وردئەندێش ترین نوێنەرانی، تەیار

بە هەموو چەکە حەیاتیەکانی زانستی بۆرژوازی، لە بەرزترین ئاستی مومکیندا دەستیاندایە رەد کردنەوەی. سەرچاوە و بنچینەی مارکسیزم بەم شێوەیەیە.

پرۆلیتاریا لەرێوە و بەجارێک چەکەکانی لە مارکسیزمدا نەبینیەوە، و تەنانەت بە شێوەی تەواو و کەماڵ تا ئەمرۆش. ئەم چەکانەی ئەمرۆی تەقریبەن لە پلەی یەکەمدا و بە شێوەی تایبەتی لە خزمەت ئامانجە سیاسیەکانی دایە. کاربوردی بەرینی واقع بینانە و گەشە و هەڵدانی رەوش و رێبازی ماتریالیزمی دیالکتیک لە راستیدا هێشتا بەتەواوی دەرنەکەوتون و لە داهاتوودا دێنەروو. مارکسیزم، تەنیا لە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیدا، دەست لەوە هەڵدەگرێت کە چەکێکی یەکلایەنەی خەباتی سیاسی بێت و ببێتە ئامرازێکی داهێنانی زانستی، واتە گرنگترین توخم و ئامرازی فەرهەنگی مەعنەوی.

زانست، لە ئاستێکی زیاتر یان کەمتردا، بە گشتی دەرخەرەوەی مەیل و خوازەکانی چینی دەسەڵاتدارن. هەرچەند کە زانست زیاتر دۆزینەوە زانستیەکانی سروشت( فیزیک، کیمیا، زانستی سروشتی بەشێوەی گشتی) وەک ئەرکی سەرشانی خۆی دیار بکات، بەشداری کردنی لە بابەتی نا چینایەتی و ئینسانیدا زۆرتر دەبێت. هەرچی زانست قوڵتر لەگەڵ میکانیزمی کۆمەڵایەتی چەوساندنەوە( ئابووری سیاسی) دا پێوەندی دەبەستێت، و یان بە شێوەکی هەڵێنجراوتر سەرجەم ئەزمونی بەشەریەت( رەوانشناسی، نەک لە دەرکی تەجروبی و فیزیۆلۆژیەکەی، بەڵام لە واتا فەلسەفیەکەیدا) گشتیەت پێئەدات، زیاتر لە(egotism) نەفسی چینایەتی بۆرژوازی پەیرەوی دەکات و بەخشینەکەی بە کۆی دەستکەوتی زانستی بەشەری کەم و بێ بایەخ دەبێت. لەسەر بەستێنی سەرجەم ئەو دیمەنگایەی بەدیهاتوە، لە حەوزەی زانستی تەجروبیدا، رادەیەکی جۆراوجۆر لە ئەمانەتی زانستی و بابەتی بوونی هەیە. وەک قاعیدەیەکی کوللی، حەز و خوازەکانی بۆرژوازی، توانی پێگەیەکی گەلێک ئازادتر لە ئاستی بەرزی شێواز ناسی فەلسەفی( weltanschauung) دا بۆخۆی دیاری بکات. لەم رووە وە پێویستە کە پێکهاتەی زانست لە خوارەوە بۆ سەری پاکسازی بکرێت، و یان راستتر وایە بڵێین، لە سەرەوە بۆ خوارێ، لەبەر ئەوەی کە پێویستە لە چینەکانی سەرەوە دەست پێبکرێت.

بەڵا ئەمە بابەتێکی گەمژانەیە کە پێمانوابێت پرۆلیتاریا دەبێ بەشێوەی رەخنەگرانە سەرجەم ئەو زانستانەی وا لە بۆرژوازی بە میرات وەریگرتوە بخاتەوە سەریەک بەرلەوەی لە بنیاتنانەوەی سۆسیالیزمدا بەکار بێتن، ئەمە بە دروستی هەمان ئەو شتەیە کە دەکرێ لەگەڵ ئەخلاق گەرا ئارمانیەکاندا بڵێین: بەرلە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ، پێویستە پرۆلیتارا گەیشتبێتە لوتکەی ئەخلاقی کومونیستی.

لە راستیدا، پرۆلیتارا هەم بنەمای ئەخلاقی و هەم زانستی بە شێوەیەکی رادیکاڵ بنیاد دەنێتەوە، بەڵام ئەم کارە دوای دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ ئەنجام ئەدات، ئەگەر لەگەڵ توندوتیژیشدا بەرێوە بچێت.

بەڵام ئایا ئێمە لە بازنەیەکی تەسکی نابەجێدا بەرەوپێشەوە دەرۆین؟ چۆن دەکرێت کە کۆمەڵگایەکی نوێ لەسەر بناغەی زانست و ئەخلاقی رابردوو بنیاد بنرێت؟ لێرەدا ئێمە دەبێ کەمێک بچینە ناخی دیالکتیکەوە، هەرئەم دیالکتیکەی کە ئێمە لە ئێستادا بە چەشنێکی گەلێک دەست و دڵبازانە دەهێنینە نێو شێعری بەزمی و دەفتەری ژمێریاری ئیدارەکەمان و شۆربای کەلەم و فرنیەکانمانەوە. بۆ دەستپێکی کارەکان، پێشرەوانی پرۆلیتارا پێویستیان بەوەیە کە لە خاڵی مێتۆدولۆژی زانستی دیاریکراوەوە کە زەینیان لە کۆت و بەندی ئیدئۆلۆژیکی بۆرژوازی رزگار بکات دەست پێبکەن، ئەوان لە حاڵی حازردا تا رادەیەک بەسەر بابەتەکەدا زاڵ بوون. مێتۆدە بنەرەتیەکان لە بارودۆخ و مەیدانی جۆراو جۆری خەبات و بەرەنگار بوونەوەدا تاقیکردۆتەوە. بەڵام تا دەست راگەیشتن بە زانستی پرۆلیتێری رێگایەکی دوور لەبەر دەمدایە. چینێکی شۆرشگێر ناتوانێ خەباتی خۆی رابوەستێنێ تەنیا لەبەر ئەوەی کە حیزب هێشتا بریاری نەداوە کە ئایا دەبێ و نابێی فەرزییەی ئەلەکترۆن و یۆنەکان، نەزەریەی رەوانکاوی فرۆید، دۆزراوە ریازییە نوێیەکانی رێژەیی( نیسبیەت) و هیتر قەبوڵ بکات. ئەمە راستە کە پرۆلیتاریا دوای داگیر کردنی لوتکەی دەسەڵات، مەجالێکی زۆر زیاتری بۆ زاڵ بوون بەسەر زانست و پێداچوونەوە بەسەریدا بەدەست دێنێ. ئاماژە پێکردنی زۆر هاسانترە لە ئەنجامدانی.

پرۆلیتاریا ناتوانێ تا کاتێکی کە زانا نوێیەکانی، زۆربەیان بە پانتۆڵە کورتەکانیانەوە، هێشتا لە حاڵی بەرێوەبردنی ئەرک و خاوێنکردنەوەی ئامێرەکانی تاقیکردنەوەی تیژی زانستیدان، بنیات نانەوەی سۆسیالیستی وەدوا بخەن. پرۆلیتاریا هەموو ئەو شتانەی کە بە ئاشکرایی نا پێویست، ناراست و کۆنەپەرستانەیە رەد دەکاتەوە، و لە بوارە جۆراو جۆرەکانی بنیات نانەوەی خۆیدا، لە شێواز و نەتیجە گیریەکانی زانستی ئەمرۆیی کەڵک وەردەگرێت و ئەوان

سەبارەت بە پێویست بوونیان لەگەڵ هێندێک ئالیاژی دواکەوتوانەی ئەو چێنەی کە، لە نێویاندا بوونی هەیە بەکاردێنێ. ئاکامی ئەم کردەوەیە بەگشتی و سەرجەم خۆی پاساو ئەدات، لەبەر ئەوەی کە ئاوا بەکارهێنانێکی کاتی کە لەلایەن ئامانجێکی سۆسیالیستیەوە ئاراستە بکرێت بەرەبەرە شێواز و ئاکامەکانی تێئۆریکی ئیدارە دەکات و هەڵدەبژێرێت. وە تا ئەوکاتە ئەو زانایانەی کە لەژێر بارودۆخی نوێدا زانستیان بەدەست هێناوە، گەشە بە توانابییەکانیان ئەدەن. لە هەموو حاڵەتێکدا، پرۆلیتاریا دەبێ بنیاد نانەوە سۆسیالیستیەکەی تا ئاستێکی بەتەواوی بەرزدا کە بۆ ئەمنیەتی ماددی ڕاستەقینە و بۆ پێکهێنانی ڕەزامەندی فەرهەنگی کۆمەڵگا ئامادە کراوە ئەنجامبدات بەرلەوەی کە توانایی بەڕێوە بردنی شەن و کەو کردنی بەتەواوەتی زانستی لە سەرەوە بۆ خوارەوە هەبێت. بە وتنی ئەمە من دەمەوێ شتێك دژ بە کاری ڕەخنەگرانەی مارکسیستی کە لەلایەن زۆر کەسەوە و لە بواری جۆراو جۆردا لە کۆڕ و کۆمەڵ و سمینارەکاندا لە حاڵی بەڕێوە چووندایە، بڵێم. ئەمە کارێکی پێویست و پڕ سەمەرە. پێویستە بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو ڕێگایەکەوە درێژە و پەرەی پێبدرێت. بەڵام پێویستە دەرکی مارکسیستی هەڵسەنگاندنی بابەتەکان بۆ لێکدانەوەی گرنگی و تایبەت بە ئەزموون و هەوڵەکانی ئەمڕۆ لە پێوەند لەگەڵ بەراوردی سەرجەم کارە مێژووییەکانماندا بپارێزین.

ئایا ئەو بابەتانەی سەرەوە بە واتای ڕەد کردنەوەی ئەم ئەگەرەیە کە لە دەورەی دیکتاتۆری شۆڕشگێڕدا، ڕەنگە تەنانەت زانایانی هەڵکەوتە، داهێنەران، شانۆنامە نووسان و شاعێرانێک بوونیان هەبێت کە وا دەرکەوێت کە لە ڕیزی پرۆلیتاریاوە هەڵقولاون؟ نا بە هیچ شێوەیەک. بەڵام ئەم بابەتە دەتوانێ گەلێک گەمژانە بێت کە لەقەبی فەرهەنگی پرۆلیتێری تەنانەت بدەینە بەنرخ ترین دەستکەوتە تاکە کەسیەکانی نوێنەرانی چینی کرێکار. ناکرێ چەمکی فەرهەنگێک بە بەکارهێنان لە ئاڵوگۆڕی بەرتەسی ڕۆژانەی ژیانی تاکە کەسیدا بگۆڕین و سەرکەوتنی فەرهەنگێکی چینایەتی بە پەساپۆرتی پرۆلیتێری داهێنەرانی تاکە کەسی یان شاعێران دیاری بکرێت. فەرهەنگ، بەرهەمی کۆی ئالی زانست و زانیاری و زەرفیەتێکە کە ماهیەتی سەرجەم کۆمەڵگا، و یان لانیکەم چینی دەسەڵاتدار دیاریدەکات. نفوز دەکاتە گشت بوارەکانی کاری ئینسانییەوە و پێشوازی لێدەکات و دەیکاتە سیستمێکی یەگانە. دەستکەوتە تاکە کەسیەکان، لەم ئاستە بانتر دەچن و بەرەبەرە بەرزتریش دەکرێتەوە.

ئایا ئاوا پێوەندیەکی ئۆرگانیکی لە نێوان شێعری پرۆلیتێری ئەمڕۆی ئێمە و کاری فەرهەنگی چینی کرێکاردا بە شێوەی گشتی بوونی هەیە؟ ئەمە بەتەواوی ئاشکرایە کە وانییە. کرێکارانی تاک یان گورۆپێک لە کرێکاران سەرگرمی پەرە پێدانی پێوەندیەکانیان لەگەڵ هونەرێکدان کە لە لایەن رووناکبیرانی بۆرژوازیەوە پێکهێنراوە و لە ئێستادا لە حاڵی کەڵک وەرگرتن لە تێکنیکەکانی بە چەشنێکی بەتەواوەتی ئیختیاریدان. بەڵام ئایا ئەمە بۆ ئامانجی وێناکردنی دنیای دەروونی پرۆلیتاریایی خۆیانە؟ ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەمە زۆر لە وەها شتێک بەدوورە. کاری شاعیرانی پرۆلیتێری خاوەنی ئەو چۆنایەتی( کەیفیەت) ە ئالیبە نیە کە تەنیا بەهۆی ئاڵوگۆڕی قوڵ لە مابەینی هونەر و گەشەی فەرهەنگدا بەشێوەی گشتی بەرهەم بێت. ئێمە خاوەنی گەلێک بەرهەمی ئەدەبی کرێکارانی وشیار و خاوەن ئیستعدادین، بەڵام ئەو ئەدەبیاتە پرۆلیتێری نییە. بەم حاڵەوە، ڕەنگە بسەلمێندرێت کە ئەوان بەشێکن لە نمونەکانی.

ئیمکانی ئەوەش هەیە کە لە کاری نەوەی ئێستادا، گەلێک بنەما، ڕیشە و نموونە ئاشکرابن کە بەشێک لە نەوەکانی داهاتو بتوانن هێندێک لایەنی جۆراو جۆر لە فەرهەنگی داهاتوودا ڕاست وەک ئەمڕۆ کە مێژوو نووسان هونەری تیاتری ئیبسن تا ڕەمز و ڕازەکانی کلیسایی، و یان لە ئیمپرسیونیسم و کوبیسمەوە تا شێوەکاریی ڕاهیبەکانیان پشکنیوە، وردەکوڵ بکەن و شوێن پێیان بگرن. لە ئابووری هونەردا، وەک ئابووری سروشت، هیچ شتێك لەدەست ناچێت، و هەموو شتەکان بەشێوەیەکی بەرین بەیەکەوە بەستراوە. بەڵام بە چەشنێک ئاشکرا، دیاریکراو، و حەیاتی، کاری ئەمڕۆی ئەو شاعیرانەی کە بنچێنە و سەرچاوەی کرێکاریان هەیە، بە هیچ شێوەیەک هاوتەریب لەگەڵ ئەو پلان و بەرنامانەی کە لە پشت ڕەوتی ئامادەکاری بۆ بارودۆخی فەرهەنگی سۆسیالیستی داهاتوو، کە ڕەوتی گەشە و هەڵدانی جەماوەریە نەچۆتە پێشەوە.

Leon Trotsky ١٩٢٣

***

# پێگەی کرێکاران لە شیعری هاوچەرخی فارسی دا

ن: عەلی ئەمینی نەجەفی
و: پێشەنگ

" نەسیمی شومال" شاعیرێکی خەڵك دۆست بوو بە زەینێکی روون و زمانێکی ساکارەوە. هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی مەشرووتیەت دا(١٢٨٥ ه) «١٩٠٧ ز» لە گەڵ بزووتنەوەی بێداری بە دەمارە وشکبووەکانی شیعری فارسی دا خوێنێکی تازە کەوتە جووڵە. شاعیر چاوی لە پیاوانی کۆشکی پاشایەتی و زێروزیو دارەکان وەرگێڕاو رووی لە کۆمەڵانی خەڵك کرد. لەوێوە ئیتر بە زمانی زیندو و پر خرۆشی ئەوان دەدوا. شیعری کۆمەڵایەتی کە تا پێش لەوە رەگێکی سیس و لاواز بوو لە شیعری فارسی دا، رۆژبە رۆژ بەهێزتر دەبوو. لە شیعری شاعرانی مەشرووتە دا" ئەدیب المالکی فراهانی، ئیرەج میرزا، عارف و میرزادە عیشقی و مەلەك الشعرای بەهار" نەوایەکی ئازاد دەشنێتەوە. رەگەیەك لە شیعری مەشرووتە کە ئەشرەف الدین گیلانی ( خاوەن نەسیمی شومال) باشترین نوێنەرێتی، نارەزایەتی دژ بە چەوساندنەوەی زەحمەتکێشان و هاودەردی لەگەڵ بەشمەینەتان دا شەپۆل دەدات.

## شیعری جەماوەری

سەعید نەفیسی نووسیوێتی کە ئەم شاعیرە تەنز نووسە بۆ سەروەت و سامان و پلەوپایە کەمترین نرخی دانەناوە. تەنیا ویستوویەتی لە جەماوەر نزیك بێت و بەوەش گەیشت. هیچ شیعرێك بەقەدەر شیعرەکانی ئەو لە دەڵی جەماوەر دا جێی نەکردووەتەوە." نەسیم شومال" یەکەم نووسەر بوو کە بە هۆشیارییەوە باسی لە هەژارانی کۆمەڵگا کردبێت هەرچەند بە تانە و توانجەوە.

***تانە***

***ئەی فەلا تۆش بە بەنی ئادەم دەزانرێی ئەمرۆ؟***
***بێەوا، میرزای چی، بە کیشمیش دەزانرێی ئەمرۆ؟***
***لە مەجلیسی ئەعیان دا بەخوا جێگایەکت نیە***
***چونکە لە گیرفانتا زێڕ و زیو و عانەیەکت نیە***
***لە دڵی بێ غەل و غەشت دا جگە ناسۆر هیچ نیە.***

تەنزەکانی" نەسیم شومال" گوازتنەوەیەکی داهێنەرانەی شعرگەلێکی تورکی عەلی ئەکبەر سابر، شاعیری ئێرانی

نیشتەجێی قەفقازە کە کۆمەڵێك لە شیعرەکانی لە کتێبی" هۆپ هۆپ نامە"دا کۆکراوەتەوە و بڵاو بووەتەوە.

## شیعری کۆمەڵایەتی

فەروخی یەزدی لە وەفاداری بە ئارمانی مەشرووتە، واتە ئازادی حکومەتی یاسا لە گەڵ عارف و عیشقی و بەهار هاوشان بووە، بەڵام هەنگاوێك لەوان واوەتریش دەروات. ئەو دەری دەخات کە لە لایەنە شاراوەکانی نێوان پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئاگادارە و شیعر و ئوسلوبی سیستەمی خاوەن دەسەڵات باش دەناسێت.

***زەنگین پێداگری کرد لە داسەپانی هەژاری***
***خوا وێرانی کات سەد جار ماڵی سەرمایەداری***
***لەدەستی خاوەنکار، کرێکار هێندە ترسا***
***لە روودا بوو بە کۆتر و لە پشتا لێی بێڕا***


فەروغی یەزدی چەمککەڵی" ماتریالیزمی مێژووی" بەگشتی دەناسێت و لەوێوە خەباتی چینایەتی بە تاکە رێگای رزگاری کۆمەڵگا دەزانێت.

***جەماوە بەرەو شەری چینایەتی دەبێ ببەی***
***کێشمەکێش لەسەر بوون و نەبوون دەبێ بکەی***
***لە حیزبی رەنجدەرانا پەیدا بووە پارەدار***
***ئەم دوو ریزە لێکتر جودا دەبێ بکەی***
***بۆ ئەوەی داد و یەکسانی لە جیهان جێبەجێ بکەی***
***شۆڕشێکی قورس و قایم، لە دنیادا دەبێ بکەی.***

فەروخی یەزدی لە ١٢٦٧ ە «١٨٨٩ ز»لە دایك بووە و لە سەراپای تەمەنیدا بە هۆی تێکۆشان لە پێناو وەدیهاتنی ئارمانجە کۆمەڵایەتیەکان، چەرمەسەری و مەینەتی زۆری کێشا و دواجار لە ساڵی ١٣١٨ «١٩٤٠ز» لە زیندانی رەزاشا گوللە باران کرا.

## شیعری ئارمان خواز

هەنگاوی کۆتایی بەرەو شیعری کرێکاریی، بە جەوهەری چینایەتی و ناوەرۆکی شۆرشگێرانەوە عەبدولقاسمی








میرزاده عشقی


فەروخی یەزدی

لاهووتی هەڵی گرت.

عەبدولقاسمی لاهووتی(١٢٢٦_ ١٣٣٦) بە تەنیا وەك" عیشقی" شۆرگێر و وەك" فەروخی" جەماوەری نییە، بەڵکوو شاعیرێکی ئارمانج خوازە و باوەری تەواوەی بە" جیهانبینی پێشکەوتنخوازانەی پرۆلێتاریا" هەیە. ئەویش وەك زۆرێك لە رووناکبیرانی ئەو رۆژگارە لە ژێر کاریگەری سەرکەوتنی شۆرشی بلشویکی رۆسیادا بووە.

لاهووتی سروودی مێژووی" ئەنتر ناسیۆناڵ" گرنگترین سروودی بزووتنەوەی کرێکاری وەرگێرایە سەر زمانی فارسی. دەکرێت ئەو لە ریزی شاعیرانی نوێخوازی سەدەی ٢٠ دانێین. لە ریزی کەسانێکی وەك" مایاکۆ فێسکی، نازم حیکمەت، بێرتۆلت برێشت، لویی ئاراگۆن، پابلۆ نێرۆدا، یانی سریتوس..."

ل اهووتی زانستی چینایەتی بە زمانێکی ساکار و ئاسایی بۆ کرێکاران باس دەکات.

***من لە خێزانێکی رەنجدەرم***

***زادەی رەنج و پەروەردەی مەینەتم***

***لەبەرەی کرێکارانم،***

***قسەی من ئەوەیە، چما رەنج و مەینەت ئێمە دەیکێشین***

***بەرەکەی دەماشنەوە خەڵکانی تر؟***

***ئەم جیهانە بەهۆی فەلا و وەرزێرەوە بەرپایە***

***نەک بەهۆی مفتەخۆرەکانەوە.***

لە تێروانینی چینایەتی لاهووتی دا" حکومەتی یاسا" واتە میراتی گەورەی مەشرووتە ئیتر بایەخێکی نیە، چوونکە دین و یاسا و نیشتمان ئامرازی دەستی دەوڵەمەندەکانە. ئەو لە شیعرێکی تردا تاکتیکی خەباتی چینایەتی بە پسپۆریەکی بێوێنەوە دەکات بە درووشم:

***چیە یاسای زاڵ، بەئاگای لێی تۆ؟***

***حوکمی دیلیەتی ئێمە***

***چاری رەنجدەران یەکێتی و رێکخراو بوونە.***

لاهووتی تەنیا بۆ نووسین و وتن ئازا نەبووە، ئەو پیاوی خەباتیش بوو. لە کاتی لاوی دا دەستی دایە کۆدەتایەکی نیزامی و پاش تێکشکانی کۆدەتاکە پەنای بردە بەر یەکێتی سۆڤیەت.

## هاودڵی لەگەڵ بێبەشان

شیعری پەروین ئێعتسامی، بە پێچەوانەی لاهووتی، بە گشتی بەدوورە لە چەمکگەلی ئایۆلۆژیك، بەڵام سەررێژە

لە سۆز و بەزەیی. پەروین نەك بە حسێبگەری" ئابووری_سیاسی" بەڵکوو بە زەینیەتی سرووشتی و کاریگەری وەرگرتنی راستەوخۆ لە مەینەتیەکانی رنجەران دەنووسێ و لە شیعری باوکێکی بێچارە دا باوکێك کورەکەی لە جەوری سەرمایەداران بەئاگا دەکاتەوە و دەڵێ:

**ئیشی ئەوان پاڵکەوتن و نوستنە**
**بەشی ئێمە، دەرد و خەم و نەخۆشین**
**بەرهەمی ماندووی ئێمە، وان دەیبەن**
**ئێمە تەنیا ئیش دەکەین، بێ ئەوەی نتق بدەین**
**مافی کرێکاران پامال بووە**
**بەهۆی بەدرەوشتی، مێگەلی ناو ئاشەکان**
**ئاوەها پێی وت باوکی بەرەحم و سۆز**
**هەورە گرمەی ژینی مە، جەوری پارەدارانە.**

پەروین لە رێگەی هەستی شاعیرانەی خۆی لەوە تێدەگات تەنیا هاوخەمی بەس نیە، کەوابوو بێبەشان بەرەو نارەزایەتی و راپەرین هان دەدات.

**تاکەی ئارەق رشتن لە هەتاودا رنجەر؟**
**ماندووی و بێدەرەتانی بۆ پارووێک نان؟**
**بیر لە مافی پامال بووت بکەوە ساتێک**
**بۆ دەترسی لە هەموو خان و ئاغایەک؟**
**حاکم شەرع کە بەرتیل دەگرێ و فەتوا دەدات**
**کەی وەڵامی هەژاران دەداتەوە ئەی رەنجەر**
**خوێنی ئەوانە برژێنە کە وەک زەروو دەمژن خوێنی کرێکار**
**لە خوێنیان با دەست و پێت سوور و تەر بێت رەنجەر.**

هەڵسوکەوتی سۆزدارانە لەگەڵ رۆژرەشی زەحمەتکێشان، ئەرکێکی دێرینی شیعری فارسیە کە تابەمرۆش درێژەی کێشاوە، لە" محەمەد حوسێن شەهریار" وە تا" فەرەیدوونی موشیری...".

### باوکی شیعری نوێی ئێران

میراتی جەماوەری شیعری مەشرووتە، بەتایبەت بەو شێوازەی کە لاهووتی و تەقی رەفعەت، ئەو شاعیرانەی کە بە زەین و زمانی شۆرشگێرانەوە دەیاننووسی، دەگاتە نیما یوشیج( عەلی ئێسفەندیاری) باوکی شیعری نوێی ئێران. نیما لە شێعرەکانی" بنەماڵەی سەرباز، زیندان، دوکەڵکێش، سەربازی ون، دایك و کور، مەنزوومەی مانلی، کاری




شەوێ و ... وێنەگەلێکی زۆر کاریگەر و زیندووی لە ژیانی زەحمەتکێشان دارشتووە کە لە هەموو ئەدەبی فارسی دا بێ وێنەیە.

نیما زەحمەتکێشانی شار بەرەو راپەرین هان دەدات:

**هاوار لە دەستی شار و، سەنعەتی هاوار**
**تاکەی خامۆش و کپ بین،**
**تاکەی دیل بین ئێمەی ناشاد**
**لەم عەردە دا ئاوەدانی مەهێڵن**
**با بە شێوازێکی نوێ بیکەین ئاباد.**
**دەبێ زەوی رەنگی خوێن لەخۆ بگرێ**
**مرۆڤ یا سەردەکەوێ، یان دەمرێ**
**یا بمرین هەموو تێکرا**
**یان ببین بە خاوەنی ژیانێکی ئازاد**
**بیر لە ئاسودەیی و حەسانەوە بکەین**
**خۆمان بۆ ئاخرین شەر بکەین تەیار.**

نیما لە شیعرگەلێکی دووروودرێژ دا وەك" ناقووس، کەرگی ئامین و لای شاری تەریك" وێنەگەلێکی جوان و بەرەنگ و روو لە شۆرشێکی شکۆداری کۆمەڵایەتی وێنا دەکات. پیتێکی هەموان پیشان دەدات بە هەموان

**ئەو بەرامەی بەتینی خۆی**
**لێکی نزیک دەکات، دڵ و گیان**
**دڵی بردووە و بردوشێتی گیان**
**لە هەناوی ئەوانیشەوە دەگەشێتەوە**
**گری بەقەبارە و سوور و جوان**
**لە دەستی لێک هەڵپێکراوی گەلەوە**
**کە هەمووی بەرامەیەو، راز دەردەخات**
**لە هەموو وێردێکی، توێیەکی ئەو راستیە دەردەکەوێ**
**کە ئەم دامودەزگا گەندەڵە**
**تێدا نەماوە گیان.**

نیما بەڵێندەر بوونی کۆمەڵایەتی لە سرووشتی هونەردا بەدی دەکات. ئەو بە ئەرکی شاعیر دەزانێت لە شەری

چینایەتی دا لایەنی هەژاران بگرێت. لە نامەیەکی دا دەنووسێت:



" شیعر ئامرازی خزمەت کردنی چینایەتیە، واتە هەست و سۆزی چینی زەحمەتکێش دەجولێنێت. هەڵبەت نووسەر و شاعیری کۆمەڵایەتی، شاعیر و نووسەرێکی زانا و خاوەن ئاوەزە کە ئازا و خاوەن هەستی چینایەتی بێت، ئەم جۆرە کەسانەش لە ئێرانی ئەمرۆدا کەمن".

نیما لە نامەیەك دا بۆ بنەماڵەکەی ئاماژە بەوە دەکات کە بەرەو بیروڕای براکەی ڕاکێشراوە." لادبێن ئێسفەندیاری" برای نیما لە یەکەم ئەندامەکانی حیزبی" عیداڵەت" بوو. ئەو لەدەست دیکتاتۆری ڕەزاشا بەرەو رووسیا هەڵات و وەك زۆربەی هاورێکانی بوو بە قوربانی خوێنرێژیەکانی "ستالین".

**دوای نیما**

هاوسۆزی لەگەڵ بێبەشان لە شیعری زۆربەی شاعیرانی پاش نیما و پێرەوی ئوسلوبی نووسینی ئەودا بەدی دەکرێ." ئەحمەد شاملو( بامداد)،" ئیسماعیل شاروودی"،" سیاوەش کەسرایی"،" خوسرەو گلسورخی"،" نادر نادرپوور"،" نوسرەت رەحمانی"،"مەنوچێر ئاتەشی"،" ئیسماعیل خۆیی"... مەنوچێهر سیستانی (١٣١٥ تا ١٣٦٠ه) شاعیرێکە لە بەرەی یەکەمی پێرەوانی نیما و شیعرێکی بەناوی(کارخانە) ئاوها هۆنیوەتەوە:

***لێرە***
***هەموو قۆپچەیەک بەسراوە بە ئامێرێکی کارەباوە***
***کار بزووتنی ئاسن و بازۆڵەیە***
***لە هەر کونجێک دا پیلوارێک و پۆڵایەک کەوتووە***
***لە ژێر پێ دا دار***
***نوستووە دوکەڵی دونیا لە سینگ دا***
***لە سینگ دا، دەمێکە سیل و سەبر بران***
***لێرە***
***گوڵاڵەی وشەکانی تۆ***
***نەپشکوتوو، لە لێوەکانتەوە***
***دوکەڵکێش دەیباتە دەرەوەی هەمار.***
***لێرە***
***هەماری تەقینەوەی بەردەوامی دەنگە***
***جووڵە ی بێدنگی لێوەکان، دەریدەخات دەردی دڵان***
***هەموو سینگێک ئاگردانێکە،***

***لە یادی بەبڵێسەی کەسان***

****

***باسی ئێواران***
***دەرگاگەلی ئاسنی دەکرێتەوە و دادەخرێت لەسەر لەولاوەکان***
***پیاوان چەور و ماندوو***
***دەڕۆنەوە، گروپ گروپ.***
***ئەوان کپ و بێسەدان***
***یادی ئێواران و ماڵەوە***
***چەند خۆشە***
***ئای لاق ڕاکێشان و مانگرتن و درێژە دان،***
***هەڵمی چایی و ئێوارە خوان***
***هاروهاجی منالان،***
***زرەی قابلەمە و سفرە و چەتاڵ و خوێدان***
***ئنجا نوستن و رازان***
***رازان، رازان***
***چاو نابیرێ ئەم دوکەڵە و***
***نایهێڵێ دەرەتان.***

بەسەرکەوتنی شۆرشی دژە پاشایەتی ڕێبەندانی ١٣٥٧ ه.، بزووتنەوەی کرێکاری گیانێکی تازەی بەبەردا هاتەوە و لە ژێر سێبەری ڕێکخراوە پیشەیی وسیاسیەکان دا بازاڕی شیعر و ئەدەب ژیاوە.


لە نێوان بەرهەمگەلی ئەو سەردەمە دا ناوگەلی لە هەژمار نەهاتوو هەیە، بەڵام ئێمە ناوی ئەو چەند کەسە وەبیر دێنینەوە کە کاریگەرتر بوون:" سەعید سوڵتان پوور، محەمەد موختاری، عۆمران سەلاحی، جەعفەر کۆشاوایی، ئەسلان ئەسلانیان".

***

# داهێنانی زمانێک بۆ هەڵهاتن لە سانسۆڕ

## ناساندنی ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەندی کومۆنیست " داریۆفۆ"

سەلام قادری



"داریۆ فۆ" ئەو نووسەرە رادیکاڵ و کومۆنیستە بوو، کە تەختی شانۆی کرد بە سەنگەرێك بۆ ئاگاکردنەوەی چینی کرێکار و سەنگەرێکیش بۆ دژایەتی چینی چەوسێنەر. لە بیست و چواری مارسی ١٩٢٦ لە دێهاتی" سێن جانۆ"ی سەر بە" وارزە"ی ئیتالیا لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و دژە فاشیست دا لە دایك بوو. باپیری بە تام و لامەیەکی تایبەتەوە چیرۆك گەلێکی سەرنجڕاکێشی بۆ خەڵك دەگێڕایەوە. ئەو وەڕزێر بوو. کاتێك دەچوو بەرهەمەکانی بفرۆشێت ئەمەی دەکرد. ئەمە سەرەتای تێکەڵبوونی" داریۆ فۆ" بوو بە جیهانی چیرۆك و گێڕانەوە. ژیانی شار بە شاری" داریۆ فۆ" لە منداڵیەوە بە هۆی ئیشەکەی باوکیەوە کە کرێکاری رێگای ئاسن بوو، هەندێ ئەزمونی بەنرخ و تایبەتی لای "داریۆ فۆ" کۆ کردەوە و بووە هۆی ئەوەی لە نزیکەوە و بەوردی کرێکاران و رووی تاڵ و شیرینی ژیانیان بناسێت. مانەوە لە شاری پڕ لە هونەری میلان و خوێندن لە ئاکادێمی ئەو شارەدا لە ساڵی ١٩٤٠وە درگای بواری زانستی و تێکنیکی نووسین و دەرهێنانی شانۆشی بۆ فۆ کردەوە. بەڵام بەهۆی شەڕ نەیتوانی خوێندن تەواو بکات. دوای شەڕیش ماوەیەك لە زانکۆی بیناسازی میلان درێژەی بە خوێندن دا، بەڵام دیسان نەیتوانی خوێندن تەواو بکات. لە ساڵی ١٩٥٢دا بە نووسینی مۆنۆلۆگ گەلێك بۆ رادیۆ هاوکاری خۆی لەگەڵ رادیۆ و تەلەویزیۆنی حوکمی ئیتالیا( RAI ) دەست پێکرد. دایکی فۆ ژنێکی رووناکبیر و بزێو بوو. بەهۆی ئەو جەوە زانستیەی کە لە ماڵەوە سازی کردبوو، ئەو هەر لە منداڵیەوە توانی بەرهەمەکانی برێشت و مایاکوفسکی و لۆرکا بخوێنێتەوە و لێیانەوە فێر بێت.

ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ" فرانکا رامە" ئەکتەری سەرەکی شانۆنامەکانی زەواجی کرد و پێنج ساڵ پاش ئەوە کۆمپانیای "فۆ_رامە"ی لەگەڵ ئەودا بنیاد نا و بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی لەوانە "تاوانبارانی هەمیشە شەیتانە"ی لەوێدا پێشکەش کرد. ئەو هەر لەسەرەتای نوسینیەوە لە گۆشە نیگایەکی رادیکاڵ و چینایەتیەوە دەیڕوانیە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بروکراسی حوکمی و ئەمپریالیزمی لە نێو کارەکانیدا دەدایە بەر رەخنە و هێرشی دەکردە سەریان. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی زۆر زوو لەگەڵ بەربەستی سانسۆر و سەرکوتدا رووبەروو ببێتەوە و زۆرێك لە بەرهەمەکانی رێگایان لێ بگیردرێت. لە ساڵی ١٩٢٦دا کە لە تەلەویزیۆنی ئیتالیا بە ئیشی نووسین و دەرهێنانی تەلەویزیۆنیەوە خەریك بوو، بەڵام بەهۆی سانسۆڕەوە ئیستغاڵەی کرد و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ ئیتر ئیشی تەلەویزیۆنی نەکرد.

سانسۆر وزەی داهێنەرانەی" فۆ"ی بزواند و ئەوی بەرەو داهێنان و ئافراندنی زمانێکی تایبەت هان دا. لە ساڵی ١٩٦٩وە بە نووسینی رازەکانی کۆمێدیا سەردەمێکی تر لە ژیانی سیاسی و هونەری فۆ دەستپێکرد.

ئەو لەو مۆنۆلۆگەدا لە زمانی "گرملوت" کە پێکهاتبوو لە زمانی هەرێمی" دەرەپۆ" و شێوەزاری سەدەکانی ناوەڕاست و تێکەڵێك لە وشە و هێمای داهێنراوی خۆی. ئێستاش زۆرێك لە رەخنەگران ئەو بەرهەمە بە باشترین بەرهەمی دەزانن." ڕازەکانی کۆمێدیا" پێشوازیەکی بێ وێنەی لێ کرا و زۆر زوو بۆ ٣٠ زمانی زیندووی دنیا وەرگێڕدرا. هەر لەو ساڵانەدا بەرەبەر نووسینە سیاسی و رەخنەگرانەکانی"

فۆ" ئۆسترالیاشی گرتەوە و شانۆنامەی "کرێکارێك سێسەد وشە دەزانێ، بەڵام خاوەنکارێك هەزار وشە دەزانێ؛ بۆیە خاوەنکارە"ی نووسی و چەشنی بۆمبایەك تەقیەوە.

ئەگەرچی شانۆنامەکانی "فۆ" سالأنێکی زۆر ئەمپەڕ ئەو پەڕی دنیای گرتەوە، بەڵام جیهان ئێستا زیاتر "داریۆ فۆ" بەو شانۆنامانەی سەبارەت بە بارودۆخی هەنوکەیی دەوڵەتانی سەرمایەداری نوسیویەتی دەناسێتەوە. بەرهەم گەلێك وەك "نیمانە بکڕین کەواتە پارە نادەین"،" مەرگی لەناکاوی ئانارشیەك".

شانۆنامەی" مەرگی لەناکاوی ئانارشیەك" لەگەڵ بارودۆخ و ناوەرۆکی هەنوکەیی حکومەتی ئێستای ئێراندا دێتەوە. چونکە فۆ لەو شانۆنامەدا پەردە لەسەر فێڵ و پیلانی پۆلیسی ئیتالیا هەڵدەماڵێت؛ کە هەڵسووڕاوێکی کرێکاریان لە بینایەکی بەرزەوە خستۆەتە خوارەوە و دواتر لە رۆژنامەکاندا وەکوو رووداوێکی کوتوپڕ پاساویان بۆ هێناوەتەوە.

لە وڵاتی ئیتالیادا فۆ بەو شانۆنامە دوو کەسی و تاکەکەسیانەشەوە دەناسنەوە، کە بەرهەمی هاوکاری خۆی و "فرِانکا"ی هاوسەری بوون. "فۆ" بەم شانۆنامانە جێگایەکی تایبەتی لای باڵی چەپ و لە نێوان چینی کرێکاری ئیتالیادا پەیدا کرد.

لە ساڵی ١٩٩٧دا خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی بردەوە. لە حاڵێکدا کە لە هەموو کات زیاتر پێداگری لە هەڵوێست و بیروڕاکانی دەکرد. شانۆنامەگەلی "قامك لە چاو"، "رۆژنامەچی شێت لە شاری لیزائێس"، "دزی مانکەن و ژنەکان"،" تەرمەکە پۆست بکەین، خەڵکەکە ژێرپێ خەین"، "تەرم فرۆشی"، "مارکۆ لۆفا"، "سێ مەزنەکە"، "کاتێك هەژار دەکەوی دەبیە سووڵتان"،" رۆژی نوێ مەینەتی نوێ" و بەدەیان شانۆنامەی تری دوای بردنەوەی خەڵاتی نۆبێڵ نووسی.

سیاسەت و کۆمەڵگا بەردەوام دوو چەمکی جیانەکراوە لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە بووە. ئەو بڕوای بەوە بوو کە شانۆ ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانە و لە سیراعە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا شانۆکار بێ لایەن نییە. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە رەخنەگرانی بۆرژوازی ئەویان بە ئایدەئۆلۆژیست دەناساند و تەنانەت لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێڵیش دا دیانیان پیا نەدەنا. هەر چەندە ئەو ئەم ئیدعایەی ئەوانی بەدرۆ دەخستەوە و دەیوت:" ئەوەیکە هونەر لە بەرانبەر سیاسەت و فەلسەفە و ئایدەئۆلۆژیا دابنێین و جیای بکەینەوە لە دیاردە جۆراوجۆرەکانی ژیان مەترسیدارە و هونەری پاڵێوراو لە ژیان هونەری مردووە و ناتوانێ بوونی هەبێت. هونەر ئاوێتەی دیاردەکانی ژیان بووە و پێوەندیەکی قووڵی لەگەڵیان هەیە." شکسپیەری وەکوو نمونە دەهاوردەوە و دەیوت:" سەیری شکسپیەر بکەن چلۆن هەملێتی کردووە بە رەخنەگرێکی سەرەکی ئێلیزابێت.

" فۆ" دوو شێوازی کۆمێدیای" فارێز" و "دێلاراتە"ی تێکەڵ کردبوو و بە زمانی خەڵکانی هەژار و پەراوێزنشین. هەر ئەوە ببووە هۆی ئەوەی لە بازاڕەکانی تەڕەبار، یاریگاکانی ریازە و کارخانەکان و لە نێوان خەڵکانی کەم داهاتی کۆمەڵگادا پێشکەشیان بکات و هەندێ جاریش هەر لە نێوان ئەو جۆرە خەڵکانەدا، ئەکتەرەکانی هەڵدەبژارد.

هەڵسووڕانی زانست بەخش و شۆڕشگێڕانەی ئەو لە بواری شانۆدا ژیانی تایبەتیشی خستبووە ژێر کاریگەرییەوە. لە ٨ی مارسی ١٩٨٠دا گروپێکی فاشیستی راسپێردراو لە لایەن پۆلیسی فێدراڵی ئیتالیاوە ژنەکەیان رفاندبوو و پاش ئەشکەنجە کردنێکی زۆر دەستدرێژیان پێکردبوو. بەڵام دیسان کۆڵیان نەدا و دوو مانگ پاش ئەو رووداوە بە مۆنۆلۆگێکی دژە فاشیستی کە هاوسەرەکەی تێیدا دەوری دەگێڕا، گەڕابوونەوە بۆ گۆڕەپانی خەباتی هونەری.

جارێك چوون بۆ زیندان، ٤٧ جار بانگهێشت کران بۆ مەحکەمە، بە دەیان جاریش پێشگرتن لە بەرهەمەکانی، نەك کۆڵی پێ نەدا بەڵکوو بووە هۆی ئەوەی ٤٧ کۆمێدیا و سەدان وتار و تەنانەت سروود و ئاوازی تریشی لەسەر ئەو پێش پێگرتنانە نووسی. ئەو سەبارەت بە پێوەندی لەگەڵ بینەرەکانیدا دەڵێت:" ئێمە بۆ ئیشەکانمان پلانێکی دیاریکراومان نییە. ئەوە کرێکارانن پلانمان بۆ دادەنێن. پلانی ئێمە خۆ گونجاندنە لەگەڵ داواکاری کرێکاراندا. ئێمە وەکوو ئەو رووناکبیرانە نین کە باڵەخانەی رووناکبیری بۆ خۆمان ساز بکەین و خۆمان لە کۆمەڵانی خەڵك جیابکەینەوە و لە نێوان بۆنی مەی و دووکەڵی جگەرەدا بزر ببین. ئەوە بینەری شانۆنامەکانی ئێمەن کە پێمان دەڵێن چ ئیشێك بکەین و بەرهەمی داهاتوومان بۆ چ باسێك تەرخان بکەین. کرێکارانی مانگرتوو داوامان لێ دەکەن سەبارەت بە رەنج و چەرمەسەریەکانی ژیانیان شانۆیان بۆ بەرهەم بهێنین. ئێمەش لەسەر داوای ئەوان و بۆ سەرکەوتنی خەبات و مانگرتنەکەی ئەوان دەنووسین. ئەمەش تەنیا کرێکارانی بەشی پیشەسازی ناگرێتەوە، بەڵکوو ژنان و وەرزێران و پەرەستاران و مامۆستایان و خوێندکارانیش دەگرێتەوە. ئێمە لە گروپەکەشدا بە یەکسانی و چۆنیەك پارە وەردەگرین. لە ئاستی کرێکارێکی پسپۆڕدا هەمووشمان لەوە رازین."

گروپەکەی" فۆ" ناوی گروپی شانۆی" کومۆن" بوو. گروپێکی شۆڕشگێڕ کە بە دەیان جار بۆ هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران شانۆی بەرهەم دەهێنا و داهاتەکەیشی تەرخان دەکرد بە کرێکاران و بۆ درێژەدان بە مانگرتنەکەی ئەوان پێشکەشی دەکرد." فۆ" قوتابی "بێرتۆلد برێشت" و "ماياکۆفسکی" و "لۆرکا" بوو. خۆیشی ببوو بە مامۆستای هونەرمەندانی شۆڕشگێڕی پاش خۆی. هەر ئێستا کە ئەم باسە دادەڕێژم دەکەومە بیر گروپی شانۆی "کومۆن"ی مەریوان کە لەگەڵ هاوڕێکانما ئیلهام وەرگرتوو لە گروپی "کومۆن"ی فۆ بۆ خزمەت بە چینی کرێکار و هەژاری کوردستان دامانمەرزاند. ئەو گروپەی بۆ یەکەم جار شانۆی" ڕۆژی نوێ و مەینەتی نوێ"ی "فۆ"ی لە مانگرتنی کرێکارانی کارخانەی رستن و چنینی پەرڕیس دا پێشکەش کرد و توانی ئەزمونی شۆڕشگێڕانەی فۆ بگوازێتەوە بۆ ناو خەباتی چینایەتی کرێکارانی کوردستان. ئەم جۆرە ئەزمون وەرگرتنانە بڕوای مرۆڤ بە ئەنترناسیۆناڵ پتەوتر دەکات و هانی دەدا ئەزمونەکانی ئەدەبی کرێکاری باشتر بناسێ و بۆ بەرەوپێش تر بردنی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران و کوردستان بەکاریان بگرێ.

لێرەدا جێگای خۆیەتی کە شی کرنەوەیەك سەبارەت بە شانۆنامەی" ڕۆژی نوێ، مەینەتی نوێ"ی " داریۆ فۆ" بەم باسە زیاد بکەم. چونکە ئەم شانۆنامەیە یەکێك لە شانۆنامە باشەکانی داریۆ فۆیە کە لە زۆرێك لە وڵاتان بە دەیان جار و لە لایەن گروپە جۆراوجۆرە شانۆییەکانەوە پێشکەش کراوە. ئەم دەقە هەروەها لە ئێرانیش لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران لەوانە" تئاتر"ی شاری تاران پێشکەش کراوە. ئەم شانۆنامەیە هەر لە سەرەتاوە بە خەون بینینی ژنێك دەست پێدەکات کە خەونی دیتووە دەستی کەوتۆتە ژێر دەزگای پرێس و قامکەکانی قرتاون. فۆ بەم دەستپێکردنە ئاستی پەرەسەندنی گوشاری کار بۆ ناو چرکە چرکەی ژیانی کرێکاران پیشان دەدات. دەیهەوێ پیشانی بدات چۆن لە خەو و بێداریدا لە دەست دڵەڕاوکێی کۆمەڵگای پیشەسازی و پێوەندییەکانی سەرمایە دەرناچێت. کرێکارە ژنەکە لە خەون رادەپەڕێ و دەزانێ ئەو بە تەنیا خەونی بینیوە و خۆشحاڵ لەوەی کە کابووسی ڕووداوی شوێنی کار تەنیا کابووسێك بووە، کۆرپەکەی پۆشتە دەکات و خۆی ڕێدەخات بۆ ئەوەی ئەو بگەیەنێتە دایەنگا و خۆیشی لەوێوە بڕوات بۆ کارخانە. بەڵام دروست لەو کاتەدا دەیهەوێ لە ماڵ دەرکەوێ و زۆر بە پەلەیە پێ دەزانێت کە کلیلەکەی وون کردووە. هونەری فۆ لە نووسیندا لێرەوە دەردەکەوێ.

ئەو کلیلە وون بووەکە دەکات بە بیانوو بۆ ئەوەی شەو و ڕۆژێك لە ژیانی بنەماڵەیەکی کرێکاری لە زمانی ژنەکەوە بگێڕێتەوە. ژنەکە بیر دەکاتەوە کلیلەکەی لە کوێ داناوە. شەوی پێش دەهێنێتە بیری خۆی کە هاتۆتەوە و هەر دوو دەستی بە گرتنی مناڵەکە و ئەو شت و مەکانەی کە کڕیویەتی گیراو بووە. لەوێوە ڕووداوەکانی شەو و ڕۆژی ڕابردوو لە زەینیدا دەچنێتەوە.

لە شانۆنامەدا تێکنیکێك هەیە بە ناوی گرێ نانەوە و گرێ کردنەوە. بابەتێك دەکەی بە پرسیار لای خوێنەر و وای لێ دەکەی تا کرانەوەی ئەو گرێیە و ڕوون بوونەوەی مەوزوعەکە سەیری شانۆکەت بکات. بینەر تا ئاخر سەیری دەکات بۆ ئەوەی بزانێ لە نێوان ئەو هەمووە سەرقاڵیەی کە بنەماڵەیەکی کرێکاری گیرۆدەیەتی، چی وای کردووە کلیلەکە وون بکات. لە بەر ئەوەش ئەو شتانەی کە ژنە کرێکارەکە باسی دەکات، ئاشنایە و لە جنسی ئەو سەرقاڵی و شپرزییەیە کە هەموو کرێکارێکی ژن و پیاو لە ژیانی خۆیاندا تەجرەبەیان کردووە. لە درێژەدا فۆ کەسایەتی ژنەکەی وا دارشتووە کە لە ژیانی خۆیەوە دەچێتە سەر باس لە سیستمی سەرمایەداری کەرتی تایبەت. کرێکارێکی شۆڕشگێڕ لە زمانی ژنەکەوە تەنیا شانۆیەکی کرێکاری نابینێت، کە ئەم بابەتە تاڵە بە شێوازێکی کۆمێدی پێشکەش دەکات، بەڵکوو لە زمانی ئەوەوە هەندێك ئیستدلالی زانستی دەبیستێ کە بەرچاویشی لە هۆکار و ڕێگای دەربازبوون لەم بارودۆخە نیشان دەدات. ژنەکە باس لەوە دەکات کە چۆن لەگەڵ هاوسەرەکەی بەشەڕ هاتووە و لەوەی کە پێوەندی ژن و شوویەتیان تەنیا بۆ ئەوەیە کە ژنەکە سەرباری کاری دەرەوەی ناوماڵ، خزمەتی شووەکەیشی بکات و مناڵەکەیشی پۆشتە بکات. لەوەی کە ئەو لەو جۆرە ژیانەدا تەنیا خزمەت دەکات و سرویس دەدات. ئەو لە درێژەدا باس دەکات کە شووەکەی چۆن وڵامی داوەتەوە و باسی کردووە لەو کاتەوە شوێنی کارەکەی دوور کەوتۆتەوە بەکردەوە ئەو کاتەش بۆ هاتوچۆ دەبێ بیبڕێ بووە بە بەشێك لە سەعاتی کارەکەی و ئەوە وای کردووە کە ئەو ئیزافەکارە لەگەڵ هاوسەرەکەی دابەش بکات و لە کاروبارەکانی ماڵەوەدا کەمتر خۆی دەخیل بکات. شووەکەی باس دەکات کە وایە ڕاست دەکەیت ئێمە تەنیا پێکەوین بۆ ئەوەی بە هەردووکمان بە یارمەتی یەکتر لە بنەماڵەدا درێژە بە ژیانێکی دۆزەخیانە بدەین. قازانجی ئە مەش تەنیا و بە تەنیا بۆ خاوەنکارەکان دەبێت.

فۆ مۆنۆلۆگێکی دوور و درێژ سەرڕێژ لە زانستی چینایەتی و سیاسی لە زمانی ژنێکەوە دەگێڕێتەوە و وا

دەکات چرکە بۆچرکە بینەر زیاتر چاو ببڕێتە ئەکتەرەکە و گوێ بۆ باسەکانی بگرێت. هونەری فۆ لەوەدایە کە بە بیانووی گێڕانەوە و لە چوارچێوەی شانۆیەکی کرێکاریدا وانەی چینایەتی دەڵێتەوە و شانۆکانی دەکات بە قوتابخانە. لە شانۆکەدا جیا لەو باسانە بەردەوام دڵەڕاوکێ و گوشاری کار هەستی پێ دەکرێ، گوشارێك کە وای کردووە ژنەکە لە کۆتایی شانۆکەدا ئەو کاتەی کلیلەکە دەدۆزێتەوە تێدەگات کە ئەو رۆژە یەکشەممەیە، بەڵام ئەم لە پەلەپەلا ئەوەشی بیر نەبووە. رووداوی سەرەکی شانۆکەی فۆ لەسەر ئەو هەمووە رووداوە لاوەکی و باسە جۆراوجۆرانەدا دەریدەخات کە کرێکار چۆن لە هیچ چرکەیەك لە ژیانیدا دەربازبوونی بۆ نییە لە ژێر باری قورسی پێوەندیگەلی سەرمایەداری کە ئەوی تا ئەو ئاستە لە خۆی و ژیان و بێداری و هەستیاری نامۆ کردووە.

لە ئاخری شانۆکەدا ژنەکە بە خۆشحاڵیەوە دەچێتە ناو قەرەوێڵەکە و ئارەزووی دونیایەك دەکات کە هەموو رۆژێکی یەکشەممە بێت. حکومەتی یەکشەممەکان، حکومەتێك کە کار تێیدا بۆ چێژ وەرگرتن و لە ئاستی توانایی کەسەکاندا بێت.

ئەم شانۆنامەیە هەم لە تکنیکەکانی گێڕاننەوەدا هەم لە ناوەرۆك و قووڵی و جامعیەتێکدا کە هەیەتی نمونەی هونەرێکی تۆکمە و کرێکارییە کە وەکوو برێشت دەڵێت:" چەرمەسەریەکانی ژیان دەکات بە هەوێنی پێکەنین و وا دەکات کە کرێکار لە هونەردا خۆی ببینێتەوە و لەگەڵ ئەوەدا کە پێدەکەنێ ئەو درزانەش ببینێ کە لە زنجیرەکانی دیل بوونیدا هەیە و هیوا و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی زیندوو ببێتەوە و بەرچاوی بۆ بە کارگرتنی روون بێتەوە."

سەرچاوەکان

<!--[if !supportLists]-->• <!--[endif]-->
فەرهەنگی بچکۆلەی هونەرپیشەی "داریۆ فۆ"

<!--[if !supportLists]-->• <!--[endif]-->
درام نووسانی جیهان، بەرگی دووهەم وەرگێڕانی "مەنسوری ئیبراهیمی"

<!--[if !supportLists]-->• <!--[endif]-->
رۆژی نوێ مەینەتی نوێ "داریۆ فۆ"

<!--[if !supportLists]-->• <!--[endif]-->
مەرگی لە ناکاوی ئانارشیەك "داریۆ فۆ"

***

بازی و کارگردانی نمایش:همە ی دزدها کە دزد نیستند
نوشتە ی:داریو فو



# دەردو ژانی ئەفغانی بوون!


## باسێک سەبارەت بە ڕۆمانی" ئەفغانی" عارف فەرمان.

*نووسین و ئامادە کردنی: س- ا*

ئازاری گشت ئەو ئینسانانە ئازادی خواز و بەرابەری تەڵەبانەی داواکاری ژایانێکی ئاسوودە و دوور لەهەر چەشنە هەڵاواردنێکی چینایەتی، ڕەگەزی و نەتەوایەتین و بە کەمتر لەوەش رازینابن، زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتدارانی چەوسێنەر و دژی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، برسیەتی و بێ ئیمکانتی ژیان و بەرێچوون و دەمارگرژی کۆنەپەرستانەی زاڵ بەسەر ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییاندا تەنگی پێهەڵچنیون و بە ناچاری روویان کردۆتە هەندەران، تەقریبەن هاوشێوەیە و کەم و زۆر ژانێکی نزیک لەیەک تەجروبە دکەن. ناوەرۆک و ڕووداوەکانی دووتوێی ڕۆمانەکەی عارف فەرمان کە بەسەرهاتی کۆچبەری وڵاتێکی ئاسیاییە زۆر زوو ناخی خوێنەری ئاوارەی ئێرانی دەسمێت و ئاوێتەی هەست و ئێحساسەکانی دەبێت و بە سانایی لەگەڵ خۆیدا دەیباتە پیاسەی گۆڕپانی ڕووداوەکان. ئەو رووداوە ناخ هەژێنانەی لە ژیانی ئاوارەیەکی ئەفغانیدا رووودەدەن.

ئەفغانی بوون دەردێکی کەم نییە! بەتایبەتی کە کۆچبەرێکی نایاسایی ڕۆژرەش بیت و سەرلە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەربێنیت. ڕەنگە ژن یان پیاوی ئاوارە و شەرلێدراوی ئەفغانی، تەنیا لە ئێران، و لە نزیکەوە شاهیدی بێگانە بوون، ڕەتکرانەوە و سووکایەتی پێکرانی خۆی و وڵات و نەتەوەکەی بووبێت. ئەمە بەرداشتێکە کە لە ناوەرۆکی ڕۆمانی" ئەفغانی" نووسینی عارف فەرمان دەکرێ. ئەمە ڕۆمانێکە کە لە ناخی خۆیدا کرداری ڕوانگەی ڕاسیستی لە کۆمەڵگای ئێرانی ژێر حاکمیەتی نیزامی ئیسلامی دا دەنوێنێ. نووسەرەکەی ئێرانی نییە. ئەو ئەفغانیە و بەباشیش توانیویەتی هەڵسوکەوت و شێوەی ڕوانینی بەشێک لە دانیشتوان و مرۆڤی ئێرانی سەبارەت بە هاوڕەگەزەکەی لەو ڕۆمانەدا پیشان بدات.

ئەفغانی زاراوەیەکە کە ڕەنگە لە گوێی هەر پەنابەرێکی ئەفغانیدا کە ڕێی کەوتبێتە ئێرانەوە زرینگانەوەیەکی مەترسیدار و ئازاردەری هەبێت. عەلی، کەسی یەکەمی ڕۆمانەکە گەلێک جار بە پاڕانەوە، بە هێنانەوەی بەڵگە و دەلیل داوای لەوکەسانە کردوە کە بەم واژەیە سووکایەتی




پێدەکەن و ئازاری ئەدەن بە ناوەکەی خۆی بانگی بکەن. وەک نووسەر دەنووسێت:

<< نەتەوەکەی منیش وەک هەموو نەتەوەکانی ترە. لەودا، تەواوی باشیەکان بوونیان هەیە. بەناوی نەتەوەکەمەوە بانگم مەکەن. گەلێک ئازاردەرە کاتێک کە لە غەریبیدا، سووکایەتی بە خۆت و نەتەوەکەت دەکرێ. >>

نووسەر ویستوویەتی وەک کۆچبەرێک سەبارەت بەم جۆرە دیاردانە لە زات و هەستی مرۆڤی ئێرانی دا بابەتێک بنووسێت. ئەو داستانی خۆی و بەسەرهاتی ئاوارەیی و پەرتەوازە بوون و بێ پشتوپەنایی هاووڵاتیەکانی لە زمان ڕاوییە گەنجەکەیەوە دەگێڕێتەوە. لە داستانە پێکەوە چنراوەکانی ئەم ڕۆمانەدا، ئێمە دەبینە ئەو شاهیدە سەر سووڕماوانەی لە ئاوێنەیەکەوە کە لە ڕوانین، بیر و ئەندێشە و هەڵسوکەوتەکانمان چێمان کردوە، هاتووینەتە دەرێ و بە سەرنجەوە دەڕوانینە قامەتی نا هەمواری خۆمان. شک لەوەدانیە کە بڵاو بوونەوەی ڕۆمانێکی لەم چەشنە دەتوانێ کاریگەریەکی بەرچاو لەسەر ئەندێشە و بیر و بۆچوونی ئەو بەشە لە دانشتوانی ئێران بەجێبێڵێ کە جێی سەرنجی نووسەرن.

ئێمە ئەو ڕوانینە تایبەتە ئێرانیەی سەبارەت بە بیانیەکان بوونی هەیە و عارف فەرمانیش دەیبینێ و لە ڕۆمانەکەیدا دەریدەخات، بەردەوام و بە درێژایی مێژوو لە ڕوانگەی ئێرانی بۆ ئێرانیشدا بووە و گەلێک جاریش

لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکاندا بۆتە کۆسپ و بەربەستی بەردەم بەسەمەر گەیشتنی زۆربەی بزووتنەوەکان و بێدەنگ بوون و لە پێ کەوتنی هێز و ڕەوتە سیاسیەکان. ئەمە لە ڕوانگەی ڕۆمانی" ئەفغانی"یەوە زەنگی مەترسیەکی گەورەتریشی لێداوە. لە ڕاستیدا هیچ نەتەوەیەک بە تایبەتمەندیەکی بەم شێوە وێرانگەر و دژی ئینسانیەوە ناتوانێ پێ بنێتە شارێی تەمەدونی بەشەرییەوە. بەستێن و بوار خۆشکەری بەرەوپێش چوون بەجادە پرپێچ و هەورازو نشێوەکانی مێژوودا و تێکەڵبوون لەگەڵ کاروانی گەورەی تەمەدونی بەشەری هاوئاهەنگی، هاودڵی، هاوخەمی و دۆستی و خۆشەویستییە. لە ڕوانگەی ئەم ڕۆمانەوە ئێمە هەژار و بێهەست و هیچ لەدەست نەهاتووین. هەژارین؛ چون هێشتا عیشق و خۆشەویستیمان بەرانبەربە هاوڕەگەزەکانمان نەکردۆتە سەرچاوە و بنەمای هەڵسوکەوتەکانمان. بێ هەستین؛ بەوخاترەی کە لەگەڵ ئەوەی خاوەنی ویست و ئاوات و ئارەزووی هاوبەشین، بە بوونی ئەو تایبەتمەندیانەشەوە کە باسیان کرا، خاوەنی هێزو شۆڕو شەوقی یەکگرتن و کاری هاوبەش نیین لە پێناو سڕینەوە و کۆتایی پێهێنانی ڕەنج و ئازار و نەهامەتیەکانی یەکتردا.

لە ڕۆمانی" ئەفغانی"دا دەبینین کە ئێرانیەکان لەهەر تیرەو تایەفەیەک بن و سەربە هەر چین و توێژێک، کۆچبەری ئەفغانی تەنیا بە ئەفغانی! بانگ دەکەن. لەحاڵەتی ئاسایی دا ئەفغانی لە ڕوانگە و بۆچوونی ئەوەوە دزو قاچاغ فرۆشە. ئەگەر بۆ سەرگەرمیش بووە دەکرێ لە پەنا و پەسیوی کوچەو کۆڵانەکاندا بیخەیەبەر گازو گیر و وەک تۆپی یاری هەڵیدەی بەملاولادا.

ئەگەر سەبارەت بە پێنەبوونی کارتی ئیقامەت و مانەوە بکەوێتە دەست پاسدار و هێزە نیزامیەکان سەرەتای دەستپێکی سیناریۆیەکی پڕلە ئازار و ئەشکەنجەی تاقەت پڕوکێنە بۆی. یەکێک لەو لۆمپەنە هەوسار پچڕاوانەی بەردراوەتە شەقام و کۆڵانەکان یان مەئمورێکی حکومەتی ئیلاهی کە جەواز و ئیزنی ڕاوکردن، ئەشکەنجە و لە بەین بردنی ئەم بێگانە چارەڕەشەی لە تەنگەی باخەڵدایە، بەخۆی ناڵێ کە ئەوەی من خەریکم بە مشت و پێلەقە پیادەکێشم، مێشک و چاوی مرۆڤێکە! ئەوە قەڵەمی دەست و پێ و ئێسکی پشت و پەراسوی ئینسانێکە تێکیدەشکێنم! ئەمە مرۆڤێکی ئەفغانیەو هیچی لە باری ئینسانیەوە لەمن کەمتر نییە! نا، ئەمجۆرە هەڵسوکەوتە سەبارەت بە پەنابەری ئەفغانی بەلای ئەوەوە پاساوی شەرعی بۆ هێنراوەتەوە سوورە لەسەر بەرێوە بردنی.

بەوتەی ڕۆمانی عارف فەرمان، کۆچبەری ئەفغانی تەنانەت مافی کارکردن لە چێشتخانەکانیشیدا نییە. ئەو یان دەبێ لە بەشی بەخێوکردنی پەلەوەر یان لە کورەخانەکاندا خەریکی قوربەسەری بێت یان لە کاری بیناسازی دا گیان و ژیانی بنێتە پێناو پەرواری هەرچی زیاتری خاوەنانی سەروەت و قازانج پەرستی خاوەنکاران و سەرمایەدارانی چاوچنۆکەوە. پەنابەری ئەفغانی نێچیرێکی لەبەر دەست و گونجاوە بۆ سەرمایەدارانی خوێنمژ و



بێویژدان کە بەبەردەوامی لە دژوارترین هەلومەرجی کاریدا هێزی کارەکەیان بەنرخێکی گەلێک هەرزان بەتاڵان دەبەن و شیلەی گیانیان دەکێشن و تەنانەت گەلێکجار هەڕەشەی دانەدەستی پۆلیسیان لێدەکەن و دوور لەهەر هەستێکی مرۆڤانە حەقدەستەکەیان نادەنێ و بەدەستی بەتاڵ لەسەر کار وەدەریان دەنێن.

بە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستیانە لە ڕۆمانی" ئەفغانی"دا دەکرێ لایەنە جۆراوجۆرە شاراوەکانی ژیان لە ئێرانی ساڵەکانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی و ئاکامەکانی شەڕی ئێران و عێراق دا بدۆزینەوە. دەکرێ هەست بەو کارەسات و نەهامەتیانە بکەین کە بەسەر ئەم چارەڕەشانەدا هاتوە لە ساڵەکانی دەسەڵاتی بەبرەک کارمەل لە ئەفغانستان و شەڕی هێزەکانی شۆڕەوی پێشوو لەگەڵ موجاهیدینی ئەفغان و باقی شەڕ و تێکهەڵچوونە جەنایەتکارانە و کۆنە پەرەستانەکانی نێوخۆی ڕەوتە کەللەوشکە مەزهەبیەکان و ئاسەوارە وێرانگەرەکانی لەسەر ژیان و گوزەرانی ئەم خەڵکە و ئاوارەبوونیان بەرەو ئێران.

" عەلی" ئەو کەسەی بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە لە کوەیتەی پاکستانەوە و لە ڕێگای قاچاخەوە دێتە زاهیدان. ئەوکاتە زاهیدان شارێکە خامۆش ئەڵێی خۆڵەمێشی خەمت بەسەرا دابێشتوە بە دانیشتوانێکی مەسخ کراو و لە ڕواڵەت کەوتووی کە بەرادەیەک نامۆیانە دەڕوانێتە بێگانەکان یان ئەفغانییە ئاوارەکان کە دەرفەت نادات هیچ چاوەڕوانیەکت لێی هەبێ. ژیانی ئەو لەم شارەدا لەگەڵ هەستە دەروونیەکان و ئەو ڕۆژگارەی تیا قەراری گرتوە، پیشاندەری پەیکەرەی ئەرواحە لە شەوی شارانی

تاعون لێدراودا. زمانی سادەو ساکاری دەربڕی ئازاری سووکایەتی و بێڕێزی پێکران، ئەشکەنجە و ئەم گشتە ئاوێتەی غەمی نانەی ڕاوی دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر لەگەڵ هەر شتێکدا کە خۆی ئەزموونی دەکات، بکاتە هاوڕێ و لە بەستێنی ئەو ڕووداوە مەترسیدارانەدا کە بەسەریدا ڕماون، هەست و ئیحساسی خۆی بەشێوەیەکی نەرمونیان ئاژینکاتە ناخیەوە.

خوێنەر ناچارە شانبەشانی بەسەرهاتەکانی ئەم کۆچبەرە سەرگەردانە لە شارەکانی تر لەوانە شیراز و تاراندا ڕێبکات. بەم شێوەیە بینین و ناسینەوەی ئەوەی بەسەر نووسەردا هاتووە، لە جێگاوشوێنی تایبەتداو لە کەش و هەوایەکی پڕ گێژاودا کە هەستی بێ پشتوپەنایی و داماوی و هەژاری و تەنیایی پێکی دێنێ؛ ئەو دەرفەتەی ئەداتێ کە سەرکەتوانە هەواڵی ترس و دڵەڕاوکێکانیمان پێ ڕابگەیەنێ.

داستانی برسی مانەوەی لە زاهیدان ناخ هەژێنە. سووکایەتی پێکران و ئەشکەنجە و ئازاری خۆی و هاووڵاتیەکانی لە نێو کۆڵان و شەقام و کومیتە و ئیدارەی پۆلیسی شارەکانی شیراز و تاراندا تا ئاست و سنووری شێتبوون ئەسەفبارە. داستانی ئەویندارى ئەو لەگەڵ کچی خاوەن ماڵەکەیدا و بەواتایەکیتر کچە هاوشاریەکی حافز، شاعیرێکی کە بە بەردەوامی لە زەین و ئەندێشەی دا حازربوو، لە وەها بارودۆخێکدا کە ئەوی تێدایە هەر لە سەرەتاوە شکستی هێناوە. ژینگەی کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی ئەم دوو ئەویندارە لاو و بێ دەسەڵات و بێ سەروەت و حورمەت ورێزە بەگاڵتە دەگرێ. ئەڵێی هێشتا ئەم کۆمەڵگایە ئەنگیزە و پاڵنەرەکانی ئەویندارى بە بابەتێکی ئینسانی نازانێت، ئەمە کارەساتەکەیە.

ڕۆمانی" ئەفغانی" باس لە دەرد و ئازارەکانی دەیان ساڵ لەوەپێشی کۆچبەرانی ئەفغانی واتە سەرەتاکانی تاراوگە نشینیان دەکات. مەینەتی و فەلاکەتێک کە لە ئێستادا و لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەم تاراوگە نشینانەدا بەدەیان قات زیادی کردوە و حکومەتی ئیسلامی ئێران و کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بەجێی کەم کردنەوەی ئازارەکانیان بە هاودەستی و هاوکاری یەکتر و پیلانی هەمەڕەنگ خەریکی هەڵکەندیانن لەو شوینانەی بەهەزار دەردو مەرارەت لێی جێگیر بوون و توانیویانە ژیانێکی کولەمەرگی تێدا پیکەوە بنێن و خۆبە دوور بگرن لەو مەرگەساتەی لە وڵاتەکەیاندا لە ئارادایە. ئەم لایەنە بەشەر دۆستانە! دەیانەوێ ئەو خەڵکە چارەڕەشە بە زۆر بنێرنەوە بۆ ئەفغانستان، بۆ جەهەننەمێک کە وڵاتە خاوەن هێز و دەسەڵاتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆیان خوڵقاندوون و ڕۆژ نییە بە دەیان کەس لە دانیشتوانی ئەو وڵاتەی تێدا نەبێتە قوربانی.

دوکتور ئەکرەم عوسمان لە پێشەکیەکی کورتدا کە بۆ ئەم ڕۆمانەی نووسیوە دەڵێت:" ئەم بەرهەمە لە شێوەی



سەفەرنامەیەکدا نووسراوە کە ریوایەتێکی بەڵگەمەندی سەفەرێکی بێ کۆتایی و بێ مەقسەدە. ئەم بەرهەمە ڕۆدەچێتە ناخی ڕاستیەکانەوە. ئەم ستراتیژە، ناخی ڕووداوەکە دەکوڵێ.

بەکورتی ئەم داستانە خاوەنی دارشتنێکی پتەو، ڕێکو پێک و قایموقۆڵی تایبەتە و لایەنگرانی خوێندنەوە بەرەو قوڵایی تراژیدی ژیان لە وڵاتی ئەفغانستان پەلکێش دەکات." وێڕای تەئیدی بۆچوونەکانی دوکتور ئەکرەم عوسمان دەبێ بوترێ کە ئەم داستانە لەگەڵ ئەمانەدا، ئەو بەشە لە مرۆڤی ئێرانیش کە تیشکی ڕەخنەی ئاراستە کردوون بەرەو پاڵاوتنی ئەندێشەو ڕەوان و ڕوانگەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا پاڵپێوە دەنێت.

سەرچاوەکان: چەند سەرچاوەیەکی ئینتێرنێتی
١_ ناشر: نەشری ئەرزان( ئیستکهۆلم)
چاپی یەکەم، ٢٠١٢ ***

# فرووغ، ئەو شاعیرەی ئێستاش بەسەر پێوەیە

ناسر حەقپەرەست



"ئارەزووی من ئازادیی ژنانی ئێران و یەكسانبوونی مافەكانیانە لەگەڵ پیاواندا". "من ئاگاداری ئەو ئازارە هەم كە خوشكەكانم لەم مەملەكەتەدا بە دەست بێ عەدالەتی پیاوان دەرحەقیان دەیچێژن، نیوەی هونەرەكەم بۆ وێناكردنەوەی ئەو دەردو ئازارانە تەرخان كردووە. ئارەزووی من پێكهاتنی ژینگەیەكی گونجاوە بۆ چالاكییە زانستیی، هونەریی و كۆمەڵایەتیەكانی ژنان."

رەنگە هەر ئەو چەند دێرەی سەرەوە بەس بێت بۆ ئەوەی تا رادەیەك كەشی فیكریی كەسێكی وەك فرووغ بناسین.

"فرووغ فەروخزاد" لە ٢٩ دیسامبری ١٩٣٤ (٨ بەفرانباری ١٣١٣)هەتاویی لە گەڕەكی ئەمیریەی تاران لەدایك بوو. چوارەمین منداڵی بنەماڵەكەیان بوو. فرووغ ١٩٥٠ لە تەمەنی ١٦ساڵیدا لەگەڵ پەرویز شاپوور ژیانی هاوسەریی پێكهێناو كامیار شاپوور لەدایك بوو. لە ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ پەرویز لێك جیابوونەوە. فرووغ بە كۆمەڵە شیعرەكانی/ ئەسیر، دیوار و سەركێشی لە چوارچێوەی شیعری نوێدا كاری شاعیری دەست پێكرد. لە پاش نیما یوشیج، فرووغ لە پاڵ ئەحمەد شاملو، مێهدی ئەخوانی سالس و سۆهراب سپێهری لە پێشەنگەكانی شیعری هاوچەرخی فارسی بە هەژمار دێت.

فرووغ بەهۆی هۆگری بە كاری سینەما رووی كردە ئەم بوورا و لەگەڵ ئیبراهیم گوڵستان ئاشنا بوو. ئەو ئاشنایەتییە ئاڵوگۆڕێكی گەورەی فیكری لەودا پێكهێنا و ژیانی پیشەیی ئەوی گۆڕیی. لە ساڵی ١٩٦٢ فیلمی ماڵە رەشەكەی لە خانەی گولانی تەورێز بەرهەمهێنا كە خەڵاتی یەكەمی فیستیواڵی ئاوێر هاوزن ی بردەوە. هەر لەو ساڵەدا كۆمەڵە شیعری "لە دایكبوونێكی تر"ی بە تیراژی ٣٠٠٠ دانە لە چاپخانەی مروارید بە چاپ گەیاند. لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ ئالمانیا، ئیتالیا و فەرانسا سەفەری كردوو و خۆی بە دونیای دەرەوی ئێران ناساند كە لایەنگرانێكی زۆر بۆ كارەكانی پەیدا بوون. لەپاش ئەو دەورەیە كۆمەڵە شیعری "ئیمان بێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما"ی بڵاو كرایەوە كە جۆری دارشتن و تێراونینەكانی هۆگرانێكی یەكجار زۆری بۆ دەستەبەر كرد. لە مابەینی ساڵەكانی ١٩٦٣ بۆ ٦٤ فرووغ جارێك دەستی دایە خۆكوژی كە فریاكەوتنی كارەكەرەكەی لە مەرگ دەربازی كرد. رۆژی ١٣ فێوریەی ١٩٦٧ ( ٢٤ رێبەندانی ١٣٤٥ ە) لە كاتی

شۆفیریدا و بەهۆی پێکدادانی سەیارەوە گیانی لەدەستدا. تەرمەکـــەی دوو رۆژ دواتر لە گۆرســـتانی زەهیروالدەولە بەخاك سپێردرا.

ئـــەوە چاو گێرانێکی گەلێك کورت بوو بەســـەر ژیان و بەرهەمەکانی فرووغ_دا بـــەڵام ئەگەر بمانهەوێت فرووغ باشتر بناسین دەبێ خۆی بخوێنینەوە.

## "ئایا کەسێک کە دلۆڤانی دڵێکی زیندووت پێ دەبەخشێت بێجگە لە درکی هەستی زویندوێتی چی گەرەکە لێت "

محەمەد موختـــاری لەم بارەیەوە دەڵێ: (فرووغ پەی بە پێوەنـــدی نێوان زیندوویەتی مرۆڤ و جەســـتە بردووە. لە روانگەیەکی هەست کردن بە زیندویەتی لە مرۆڤ دەروانێت و چاوەروانیـــی ئەو لە بەرامبەرەگەشـــی هەمان هەر ئەو تێگەیشتن لە زۆندوویەتی و وەڵام دانەوەیە پێی...

شـــیعری فرووغ، لە رەوتـــی گۆرانکاریەکانی خۆی دا دەربری تامەزرۆیی پێوەندی گرتنێکی بێ واستەیە لەگەڵ سەراپای ژیان، باسکردنە لەوەی دەکرێ وەها پێوەندیەك لە نێواندا بێت، درك و وێنای بکەیت و تەنانەت وەدی بێنیت.

**"...**
**: لە دڵەڕاوکێی دەستانی پرا**
**ئارامیی دەستەکان بەتاڵ نییە،**
**خامۆشیی وێرانەکان جوانە.**
**ئەوە سترانی ژنێکە**
**لە ئاوە سەوزەکانی هاوینا**
**دەڵێی لە وێرانەکاندا دەژیا.**
**ئێمە بە هەناسەکانمان**
**یەکتر ئالودە دەکەین**
**ئالودەی نزای بەختەوەریی**
**ئێمە لە دەنگی با دەترسین**
**ئێمە لە دزەکردنی سێبەرەکانی گومان**
**بۆ ناو باخی ماچەکانمان رەنگبزرکاوین**
**ئێمە لە گشت میوانییەکانی کۆشکی تیشکا**
**لە سامی کەلاوە هەڵدەلەرزین**
**هەنوکە تۆ لێرەی**
**پەرەگر وەک بۆنی ئەکاکیا**
**لە کۆڵانەکانی بەرەبەیانا**
**قورس بەسەر سینەمەوە**
**گەرم لە دەستەکانما**
**....."**

فرووغ لە دابونەریتی دەســـتوپێگری کۆمەڵ یاغی دەبێت و پێیوایە زەنجیرێکی نادیار قۆزاخە ئاسا بەدەوریدا کێشراوە. ئەو ئیتر شەرم لەو روانینە نزمانە ناکات کە روویان لەوە. پێی وایە دەبێ بەســـەر ئەو دڕکەجارەدا هەنگاو بنێت و هەستە راستەقینەکانی خۆی بنووســـێتەوە و هاواریان بکات. وەك ژن ببینێـــت، وەك ژن بدوێ و وەك ژن بژی ... ئەدەبیات کـــە تا ئەوکات لەلایەن پیاوانەوە قۆرغ کرابوو، تەنیا بوێری کەسێکی وەك فرووغ دەیتوانی ئەو دیوارە ببەزێنێت. فرووغ لەو یەکەمین ژنانە بوو کە رووی لە ئەدەبیاتی ژنانە کرد. تا ئەوکاتیش زۆر بوون ئەوانەی کە وەك (پەروین ئێعتسامی) بەتوانا بوون و لە زمانی رەگەزی خۆیان بێگانە. لەو کاتەدا ئـــەوە تەنیا بلوغی فـــرووغ بوو کە بە قـــەدی دیوارەکاندا هەڵدەگەڕاو بێدەنگی شـــکاند و بۆ هاورەگەزەکانی مانای دەکردەوە. لە هەستە دەروونی و تاکەکەسییەکانی خۆی دوا:

**" پەنجەرەیەک بەسە بۆ من**
**پەنجەرەیەک بۆ ساتەوەختەکانی هۆشیاری و روانین و بێدەنگی**
**ئێستا ئیتر نەمامی گوێز**
**ئەوەنـــدە قەدی هەڵبڕیوە کـــە دیوار بۆ گەڵا نوێیەکانی**
**مانا بکاتەوە**
**ناوی رزگاریدەر**
**لە ئاوێنە بپرسە**
**ئایا زەوی کە لە ژێر پێی تۆدا دەلەرزێ**
**لە تۆ تەنیاتر نییە؟**
**پێغەمبەران، لەگەڵ خۆیاندا**
**رەساڵەتی وێرانی بۆ سەدەی ئێمە دێنن؟**
**ئەم تەقینەوە یەک لەدوای یەکانەو**
**هەورە ژاراویەکان،**
**زایەڵەی ئایەتە پیرۆزەکانن؟**
**ئەی هاورێ، ئەی برا، ئەی هاوخوێن**
**کاتێ گەیشتیێ مانگ**
**مێژووی رەشەکوژی گوڵەکان بنووسەوە**
**.....**
**شتێ بڵێ**
**من لە پاڵ پەنجەرەم**
**لەگەڵ هەتاوا پێوەندیم هەیە."**

بەبڵاو کردنەوەی شیعر و بۆچون و ئەزموونە تاکەکەسییەکانی خۆی، روانگەی پەردەرد و کپکراوی ژنانی هاوار کرد و خەفەقانی دڕی و لەبەرامبەر سوننەتی پیاوسالاریدا شۆرشی کرد، بەگاڵتەی گرت و هەرەسی پێ هێنا:

**"کچۆڵە بە پێکەنینەوە وتی:**
**لەچیدایە رازی ئەم ئەڵقە زێڕە**
**رازی ئەو ئەڵقەیەی**
**ئاوا بەتوندی داویە دەوری ئەنگوستم**
**رازی ئەو ئەڵقەیەی**
**رووخساری پڕی تیشک و درەوشانە**
**کابرا بە سەرسامیەوە وتی:**
**ئەڵقەی بەختەوەرییە، ئەڵقەی ژیانە"**

خۆشبەختانە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی فرووغ وەرگێردراونەتەوە سەر زمانی کوردی و بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەستدەدەن. فروغ لە سەردەمی خۆیدا وەك خۆی وەتەنی: ژنێکی تەنهایە لە دەرگانەی وەرزێکی سارددا.

بەرهەمەکانی فرووغ وەك شێوازێکی جوان و جیا و نوێ لە کۆمەڵدا دەرکەوتن و تا ئێستاش هەر ئاوا نەبوون. خۆی وتەنی: "ئەوە تەنیا دەنگە کە دەمێنێتەوە". بەڕاستیش کە دەنگی هەر مایەوە و نەمری خۆی سەلماند. ئەگەرچی فرووغ لە سەردەمی رژێمی شادا ژیا، بەڵام ئەندێشەی گەشی وەها درێژ بووەوە کە کۆماری ئیسلامیش پێی سەخڵەت بووە. لە ناو بڵاوکراوە رەسمییەکانی و وانەکانی پەروەردەدا کەمترین ئاماژەی پێ ناکرێت. هەموو ساڵێك کە هۆگرانی دەیانهەوێت لە رۆژی لە دایکبوونی یا مەرگیدا لەسەر گڵکۆکەی کۆبنەوە، گۆرستانی زەهیرودەولە دادەخرێت... لەگەڵ ئەحمەدی شاملودا بوونەتە هاو چارەنووس. لە پاش مەرگیان لەناو خەڵکدا خۆشەویست لەناو دەسەڵاتدا نەویستن. لەراستیدا کۆماری ئسلامی تاریکەسەلاتێکە و لە زایەڵەی دەنگی رووناکی دەترسێت. بەڵام هەروەك دەڵێن:" بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ" سەرەڕای گشت ئەو هەوڵانەی بۆ فەرامۆش کردنی دراوە فرووغ هەنووکەش لە ناو ژنانی رووناکبیری ئێراندا و رەوتی کولتووری و یەکسانیخوازیدا یەکێك لە ئەستێرە گەش و بەرچاوەکانە. یەکێکە لەو کەسانەی کە بەردەوام کتێبەکانی لە لایەن چاپخانە ناحوکمییەکانەوە لەچاپ دەدرێنەوە، لە ماڵپەر و بڵاوکاروەکاندا باس و لێکۆڵینەوەی نوێی لەسەر دەکرێت و تەوژمێکی گەورە لە سەرنج و خۆشەویستی بۆ لای خۆی راکێشاوە.

سەرەتای یەکێك لەو نامانەی فرووغ بۆ باوکی نووسیوێتی لە خوارەوە هاتووە. بۆ گوێگرتن لە دەردەدڵیەکانی ژنێکی سەرکەش و تەنیا بەڵام بە ئیرادە و جەسوور ...

فرووغ لە بەشێك لە نامەیەکی دا بۆ باوکی دەنووسێت: "دەردی گرانی من ئەوەیە کە ئێوە هەرگیز منتان نەناسی و هیچ کات نەتانویست بمناسن. رەنگە ئیستاش کاتێ بیر لە من دەکەیەوە، من وەك ژنێکی سەرشێت بە بیرۆکەگەلێکی نەفامانەوە کە بە خوێندنەوەی رۆمانە عاشقانەکان و چیرۆکەکانی گۆڤاری تاران لە مێشکی دا رەنگی داوەتەوە، بێتە بەرچاو. بەڵام ، ئەی خۆزگە وادەبوو... چوونکە ئەوکات دەمتوانی زۆر بەختەوەربم.

ئەوکات... دونیایەکی گەورەتر و جوانترم نەدەناسی و وەك کرمێکی هاوریشم لە دونیای بەرتەسك و تاریکی قۆزاخەکەی خۆمدا لوولم دەخوارد و گەشەم دەکرد و ژیانم بە کۆتایی دەگەیاند. بەڵام من ناتوانم و نەشم دەتوانی ئاوا بژیم. کاتێك خۆم ناسی سەرکەشی و یاخیگەرییەکەشم لەبەرامبەر ژیاندا بەم شێوە نەفامانەیە دەستی پێکرد. من دەمهەویست و دەمهەوێ گەورەبم ، من ناتوانم وەك سەدان هەزار خەڵکی تر کە لە رۆژێك دا دێنە دونیا و لە رۆژێکی تردا دونیا جێ دێڵن ، بێ ئەوەیکە لەم هاتن و چوونەیان نیشانەیەك لە ژیان لە پاشیان جێ بمێنێ، بژیم."

فرووغ ئەو شاعیرەیە کە ئێستاش دەنگی لەناو ماڵ و مەتبەغ و کۆڵان و شەقامەکانی ناو کۆمەڵگە دا دەزرینگێتەوە. ئەو ئێستاش هەر بەسەر پێویە و گشت رۆژێ بەناو ئازارەکانی کۆمەڵگای ئێراندا لە گەڕان دایە. چونکە ئەوەی فرووغ بەرنگاری بویەوە، ئێستاش هەر وا بەرێوە دەچێت لە ئازار کێشانی خوشکەکانی و نایەکسانی رەگەزیەوە کە گەلێکیش سیستماتیك تر بووەتەوە تا هەژاری و دەردو بەڵاکانی تری ئەو کۆمەڵگایە کە بە وتەی خۆی لە فیلمی "ماڵە رەشەکە"دا گەرەکی بوو مشتێ لە خەرواری کۆمەڵگایەك وێنا بکات کە بەدەم ئازارەکانیەوە دەتلێتەوە.

فرووغ هەنوکەش بەسەر پێویە چونکە گشت ئەو ئاوات و ئارەزوانەی ئەو لە بەرهەمەکانی دا چەکەرەی پێکردن، ئێستا بە چندین قات زیاتر لەو کات قەدیان هەڵبریوە و تەنگیان بە میچی تاریکی هەڵچنیوە.

**سەرچاوە:**

***دیوان فروغ فروخزاد/ اسیر/ دیوار/ عصیان/ ایمان بیاوریم بە ... _چاپ دوم_ انتشارات جاجرمی**

***ویکیپێدیا**

# بۆ پەپولە باڵکراوەکانی شیناوێ


ن: یوسف عەلی پور

**ئەگەر پاییز**
**گەڵای درەخت دەوەرێنێ**
**ئەگەر پاییز**
**کەرەگەڵ بەرهەم دەهێنێ**
**وەرزی خەزانی ئەمجارە**
**لە جیاتی دار**
**بەربوەتە گیانی پەپولە و**
**لە جێی گەڵا**
**باڵەکانی دەوەرێنێ.**

لە لاپاڵی پیرانشار و بە قەدپاڵی شاخانەوە، گوندێکی بچکۆلەی لێیە کە مەودای ناو شار تا ئەوێ، هەزار میتریش تەواو نییە. شیناوێ؛ ناوێکی تا دوێنێ نامۆ، ئەمرۆ وێردی سەر زارانە. بڵێسەی ئاگری لە باڵ بەربووی پۆلێك پەپولەی هێشتا بە تەواوی باڵنەگرتووی ئەو دەڤەرە، دەموچاوی هەڵقرچاو و بۆنکرۆزی جەستەی ناسکی پەپولە، ناوی شیناوێی لە زەینی هەمواندا شین کرد. ١٥ی سەرماوەزی ئەمساڵ (١٣٩١) ئەو رۆژەیە، گڕ بەربووە سۆپای ناو قوتابخانەکە و زیاتر لە سی و چەند مناڵ ژینیان لێ کرا بە ژان و لە جێی بزە و دەنگی پێکەنینی مناڵ، قیژەقیژ بەرز دەبۆوە، لە جێی هەڵبەزین و دابەزینیان، لە جیاتی کایە و قوماریان، بڵێسەی سووری ئاگر بوو سەمای دەکرد لە سەر لەشیان. بڵێسەی بە کلپەی ئاگر، ئەمجارەیان، ئاوردوەکەی لە وڵاتی نەوت و گازدا، نەوت نەبوو، گازیش نەبوو، قژی لول و جەستەی ناسك، چاوی گەش و کولمەی ئاڵ و دەست و پەنجەی خنجیلانەی ئەو تولە نەمامانە بوو کە چرۆی زانست تێیاندا، هاوکات لە گەڵ گەشەی خۆیان، خەریکی باڵاکردن بوو. ئەو مناڵە چاوگەشانەی بە شوێن ئاسۆیەکی رووندا هاتبوونە ناو قوتابخانە، هەموو شوێنێك لە بەرچاویان وەك تەختەڕەشەکە، رەش هەڵگەڕا، دەرگاکەیان لێ داخرا، هەڵپرووزان، لە ئازاردا تلانەوە، بزە لە سەر لێویان تۆرا، گۆنای گەشیان چرچ هەڵگەڕا و تەنانەت پێڵاوی پێشیان رەنگی گۆڕا. ئەو دەستانەی پەنجەیان بۆ ژیان دەبرد، ئەو دەستانەی رەنگی سوور و ئاڵ و واڵایان دەنەخشاند، ئەو دەستانەی بە پاککەرەوە، خەتی رەش و خێچ و خواری سەر پەڕەی سپیان لادەبرد، لەو رۆژەدا رەش هەڵگەڕان، بوون بە کۆڵو، هەر خۆیشیان بوون بە کۆڵەوەژ بۆ خۆشکردنی ئەو گڕەی دواتر ژینی پێ رووناك کەن.



# لە جیهانی برسیدا، واتای ئەدەبیات چییە؟




ن: ژان پۆل سارتر
و: باران

کتێبی "وشەکان" لە زستانی ساڵی ١٩٦٤ دا بڵاو کرایەوە و لەگەڵ پێشوازیەکی زۆری خەڵک ڕووبەڕوو بووەوە. بە پێی گوزارشی گۆڤاری "ئێکسپرێس"، ئەم کتێبە بۆ زۆربەی زمانەکان وەرگێردراوە و لە زۆربەی وڵاتاندا بڵاو کراوەتەوە. لە بەرواری هەژدەهەمی ئاپریلی ساڵی ١٩٦٤، ڕۆژنامەی "لۆمۆند" وتوویژێکی سەبارەت بەو کتێبە لەگەڵ سارتێر بڵاو کردەوە. سارتێر لە بەشێک لەو وتوویژەدا باسی واتای ئەدەبیات لە جیهانی برسیدا کرد و سەبارەت بە پابەند بوونی ئەو بەرانبەر بە مرۆڤە دابڕاو و برسیەکان قسەی کرد. لێرەدا هەڵبژاردەیەک لە قسەکانی سارتێر دەخوێنینەوە.

***

لە جیهانی برسیدا واتای ئەدەبیات چییە؟ دەبێ بوترێت کە ئەدەبیات هەروەکوو ئەخلاق پێویستی بە هەمە گیری و گشتی بوون هەیە. لەبەر ئەوە، ئەگەر نووسەر دەیهەوێت خوێنەرانی بە گشتی خەڵک بن، دەبێ خۆی لە ڕیزی زۆرینەی خەڵکەکاندا دابنێت، واتە لە ڕیزی دوو ملیارد کەسی برسی، دەنا دەچێتە خزمەتی یەکێک لە چینە باڵادەستەکان و وەکوو ئەو چینە باڵادەستە، دەبێتە چەوسێنەر. بۆ ئەوەی کە نووسەر وەها کۆمەڵی زۆری خوێنەری هەبێت، دوو ڕێگای لە بەردەمدایە:

ڕێگای یەکەم: چاوپۆشی بۆ ماوەیەک لە ئەدەبیات، بە مەبەستی بارهێنانی خەڵک. لە وڵاتێکی وەکوو وڵاتانی ئافریقایی کە کەسانی پەروەردە کراو و بارهێنراویان نییە، ئەگەر یەکێک لەوان لە ئەوروپا دەرسی خوێندبێت، بە چ مافێک کاری مامۆستایی لە وڵاتی خۆی ڕەت بکاتەوە؟ تەنانەت ئەگەر ئەو کارە بە نرخی لەدەستدانی توانا و خواستی نووسەرێتیشی تەواو ببێت. ئەگەر وەها کەسێک لە ئەوروپا دەست بکات بە ڕۆمان نووسین، بە ڕوای من کارەکەی شتێکە نزیک بە خیانەت. جگە لە هەندێ جیاوازی ڕووکەش، لە نێوان خزمەت کردن بە تاکی کۆمەڵگا و پەیامبەرێتی ئەدەبیات جیاوازیەک بوونی نییە.

ڕێگای دووهەم: کە لە جیهانی ناشۆڕشگێری وەکوو فەڕانسە دەتوانرێت پەیڕەو بکرێت، ئەوەیە کە بۆ مەبەستی ئامادەکاری بۆ سەردەمێک کە هەموان توانای خوێندنیان هەبێت، نووسەر دەبێت بابەتەکان بە بنچینەترین شێوە و ئاشتی هەڵنەگرترین جۆری خۆی باس بکات.

سەرنج بدەن کە! من بە هیچ شێوەیەک ئەدەبیاتی پۆپۆلیستی کە تایبەت بە چینەکانی ژێردەستە، پێشنیار ناکەم. خەڵکیش دەبێ بۆ تێگەشتن لە مەبەستی نووسەر تێبکۆشن. ئەگەرچی نووسەر دەبێ لە ئاڵۆز کردنی لێهاتووانەی وشەکان خۆ بەدوور بگرێت، بەڵام ناتوانێت کە هەمیشە بابەتەکە بە ڕوونی بنووسێتەوە و بۆچوونە تازە و گوماناویەکانی خۆی بە شێوەی یاسا و ڕێسا کۆنەکان بنووسێتەوە. بۆ نموونە، من مالارمێ بە گەورەترین شاعیری فەڕانسە دەزانم و کاتێکی زۆرم بۆ تێگەیشتن لە شێعرەکانی ئەو داناوە، بەڵام بۆچوونی "هێرمتیسم"انەی (ئاڵۆز کردنی ئانقەستی وشەکانی) ئەو پەسەند ناکەم و بە هەڵەی دەزانم. هەڵبەتە بابەتگەلێکی کە واتایان قورس بێت، ناچار خوێندنەوەشیان قورس دەبێت. لە لایەکی ترەوە، نابێت وا بزانرێت کە خەڵک تەنیا خوازیاری بابەتگەلێکن کە خوێندنەوە و تێگەیشتنیان ئاسان بێت، ئەزموونی تازەی کتێبە گیرفانیەکان ئەوەیان سەلماند. لەو کاتەوەی کە کتێبەکانم بە قەبارەی بچووک بچووک چاپ دەکرێت، گرووپی خوێنەرانی بابەتەکانم گۆڕاون. ئێستاکە هێندێک نامەم لە کرێکاران و بەرنامە نووسانی ئامێرەوە بۆ دێت، کە لە سەرنج ڕاکێشترین نامەکانە.

تا کاتێ کە نووسەر نەتوانێت بۆ دوو ملیۆن کەسی برسی بنووسێت، تووشی شێوەیەک لە ئازار و ناڕاحەتی دەبێت. نووسەر دەبێت قەڵەمی خۆی لە خزمەتی چەوساوە و ستەم لێکراواندا بخاتە گەڕ. ئەوە کارێکە کە دەبێت نووسەر بیکات، دیسانیش پلە و پایەیەک وەرناگرێت. چوونکە دانیشتن لەسەر کورسی و پشتی زوڵم لێکراوان گرتن شاکار نییە. قارەمانێک لە ڕێگەی قەڵەمەوە دروست نابێت. بە ڕوای من، گرنگ ئەوەیە کە نووسەر نابێت لە ڕاستیەکان و بابەتە بنچینەییەکانی سەردەمی خۆی بێ ئاگا بێت. بابەتی برسیەتی جیهانی، بۆمبە ئەتۆمیەکان، بیگانە بوونی مرۆڤ لە خۆی، ئەوانە بابەتگەلێکن کە ئەگەر سەر تا پێی ئەدەبیاتی ئێمە نەگرنەوە جێگای سەر سوڕمانە.

***

# لە ستایشی چاپەمەنیی ئازاد دا

**کارل مارکس**

**لە فارسیەوە: عەلی ئەحمەدپوور**

ئایا یەکەم ئەرکی پەیجویانی حەقیقەت ئەمە نییە کە یەکسەر بیٚ ئەوەی سەیری چەپ و راست بکەن، خێرا بەرەو خوددی حەقیقەت بڕۆن؟ ئایا وتنی حەقیقەت لە قاڵبێکی فەرمایشیی و داسەپاو دا بەمانای فەرامۆش کردنی نییە؟ حەقیقەت هەروەك تیشك، خۆ بەکەمگر نیە؟ ئەویش لەبەرامبەر کیٚ دەبیٚ لەخۆبردوو بێت؟ لەبەرامبەر خۆیدا؟ حەقیقەت، درۆ و ناڕاستیی رسوا دەکات. کەواتە ئایا نابیٚ دژی درۆ بوەستێتەوە.

ئەگەر لەخۆبردوویی، خەسڵەتی تویژینەوە بێت؟ زۆرتر نیشانەی ترسە لە حەقیقەت تا ترس لە دژە حەقیقەت. خۆشکێنیی لە هەر هەنگاوێکی دا وەك ستۆپ وایە و فەرمان بە تویژەر دەدا لە ئاست لێکۆڵینەوەکەی دا بلەرزێت. لەخوبردوویی لەمپەرێکی سەرڕێی گەیشتنە بە حەقیقەت.

سەرەڕای ئەمە، حەقیقەت، شتێکی گشتییە بە پانتایی هەموو جیهان، هی من نییە، هی هەموانە.

ئەوە حەقیقەتە من بە خاوەن دەکات، نەك من ئەو... دارایی من بریتی یە لە شێواز( بەیانی حەقیقەت)، شێوازی( فۆڕم)، تاکایەتی مەعنەوی منە. شێواز هەمان مرۆڤە. سەیرە! یاسا حەقی نووسینم پیٚ دەدا، بەڵام بۆم دیاری دەکات کە بە شێوازێك جیا لە شێوازی خۆم بنووسم! من دەتوانم سیمای زەینی خۆم پیشان دەم، بەڵام سەرەتا دەبیٚ چین و چروکی رێگە پێدراو و تەشریفاتی بەسەردا بسەپێنم.

رووخساری کامە مرۆڤی بە ویژدان لەم ناچارکردنە سوور نابێتەوە و شاردنەوەی سیمای خۆی لە ژێر عابا پیٚ باشتر نەبێت؟ عەبا لانیکەم دەتوانیٚ رووخساری کەسێکی وەك ژووپیتێر بشارێتەوە، رازیبوون بە چین و چروکی ناراست و تەشریفاتی، وەك ئەوەیە بە زللە رووخسارمان سوور بکەینەوە. ئێوە فرەچەشنی پڕتین وتوانای لەبن نەهاتووی سرووشت ستایش دەکەن. ئێوە لە گوڵی سوور بۆنی وەنەوشە چاوەریٚ ناکەن، بەڵام گەرەکتانە بەپیتترینیان_ واتە زەین_ تەنها یەك جۆر بێت؟ من مرۆڤێکی شۆخ تەبعم، بەڵام یاسا وا




دەخوازیٚ لە کاتی نووسین دا سەنگین بم. باکم نیە، بەڵام یاسا گەرەکیە قەڵەمی من لەخۆبردوو بێت، رەساسیی سەر رەساسیی، تەنها رەنگیٚ لە ئازادیی کە یاسا رێگەم دەدا بەکاری بێنم.

هەردلۆپێکی شەونم لەژێر تیشکی هەتاو، چەندەکا رەنگی بیٚ کۆتای تێدا بەدی دەکەیت، بەڵام هەتاوی زەین لە تاك دا کە نابیٚ بێجگە لە رەنگیٚ بنوێنیٚ، ئەویش رەنگێکی رەسمیی و رێگە پێدراو بخولقێنێت! گەوهەری زەین بەردەوام زاتی حەقیقەتە و ئێوە چی ئەکەن بەم گەوهەرە؟ لە خۆبردوویی گشتیی زەین، عەقڵە؟ گۆتە: تەنیا کەموکورتەکان لەخۆبردوون. ئێوەش دەتانهەویٚ هەر ئەم بەڵایە بەسەر زەین بێنن؟ لەخۆبردوویی گشتیی زەین، عەقڵە. ئەم ئازادمەندییە جیهان داگرەی کە لە هەر سرووشتێك دا، راگری زاتە. MEW ١٨٤٣ Anck do
Sq ٥.I P

ئازادیی زاتی مرۆڤە، هەتا ئەو جێیەی کە تەنانەت دوژمنەکانیشی وەدی دێنن. هەڵبەت هاوکات لەگەڵا بەگژداچوونەوەی حەقیقەتەکەی. ئەوان دەیانهەویٚ ئەو شتەی وەك زێرەوشانی سرشتی مرۆیی توریان داوە، لە پلەی باڵاترین گەنج دا بۆ خۆیانی پاوان بکەن. هیچکەس دژبە ئازادیی( بەگشتیی) ناجەنگێت، کەسەکان لانی زۆر لەدژی ئازادیی خەڵکانیتر دەجەنگن. بەوپێیە هەموو جۆرەکانی ئازادیی، بەردەوام بوونیان هەبووە. تەنها جاری وایە بەشێوەی جیاوازییەکی تایبەت و جاری واشە بەشێوەی مافێکی گشتیی.

( ....) مەسەلە ئەوە نییە کە ئایا ئازادیی چاپەمەنییەکان دەبیٚ بوونی هەبیٚ، چونکە ئەم" ئازادی"یە بەردەوام هەبووە، مەسەلە ئەوەیە کە ئایا ئازادیی چاپەمەنییەکان، ئیمتیازاتی چەند کەسێکە، یان جیاوازیی زەینی مرۆیی( بە گشتیی). مەسەلە ئەوەیە ئەوەی بۆ هەندێك ناحەقە، وا هەیە بۆ خەڵکانێکی تر ماف بە هەژمار بێت؟( ....).



سانسۆڕی دەروونیی حەقیقەتی ئازادیی چاپەمەنییەکان، رەخنەیە. رەخنە وشیارییەکە کە ئازادیی چاپەمەنییەکان خۆی بەرپای دەکات.

خوددی سانسۆڕیش قەبوڵیەتی کە خۆی ئامانج نیە و زاتەن خاوەنی هیچ شتێکی باش نیە و لە ئاکام دا لەسەر بنەمای" ئامانج پاساوکەری کەرەسەیە" وەستاوە. بەڵام ئامانجێکیش کە کەرەسی ناتەندرووستی گەرەکە، ئامانجێکی درووست نییە.(...).

بۆ بەرگریی لە ئازادیی لەهەر بوارێك دا، هەروەها بۆ لێتێگەیشتنی، دەبێ سرشتی زاتیی ئازادیی بەبێ سەرنج دان بە پێوەندیە دەرەکیەکانی لەبەرچاو بگرین. بەڵام ئایا ئەو چاپەمەنییەی کە خۆی تا رێژەی پیشەیەك دادەشکێنێت، بە زاتی خۆی وەفادارە و لەسەر بنەمای سرووشتی خۆی دەجوڵێتەوە و ئازادە؟

هەڵبەت شك لەوەدا نییە کە نووسەر دەبێ بۆ ژیان و نووسین، پارە و داهاتی هەبێت، بەڵام بە هیچ لەونێك نابێ لە پێناو پارەدا بژی و بنووسێت.

پرانژە ( شاعیر و ئاوازبێژی فەرانسەیی ١٧٨٠_١٨٥٧ ) لە یەکێك لە ئاواوازەکانی دا دەڵێ:

من بۆ ئاواز ناژیم<br>
گەورەم ئەگەر جێگەکەم بگریتەوە<br>
لە پێناو ژیان دا ئاواز دەخوێنم

هەرِەشە شاراوەکەی ئەم گۆرانییەی سەرەوە، ئەم دانپێیانانە کۆمێدیایەی لەخۆگرتووە کە شاعیر لەگەڵکوو شیعری بۆی دەبێتە ئامراز، دەچێتە ژێر باری خۆفرۆشی.

نووسەر بەهیچ بارێك کارەکانی خۆی بە ئامراز نازانێت. کارەکانی تەنها ئامانجێکن و بەس. ئەو بەرهەمەکانی بۆخۆی و بۆ خەڵکانێکیتر وەها بەدوور لە بەئامراز بوون دەزانێت کە ئەگەر پێویست بکات، لە پێناو مانەوەیان دا خۆشی دەکاتە قوربانی و ئەم قسەیەی واعیزی ئایینیش _ هەڵبەت بە پێچەوانەکەی_ دەکاتە سەرمەشقی کارەکانی خۆی: لەخوا پەیرەویی بکە، نەك لە ئینسانەکان. نووسەر خۆی بەشێکە لەو مرۆڤانە، بە پێداویستی و مەیلی مرۆییەوە (....). یەکەم ئازادیی چاپەمەنییەکان ئەو کاتەیە بە پیشە نەکرابێت. نووسەرێك کە چاپەمەنییەکان هەتا ئاستی ئامرازێکی ماددیی نزم دەکاتەوە، سزاواری ئەوەیە ئەم کۆیلەتییە دەروونییەی بە کۆیلەیەتی دەرەکی یا سانسۆر، سزا بدرێت. بە واتایەکی تر، سزای ئەو هەمان سانسۆڕە.

*سەرچاوە: ترجمه/ محمد پوینده

# دوژمنایەتی وەبەرهێنانی سەرمایەداری لەگەڵ هونەر

ن: واسگز
لە فارسیەوە: ڕازان

" وەبەرهێنانی سەرمایەداری لە گەڵ هەندێك لە بوارەكانی وەبەرهێنانی مەعنەویدا دوژمنایەتی هەیە، لەوانە هونەر و شیعر". ماركس لە هەموو بەرهەمەكانیدا بە دەیان جار باسی لە پێوەندی هونەر و سەرمایەداری( كاپیتالیسم ) كردووە.

لەوێـــوە كە بۆ ئـــەو ڕەهەندی جوانی ناســـی لایەنێكی بناغەیی هەبوونـــی مرۆڤی لە خۆ دەگرت، چارەنوســـی هونەریـــش وەكـــوو دەرخـــەری وزەی داهێنەرانەی مرۆڤ لە كۆمەلگای ســـەرمایەداریدا گرینـــگ بوو. ئەو دوای باس كردن لە ناوەرۆكی چەوســـێنەرانەی بەرهەمی مادی لە نیزامی ســـەرمایداریدا، وەبیـــری دێنێتەوە كە ئاوا وەبەر هێنانێك" لە گـــەل بوارگەلێكی دیاری كراوی وەبەرهێنانی مەعنەویدا وەك هونەر و شـــێعر دوژمنایەتی هەیە. ماركس لـــە" بیردۆزەكانی زێدەباییدا" پێداگری لە ســـەر دوژمنی ســـەرمایەداری لەگـــەل هونـــەردا دەكاتـــەوە، تاوەكوو بە ئێستۆرچ ئابووری ناسێك كە لە یەكەمین دەیەكانی سەدەی نۆزدەیەمـــدا ژیاوە و ئەمرۆ لە بیر كراوە، بیســـەلمێنێ كە پێوەنـــدی نێوان وەبەرهێنانی مـــادی و وەبەرهێنانی فكری هێندە كە ئـــەو بیری لێ كردوەتەوە ســـاكار نییە. لە گەل ئەوەی ئەم دوو بوارە وەك دوو جۆر وەبەرهێنان گرێ دراو بووە بە چوارچێوە گەلێكی تایبەتی رێكخستنی كۆمەلایەتیەوە، ماركس لە سەر ئەوە ســـوور بوو كە وەبەرهێنانی مادی لە چوارچێوەوەی پێوەندییەكانی سەرمایەداریدا نەوەك رێگەی گەشـــە كردنی هونەر روون ناكاتەوە، بەڵكوو بە ئەنقەستیش بەربەســـت لە سەر رێگەی گەشـــەیدا دروست دەكات. بۆ گەشەی جۆرێكی پەرەســـەندوو تر لە وەبەرهێنانی مادی، پێویستیەكی بێ ئەملاو ئەولامان بە هونەرێكی باشتر نییە و، ئەگـــەر لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا ئافراندنی هونەری بپشكوتێ هۆكاری ئەوە وەبەرهێنانی مادی سەرمایەداری نییـــە. بەڵكوو ئەم پشـــكووتنە رێك بە ئاراســـتەی دژی وەبەرهێنانی مادیدا وەدی هاتووە .

ماركس بە شـــێوازێكی گالتە پێكەرانە دەڵێت: ئەم شێوازە گەشـــە كردوترەی وەبەرهێنانی مادە" بـــەرەو خەیاڵی بێ بنەمای فەرەنســـیەكانی ســـەدەی هەژدەیەم دەرگای لێ دەكرێتەوە. لە گەڵ ئەوەیدا كە ئێمە لە زانستی میكانیك و



زانست گەلی هاو شێوەدا لە پێشینیان پێشكەوتوترین، چما نەمانتوانیوە( چەشنی ئەوان ) حیماسە دابێنین؟ لە جێگای ئیلیاد، هانریاد (٢) مان هەیە (٣)

ماركس هەر لەو كتێبەیدا باس لە ناكۆكی نێوان هونەر و سەرمایەداری دەكات، بەڵام ناڵێت كە ئەو ناكۆكیە لە چی پێكهاتووە. یان بە ســـەرنجدان بە تایبەتمەندی وەبەرهێنانی ســـەرمایەداری( ئەم ناكۆكییە) پێناســـێكی بناغەیی بۆ دەكرێ یان نا. هەروەها روونـــی ناكاتەوە كە ئەم ناكۆكییە تا چ ئاســـتێك گەشـــەی هونەری ســـنوردار دەكات، یان لـــە كوێدا ئیتر ناتوانێت ببێتە رێگر لە بەردەم پشـــكووتنی هونەرێكی مەزندا. ئەم خاڵەش تەنانەت ســـەبارەت بە ئەو بارودۆخە خراپەی كە هونەرمەندی( ژێر ســـولتەی نیزامی سەرمایەدای ) تێیدا بەسەر دەبات، دەگونجێت.

بەڵام ئەم پرسیارانە بێ وڵام نییە، هەر چەند كە لەوانەیە نەكرێـــت ئـــەو وڵامانە بە روونی لـــەم كتێبەی ماركس دا بدۆزرێتەوە. بەم حاڵەشەوە دەكرێت وڵامی پێبدرێتەوە. بەڵام دەبێت ســـەرەتا لە بەرهەمە جـــۆراو جۆرەكانی ماركس دا، لێكدانەوەكانی ئەو ســـەبارەت بە پێوەندیـــی نێوان هونەر و ئابووری و سروشـــتی وەبەرهێنانی سەرمایەداری، پێوەندیی نێوان وەبەرهێنان و بە كارهێنان. ناكۆكی نێوان كاری خولْقاو و كاری نامۆكـــراو. هەروەها پێوەنـــدی نێوان هونەر و كار كۆ بكەینەوە و، پاشـــان بە دڵ فراوانیەوە هەمووی بە ناوی ماركسەوە پێشكەش بكەین.

لە لاپەرەكانی تردا هەوڵ دەدەین كە بە پێی نوســـراوەكانی ماركس، زناك و سروشـــتی دژایەتی سەرمایەداری لە گەل هونەردا روون بكەینـــەوە. بەڵام پێش باس كردن لەم بابەتە،

دەبێت دوو چەمك سەبارەت بە پێوەندی نێوان وەبەرهێنانی سەرمایەداری و وەبەرهێنانی هونەری، کە لەوانەیە سروشتی راستەقینەی ناکۆکی نێوان هونەر و سەرمایەداری بشارێتەوە، وەلا بنێین. یەکێك ئەوەی کە ناکۆکی، دەرهاوێشتەی یاسای گەشەی نایەکسانی وەبەرهێنانی هونەری و وەبەرهێنانی مادییە( ئەم خاڵەش مارکس روونی کردوەتەوە)، هەروەها ئەوەی کە ئەم ناکۆکییە ئەمریکی ئایدولۆژیکیە، واتە ناکۆکی نێوان ئایدولۆژیای هونەرمەند و ئایدۆلۆژیای سەرمایەداری.

یاسای گەشەی نایەکسانی هونەر و ئابووریی

مارکس بە وەبیرهێنانەوەی ئەو مەسەلەیە، کە وەبەرهێنانی سەرمایەداری دوژمنی وەبەرهێنانی بیرمەندانەیە، پێداگری لەوە دەکات کە ئەم ناکۆکییە بە تایبەت سەبارەت بە هونەر راستە. شایانی باسە کە قەبارەی ئەم ناکۆکییە لە هەموو بوارەکانی وەبەرهێنانی بیرمەندانەدا بە شێوازێکی هاو ئاست هەڵناسەنگێندرێت. دەکرێت لێرەدا بە پێی لێکدانەوەی مارکسیستە بنەما خوازەکان ئەم خاڵەشی پێ زیاد بکەین کە وەبەرهێنانی مادی سەرمایەداری لە گەل هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی وبەرهێنانی بیرمەندانەدا هاوئاست دژایەتی ناکات. بەڵکوو بەش گەلێك لە وەبەرهێنانی بیرمەندانە پارێزراو دەبێت و تەنانەت وەبەرهێنانی مادی یارمەتی دەری بەش گەلێك لە وەبەرهێنانی بیرمەندانەش دەبێت. بۆ وێنە زانست و لەوانەش زانستی سروشت ناسی، لە بەستێنی پێوەندییەکانی سەرمایەداریدا گەشە دەکات و پەرە دەستێنێت. زانست لە روانگەی مارکسەوە ئەو وزە بیرمەندانەیە، کە پاڵنەر و پشتیوانی گەشەی وەبەرهێنان مەرجی پێویستی گەشە کردنیشیەتی. لەولایشەوە وەبەرهێنانی مادیش هۆکاری سەرەکی گەشەی زانستە. داواکارییەکانی وەبەرهێنانی سەرمایەداری هەلخڕێنەری بێ ئەملاو ئەولای گەشەی زانست دەبێت. رەنگە بتوانین بڵێین کە چارەنوسی زانستی نوێ بە قورسی گرێدراوە بەو لەمپەرە زانستیانەوە. واتە ئەو لەمپەرانەی کە خۆیان زادەی گۆڕانی سروشتین لە سەرهەڵدانی سەرمایەدارییەوە تا سەیتەرە پەیا کردنی. دواتر ئەبینین کە بوارێك لە بوارەکانی وەبەرهێنانی بیرمەندانە، واتە زانست وەك دەرئەنجامی گەشەی وەبەرهێنانی مادی پێش دەکەوێت و وەبەرهێنانی مادی پێشکەوتوتر دەکات، دەردەکەوێت. زانست هەنگاو بە هەنگاو و، لەگەڵ وەبەرهێنانی مادی پێش دەکەوێت. گەر نەگونجاوی گەلێکیش لە نێوان زانست و وەبەرهێنانی مادیدا هەبێت هێندە بەرچاو نییە و لە بوارەکانی تری وەبەرهێنانی بیرمەندانەدا خۆی دەردەخات. بە هۆی پێوەندیی نێوان زانست و وەبەرهێنانەوە پێکەوە گونجانی نێوان ئەم دوانە زیاترە.

هونەر و ئەدەبیات راستەوخۆ وڵامدەرەوەی داواکارییەکانی وەبەرهێنانی مادی نیین، وەبەرهێنانی مادیش ناراستەوخۆ دیاری کەری ناوەرۆك یان رواڵەتی بەرهەمی هونەرییە، نە وەك ئاراستەی گشتی گەشە کردنی هونەری دیاری بکات، یا وەکوو دەری بخات ئاخوو ئەو هونەرە لە کۆمەڵگایەکی دیاری کراودا دەپشکوێت یا نا. دەکرێت لە نێوان پێشکەوتنەکانی کیمیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا و داواکاری پیشەی رستن و چنییندا, پێوەندییەك ببیندرێت. یان لە نێوان پێشکەوتنی فیزیای ناوەکی و بە کارهێنانی ئاشتیخوازانە و شەرئەنگێزانەیدا پێوەندییەك بدۆزرێتەوە، بەڵام ناکرێت لە نێوان رۆمانتیسیسمی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم



و بارۆدۆخی وەبەرهێنانی ئەو کاتە، یان لە نێوان هونەری تایبەتی زەمانەی ئێمەو وەبەرهێنانی مادی سەردەمدا پێوەندیەکی راستەوخۆ بدۆزرێتەوە و تووشی ئەو روکەشبینیە عامیانەی کە ئینگلس رەخنەی لێدەکات نەبین. مەقسەد ئەوە نییە کە هونەر پێوەندی بە هێز گەلی وەبەرهێنەوە نییە. ئەم هێزانە دوا جار کاریگەی خۆیانیان هەیە. بەڵام گەشەی بیرمەندانە لە بە سەر کردنەوەی نیهایدا دەگەرێتەوە بۆ ( ژێرخانی ) ئابوری و پێوەندیی بەوەوە هەیە. بەڵام هونەر و ئەدەبیات بەشێك لە گشتگیریەکی کۆمەڵایەتی ئاڵوز پێکدێنن کە لەوێدا بە شێوازێکی سروشتی هەم لە گەڵ ژێرخانی ئابوری، هەمیش لە گەڵ چڵ و چێوەکانی سەرخانی ئایدۆلۆژیادا بە یەك دەگەنەوە. دوا وتە ئەوەیە کە هونەر و ئەدەبیات لە حالێکدا کە هێشتا گرێدراون بە ئابووریەوە، سەربەخۆییەکی رێژەیشیان هەیە, کە زۆر بەربڵاوتر لە سەربەخۆیی زانستە. ئاستی ئەو سەربەخۆییە راستەوخۆ لە رێگای ژمارەی ئەڵقەی ئەو زنجیرانەوە کە هونەر و ژێرخانی ئابوری پێکەوە دەبەستێتەوە دەخەملێندرێت. وەبەرهێنانی بیرمەندانە چەن لە وەبەرهێنانی مادی دورتر بکەوێتەوە، نەگونجاویەکی زیاتر لە گەڵ گەشەی هونەری و گەشەی ئابوریدا دروست دەکات. ئەم بابەتە لە نەگونجاویدا دەتوانێت بگات بە سەرترین ئاست. بۆ وێنە هونەری یونانی لە کۆمەڵگایەکدا گەشەی کرد کە تایبەتمەندیەکەی ئاستی لە خوارەوەی هێزەکانی وەبەرهێنان بوو.

هۆکاری ئەم گەشە نایەکسانە" کە مارکس نە وەك تەنیا لە رێگای هونەری یونانییەوە، بەڵکوو لە رێگای هونەری شکسپیەریشەوە روونی کردەوە" دەبێت بە ناسینی سروشتی نێوەنجیانە، واتە ئەڵقەکانی نێوان( ژێرخان) و سەرخان روون بکەینەوە، نەوەك لە هێزەکانی وەبەرهێنانی مادیەوە. لەو نێوەنجیانە کە مارکس سەبارەت بە هونەری یونانی ئاماژەی پێدەکات چەمکێکی تایبەتیە لە سروشت( لە روانگەی یونانیەکانەوە). هەروەها ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتیانە بوو کە بە هاندانی وزەی خەیاڵی ( یونانییەکان) ئوستورە یونانییەکانی پێکهێنا. واتە(ئاگر دان و زەوی دووگیان)ی هونەری یونانی دێرین.

لە بەر ئەو هۆکارانەی کە وەبەرهێنان لە کۆمەڵگای یونانی دێرین دا خۆی لە خۆیدا و بە تەنیایی هۆکاری مەزنیەتی هۆنەری یونانی نەبوو، ئێمەش نابێت هەوڵ بدەین کە هۆکارەکانی گەشە، یان لاواز بوونی هونەر لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا گرێ بدەین بە نیزامی وەبەرهێنانی سەرمایەداریەوە. لێرەشدا دەکرێت گەشە یان لاواز بوونی هونەر بە تەنیا لە رێگای سروشتی تایبەتی نێوەنجیەکانی، نێوان ئابوری و هونەرەوە بناسین.




دژایەتیەك کە مارکس لە نێوان وەبەرهێنانی سەرمایەداری و هونەردا دەیبینێت لە نێوان وەبەر هێنانی مادی و وەبەرهێنانی هونەریدا پێوەندییەکی نەرێنی دروست دەکات. بەڵام لێرەدا ئەم نەرێنی بوونە دەرئەنجامی ئەو نێوەنجییە جۆراوجۆرانەی کە گەشەی نایەکسانی هونەرو ئابووری دەردەخات نییە، بەڵکوو کەم تا زۆر دەرئەنجامی ئەو بارودۆخەیە کە خودی وەبەرهێنانی سەرمایەداری تێیدا بە سەر دەبات. ئاوا نەرێنی بونێ لە بارودۆخی وەبەرهێنانی پێش لە سەرمایەداری دا چەشنی بارودۆخی کۆمەڵگای یونان‌دا نابینین. بە پێی یاسای گەشەی نایەکسانی هونەر و ئابووری لە کۆمەڵگایەکدا کە لایەنی ئابووری ئاستی لە خوارەوەیە پشکوتنی هونەری دەتوانێ زیاتر لەو ئاستەی بێت کە کۆمەڵگایەکی خاوەن ئابووری گەشە پەیدا کردوو دەتوانێت پێی بگات. نمونەیەك کە مارکس لە هونەری یونانی دەیهێنێتەوە بە جوانی ئەم راستیە دەردەخات. لە هیچ کۆمەڵگایەکی پێش سەرمایەداری دا وەبەرهێنانی هونەری لە خۆیدا دژایەتیەکی لەگەڵ هونەردا نەبووە، تەنانەت لە کۆمەڵگای سەرەتایشدا واتە ئەو سەردەمانەش کە هونەر زۆر راستەوخو پێوەندیی بە وەبەرهێنانی مادییەوە هەبوو،

بەو شـــێوازە نەبووە. لە واقیعدا دژایەتی وەبەرهێنانی مادی لەگەڵ هونەردا تەنیا لە کۆمەڵگای لە ژێر سوڵتەی نیزامی سەرمایەداری دا بەرچاو دەکەوێت. بە پێی بۆچوونی مارکس لە سروشتی خۆیدا روگەیەکی کۆمەڵایەتی ئابوریە، کە لە گەڵ هونەر نامۆ و ناکۆکە.

کاتێك لـــە کۆمەڵگا ناســـەرمایەداریەکاندا وەبەرهێنانی مـــادی و وەبەرهێنانی هونەری بـــەرەو ناکۆکی چووە ئەم ناکۆکییـــە تایبەتمەندیەکی ســـەرەکی نەبووە، واتە رەگ و ریشەی راستەوخۆ لە سروشـــتی رێکخستنی ئابووری ئەو دووانەدا نەبووە، بەڵکوو ریشـــەی لەو تۆرە ئاڵۆزەدا بووە کە نێوەنجی بووە و هونەری بە ژێرخانی ئابوورییەوە بەستووەتەوە. ســـەردەمێك مارکس وتـــی وەبەرهێنانی ســـەرمایەداری دژی هونەرە ئـــەو دژایەتییە دەیتوانی بـــە هەڵە تەنیا لە دەرکەوتنی یاسای گەشـــەی نایەکسانی هونەر و ئابوریدا مانا بکرێتەوە، بەڵام ئـــەم دیاردەیە هەرگیز دەرخەری ئەو یاسایە نییە. لە راستیدا بەستێنی ئەم یاسایە بەو شێوەیەی کە مارکس روونـــی کردووەتەوە وا نییە کە جۆرێکی تایبەت لە وەبەرهێنانی مادی لە خۆیدا کوشـــندە یان گیان بەخش بێت بۆ هونەر. هەروەها ئەم یاســـایە دەرخەری بارودۆخێك نییە کە ئوسلوبێکی تایبەت لە وەبەرهێنان بتوانێت ئەم جۆر یان ئەو جۆرەکەی تری هونەری لێبکەوێتەوە. تاقە شـــتێك کە دەکرێت ئەم یاسایە دەری بخات زاڵ بوونی وەبەرهێنانی مادی هونەرە بە دەرەجەیەك خوارتر یا ســـەرتر لە گەشەی هێـــزە کۆمەڵایەتـــی و ئابووریەکان. بیـــردۆزەی دژایەتی ســـەرمایەداری لەگەڵ هونەر، پێوەندییەکی راستەوخۆ لە نێـــوان ئابووری و هونـــەردا پێکدەهێنێت کـــە پێوەندییەکی نەرێنیە، واتە وەبەرهێنانی ســـەرمایەداری لە ناخی خۆیدا لەگەڵ هونەر ناکۆکە. لە حالێکدا ئەم باسەی دوایی یاسای نایەکسانی هونەر و ئابووری دەسەلمێنێت. بۆ وێنە دەکرێت شکلێکی پێشکەوتووتری وەبەرهێنان لە تەنیشت هونەرێکی کەم بایەخدا بوونی هەبێت و وا دەرکەوێت کە ئەوە بەرێکەوت بێت لەو یاســـایەدا. چونکە ئەم نەگونجاویە لە قوناغەکانی گەشـــەیدا ریشـــەی هەر لەو تایبەتمەندییەی وەبەرهێنانی مادیدایـــە. وا دەردەکەوێت ســـەربەخۆیی ریژەیی هونەر بە سەرنجدان بە بنەما ئابووریەکەی لە نێو ببات. بەڵام لە چەند سەدەی رابردوودا راستیەکان پیشانی داوین کە وەبەرهێنانی ســـەرمایەداری لە ناخی خۆیدا دژی هونەرە, بەم حاڵەشەوە هونەر لـــە بارودۆخی ژێـــر حاکمیەتی سەرمایەداریشـــدا پشکوتووە و گەشاوەتەوە( بالزاك، تولستۆی، ویتمەن، پوو، سێزان و هی تر ) هەر لەم نیزامەدا دەرکەوتوون و ئەمرۆش ئەم گەشەیە درێژەی هەیە( توماس مان، فاکنێر، پیکاسۆ، چاپلین ) و بە دەیان نمونەی تر.

ئەم قســـانە بەو مانایە نییە کە هونەر بە شێوازێك پەرەی گرتووە کە ئیتر لەگەڵ شکلێکی پێشکەوتووتری وەبەرهێناندا بگونجێت، بەڵکوو بە عەکسەوە گەشەی نایەکسانی هونەر بە سەرنجدان بە وەبەرهێنان چیەتیەکەی هەڵدەسەنگێندرێت. چونکە بەوەشەوە کە راستە هونەر تەنانەت کاتێك وەبەرهێنانی ســـەرمایەداری لەو پەری دەسەڵاتدا بێت درێژە بە گەشەی خۆی دەدات. بەڵام ئەم گەشـــەیە هۆکاری ئابووری نییە ئەم راســـتییەی کە هونەر دەتوانێت ئاوا درێژە بە عومری بدات ناکۆکی نێـــوان وەبەرهێنانی مـــادی و وەبەرهێنانی هونەری ناگۆرێت، چونکە ئەو ناکۆکییەی ئێمە باسی لێوە دەکەین ئەو ناکۆکیە کاتی و نابنەماییە نییە کە دەکرێت بە گۆرانی لاوەکی لە تایبەتمەندی وەبەرهێنانی سەرمایەداری و هەر لەو نیزامەدا بە ســـەریدا زاڵ بیت, بە عەکسەوە ئێمە باســـی ناکۆکییەکی بناغەیی تر دەکەین و هونەر تەنیا بەو مەرجە گەشـــە دەکات کە بتوانێت لە ژێر چنگ و پەلی وەبەرهێنانی سەرمایەداری دا خۆی دەرباز کات.

---

سەرچاوەکان:

١ -کارل مارکس بیردۆزەکانی زێدەبایی( چاپی مۆســـکۆ، بەشی یەکەم لاپەرەی ٢٨٥ )
٢ -ئیلیاد حیماسەیەکی بەرهەمی هومیر شاعیری یونانی و هانریاد شاعیری فەرەنسی سەدی ١٧, کە باسی ژیانی هانری چوارەمی تێیدا هۆنراوەتەوە
ســـەرچاوە( کتاب جمعه) ژمارەی ١٠ رەزبەری ١٣٥٨ی هەتاوی

***

# ژنانە ژیان لەسەر بەستێنی فەرهەنگێکی وەحشی دا

ن: فریشتە حەزرەتی
و: هیوا

لەمێژ ساڵە کە دەمهەوێ وەکو ژنێك لەسەر چارەنووسی ژن بوون، ژنانە ژیان و ژنانە مردن لە بەستێنی فەرهەنگێکی وەحشی کە خۆشم لەوێوە هاتوم، بنوسم و ئەو حەسرەتە خەوتووەی کە لە دڵم دا هەرچەند جارێک بە بینینی وێنەیەک یان کلیپێک هەروەک ئاهێکی تاڵ و هەروەک روباری فرمێسک وەرێ دەکەوێ لەگەڵ کەسگەلێکی وەک خۆم کە قورسایی ئەم حەسرەتە هەست پێدەکەن، بەش بکەم. ساڵانێکی زۆرە کە دەمهەوێ لەسەر مافی ژنان بنوسم بەڵام بەداخەوە ئێمە مەحکومی ژیان بەسەربردن لە وڵاتێکین کە پیاوەکانیشی لە مافەکانی خۆیان بێ ئاگان.

هەرچەندە کە ژنانە ژیان لە پانتایی مێژووی مرۆڤایەتیدا لەگەڵ ڕەنج و کوێرەوەری تێکەڵ بووە، بەڵام لەم سەردەمەی کە ئێستا ئێمە تیایدا دەژین، هەزاران تراکت و هەزاران داکۆکیکار بۆ ژینێکی مرۆڤانەتر گوێی ئێمەیان کەڕ کردووە و لەوەها سەردەمێک دا، تیرباران کردن، لێو و نینۆک برین، ئاگر تێبەردان و کوشتنی ژن بەو تۆمەتەی کە بۆ پیاوان گوناە نیە، شەپۆلێک لە حەسرەت لە دڵی مرۆڤ دا دروست دەکا و هەستی مرۆڤ گوللە باران دەکا.

شتێک کە تورەی منی تا سنوری تەقینەوە گەیاند، بینینی کلیپێک بوو کە لە دواهەمین هەناسەکانی نەجیبەدا بینیم، ئەو زۆر بێدەسەڵاتانە لە بەرامبەر روانینی بێڕەحمانەی مرۆڤە دڵ ڕەقەکاندا، گوللە باران کرا و لەناو شەپۆلی خوێنی خۆیدا سەمای کرد. مرۆڤ گەلێک کە لە نزیکەوە خەریکی سەیرکردنی ئەم شانۆ دڵتەزێنە بوون، بە بینینی ئاخرین جوڵەکانی دەستی نەجیبە، سەماو هەڵپەرکێیان دەکرد و لە بینینی مەرگی خوێناوی ئەو چێژیان وەردەگرت. بەڵام تاکە کەسێک نەبوو کە لەو کاتەدا سەری دانەوێنێتە ناو کۆشیەوە و بۆ مەرگی نەجیبە دلۆپە فرمێسکێک برژێنێتە سەر گۆنای.

هەرچەندە کە نەجیبە ئاخرین هەناسەکانی خۆی لەناو شەپۆلی گۆماوی خوێنی خۆیدا وەسەماکردن خستبوو، بەڵام ئەوە نەجیبە نەبوو کە بووە ئامانجی پێکانی وەحشیگەری و دواکەوتووی" بەربەرییەت"، بەڵکو ئەوە مرۆڤایەتی مرۆڤ، ویژدانی مرۆڤ وە هەروەها هەموو ژنانی ئەفغانستانی بوون کە لە شێوەی نەجیبەدا گوللە باران کران و بوونە قوربانی. ویستم کە چەند دێرێک بۆ نەجیبە بنووسم هەرچەندە کە ئەو لێرە نیە، بەڵام هەموو ژنانی ئەفغانستان نەجیبەن و هەر لەو چارەنووسەدا هەناسە دەدەن، لەسەر بەستێنی فەرهەنگێک کە نەجیبەی گوللە باران کرد، ئەوان هەموو رۆژێ خەمەکانیان دەست پێدەکاتەوە.

نەجیبەی ئازیز!

تۆ ئیتر نەماویت بەڵام ناوت لەسەر رۆژنامە و گۆڤار و تەلەویزیۆنەکان بڵاو بۆوە، ژنان خۆپیشاندانیان ساز کرد، پیاوانیش هەستیان بە تاوانباری کرد و بە هاوارەکانیان ئەو کەسانەی کە تۆیان کوشت مەحکوم کرد. ئەم هاوار و هەست بە تاوانباری کردنە لەوانەیە تا چەند رۆژێکی تر بەردەوام بێت بەڵام ئەوەی ڕاستیە ئەوەیە کە تۆ بە کاروانێکەوە پەیوەست بووی کە هێشتاش هەر هاتنە ریزی بەردەوامە و هەر رۆژە لەم یان لەو لای ئەفغانستاندا نەجیبەیەک ئەدرێتە بەر گوللە، بەردباران دەکرێ و گوێچکە و لووتی دەبردرێ و دوای ماوەیەک ناوی ئەبێتە سەردێری شوعار و سەردێڕی هەواڵی ئەو کەسانەی کە لەم رێگایەوە خەریکی نان خواردنن.

نەجیبە! تۆ نە یەکەمین ژنی کە لەبەرچاوی خەڵکانێکی زۆر ئەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە و نە ئاخرینیشیانی کە چارەنوسی بە گوللە نوسراوەتەوە. لە بەستێنی ئەم فەرهەنگە مرۆڤ کوژەدا، هەزاران نەجیبە گوللە باران کراون، بەرد باران کراون، زمان و لووتیان براوە، بەڵام تۆ لە سەردەمێک دا کە شوعاری بەها مرۆڤایەتیەکان خەریکە گوێی عالەم کەڕ دەکا، بەم مەحکومی ئەم چارەنووسە بووی. لەم وڵاتە و لەم فەرهەنگەدا کە لە جیاتی مرۆڤ بوون، ترس، تیرۆر و کوشتن بەرهەمدێنن، تەواوی ژن و کچەکان بە چارەنووسی تۆ مەحکومن و تەواوی ژنان و کچانی ئێمە نەجیبە گەلێکیترن کە پێش ئەوەی "لە چاوی ئەوانەوە" خەتایەکیان کردبێ بەم چارەنووسە دوچار کراون.

نەجیبە! غیرەت و توانای پیاوانی ئەم مەملەکەتە لە کوشتنی دایکان، خۆشکان و ژنان و کچاندایە کە مانا پەیدا دەکات و ئەوانەی کە تۆیان کوشت، براکانت بوون کە دوای کوشتنت ئارەقەی شانازی و غیرەت بە ناوچاوانیانەوە دەرکەوت. تا ئەو کاتەی کە مانای غیرەت و مەردایەتی ئەوە بێ، تف لەو غیرەت و مەردایەتیەی کە بە کوشتنی کچان و ژنان مانا دەگرێ. ئێرە مەملەکەتی ترس و دواکەوتوییە، ئێرە قەتڵگای بەها مرۆڤایەتیەکانە، ئێرە قەسابخانەی عەشق و خۆشەویستیە و هەر منالێکی کچ کە لەم مەملەکەتە لەدایک بێ ئەوا چارەنووسی تۆی لەناو چاوان نوسراوە. نەجیبە! ڕوو ڕەشی بۆ ئەو کەسانەی کە بە بینینی مرگی تۆ هاواری خۆشیان دەردەبڕی، مەرگ و نەمان بۆ ئەو فەرهەنگەی کە ئەم جۆرە کەسانەی پەروەردە کرد.

بەڵام نەجیبە! شانست هێنا کە بە تەقەی گوللە گیانت بەخت کرد و بە هەناسەیەک دەربیجەی چاوت بەڕووی ژیاندا داخست. چەند دانە کچ و ژنی تر کە ڕۆژانە لە ئەشکەنجەگا تاریک و پڕ لە مەترسیەکان دا ڕۆژ و شەو لەبەرامبەر زۆرترین و قورسترین ئەشکەنجەکاندا خەریکن هەناسە دەدەن، لێوەکانیان ئەبرن، گوێیەکانیان ئەبرن، جەستەیان ئەسوتێنن و یان لە ناو کڵپەی ئاگر دا گیان دەدەن.

نەجیبە! بکوژەکەی تۆ تەنها یەک کەس نیە هەرچەندە کە تەنها کەسێک تەقەی لێکردی. بکوژی تۆ فەرهەنگێکە کە بکوژ پەروەردە و باردێنێ، کوشتن بە شانازی دادەنێ و نیشانی شانازی دەبەخشێ بە بکوژ. تا ئەو کاتەی کە ئەم فەرهەنگ و سوننەتە بکوژ بارهێنەرە بوونی هەبێ، هەموو ژنان و کچانی ئەم مەملەکەتە نەجیبەن و مەحکومی چارەنووسی نەجیبەن.

***



# گەڕان بە شوێن "ژیان"دا

ن: یوسف عەلی پور



من ئەوم لە یۆنان بینی. کچێکی جوانکیلەی روح سـوك و خوێن شـیرین بوو. کاتێك لە گەڵی دادەنیشتی لە گفت و لفتی وەڕەس نەدەبووی. هەرچەند من لە ئێرانەوە هاتبووم و ئەویش لە عێراقەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە هاوزمان بووین، توانیمان زۆر زوو لە گەڵ یەکتری ئاشنا بین. ئەویش وەکو من دەیهەویست تەریدەی هەندەران بێت و بە هیوای گەیشتن بە ژیانێکی ئاسودە و بەو هیوایەی کە بەلەمی ئاواتەکانی لـە کەنارەکانی ئارامی لەنگەر بگرێت، بە تەنیا ئەو ڕێگە پڕ کەندولەندەی گرتبووە بەر.

ژیان ناوی ئەو کچە کوردە بوو کە هەر لە یەکەمین رۆژی گەیشتنم بە یۆنان ئەوم ناسی. کچێکی تێگەیشتوو و زیرەك دیار بـوو. کچێکی بوو کە هەتیوی پێـوە دیار نەبوو یان لەوانەشـە هەر وەڕوی خۆی نەهێنابێت. ئاخر ئەو سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەی لە کارەساتی ئەنفالدا لە دەست دابوو و ئەو تەنیا کەسـێکی بنەماڵە پێنج کەسـیەکەیان بوو کە گیانی دەرباز ببوو.

ژیـان هەر لە منداڵیەوە لە ماڵی مامی گەورە ببوو و وەك خۆی دەیگوت هیچکات تامی سەرکۆش و باوەشی دایکی نەچێشـتووە و ئێستا کە تەمەنی لە سەرووی بیست ساڵەوە بوو، هەر بەو حەسرەتەوە دەژیا. ئەو هەمیشە خەون و حەز و ئاواتی گەورەی لە دڵدا بوو و زۆر گەشـبین بوو بە ژیان، هـەر چەند ژیان تا ئەو کاتە هیچ دەرگەیەکی بەختەوەری بەڕوی ئەودا نەکردبۆوە.

هەمیشـە کە منداڵێکی بچۆکۆلەی دەبینی وەها سـۆز و خۆشەویسـتیی بۆی دەجولا کە هەر مەپرسـە. ئاخر ئەو لە سـیمای هەموو منالێکدا، منالیی خۆی دەدیتەوە. ئەو دەیهەویسـت هەموو ئەو حەز و خۆزگانەی سـەردەمیی منالی کە تـا هەنووکەش لە گەڵیدا بوون، هەموو خۆزگە و ئاواتەکانی بۆ منالانی تر وەدی بێنێت. ژیان هەمیشـە دەیگوت: دڵی من گۆڕسـتانی ئاواتە وەدینەهاتووەکانمە. هەر خۆم دەزانم چیم کێشـاوە بۆیە نامهەوێ هیچکەسـی تر وەك خۆم ببینم. باسـی لەوە دەکـرد کاتێك کە چووەتە قوتابخانە بە پێچەوانـەی زۆر منداڵی تر تەنانەت توانای کڕینـی دەنکە نوقلێکیشـی نەبووە، هەمیشـە بە پێڵاو و جلوبەرگی کۆن و دڕاوەوە چووەتە مەکتەب، بەڵام سەرباقی ئەوانەش هەمیشە شاگردێکی نمونە بووە.

سـاڵێك پێش ئەوەی بێتە یۆنان کاتێك کە عاشقی کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی دەبێت، لە گەڵ ناڕەزایەتی ماڵی مامی بەرەوڕو دەبێتـەوە و لەو کاتە بەدواوە ئیتر هەڵسـوکەوتی ئەوانیش لـە گەڵی بە چەند قات خراپتر لە جارانی لێدێت تا وای لێدێـت ئیتر تەحەمولی نامێنێـت و ناچار دەبێت ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر. ڕێگەیەکی نادیار و پڕمەترسی، بـە کورتی ڕێگەی هات و نەهات بـەرەو ئەوروپا تەنیا بە هیوای گەیشتن بە ژیانێکی ئاسودە.

ژیان و بنەماڵەیەکی تر کە ژن و پیاو و منداڵێك بوون، پێکەوە لە تورکیەوە لە لایەن قاچاخچیەکەوە بەڕێ کرابوون. ئێمەش کە لە یۆنان لە لای قاچاخچیەکی تر بووین هەر هەموومان کوڕ بووین و چەند دانەیەك لەو کوڕانەش ژن و منداڵەکانی خۆیانیان لە ئێران و عێراق بەجێ هێشتبوون و هەر بە تەنها خۆیـان ملی ڕێگەیان گرتبووە بـەر. هی وا هەبوو پارەی تەواوی نەبوو، هی وا هەبوو منداڵی وردی هەبوو و بە هەر حـاڵ هەر کامیان لە بەر هۆکارێك ئێسـتا لەوێ بە تەنیا

بوون. ژیان حەزی دەکرد کە لای قاچاخچیەکەی ئێمە بێت بـەڵام لە گەڵ بنەماڵەکەی تر ئاسـودەتر بوو چونکە هەم ژنی لە گەڵ بـوو و هەمیش منداڵ، بۆیە لە گەڵ ئەوان چوو بۆ لای قاچاخچیەکی تر.

لـەو ماوەیە کە لە یۆنـان بووم، چەند جارێـك یەکترمان بینی و سـەردانی یەکترمان دەکرد. پاش ماوەیەك کە من بەرەو هۆڵندا وەڕێ کەوتم و گەیشـتمە ئێرە، چەند جارێك هەوڵمدا تەلەفۆنی بۆ بکەم بەڵام تا ئێستاشی لە گەڵ بێت نەمتوانی لە رێگەی ئەو ژمارە تەلەفۆنەی کە لای من بوو پەیوەندیی پێوە بکەمەوە.

نزیك بە دوو ساڵ لە دوایین دیدارمان تێپەڕی. لەو ماوەیەدا زۆرم پێ خۆش بوو بزانم ئەو کەسـە چی بە سەر هاتووە و ئێسـتا لە کوێیە. هەواڵیم لە زۆر کەس لە یۆنان دەپرسـی بەڵام کەس نەیدەناسـی، تەنانەت ئەوانـەش کە لە یۆنان بینیبوویان، نەیاندەزانی چی لێ بەسەر هاتووە.

هاوینی رابردوو بۆ سـەردانی دۆسـتان چوبووم بۆ وڵاتی سـوێد و چەند رۆژێك لـەوێ مامەوە. لـە یەکێك لەو رۆژانەدا کە لە گەڵ ژن و پیاوێکی ئاشـنام لە یەکێك لە وێستگەکانی شەمەندەفەر لە سـتۆکهۆڵم لە چاوەڕوانیی شەمەندەفەر دابووین بۆ ئەوەی بچینەوە بۆ ماڵەوە، بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە چاوم بە ژنێك کەوت کە منداڵێکی بچکۆڵەی پێ بوو و بەوێدا تێدەپەڕی. سـەرەتا گومانم هەبوو. وردتر کـە لێم روانی گومانەکەم بوو بە یەقین. چۆن دەبێ کچێك دوای دوو سـاڵ ئەوەندە روخساری تێکچووبێت و هێندە بە تەمەنتر نیشـان بدات؟ تۆ بڵێی ئەوە ژیان بێت؟ ئەی ئەو منداڵە سـاوایە چییە پێیەتی؟! لە چاوتروکانێکدا هەزار و یەك پرسـیاری بێ وەڵام سەریان هەڵدا. ئەو دۆستانەی لە گەڵم بوون هەستیان بە شتێکی نامۆ کرد لە مندا. پێم وتن کە من ئەو ژنە دەناسم و جارێ با لە خێری شەمەندەفەرەکە گەڕێین و بچین بۆ لای ئەو.

کە چووین بۆ لای، ئەویش بە دیتنی من سـەری سوڕما. دوای چاك و چۆنیەکی گەرم و گوڕ و خۆشحاڵی دەربڕین لەوەیکە پاش ماوەیەك دیسانەوە یەکترمان بینیوەتەوە، ویستم بە قەناعەتی بگەیەنم کە ئەو شـەوە هەمووومان بچینەوە بۆ ماڵی برادەرەکانی من و ئەوە دەتوانێ دەرفەتێکی باشـیش بـۆ من و ژیـان بۆ ئەوەی زیاتر باسـی خۆمان و دۆخی تازە بکەین. بۆیـەش زۆرم پێداگری کرد کە بە قەناعەتی بگەیەنم چونکە لەوێ هەر لە سەرەتاوە هەستم بەوە کرد کە خۆی لە وەڵامی هەندێك لە پرسیارەکانم دەدزێتەوە.

شـەو چووینەوە بۆ ماڵـەوە و دوای خواردنی نانی ئێوارە، سەری قسەمان دامەزراند. دیسانەوە ئەو جۆرەی کە پێویست بوو وەڵامی پرسـیارەکانی نەدەدایەوە، نەمدەزانی بۆ بەڵام هەسـتم بـە گۆڕانکارییەکی گەورە دەکرد لـەو کچەدا. ژیان ئیتر ئەو کەسـە نەمابوو کە هەمیشە بە گەشبینییەوە دەیڕوانیە ژیان، بەڵکو ببوە کەسـێك کە لە بواری روحی و رەوانی تەنانەت جەستەییشـەوە زۆر داڕوخابوو. دەتوانم بڵێم لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا بە قەدەر دە ساڵ شکا بۆوە.

قسەو باسەکەمان لە منداڵەکەوە دەستی پێکرد. ئەو منداڵەی کە شـێوەی لە شـێوەی دایکی نەدەچوو. کاتێك ویسـتم پیرۆزبایی هاوسـەرگیری و لە دایکبوونی منداڵەکەی لێ بکـەم، کۆڵەگری لە گەروویدا قەتیس ما و سـفرەی دڵی خۆی بۆ کردینەوە و بەمجۆرە باسی ئەو نەهامەتیانەی کرد کە بە سەری هاتبوون:

" دوای ئەوەیکە لـە یۆنان لە گەڵ ئەو بنەماڵەیە چووینە لای قاچاخچـی، پـاش چەنـد هەفتەیەك پاسـپۆرتی تەزویریان بۆ دروسـت کردین و بردیانین بۆ فرۆکەخانە کە لەوێـوە بە قاچاخ بە رێمان بکەن. لە کاتی کۆنترۆڵکردنی پاسـپۆرتەکەمدا کە بۆ نەگبەتیش پاسپۆرتی یۆنانییان بۆ دروست کردبووم، گومانیان لا دروست بوو و دوای ئەوەیکە بە یۆنانی پرسـیاریان لێکردم و منیش لێیان تێنەگەیشتم، منیان گیرایەوە بەڵام بنەماڵەکەی تر توانیان هەڵفڕن.

ئیتـر لـەو رۆژەوە نەهامەتیەکانی من دەسـتیان پێکرد. دوای ئەوەیکـە گەڕامەوە بۆ ماڵـی قاچاخچیەکە، ئیتر من لەوێ بە تەنیا مابوومەوە. چونکە پارەکەشـم تەحویلی ئەو قاچاخچییە دابوو، نەمدەتوانی بچمە لای کەسـی تر و بـە ناچاری لەوێ مامـەوە. قاچاخچیەکە رۆژ بە رۆژ دەیهەویسـت خۆم لێ نزیك بکات، بەڵام من زۆر حەزم لە کردار و گوفتاری ئەو کوڕە نەبوو. سـەرەتا لە پێشنیاری ئیزدواجەوە دەستی پێکرد، دوای ئەوەیکە قبوڵم نەکرد، ئیتر هەر چۆنێك بۆی بکرابایە زەختی دەخستە سەرم بۆ ئەوەی رازیم بکات بەڵام من بە هیچ شێوەیەك نەمدەویست مل بە خواسـتەکانی ئەو بدەم. رۆژ بە رۆژ هەڵسووکەوتی خراپتر دەبوو تا کار گەیشـتە ئەوەی ئەمجارەیان نەدەهێشـت لە ماڵیـش بچمە دەر و بە کردەوە منی لە ناو ماڵدا زیندانیی کرد و تەنانەت نەیدەهێشت دەستم بە تەلەفۆنیش را بگات. شەوێکیان کە مەشروبێکی زۆری خواردبۆوە و هیچ ئاگای لە خۆی نەمابـوو، هاتەوە ماڵەوە و بە زۆر دەیهەویسـت دەسـتدرێژیم بکاتە سـەر. دوای ئەوەیکە ملـم نەدا، بە چەقۆ هەڕەشـەی کوشـتنی لێکردم و بە زۆری زۆرداری دەسـتدرێژیی کردە سـەرم و هاوکات وێنەی رووتیشی لێ

دەگرتم. ئیتر لەو شەوە بە دواوە ئەوە ببوە کاری هەمیشەیی و هەر جارێکیش کە نەمدەویســـت سێکسی لە گەڵ بکەم، هەڕەشەی بڵاو کردنەوەی وێنەکان و هەڕەشەی پارە خواردن و بەڕێ نەکردنی لێدەکردم. چەند شـــەوێك هەروا تێپەڕی و ئەمجارەیان نەك هەر بە تەنها خۆی بەڵکو هەموو شـــەوێك دە دوازدە برادەری خۆیشـــی لە گەڵ خۆی دینان و بە هەر هەموویان تەجاوزیان پێدەکردم و لە بەرامبەر ئەو کارەشـــدا ئـــەو کورە پارەی لە رەفیقەکانی خـــۆی وەردەگرت. هیچ رێگەچارەیەکم نەمابوو، نـــە رێگەی هەڵاتن و نە رێگەی مانـــەوە، کچێکی قاچاخ و تەنیا کە وەك بەرخێکی ســـاوا کەوتبووە ناو ئەو گەلە گورگەوە.

ئـــەوان هەر بـــەردەوام بوون لەم کارەیان تـــا ئەو کاتەی کە ســـەرەتاکانی دووگیانی لە مندا دەرکەوتن. پاش ئەوە بوو کە وردە وردە رەفیقەکانی تکانەوە. سەرەتا هەستم دەکرد کە هیچکەس حازر نییە خۆی بکات بە خاوەنی ئەو منداڵەی لە ســـکم دابوو، بەڵام دواتر تێگەیشـــتم کە لێکدانەوەکەی من هەڵە بووە، چونکە لە راســـتیدا ئەوان ئامادە نەبوون بۆ ســـێکس کردن لە گەڵ ژنێکی دووگیان پارە سەرف بکەن. ماوەیەك تێپەڕی و ئەمجارەیان کابرای قاچاخچی کە ئیتر نەیدەتوانی بە هۆی منەوە پارە پەیدا بکات، چەند نەفەری قاچاخی دیکەی هێنایە نـــاو ماڵەکەی و بە هاتنی ئەوان ئاســـۆیەکی روونیش بەڕوی مندا کرایـــەوە و قەولی پێدام کە ئەگەر هیچ شـــتێك لای ئەوان باس نەکەم، بە زووترین کات بەرێم دەکات بۆ شـــوێنی مەبەســـت. منیش کە ئەوەم بە دوایین دەرفەت دەزانی، بە ناچاری بێدەنگیم لێکرد، خۆ ئەگەر قسەیەکیشم کردبایە هەر بە زەرەری خۆم دەشکایەوە چونکە بەردەوام هەڕەشەی بڵاو بوونەوەی وێنە رووتەکانمی دەکرد.

پاش چەنـــد رۆژێك لە هاتنی نەفەرە تازەکان، بە ســـکی دووگیانەوە ســـواری تەیارەیان کردم بۆ فەڕانسە و پاشانیش لەوێوە لە رێگەی زەویەوە خۆم گەیاندە ئێرە.

ئەم کۆرپەڵەیەش کە ئێســـتا دەیبینن لە گەڵمە، لە راستیدا منداڵێکـــی بێ باوکە کە لە دوازدە پیاو بوومە و هیچکات نەمزانـــی منداڵی کام یەك لەو پیاوانەیە، بەڵام هەمیشـــە دەزانم کە منداڵی خۆمە و وەك کولەکەی روحی خۆم خۆشم دەوێ و دەیپارێزم".

***

**خوێنەری بەڕێز!**

کەم نین ئەو کەســـانەی کە هەر کامە و بە چەشـــنێك لە رێگای گەیشـــتن بە هەندەراندا تووشی جۆرەها تەنگ و چەڵەمـــە دەبن، جۆرەها گیروگرفتـــی چاوەڕواننەکراو کە هەرکامەیـــان بـــە جۆرێك کاریگەری لە ســـەر ژیانی ئەو کەســـانە دادەنێن. چیرۆکی "گەڕان بە شـــوێن ژیاندا" لە راستیدا بەسەرهاتی راستەقینەی ژنێکی تەریدەی هەندەرانە کە لە رێگای گەیشتن بە ژیانێکی ئارام دا، ژیانی لێ تاڵ دەکرێت و تووشی کۆڵێك نەهامەتی دەبێت. "ژیان" ناوێکی خوازراوە کە بۆ ئەو کەسەم داناوە و بە هەندێك دەستکاریەوە بەسەرهاتە تاڵەکەیم بەمشێوەیە داڕشتۆتەوە.

# نازم حیکمەت، شاعیری دەرد ئاشنای تورکیە

## شایستەی ڕێز لێ گرتنێکی جیهانییە.

*دنیا بدەینە دەست منداڵان*
*لانیکەم بۆ ڕۆژێک*
*تا دنیا هەست بە ئاشتی و دۆستایەتی بکات.*
*منداڵان، دنیا لە دەست ئێمە وەردەگرن و*
*نەمامی ئەبەدی تیا دەچێنن!*



**ئا: سەعید ئەمانی**

نازم حیکمەت یەکێک لە شاعیرانی ناوداری سەدەی ڕابەردوە؛ لەو دەستەیە لە شاعیرانە کە بە شێعر و ژیانی خۆی دنیای تووشی سەرسوڕمان کردوە. شێعرەکانی کاردانەوەی ڕاستەوخۆی ڕەنج و ئازارەکانی سەردەمەکەی و هاواری دەروونی بوون لە پێناو ئازادی وڵات و دانیشتوانەکەی دا. ناوی ئەو لەگەڵ ئاوات و ئامانج و هیوا ڕیشەدارە بەشەریەکاندا خاوەنی پێوەندیەکی ئۆرگانیکە. ئەمەش سەمەرەی ئەو خەبات و خۆڕاگریەیە کە لە دژوارترین بارودۆخەکاندا لە مەیدانی نەبەرد و خۆڕاگریدا لە سیاچاڵ و زیندانە جۆراو جۆرەکانی وڵاتی تورکیەدا بەدەستی هێناوە. شێعرەکانی دەستاوەردی ڕۆحیات و ڕوانینیەکانی لە ژیانی گەلەکەیدا و هیوا و ئەویندارییەتی سەبارەت بە جوانیەکان و دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ هەموو ئەو بەربەست و پۆسپانەدایە کە لەسەر ڕێی پڕ لە بەدەڵانی ئازادی و ڕزگاریدا قەراریان گرتوە. لەبەر ئەوەیە کە بەبیستنی ناوی نازم دنیایەک لە بیرەوەری و جوانی بە زەیندا دێنەوە. شێعرەکانی زایەڵەی ئاوات و ئامانجە جوانە ئینسانیەکان وەدەنگ دێننەوە. دەکرێت بڵێین کە هیوا، هیوای گەورەی ڕزگار بوون لە چنگ دەسەڵات و ستەمی زۆرداران و چەوسێنەران لە سایەی شێعرەکانیدا بەردەوام بە زیندویی دەمێنێتەوە. بەمجۆرەیە کە ئاوڕدانەوە لە ژیان و شێعرە زیندوەکانی چیرۆکی هەوڵی هەمیشە پڕلە حەماسەتی بیردێنیتەوە؛ چیرۆکی ژیانێکی لێوڕێژ لە خەبات و خۆشەویستی و ئازادیخوازی و مانەوە لەسەر پەیمان لەگەڵ خۆ و یاراندا و لەبەر گشت ئەمانەش بە

غورور و سەرفەرازیەوە بەرەوپیری مەرگەوە چوون.

نازم حیکمەت شێعرەکانی ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانیەتی و بەرهەمەکانی شۆلاوگەی ئێش و ئازار، غەم و شادی، بیرو بۆچوون و هەستە سەرکێشەکانی ناخین. نازم ژیانی خۆی بەهەموو ماناوە ئاوێتەی شێعرەکانی کردوە. بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دەتوانین کەسایەتی ئەم ئینسانە مەزن و خاوەن هەڵوێستە بناسین.

نازم حیکمەت بەرلە چوونی بۆ یەکێتی سۆڤیەت، لەگەڵ شێعری ئازادی فەڕانسەدا ئاشنا بوو. لە ماوەی ئەو چند ڕۆژەی لە شاری باتوم مایەوە لە ڕۆژنامەی" ئیزوستیا" دا شێعرێکی خوێندەوە کە وێدەچێت شێعری ویلادیمیر مایاکوفسکی بووبێت، هەرچەند کە نازم حیکمەت بەهۆی ئاشنا نەبوونی بە زمانی ڕوسی، نابێ هیچی وای لێ حاڵی بووبێت بەڵام شێوەی داڕشتن و بڕگەی پەنجەیی شێعرەکە هەستی دەجولێنێ. کاتی گەڕانەوە لە باتوم بەرەو مۆسکۆ، لە ژێر کاریگەری بینینی خەڵکی هەژار و برسی، شێعری " گلێنەی چاوی برسیەکانی" نووسی. بەڵام لەبەر ئەوەی کە نەیتوانی ئەم شێعرە بخاتە چوارچێوەی " هێجا" وە، بە ئیلهام لە فۆڕمی شێعرەکەی ڕۆژنامەی ئیزوستیا دەستیدایە نووسینی ئازادی شێعر.

نازم حیکمەت شاعیرێکە کە کومونیست بوونەکەشی وەک شێعر و ناوەکەی ناوبانگی جیهانی هەیە. لەو شێعرانەوە کە بۆ منالان، ژنان، زەحمەتکێشان، ستەملێکراوان و زیندانیانی گشت جیهانی نووسیوە، دەردەکەوێ، خاوەنی دڵ و دەروونێک بووە کە ئارامی و ئاسایش و ئاسوودیی ویژدانی لە بەختەوەری هەموان و ئازادی گشتیدا دەبینی و ئەمانەشی لە مەیدانی بیرو بۆچوونی کۆمەڵایەتی و خەباتکارانەی و لە شێعر و داستان و شانۆ نامەکانیدا بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەبڕی. لە شێعری" ئەو کەسەی کە دەڕوات" دا نووسیویەتی:" هاوڕێیان مەڕواننە چاوەکانی من/ گریان لە ناخمدا قوڵپ ئەدا...

بەڵێ هەربەو چەشنەی قوڵپی گریان، ناخی دەسمێت و سەردەکات، بیر و بۆچوونەکانیشی لەناخیەوە سەرچاوە دەگرن. یەکسانی خوازی، عەدالەت و ئازادیخوازیەکەی شتێکی زاتیە. ئەنگیزەکانی لە ماوەی ژیان لە کۆمەڵگای ئیستبداد لێدراوی تورکیەدا و بینینی بارودۆخی ژیانی ڕۆژانەی هەژاران و کەسانی بێ ماڵ و حاڵ، لە دەروونی خۆیدا پەروەردە و بارهێناوە. بەم تایبەتمەندیانەوەیە کە دەڕوانێتە دیاردە و شتەکان. لە تیرێژی ئەم ڕوانینەوەیە کە فۆڕم و ناوەڕۆکی شێعرەکانی دەدۆزێتەوە.

ئەو لەهەوو گۆشە و قوژبنێکی ئەم دنیا، دەیتوانی بەو شێوەیە بنووسێت؛ کە ڕووبە سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی، کە تۆمەتباریان کردبوو بەوەی کە خائین بە نیشتمانە، نووسیویەتی:

**ئەگەر وەتەن مژینی خوێنی سووری دەستەکانی ئێمە**
**لە کارخانەکانتاندا بێت**
**ئەگەر وەتەن چنگاڵی ئەربابەکانتان بێت**
**ئەگەر وەتەن حکومەتی باتومی پۆلیس و گورز و گۆپاڵ بێت**
**ئەگەر وەتەن پێگە ئەمریکاییەکان، بۆمبە ئامریکاییەکان و تۆپی ناوگانی ئامریکایی بێت**
**ئەگەر وەتەن ڕزگار نەبوون لە شەوەزەنگی گەنیوتان بێت**
**من خائین بە وەتەنم! بەڵێ خائین بە وەتەن.**

وتمان کە ناو و ناوبانگی لەگەڵ هیوا و ئاواتە ڕیشەدارە بەشەریەکاندا خاوەنی پێوەندیەکی ئۆرگانیکە. لەهەمان حاڵدا هاوهەنگاوی و هاوڕێی لەگەڵ جیزبە کومونیستەکانی سەردەمی خۆیدا، لەم بابەتە تایبەتەدا لە یاریە سەرسوڕمێنەکانی چارەنووسی ئەو بوون. سەبارەت بە نازم حیکمەت و بیر وبۆچوون و هەڵوێستەکانی نووسراوە:" لەوەی کە ڕەوتی کومونیزم لە شۆڕەوی بەرەو ئاستی دیکتاتۆریەکی تاکە کەسی دابەزیوە، نیگەران و بێ هیوا بوو. ئەو بەردەوام بە ترس و نیگەرانیەوە سەبارەت بەم بابەتە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕی و زۆر جار لەم بارەوە بێدەنگی هەڵدەبژارد. بەڵام لای ئەو هاوڕێیانەی کە بڕوای پێیان بوو، بە هێمنانە باسی لە خەم و بێ هیواییەکانی خۆی دەکرد. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥١ دا، بە ئیلیا ئەهرنبێرگی ئاوا وتبوو:" ڕێزێکی زۆرم بۆ هاوڕێ ئیستالین هەیە، بەڵام خوێندنەوەی ئەو شێعر و بابەتانەم بۆ تەحەمول ناکرێ کە ئەو وەک خورێکی درەوشاوە دەناسێنن. هەستێکی خراپە."

دوای مردنی ئیستالین کانوونی نووسەرانی شۆڕەوی داوای لە شاعیران کرد سەبارەت بە ئیستالین شێعر بنووسن. نازم حیکمەت، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، نەک ئیستالین، بەڵکو مارکس و ئینگڵس و لێنینی خستە ناوەندی ڕەوتی شۆڕشەوە و لەکۆتایی شێعرەکەشدا جەختی لەسەر هاوپشتی چینایەتی کردەوە.

نیگەرانی و بێ هیوایی شاعیرێکی وەک نازم حیکمەت

لەنێو فریوخواردوانی ئیدئۆلۆژی و دەسەڵاتدا شیاوی هەست پێکردنە.

دەڵێن:" ئەو نیگەرانی ئەوە بووە کە ئازادانە بیروبۆچوونەکانی، لەنێو هاوڕێکانیدا دەربببڕێت." بۆ کەسێکی کە لەپێناو ئازادی ڕادەربڕیندا گەلێک جار و ساڵیانی ساڵ کەوتۆتە زیندان و تا لێواری مەرگ خۆڕاگری کردووە و لە گشت دەورانی زیندانی بوونیدا، بۆساتێکیش لە بیروبۆچوون و ئارمانە ئینسانی و عەداڵەت خوازانەکانی غافڵ نەبووە و ئەمەشی لە شێعر و سروودەکانی قۆناغەکانی زیندانی بوونیدا بە ڕوونی تۆمارکردووە، ترس و نیگەرانی لە شکڵی سادە و سەرەتایی خۆیدا نەیتوانیووە، واتایەکی هەبێت. بێ هیوایی و ترس و نیگەرانی لای ئەو دەبێ لە ڕەوتێکی گەورەترەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ڕاز و ڕەمزی چارەنووسی هاوڕێکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە! بەڵام ئامانجی ئەو لە پەیوەست بوون بەم ڕەوتە بنیاتنانی دنیایەکی ئازاد و ناچینایەتی و دوور لە هەژاری و نەزانی و دابەشکردنی سەروەت و دەسەڵات و گێڕانەوەی کەسایەتی بۆ سەرجەم ئینسانەکان بووە. بە هەموو ئەمانەشەوە ئوتوپیای زۆرێک لە کومونیستە ناسراوەکانی دنیا، هەر لەو ساڵانەدا کە ئەو دەستی دەدایە مانگرتن لە خواردن و ئەم حەرەکەتە، لە ژێر سێبەری بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لەلایەن کومونیستەکانەوە، کە لە زۆر وڵاتدا، دەبووە سەردێڕی یەکەمی ڕۆژنامەکان، بەسەریەکدا ڕماو و وێران ببو. گومانی تێدا نییە کە نازم ئاگاداری هەموو ئەم ڕووداوانە بوو. ڕەنگە هەر ئەم ئاگادار بوونەش بووبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ، و یان ڕەنگە، بێدەنگیە درێژماوەکانی. بابەتێکی کە ڕەنگە بووبێتە سەرچاوەی ترس و بێ هیوایی و بەد گومانیەکانی. وە ئەمەش خۆی داستانێکە کە دەبێ لە جێگایەکی دیکەدا بدرێتە بەر لێکۆڵینەوە.

نازم حیکمەت هێشتا زیندو بوو کە ناوبانگ و شێعرەکانی سنووره جیهانییەکانیان بەزاند بوو. زۆرێک لە نووسەران و هونەرمەندانی گەورەی دنیا، گەلێک جار بۆ ئازاد کرانی لە زیندان دەستیان داوەتە نارەزاییەتی دەربڕین. ژان پۆل سارتر، پیکاسۆ و نێرۆدا لەنێو ئەو کەسانەدا بوون. نێرۆدا سەبارەت بەو وتویەتی:" شێعرەکانی مەزنن، وەک ڕووباره برینەکان. بەڵام ئەم ڕووبارە هەروەک سێلاوێک لە پۆلا بەرەو مەیدانی خەبات لە خرۆشاندایە. ئەو ساڵانەی لە زینداندا بەسەری بردووە، زمانی شێعری نازمی تا ئاستێکی سەرسوڕهێنەر گەشە پێداوە. دەنگ و زایەڵەی بەهەمەکانی لە سەرتاسەری دنیادا دەبیستری. شانازی ئەکەم کە شێعرەکانم لەم دۆخە هەستیارەی خەبات لە پێناو ئاشتیدا هاوشانی شێعرەکانی نازم حیکمەت وەستاون."

ژان پۆل سارتر دەنووسێت:" نازم، دۆستێکی بەوەفا، تێکۆشەرێکی بوێر، دوژمنێکی بێ ڕاڕایی دوژمنانی ئینسان، بێ سەرنجدانە هەمووشتێک، دەیویست لەهەر شوێنێک کە دەرفەتی خزمەتکردن بە ئینسانەکان هەیە، حزور و بەشداری هەبێت...

بەڵێ نازم حیکمەت، شاعیری دەرد ئاشنا و کومونیستی هەمیشە زیندوی تورکیە شایستەی ڕێزلێگرتنێکی جیهانییە.

نموونەیەکیتر لە شێعرەکانی:

**ڕێگای هەتاو**

**ڕۆشنایی دێتە پێشێ و**
**سەر تاپا دامدەگرێ**
**دنیا جوانە**
**وە دەستەکانم لێو ڕێژی حەز و تاسە**
**چاو لە سەر دارەکان ناگوێزمەوە**
**کەوا سەوز پۆشن و ئارەزوویان بەر گرتوە.**

**ڕێگای هەتاو بە پێچوپەنای دیوارەکاندا دەگوزەرێ**
**لە پشت پەنجێرەی دەرمانگاوە دانیشتووم**
**بۆنی دەرمان هەست ناکرێ**
**مێخەکەکان لە شوێنێک دا پشکوتون**
**دەزانم.**
**ئەسیر بوون گرنگ نییە**
**ئاگاداربە!**
**گرنگ ئەوەیە کە تەسلیم نەبی.**


دەرمانگای زیندان

سەرچاوەی بابەت: ئینتێر نێت.
شێعرەکە لە کۆمەڵە شێعری" کۆنسێتێکی ناتەواو" وەرگیراوە کە وەرگێڕدراوی نووسەر خۆیەتی.

***

# ڕەخنەیەکی کورت سەبارەت بە شوێنکەوتوانی بیردۆزی هونەر بۆ هونەر

ن: سیـــروان پەرتەونوری



هـــەر بەرهەمێکی هونەریـــی، نوێنەرایەتی دیدگایەکـــی چینایەتی دیاری کراو دەکات و لە خزمەت چینێکی تایبەتی دەستنیشان کراودایە. لە بەرامبەر ئەم باسەدا، بیردۆزی" هونەر بۆ هونەر"ە. ئەم بیردۆزە بە شـــێوەهایەکی جیاواز تێدەکۆشێت هونەر لە خەباتی چینایەتی و چینەکان جیا بکاتەوە و جیاواز لە چینەکان نیشـــانی بدات. بۆ نمونە بە شێوەی نەرێنی و ئینکار ئەوەیکە بەرهەمی هونەریی خاوەنی کاریگەری سیاســـیە و دەبێت واشـــبێت. یان ئەوەیکە گرنگ نیە خاڵی بیروبۆچونی سیاســـی هونەرمەندەکـــە چی بێت، گرنگ نیە خاڵی بیروبۆچونی بەرهەمێکی هونەری چی بێت، گرنگترین باس ڕەسەنایەتی هونەرمەند و کارەکەیەتی.

شوێنکەوتوانی بیردۆزی" هونەر بۆ هونەر" سوورن لەسەر ئەوەی کە نابێت بەرهەمێکی هونـــەری بە دەرەجەی یەکـــەم بەپێی خاڵی بیرو بۆچوونی سیاســـی و کاریگەرییە سیاسیەکەی هەڵسەنگێندرێت؛ و نابێت بەم پێیە بانگەشە و یان ڕەخنە و لەقاوبدرێت. بەڵکو پێش هەموو شتێک دەبێت ئەوە بە پێوەرە هونەرییەکان تاووتوێ بکرێت، پاشان لەوانەیە بتوانرێت بە کاریگەریە سیاسیەکەی لێی بدوێین.

ئەم بیردۆزە لە هەر شـــێوەیەکدا ســـەرهەڵبدات ڕەنگدانەوەی تاکگەرایی بۆرژوایی دەمارگیریی چەقبەســـتووی ســـەرمایەدارییە و ســـەیر نیە ئەگەر بتوانێ سەرەنجی زۆرێک لە هونەرمەندەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشیت. چونکە پێگەی کۆمەڵایەتی و دیاریکراوی هونەرمەندان بەتایبەت لەو کاتانەدا کە بزوتنەوەیەکی بەهێزی شۆڕشگێڕ لە کۆمەڵگادا بوونی نیە، دەکەونە شوێن ئەم بیرو بۆچوونە. سەرمایەداری زاڵ بەسەر

دونیادا، خۆی گرنگترین بڵاوکەرەوەی بیردۆزی" هونەر بۆ هونـــەر"ە. ئامانجی بۆرژوایی لەم کارە، لە پلەی یەکەمدا ڕزگار کردنی سیســـتمەکەیەتی لە نارەزایەتی و پێداگری و شۆڕشـــی هێزە پێشرەو و شۆڕشگێرەکان لە چوارچێوەی فەرهەنگ و هونەر. با نمونەیـــەک بێنینەوە؛ لە کۆتای دەیەی ١٩٣٠، بەشێکی بەرچاو لە هونەرمەندان لە ئاستی جیهاندا لەوانە لە ولاتە ئیمپریالیســـتییەکان تێدەکۆشان بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەســـتەو نەریت شکێنی و ستایلی جۆراو جۆری هونەری، سیستمی سەرمایەداری ببەنە ژێر پرسیارەوە. زۆرێک لەوانە لەژێر کاریگەری ڕەوتگەلێکی نوێی هونـــەری و ئەدەبی دا بوون کە لەگەڵ شۆڕشـــی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕوســـیا لەدایکبوون. لەم نێوەندەدا، شێوەکاری بەدەروەست، نە تەنیا ژیان و خەباتی جەماوەریی لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی دایەوە، بەڵکو بە دروستکردنی وێنەگەلێکی دەگمەنی دیواریـــی، هونەری خۆیان هێنایە سەرشەقامەکان و خســـتیانە خزمەت جەماوەر. دوابەدوای چەنـــد کۆبوونەوەیـــەک بەرپرســـانی ئەمریکایـــی کە بەرپرســـانی(FBI) دەگرتەوە، بڕیاریاندا بۆ بەربەرەکانێ لەگـــەڵ ڕەخنە کردنی کۆمۆنیزم، لـــە کۆڕە هونەریی و ئەدەبیەکاندا بانگەشـــەی بیردۆزی" هونـــەر بۆ هونەر"یان دەکـــرد، بودجـــەی زۆر و زەبەندیان دەدا بـــە هونەرمەندان و گەلەریەکانیـــان تایبەت دەکرد بەوان تا وێنەی هەســـت پێنەکراو بەرهەم بهێنن و دابەشی بکەن.

هەڵبەتە بۆرژوایی ڕاستەقینە باوەڕی بە "هونەر بۆ هونەر" نیە. بانگەشـــەیەکی ئاوا هەر ئەوەنـــدە گاڵتەجارییە کە حکومەتە بۆرژواییەکان بە ناچینایەتی بزانین. دەستەبەری" هونەر بۆ هونەر" هەرئەوەندە ناڕاســـتە کە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکـــی بێ چین لە جیهاندا ببێت بەڕاســـتی. لە ناکاو بەشی گرنگی ئەو دەستە لە بەرهەمی هونەریی کە لەسەر بنەمای ئامانج و زەوقی چینە چەوسێنەرەکان و بە بودجـــەی ئەوان بەرهەم دەهێنرا، لە ریســـوایی بارهێنان و پیسی سیستەمێکی زاڵ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بانگەشەی ستایش کردن و نمونەیی دەکرد خۆی دەبینییەوە.

ئەم باسە لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمێکی دەمارگیری مەزهەبی کۆماری ئیســـلامی، یا ئەو ڕژیمانەی کە ڕاســـتەوخۆ شـــێوەی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیســـتی یان ڕویزیۆنیستیان هەیـــە، بە ئاشـــکرا دەکەوێتە بەرچـــاو. چ بگرە تیۆری دارێژەرانی ئەم ڕژیمانە، بە قبوڵنەکردنی بیردۆزی" هونەر بۆ هونەر" ئەم مەســـەلەیە تاووتـــوێ بکەن و لایەنگری لە هونەر و ئەدەبیات( هەڵبەتە لایەنگیری کۆنەپەرەستی) بکەن. ئەوەندە بەســـە کە چاوێک بخشـــێنینەوە بەســـەر بەرهەمێکی بێشـــومار دا کە لە ستایشـــی نیشـــتیمان، سوپای کۆنەپەرەستی و جەنگە دواکەوتووەکانی بۆرژوایی بەرهەم هاوتوون؛ بە بەرهەمگەلێکـــی" هەتاهەتایی" بوون کە دابەشـــکردنی چینایەتی وێنا دەکرا؛ ژنان بە زەعیفە و ژێردەستە نیشـــان دەدران و بانگەشـــەی خورافە و بیرو بۆچوونی دواکەوتوانەی مەزهەبی دەکرا.

خەبـــات لە دژی بیردۆزی" هونەر بـــۆ هونەر" لە نێوان هونەرمەندان، خەباتێکی درێژ و بەردەوامە. ئەمە بەشێک لە خەباتی گۆڕانی ڕۆشنبیرانی وردە بۆرژوا و پاڵ پێوەنانیانە بەرەو لوتکەی شۆڕشی پۆرلیتاریا و کۆمەڵگایەکی نوێ. کۆمەنیســـتەکان دەبێت هەوڵ بدەن لەگەڵ هونەرمەندانی لایەنگری شۆڕش لەســـەر یەک خاڵ یەکبگرن: ئەوەیکە بەشـــێکی گرنگ و بەرچـــاوی هونەرەکەیان لە خزمەت خەبات لە دژی هێزی کۆنەپەرستی زاڵ و سیستمی ستەم و چاوســـانەوە لە جیهان و خەباتی پرۆلیتاریا و جەماوەری ستەم لێکراودا بێت. لەوێدا کە لە نێوان مەبەستی هونەرمەند و کاریگەریی دیاریکراو لەســـەری ناکۆکی هەیە، دەبێت لەگـــەڵ ئەوانـــەدا بە خەباتـــی سیاســـی_ئایدۆلۆژیای هەڵقـــولاو هەولبدرێت تا ئەم ناکۆکیە لە ئاراســـتەیەکی دروست دا چارەسەر بکرێت. دەبێت هاوکاری هونەرمەندی شۆڕشـــگێر بکرێت تا هونەرەکەی لە خزمەت بە ئارمانە کۆمۆنیستییەکەی و شۆڕشگێڕیەکەی دابێت.

دەبێت هونەر بە چوارچێـــوەی ئایدۆلۆژیا، جیهانبینی و ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە گـــرێ بدرێ. لەوانە ڕوانگەی مارکســـیزم، چالاکـــی زەینی مرۆڤـــەکان و هونەر وەکو بەشـــێک لەو، لە خودی خۆیدا جیاواز لە باقی بابەتەکان بوونی نیە.***



# کورتەیەك سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی" هێرمان هێسە"

ئا: پەروین عەلی مورادی




" هێرمان هێسە" ئەدیب، نووسەر و شێوەکاری ئاڵمانی– سوئیسی و براوەی خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ١٩٤٦ لە ئەدەبیاتدا. ناوبراو لە ڕێکەوتی ٢ی ژوئیەی ١٨٧٧ی زایینی لە شاری" کالۆ" هەڵکەوتوو لە پارێزگای یادێن– ڤۆرتێمبۆرگ چاوی بە ژین پشکوت.


باوکی" هێرمان هێسە" بەڕێوەبەری دامەزراوەی بڵاوکراوەی موبەلەغینی پرۆتێستانی لە ئەستۆ بوو. دایکی کچی هێندشناسی بەناوبانگ دوکتور" هێرمان گۆندرێت" و بەڕێوەبەری یەکیەتی بڵاوکراوەی کالۆ بوو. کتێبخانەی گەورەی باپیری و پیشەی باوکی، سەرەتای دەستپێکی ئاشنایی" هێرمانە هێسە"ی گەنج دەبێ لەگەڵ ئەدەبیاتدا. لە ڕێگای باوك و دایکیەوە کە موبەلەغانی مەزهەبی لە هێندوستان بوون، توانی لەگەڵ جیهان بینی و بیرۆکەی فەلسەفی هێند دا ئاشنایەتی پەیدا بکات. هێرمان کە لە سەرەتای لاوێتیدا ڕۆحێکی هەستیاری هەبوو، لە بەرامبەر نابەرابەرییەکانی کۆمەڵگا و دژ وازی و ناکۆکی دەرونی لەگەڵ دایك و باوکیدا لە تەمەنی ١٥ساڵیدا لە قوتابخانەی کلیسایی" ماول برۆن"( شوێنێك کە کەش و هەوایەکی سەدە ناوەڕاستی چیرۆکەکەی واتە" نارتسیس و گۆلدمۆند" ی بۆ دەستەبەر کرد) کە بورسیەی خوێندنی لە ڕشتەکانی ئیلاهیاتی پرۆتستانتیسم" بەدەست هێنا، هەڵات. دوای هەڵاتن تووشی خەمۆکی بوو و دایك و باوکی بردیانە لای" جن گیر" کە لە ئاکامدا بووە هۆی ئەوەیکە" هێرمان" دەست بۆ کردەوەی خۆکوژی ببات. دوای کردەوەی خۆکوژی،" هێرمان"یان ڕەوانەی ئاسایشگای منداڵانێك کە مێشکیان تەواو نییە لە ئێشتەتەن کرد، پاشان لە کانشتات خولێکی یەکساڵەی دەستپێکرد و ماوەیەك دواتر لە شاری کالۆ لە کارگایەکی سەعاتسازی تایبەت بە بۆرجەکانی کلیسا، دەستی بەکار کرد و دوای تەواو کردنی ئەم خولە لە شاری" توپینگن" لە ڕشتەی کتێب فرۆشی" بۆ ماوەی سێ ساڵ(١٨٩٥ – ١٨٩٩ی زایینی ) دەستی کرد بە کارئاموزی.

" هێسە" بۆ سەرگەرم کردنی خۆی شێوەکاری و باخەوانی دەکرد. کاری" ئاوڕەنگ"ی هێرمان دوو جۆر سەبکی جیاجیایان هەیە( واقیع گەرایانە و زەینی ). دوای ئەوەیکە بە سەرکەوتوویی ڕۆمانی" پتر کامنتسیند"ی تەواو کرد، لەگەڵ" ماری برنولی" کە ئەڵێی لە نێو یەکەم ئەشعاری" هێسە"دا هاتبووە دەر، ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنا. هێسە لە ساڵی ١٩١٢ بۆ وڵاتی سوئیس کۆچ دەکات و لە ساڵی ١٩٢٣ دەبێتە هاوڵاتی ئەو وڵاتە. هەروەها هێرمان هێسە وەك پڕخوێنەرترین نووسەری ئوروپایی لە سەدەی بیستەم دا ناسراوە.

" ڕەزا نەجەفی" لە کتێبێکدا لەسەر" هێرمان هێسە" دەڵێت: "هێسە لە کاتی لە دایك بوونیەوە لە کالۆ و نزیك دارستانی ڕەش( جنگل سیاه) تا کاتی مردنی لە مۆنتانیۆلا لە کەناری ڕوباری لۆگانۆ هیچ




کات لە سروشــت جیا نەبۆوە و نابێ کاریگەری سروشــت لەسەر بەرهەمەکانی هێســە لەبەرچاو نەگرین". بە وتەی ئەم رەخنەگرە، هاوشێوە بوونی جوغرافیایی و سروشــتی سوئیس لەگەڵ ناوچەی" شواب"( شوێنی لەدایك بوونی هێسە" لە ئاڵمان ئەوی بە دیاردەی سنورە سیاسیەکان بێ باوەڕ و بێ ئێعتقاد کرد و لەگەڵ ناســیونالیزمی ئاڵمانی کەوتە شــەڕ و ناکۆکیەوە. سروشتی ئاشنای سوئیس کۆچکردنی بۆ ئەو لەبار و مومکین کرد و بە گۆشــەگیری لە نێو سروشــتدا، پێشکەوتنی ئەدەبی هێسە بە ئەوجی خۆی دەگات.

هێرمان هێســە لەبەر هێز و ئێســتعدادی نووســەری و شــکۆفایی ئەندێشە و بوێریەکی قوڵ لە بەیانی فیکر و ئەندیشــەی مرۆڤدۆســتانە و شــێوازی زۆر بەرزی نووسیندا، خەڵاتی" نوبلنابل"ی پێی بەخشرا.

## زمانی سادە، تایبەتمەنی هێرمان هێسە

هێرمان هێسە لە بەرهەمەکانیدا باس لە خەباتی نەمرانەی رۆح و ژیان دەکات و بە شــێوەیەکی هۆنەرمەندانە لە نێوان ئەم دوو دیاردەیە هاوســەنگی دروست دەکات. لە دەیەی ســێهەمی ســەدەی بیســتەم دا وەك هاوڵاتی سوئیسی لە ناوچەی" تسین" نیشتەجێ بوو. مەیل و گەرایش بەرەو" رۆمانتیسم" و تەبیعەت گەرایی یەکێك لە نمونەکانی بەرچاوی بەرهەمەکانی پێشــووتری هێسەیە. ئەم شــێوازە لە یەکێك لە یەکەم رۆمانەکانیدا بە ناوی" پیتر کامنسیند"(١٩٠٤) کە بەرەوڕووی گەلێك پێشوازی بۆوە، بەرچاو دەکەوێت. ناوبراو بە شێوەیەکی جیدی باس لە گرفتی مرۆڤەکان و پیوەندی نێوان ئەوان و هەروەها رۆڵی هۆنەرمەند لە کۆمەڵگادا، دەکات و لە رۆمانەکانی" گرترۆد"(١٩١٠) و" رۆســهالدە"(١٩١٤) بە شــێوەیەکی هۆنەرمەندانە باســی ئەم گرفتانە دەکات. هێسە وەك نوێنەری جەریاناتی" ئاشــتیخواز –پاسفیسم" کەسانێکی وەك تئۆدۆر هویس لایەنگری و پشتیوانیان لێدەکرد. لەم پێوەندەدا کەســانێکیش لە ئاڵمان بە شێوەیەکی دڕندانە دژ بە ناوبراو وەستانەوە. هێرمان دوای ئاشنایەتی لەگەڵ" یوزف بلانگ" یەکێك لە شــاگردەکانی کارل گوستاو یونگ، هێسە لە رێگای ئەم راوێژکارەوە لەگەڵ بەرهەمەکانی زیگمۆند فرۆید و یۆنگ ئاشنایەتی پەیدا کرد. هێسە لە رێگای ئــەم بەرهەمانەوە بۆی دەرکەوت کە هەر کام لە هەڵاتنە شــێتانەکانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٤ تا ١٩١٤ لە راستیدا هەڵاتن لە دەست خۆی بووە، رەنگدانەوەی دەرد و ئازارە دەروونییەکانی بووە لە دونیای دەرەوەدا، وە نووسەراوەکانیشی بەشێك بوون لە خۆی. هێرمان لە ســاڵی ١٩٢١ لە پێشــەکی یەکێك لە نووسراوەکانیدا جەختی کردەوە:" هەموو ئەم چیرۆکانە پێوەندیان بە خۆمەوە بوو، رەنگدانەوەیەك بوون لە رێگایەك کە گرتبوومەبەر، خۆزگە و ئاواتە شــاراوەکانم و دەرد و ئازارە تاڵەکانم."

## فەلسەفەی هیندی

بە پێی ســەرنج و عەلاقەیەکی تایبەت کە نووســەر لەم فەلســەفە بەدەستی هێنابوو، لە ساڵی ١٩٢٢ دا رەوایەتێك بە ناوی" سیزارتا" بڵاو دەکاتەوە کە یەکێك لە پڕخوێنەرترین بەرهەمەکانی ناوبراو بە ئەژمار دێت. ئەم کتێبە روانینێکە لەسەر ریشەکانی دەروونناسی لە مەزهەبە جیهانییەکان و مەکاتبی عەقڵی و" هێسە"ش

بە شوێن تەفاهوم و هاوسەنگی نێوان دوو فەرهەنگی شەرق و غـەرب( رۆهەڵات و رۆژئـاوا) دا دەگرێت و دەیهەوێت عەمەلی و بەکردەوەی دەربێنێت).

## پیتر کامنسیند

باسـی ژیانی گەنجێك دەكات کە گونـدە بچوکەکەی بەجێدەهێڵێت تا سەرتاسـەری جیهـان بگەڕێت، بەڵام ئەو هەڵودای هۆنـەرە و بەم بۆنەوە جوانییەکانی ژیان دەبینێت و هێسـە لەم رێگایەوە بۆچوونە شەخسـیەکانی سەبارەت بە هۆنەر و چارەنووسـی خۆی بەیـان و دەردەبڕێت و لە جەریانـی ئەم جەهانگەردیـەدا زاڵ بوونی ژیانی تەبیعی بەسەر شارسـتانیەتی شەهری دا پیشـان دەدات و رەخنە لە شارسـتانیەتی رۆژئاوا دەگرێـت. پیتر قارەمانی کتێب دوای بێ هیوا بوون لە سەیر و سیاحەت و گەڕان، کۆتایی بە سـەرگەردانی خۆی دێنێت و دەگەڕێتـەوە بۆ ئاواییە بچوکەکەی و هەوڵ دەدات چاکسازی تێدا بکات. هێسە لەم بەرهەمەیدا باسـی مەسائیلی منداڵی و نەوجەوانی کردووە و باسی ئەو کەسانە دەکات کە بەدوای ناسینی کەسایەتی خۆیانەوەن و زۆرجـار داماوانە بـەدوای رێگایەکەوەن بۆ هەڵاتن لەدەسـت ژیان و لە رێگایەوە ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە.

" ژێر تەگـەر"(١٩٠٦) یەکێکی دیکە لە بەرهەمەکانی هێرمان هێسەیە. ئەم کتێبە نمایشێك لە تەزاد و ناکۆکی لە نێوان ئازادییە تاکەکەسیەکان و گوشارە تەخریبی و روخێنەرەکان لە کۆمەڵگای مۆدرن و پێشکەوتوودا نیشان دەدات. هێسە لەم رۆمانەدا تا رادەیەك باسی دەورانی منداڵی خۆی و براکەی" هانس" دەکات. ژیان لە قوتابخانەی کلیسای" ماول برۆن"، دەورانی کارئاموزی و وەبیرهێنانەوەی سروشـت و دیمەنی شـاری لەدایك بوونی، بەشێکن لە ئەزمونی نووسەر کە لە کتێبی" زیر چرخ" دا زیندوو بوونەتەوە. فەزای" رومانتیسم" کە بەسەر چیرۆکەکەدا زاڵە، بە قەڵەمە بەتواناکەی هێرمان هێسە بۆتە دادگایەکی تاڵ لە دژی سیستمی ئاموزشی( فێر کردن و بارهێنان) کە هەوڵی سەرکوت کردنی ئێستعداد و لێهاتوویی مرۆڤەکان دەدات.

چیرۆکەکانی دیکەی هێرمان هێسـە بریتین لە" دەمیان، گێرترود، رۆسهالدە، سـیزارتا، گورگی بیابان، نارسیس و گێلدمۆند، سەفەر بۆ رۆژهەڵات و یاری مەرمەرە شوشەیی.

نووسـەرەکانی" هێرمان هێسـە" بریتین لـە دەیان هەزار نامە، هەفتا ملیۆن نووسخە کتێب و نووسراوەی جیاجیا لە سەرتاسەری جیهان. سەرەڕای ئەمانە، هێرمان هێسە لەگەڵ زیاتر لە شەست گۆڤاری پێشڕەودا هاوکاری دەکرد. ناوبراو لە سـاڵی ١٩٧٦ی زایینی خەڵاتـی" نوبڵ"ی ئەدەبیاتی پێ بەخشـرا. هەروەها لە ساڵی ١٩٣٢ی زایینی بە ناوی" هێرمان هێسە" بە نووسـەرە بەناوبانگەکانی جیهان خەڵات پێشکەش دەکرا.

## ئاڵۆزی دەرونی و کۆتایی ژیان

هێرمان هێسـە بە هۆی ئەوەیکە هاوسـەرەکەی تووشی نەخۆشـی" شیزۆفرنی" ببوو، لە سـاڵی ١٩١٦ گیرۆدەی نەخۆشـی خەمۆکی بوو و خرایە ژێر پرۆسەی دەرمانەوە. هێسـە لە کتێبی" دەمیان" دا باس لـە دەورانی گەنجی، توخمە پێکهاتەییەکان– دەرونی- تەحلیلی دەکات. ئەم کتێبە بە هۆی کەش و هەوایەکی دژومنانە کە ئەو کات لە دژی ناوبراو بە سەر فەزای سیاسی– کۆمەڵایەتی ئاڵمان دا زاڵ بوو، بە نازناوی" ئێمیل سینکلێر" بڵاو کرایەوە کە لە چاپی شازدەهەم دا ناوی راستەقینەی نووسەر ئاشکرا بوو.

سـاڵانی ١٩١٨ تا ١٩١٩ی زایینی سـاڵانی جیایی لە بنەماڵە، گۆشـەگیری و نیشـتەجێ بوون لە" تسین" بوو. ئەم رووداوانە لە کورتە چیرۆکەکانی هێسـەدا بە باشـی کاریگەریان دیارە و خۆیان دەرخستووە، بۆ نموونە: کالین و واگنێر و دوایین هاوینی کلینگزۆر.

" هێرمان هێسـە" ئەم نووسـەرە بەناوبانگـە ئاڵمانی– سـوئیس"یە لە رێکەوتی ٩ی ئوتی ١٩٦٢ لە" تسـین"ی سوئیس ماڵاوایی لە ژیان کرد.

سەرچاوە: ویکی پدیا

***

# بۆ ڤیکتۆر خارا و ئێوارەی ١١ی سێبتامبری ١٩٧٣



و: ە- ا

سێبتامبری ١٩٧٣یە. ئێرە سانتیاگۆ دۆ شیلیە. کۆمەڵێ نیزامی، گۆپاڵ بە دەست و بەکرێ گیراوانی ئامریکایی، سەرکەوتوانە جادەکانیان گرت. گرتن و دەست بەسەر کردنەکان دەستی پێکردووە. ٥٠٠٠ کەسیان لە یاریگای estado de chile کۆ کردۆتەوە و دەست بەسەر کردووە؛ ڕۆشنبیران، خوێندکاران، سۆسیالیستەکان، کۆمۆنیستەکان، و هەموو هەوادارانی حکومەتی "خەڵکی" سالوادۆر آلێندە و شاعیران و هونەرمەندەکان. ڤیکتۆر خاراش لە نێوان ئەواندایە. ڕۆژەکان بە ئازار و ئەشکەنجەوە تێپەڕ دەبن.

ئێرە ئامریکای باشورە، سازمانی سیخوڕی سیا، کۆمپانیا گەورە نێو دەوڵەتیەکان و بانکە گەورەکان

حکومەتی "خەڵکی" سالوادۆر ئالێندەیان لەناو بردوو و حکومەتی فاشیستی ژێنێراڵ پینۆشەیان لە جێی داناوە. ئێستا کاتی تەسویە حسابە.

ڕۆژی ١٥ سێبتامبری ١٩٧٣یە. ڤیکتۆر خارایان ئەشکەنجە کردووە و ئەو لەسەر زەوی کەوتووە. پەراسوو و دەستەکانیان بە تەور شکاندووە. سەرۆکی زیندانی یاریگا، سەرخۆش لەو سەرکەوتنە بەرەولای ڤیکتۆر خارا دەڕوات. چ هەڵەیەک! دیکتاتۆرەکان هەمیشە نەفامن: ((پێت خۆشە بۆ هاوڕێکانت گیتار لێبدەیت و بخوێنیت؟)) ڤیکتۆر وەڵامی بەڵێ دەداتەوە. بەرپرسی زیندان دەستوور دەدات گیتارەکەی بۆ بهێنن. ڤیتۆر خارا بە دەستە شکاو و خوێناویەکان گیتارەکەی لەباوەش دەگرێت و سرودی یەکگرتوویی دەخوێنێت. هاورێکانی لەگەڵی دەیلێنەوە:

خەڵکی یەکگرتوو، هیچکات شکست نادرێت
خەڵکی یەکگرتوو، هیچکات شکست نادرێت
هەستەوە، بخوێنە
کە ئێمە سەرکەوتوو دەبین

El pueblo unido, jamás será vencido,
El pueblo unido jamás será vencido..
De pie, cantar
Que vamos a triunfar

... سرودەکە ناتەواو مایەوە و سەربازەکان ڤیکتۆریان گرتە بەر بارانی فیشەک.

٣٥ ساڵ تەمەنی بوو.

سرودی یەکگرتوویی دوای ئەو ئێوارە خوێناویە، بوو بە سرودی هەموو ئازادی خوازەکانی جیهان: پۆرتوگال، ئێران، یونان، فیلیپین، نیکارا گوئە...

ئەو سرودە هێشتاش نوێ بوونی خۆی لەدەست نەداوە هەر وەک چۆن لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ لە ئێران ئازادی خوازەکان دەیان وتەوە :

هەستەوە، لەڕیشە دەربێنە، بینای کاخی ستەمکاری و دوژمن...

وە هەروەها لە ئۆکراین چەند ساڵ لەمەوبەر، لە (ڕاپەڕینی پرتەقاڵی)دا ئەو سرودە لە کۆڵان و جادەکانی شاری کیێف دا دەنگی دەدایەوە.

ئەم داگیر کاری و کوشت و کوشتاری شیلی، بووە هۆی نەفرەت و بێزاری هەموو ئازادی خوازێک و لە کۆتاییدا و لە ساڵی ١٩٩٠ شیلی لە دەست پینۆشە ڕزگاری دەبێت و دوبارە ئازادی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە.

پینۆشە بەرەو هەر وڵاتێک دەڕوات لەگەڵ توڕەیی و بێزاری و ڕقی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتە ڕووبەروو دەبێتەوە، و لە کۆتاییدا ساڵی ٢٠٠٦ پینۆشە دەمرێت.

لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەو یاریگایە بە ناوی ڤیکتۆر خاراوە ناو دەنرێت. ***

# لە پێناو بەرز نرخاندنی گۆرکی دا


گئۆرگ لۆکاچ
و: کازیوە

ئاخرین نووسەری گەورەی کۆمەڵەی رئالیستەکانی ئوروپایی ئەمێستاکە مردووە. و بە مەردنی ئەویش، رئالیسمی سۆسیالیستیش لە راستی دا یەکەمین و گەورەترین کەسایەتی خۆی لەدەست دا. نووسەرێک کە گەورەییەکەی سێبەرێک بووە بۆسەر گەشەی هونەرێک کە لە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی دا دەگاتە لوتکە. تێکەڵاو بوونی ئەم دیاردانە لە کەسێکدا تەنها لە رووسیەدا دەتوانێ روو‌بدا کە شۆرشە بۆرژوا- دیموکراتیکەکان لەغاوی کاریان دایە دەست شۆرشە پرۆلیتەریەکان. تەنیا لە رووسیە بوو کە نەوەیەک توانی، کەوتنی ١٩٠٥و سەرکەوتنی ١٩١٧ ببینێ.

ماکسیم گۆرکی هاوسەردەم و بانتر لەوە، دۆست و هاورێی تۆلستۆی و چێخۆف بوو. هەروەها دۆست و هاورێی لێنین و ئیستالینیش بوو. ئەم هەلومەرجە تایبەتیە ئەوی لە هونەرەکەی دا زۆر تایبەت و دەگمەن کرد. گۆرکی، هەروەها لەسەردەمێک دا دەژیا کە رئالیسم لە ئوروپای رۆژئاوادا ( لەگەڵ رووسیە لە ساڵی ١٩٠٥ ) رەد دەکرایەوە. کاتێک کە گۆرکی دەستی کرد بە نووسین، رئالیسمی سۆئیفت، فیلدینگ، بالزاک و ئیستانداڵ زۆر لە مێژبوو لەبیر چووبونەوە. ناتۆرالیستە رۆڵەتیەکان و فۆرمالیستە تەجروبیەکان، بەو داهێنانە بێ مانایەیان خەریک بوون لە مەیدانی ئەدەبیات دا چالاکیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەدا، گۆرکی نەچووە ژێر کاریگەری ئەم دارمانەوە. ئەو زۆر سەر بزێوانە، سوننەتی رئالیسمی کۆنی زیندوو کردەوە و مەیلی بەرەوە لای تۆلستۆی رۆی.

ئەم دێرانە نابێ تەنها وەک هەستێکی ئەدەبی لاوەکی سەیر بکرێ. شێوەی گۆرکی لە بنەرەتدا لەگەل تۆلستۆی دا جیاوازە. روانینەکانی گۆرکی بۆ جیهان بە رادەی تۆلستۆی بەرین بوون. روانینێکی گەلێک زیندوو بۆ ئەو شتانەی کە بە بێ گیان دادەندرێن، ئەو "روانینی عەقلانی بۆ ئەو جیهان"ی کە هێگل بنیاتنەری بوو، وە ئاکامەکەی دەبێ بە جیهانێکی عەقلانی وەک مرۆڤەکان. گۆرکی یش هەروەک تۆلستۆی هاوار و تۆرەیی خۆی بەرامبەر بە سوکایەتی پێکردن و زمان بازی دەربەگایەتی و سەرمایەداری دەردەبری. ئەو هەمیشە و بەشێوەیەکی بەردەوام، هەستە مرۆڤایەتیەکانی بۆ سەرجەم مرۆڤ و شکڵ گرتنی مرۆڤە کامڵەکان دەردەخست. گۆرکی ئەم مەشغەلەی سپاردە دەست رێبەرە راستەقینەکان واتە پرۆلیتاریای زوڵم لێکراو و سەرکوت کراو. بریسکەی ئەو راپەرینەی کە تیایدا دەرکەوت، بوونە کڵپەی پرۆمتە ئاسای شۆرش.

ژیان و بەرهەمەکانی گۆرکی هێمای درەوشاوە و جوان و ناسکی ئەو راستیەن کە پرۆلیتاریای شۆرشگێر لەرێگای شۆرشی پرۆلیتێریەوە رزگاریان دەبێ، جێگرەوەی راستەقینەی تەواوی نامرۆڤایەتیەکانی مرۆڤ، تەواوی شۆرشەکانی مرۆڤ، ئۆمانیسم و هونەرن. ژیان و بەرهەمەکانی ئەو نیشانیدەدات کە پرۆلیتاریا" بە هەموو بەهاکانیەوە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پێشکەوتن و گەشەی هزر و فەرهەنگی بەشەریەت مانای راستەقینە دەبەخشێ"( لێنین). وشەی "مرۆڤ" هەستی خۆشەویستی لە گۆرکی دا دەبزوێنێ. ئۆمانیسمی گۆرکی خاوەنی چێژ و جوڵەیەکی زیاترە. هەم روونترە و هەم سەررێژترە لە رق دژ بە هەر چەشنە سوکایەتیەک پێکردنێک بە بەراورب بە ئۆمانیستەکانی پێش خۆی. هۆکاری ئاشکرا بوونی لە رادە بەدەری ئۆمانیسمەکەی نزیکی ئەوە لە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کرێکاری، و لە بۆلشویزم.




بۆ گۆرکی، بزوتنەوەی کرێکاری، و شۆرشی پرۆلیتێری تاکە رێگای رزگاری هەموو مرۆڤەکانە. بە مانای دارمانی ئەو زنجیرانەیە کە گەشەی هەمەلایەنە و ئازادی کەسایەتی مرۆڤ وێراندەکات.

گۆرکی لاو دەیتوانی هەموو ئەو هێزە ببینێ کە لەناخی کۆمەڵگادا بوونی هەیە. ئەو دەیتوانی ئەو بوژانەوەیەی لە شۆرشدا بە دژی نەهامەتی و سوکایەتیەکی کە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتوە هەست پێ بکا. ئەو هەروەها دەیتوانی ببینێ کە چلۆن ئەو هێزانەی لە ژێرکاریگەری سەرمایەداری ئاسیایی روسیەی کۆن دان بەهاکانیان لەدەست دەدەن. رزگار کردنی هێزە مرۆییەکانی خەڵک، لە بزوتنەوەی کرێکاری شۆرشگێردایە کە دەستەبەر دەبێت. لە کۆبوونەوەی هێزە ئینسانیە رزگاری خوازەکاندا، بەڵام نەوەکوو رزگاری دوورە دەستی مرۆڤەکان بە واتایەکی گشتی. تایبەتیترین خاڵ سەبارەت بە بۆچوونی داهێنەرانەی گۆرکی ئەوەیە کە ئەو بزوتنەوەی کرێکاری شۆرشگێرانەی بە رزگارکەری تاک بە تاکی هەموو ئەو ئینسانانە دەبینێ کە لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە. ئەو دەیتوانی هەست بەوە بکات کە لە ناخی مارکسیزم و بۆلشویزم دا، ئۆمانیسم زیاتر لە ئیدەئالێک، بە واتای ئامانجێکی درێژ خایەنە. لەگەڵ ئەوانەدا، ئۆمانیسم بە بنچینەیەکی گرنگتر بۆ کرداری شۆرشگێرانە دادەندرێ. ئەم ئۆمانیسمە بۆلشویکیە رۆمانی "دایک" بە سرودێکی قارەمانانەی بزوتنەوەی کرێکاری شۆرش دادەنێ.

# مارکسیزم و مێژووی ئەدەبیات

ن: گێئۆرک لۆکاچ
و: هیوا ئەمانی



ڕۆژنامـــەی" رووتە فانە"( ئاڵای ســـوور) لە بەرواری بیســـت و پێنجی ئوتی ساڵی ١٩٢٢دا، بابەتێکی تایبەتی لەژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوەدا بڵاو کردەوە. بە گرنگیدان و- لەهەمان کاتدا- سروشـــتی کراوەی بابەتەکە، لەوانەیە خـــراپ نەبێ کە بابەتەکە بە دەربڕینی چەند بۆچوونێک بەپێزتر بکەین.

مانای چینایەتی" هونەر لەپێناو هونەر دا"

نووســـەر بابەتەکەی بە ڕەد کردنەوەی بۆچوونی "هونەر لەپێناو هونەر دا" دەســـت پێدەکا. ئەو ئەم بۆچوونە وەک چەکێکـــی ئیدۆلۆژیکی بۆرژوازی و بە هاوتایی چەکی "زانستی بێ لایەن" دەبینێ. بێ گومان ئەم بۆچوونە هەڵە نیە، تەنها هەندێک ئابســـتراکت" دەرهەستە"؛ واتە بۆ لە قاودانی مانای چینایەتی ئەم بۆچوونە بەس نیە. لە ڕاستی دا، نابـــێ هیچ کات لە بیرمان بچێت کە بۆچوونی هونەر لەپێناو هونەر دا بە هیچ شـــێوەیەک دروشمی لێکۆلینەوە سەرەتاییەکانی بۆرژوازی لە ئەدەبیات نەبووە. بە پێچەوانەوە، هونـــەری بـــۆرژوازی هەر وەک هونەری بەدەروەســـت بە دژی هونەری دەرەبەگایەتی- ئیســـتبدادی لە دایک بوو، بەڵام دواتر لە ســـەردەمی وایمار، گوتە و شیلێر دا بوو کە هونـــەری" تایبەت" بەدەر لە هەر شـــێوە بەڵێنداریيەک لە دایک بوو؛ ئەم شێوە ئەدەبیاتە لە دوای شۆرشی ١٨٤٨ لە پاریس و بریتانیادا بوو کە گەیشتە لوتکە"، لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆمانتیسمی ئینگلیزی فەرانسەوی- کە مرۆڤ وەبیر ویکتۆر هۆگۆ، بایرۆن و شـــللی ئەخاتەوە، هێشتاش هەر خاوەن هەڵوێســـتێکی زۆر توندە". بەڵام لـــە ئاکام دا ئەم بۆچوونە لە کۆتایەکانی ســـەدەی نۆزدەیەم دا، بە تەواوی بەســـەر کەش و هەوای هونەری دا زاڵ بوو، ئەگەر چی کە هێشتاش هونەر لەپێناو هونەر بەقەدەر نووکە دەرزیەک لەگەڵ کاری ئەدەبی نووســـەرانی ناوداری ئەو سەردەمە وەک زۆلا، ئیبسن، تۆلستۆی و داستایۆفسکی دا یەکی نەدەگرتەوە.

ئێســـتا کە ئێمە ئەم گۆڕانکاریە لـــە دەرکی ئەدەبیات لە پێوەند لەگەڵ گۆڕانکاری چینـــی بۆرژوا دا لە نزیکەوە شـــرۆڤە دەکەین، ئاشـــکرا دەبێ کە" هونەر لەپێناو هونەر دا" دیاردەیەکـــە کە پێوەنـــدی بە ڕوخانـــی بۆرژوازیەوە هەیە، نیشـــانەیەکە لەو ڕاســـتیەی کە بـــڕوا بە ئامانجە چینایەتیەکان لە بیر و زەینی ناسراوترین و پێشکەوتووترین چینی بۆرژوا دا لێک ترازاوە. ڕاستە کە ئەم لێک ترازانە بەمانای پچڕانی تەواوی پێوەندیە بنەرەتیەکان نیە لەگەڵ تەواوەتی کۆمەڵگای بۆرژوازی، و نە" تەنانەت" بەڕوونی بەمانای ئەو بۆچوونانە نیە کە ئەم کۆمەڵگایە پشت سەر ئەنێن. لە ڕاســـتی دا، شێوەکانی هەست و شیوەکانی ژیان کە ناوەرۆکی لەدایـــک بوونە ئەدەبیەکان دیاری ئەکەن، هەر بەو ناو و نیشانەی پێشترەوە ماونەتەوە.

ئەم شـــێوازانە تەنها لەناوەرۆکی خۆیان بەتاڵ کراون. وە ئەم بەتاڵ بوونە ئاکامی ئەم ڕاستیەیە کە بڕوا بە توانایی ئەم شێوە ناوەرۆکە سەبارەت بە گۆڕینی جیهان لە ناو چووە. ئەم شێوانە تەنها شێوە گەلێکی دروستکراون، شێوەگەلێکی تەنهـــا" ئەدەبی". وە بۆچوونی" هونـــەر لە پێناو هونەر دا" نیشـــانەی جیاوازی بەدیهێنەری باشترین ڕۆحیاتی چینی بۆرژوایـــە لەگەڵ گۆڕانکاری گشـــتی خودی چینەکە. لە ڕوانگەی چینی شۆڕشـــگێری پرۆلیتاریاوە، ئەم مەیلە بێ دوو دڵی کۆنەپەرەســـتانەیە. لە ڕوانگەی پرۆلیتاریاوە، هونەری چینی دەسەڵاتدار، هونەرێکە بەڵێندەر و نیشاندەری ئامانجگەلێکی دیاری کراوی چینایەتی. بەڵام سەبارەت بە چینی بۆرژوا، ئەم شتە ئەبێتە ئاشکرا کەری پرۆسەی دارمانی ئیدئۆلۆژیک.

ڕاســـتە کە مـــرۆڤ ناتوانێ بەڕوونـــی ڕەوا بوونی ئەم دۆزراوەیە شی بکاتەوە، مەگەر لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی پـــڕاو پڕ و دیاری کراوەوە لە کۆی گۆڕانەکە. بە هەموو ئەوانەوە لەوانەیە بتوانین کە ئەم دراوانە بە یارمەتی چەند نمونەیـــەک ڕوون بکەینەوە. بۆ نمونە ئەگەر دۆن کارلۆس شـــیلێر لەگەڵ والنشتاین بەراورد بکەین، وە ئەگەر ڕۆڵ و چارەنووسی نمونەی پاڵەوان گەلێک کە بە ڕاستی تایبەت بەون لە نزیکەوە بدەینە بەر لێکۆلینەوە لەلایەکەوە، مارکۆز پـــۆزا (Maquis.posa) وە لەلایەکی ترەوە ماکس پیکۆلۆمینی (M.picolomini)، جیاوازیەکە زۆر بە ڕوونی دەر ئەکەوێ.

پاڵەوانی نمونەی شـــیلێر، بەیانی شۆڕشگێرانەی چینی بۆرژوازیە. شۆرشـــی کارڵ مـــۆر (K.moore) کە بەشـــێوەیەکی ئەدەبی و بیرمەندانە وێنا کراوە، گێرەرەوەی بەشێک لەو هەستانەیە کە ڕەوتی شۆرشگێرانەی شۆرشی گەورەی فەرانســـای بەرەو پراکتیک و کردار ڕاکێشـــا. ( وە ئـــەوە نـــە ڕووداوە و نە لێ تێکچـــوون، کە پارلمان و کۆنوانسیۆن شیلێر بە شـــارۆمەندی کۆماری فەرانسا دەردەهێنێ). لە لایەکی ترەوە مارکۆس پۆزا بۆ خواســـتە گشتیەکانی بۆرژوازی شۆرشگێر و ئازادی بیر کردنەوەیە کـــە خەبـــات دەکا؛ وە تەنانەت شـــێوەی خەباتەکەی بە جۆرێکی دەرهەستی، تورە و سادە و بە شێوەی ماکیاوەلی گێژانەیـــە. زۆر قورس مرۆڤ وەبیر شـــێوەی جولانەوەی زۆریـــەک لە قارەمانـــان و ڕێبەرانی شۆرشـــی گەورەی فەرانسا ئەخاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو شێوە دەرەکیانەی کە خەبات بە خۆیەوەی ئەگرێ، ڕەنگدانەوەی دیکتاتۆریەکی بیرتەسکانەی دەرەبەگایەتی ئاڵمانی بێ.

ماکس پیکۆلۆمینی لە هەســـت و بیرکردنەوەکانی دا، بـــرای کارل مۆر و مارکز پۆزە. بـــەڵام ئیتر خاوەنی ئەو ئامانجە شۆرشـــگێرانانە نیە کە ئامـــادە بوو لە پێناویاندا خەبات بـــکا، ئیدیالیســـمەکەی و تامەزرۆیەکانی هیچ هاوئاهەنگیەکیـــان پێکەوە نیە. ئەو بـــۆ جگە لە ماف و جوانی گشـــتی شـــەوقی نیە. ئەو ڕاستیە بێ گیان و بێ مانایەی کـــە لەگەڵ بوونی بـــرا گەورەکانیدا خەریکی خەبات کردنە لەســـەری، ئێستاکانە لە هەموو بوارەکان دا ڕواڵەتی دەرکەوتوە.

داهێنەری ئەم ڕۆڵە هەر بەو شـــێوەیەی کە باسمان کرد وەک ســـیمایەکی نەگۆر خەریکە خـــۆی ئەگونجێنێ. وە هەروەهـــا ماکس پیکۆلۆمینی، بـــە پێچەوانەوە کارڵ مۆر و مارکـــز پۆزا، ئیتر لە ناوندی شـــانۆکەدا بوونیان نیـــە؛ ئەو چۆتە ئاســـتی ڕۆلگێرێکی ســـادەی وەرزیەوە. چارەنووســـی ئەو ئیتر خەباتێکی روون و ئاشـــکرا نیە لە پێناو ئامانجەکانی دا، بەڵکو ســـەودایەکی ناهاوئاهەنگە بۆ ئـــەو ئامانجانە. خەباتێکە کـــە کۆتایەکەی ناتوانێ شـــتێک بێ جگە لە مردنێکی بێ هیوایانە و پوچ، واتە" مردنێک لەو پـــەری جوانی دا". لە نێوان دۆن کارلۆس و واڵنشـــتاین دا ساڵەکانی ١٧٩٣ و ١٩٧٤ بوونی هەیە. ئەم سەردەمە، سەردەمی تیرۆر، ئەوپەڕی شۆرشی بۆرژوازیە. ســـەردەمێک کە نیشاندەری ترســـی چینی بۆرژوازیە لە ئاکامی چەک و شەڕێکدا، کە خۆی وەگەری خستووە. ئەمە خۆ گوونجاندنە لەگەڵ شێوەی دەسەلاتی چەکداری،

تـــا بەرژەوەندیە ڕاســـتەقینەکانی چینی بـــۆرژوازی لە ڕووی ئابووریـــەوە بە دژی تاکرەوی فئۆدالی- و بە دژی پرۆلیتاریا- بچەســـپێنێ. ئارمانگەلێـــک کە دەبێ ببنە هۆی ئالوگۆڕی جیهان، بۆخۆیان بوونە ئیدۆلۆژی ساف و سادەی گەشەی ئابووری سەرمایەداری. هێشتا بزوتنەوەی هونەر لە پێناو هونەردا لە قوتابخانەی ئاڵمانی دا لەم ڕەش بینیـــە، لەم بێ هیوایە، لەم بـــێ ناوەرۆکیەی بەرانبەر بە چینی خۆی وشیاری وەدەست نەهێناوە. بەڵام کاتێک کە ئێمە نوێنەرانی گەورەی ئەم دۆزەرەوەیە لە نیوەی ســـەدەی نۆزدەیەم دا ســـەیر ئەکەین، بابەتەکە زۆر روون و ئاشکراتر ئەبێ. بۆ نمونە بەرچاوترینی ئەم نوێنەرانە دەهێنینەوە بیر، فلۆبێر و بۆدلێر. فلۆبێر، بەتەواوی هەســـتیاریەوە، نوێنەری توێژێکە کە پرۆســـەی شۆرشـــەکانی ١٨٣٠ و ١٨٤٨ بە شێوەیەکی سەرلێشێواوانە و ئێحساساتی و بە ناوی سوننەتە گەورەکانی سەردەمی شۆرش، لەگەڵ" فەرانسەی نوێ"، لەگەڵ سازانی ڕەوتە جیاوازەکانی سەرمایەداری و زوڵمی چەکداری، کەوتبوونە دژایەتیەوە. فلۆبێر لە بەشـــێک لە چیرۆکەکانـــی دا بۆ نمونە بە جوانترین شـــێوە پەروەردەی هەســـتەوەری ڕقەکەی دەخاتە ڕوو. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕقە، یەکسەرە مەنفی بوو، وە نەیدەتوانی شانبەشانی پەیامێکی ئەرێنی لەگەڵ ئێستای ڕق لێبوونەوەی بکەوێتە دژایەتیەوە، هەســـتی نووسەر دەبوو بە دڵنیایەوە بە شێوەی ڕەد و دەرکردنی یەکســـەری جوانی ناسی و بە شێوەیەک دژایەتی لەگەڵ دزێویەکانی ژیانی ئێستا بێتە بەرچاو.

بـــەم هۆیەوە لە پانتایی ئیدۆلۆژیک دا ئەم قســـەیەی مارکس ڕاســـتە لە بارەی بۆرژوازیـــەوە- وە بە دڵنیایەوە دەکرێ ژمـــارەی نمونـــەکان زیاد بکرێ-" گشـــت ئەم کەرەستە فەرهەنگیانەی کە بۆرژوازی دروستی کردوون، بە دژی شارستانیەتیەکەی خۆی هەڵدەگەڕێنەوە و هەموو ئەو خودایانەی کە دروستی کردوون بە جێی ئەهێڵن."

دووبارەی بکەینەوە کە ئەم ناسینەی ئێمە بە هیچ شێوەیەک ئەم ڕاستیە بۆ پرۆلیتاریا ناگۆڕێ، کە دەبێ تیۆری هونەر لە پێناو هونەردا وەک تیۆریەکی دواکەوتوانە کە لەلایەن بۆرژوازی، بەرەو گەندەڵی ڕۆشـــتوو، دانراوە وەلا بندرێ. بـــەڵام ئەگەر پرۆلیتاریا بیـــەوێ لەبەرامبەر بۆرژوازی دا بارودۆخێکی لەبارتر هەلبژێرێ، دەبێ بە شێوەیەکی پڕاوپڕ هەموو بابەتەکە لە ڕاستیە هەست پێکراوەکەی و ماهیەتە چینایەتیەکەیدا بۆ بۆرژوازی بدۆزێتەوە.

١٣/ئۆکتۆبەری/١٩٢٢

سەرچاوە، "کتێبی جومعە"، ژمارە سێ، خەرمانانی ١٣٥٨

# میراتگری شۆڕش

بەبۆنەی کۆچی دوایی **کارلۆس فوێنتس** نووسەری ناوداری مێکزیکیەوە

لە فارسیەوە: پەیمان



کارلۆس فوێنتس، نووسەری ناوداری مێکزیکی لە تەمەنی هەشتاوسێ ساڵیدا لە نەخۆشخانەیەک لە مێکزیکۆسیتی ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ئەو نووسەری بەرهەم گەلێکی وەک "گرینگۆی پیر" و "مەرگی ئاڕتیمۆ کرۆس" بوو. ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمەکانیشی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی.

کارلۆس فوێنتس، نووسەری ناوداری مێکزیکی، ڕۆژی شەمە ١٥ مانگی مەی ساڵی ٢٠١٢ لە تەمەنی هەشتاوسێ ساڵی دا لە مێکزیکۆسیتی بەهۆی نەخۆشی دڵەوە گیانی لە دەستدا. مەرگی ئەو لەلایەن جولیۆئۆرتێگاوە، نووسەری ژیاننامەی فوێنتس و ئوستادی توێژینەوەی ئیسپانیایی زانکۆی براون، شوێنێکی کە فوێنتس خۆیشی ساڵانێکی دوورو درێژ لەوێ دەرسی وتۆتەوە، پشتڕاست کراوەتەوە.

فوێنتس بەهۆی نەخۆشی دڵەوە لە نەخۆشخانە گیانی لە دەستدا. بەپێی ڕاپۆرتێکی هەواڵنێری ئاسوشیتێد پرێس دکتۆری تایبەتی چارەسەری فوێنتس وتوویەتی کە ئەو لە ناوەوە توشی خوێنبەربوون بووە.

ئەم نووسەرە مێکزیکیە گەلێک بەرهەمی وەک شانۆنامە، کورتە چیرۆک و ڕۆمانی لەکارنامەدا هەیە، بەڵام زۆرترین ناوبانگی بە نووسینی دوو ڕۆمانی "گرینگۆی پیر" و "مەرگی ئاڕتیمۆ کرۆز" ەوە بەدەست هێناوە. لەو بەرهەمانەی کە لەم نووسەرە کراونەتە فارسی دەکرێ ئاماژە بە ڕۆمانەکانی "ئائورا"، "مەرگی ئاڕتیمۆ کرۆز"، "گرینگۆی پیر"، "سەری هیدار"، "توێژ هاویشتن"، "ئینس" و "خزمانی دوور" بکرێت.

بیست و چوارەمین و ئاخرین ڕۆمانی" چارەنووس و ئارەزوو" ش سەرنجی ڕەخنەگران و خوێنەرانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە و نیۆیۆرک تایمز ناوی ئەم بەرهەمەی لەپاڵ ناوی "شەڕ و ئاشتی" لیئۆ تۆلستۆیدا دانابوو بە جەغتکردنەوە لەوەی کە هیچ بەرهەمێکی ئەم نووسەرە مێکزیکیە لاسایی کردنەوەی ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی نییە.

فوێنتس تا ڕۆژی مەرگی لەحاڵی پیاسە کردندا بووە. دواین نووسینی وتارێکی تەحلیلی سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە فەڕانسە بوو کە ڕۆژی شەمە ١٥ی مانگی مەی لە ڕۆژنامەی مێکزیکی ڕیفۆڕما بڵاوکرایەوە.

فوێنتس بە بەردەوامی چێژی لە نووسین وەردەگرت و دەیوت، تەنانەت کاتێک کە لە جێوبانی خەودایە بەدڵ ئاواتە خوازە هەرچی زوتر ڕۆژببێتەوە تا بتوانێ دەست بکاتەوە بە نووسین. ئەو دەیوت: <<ڕەمزی بەختەوەری ئەوەیە کە بەڕێوەبەری کارێک بیت کە چێژی لێ وەردەگری>>. ئەو خەڵاتێکی زۆری لەماوەی تەمەنی ئەدەبی خۆیدا وەرگرت کە خەڵاتی سروانتس لە ساڵی ١٩٨٧ دا یەکێک لەوان بوو.

کارلۆس فوێنتس لە دووتوێی بەرهەمەکانیدا دەستیداوەتە گێڕانەوەی مێژووی مێکزیک بە ئاوێتە کردنی بە تێم گەلی ئەویندارى، مەرگ و بیرەوەری. دەوترێ کە ئەو مێکزیکی لە بەرهەمەکانیدا دروستکردۆتەوە؛ هەروەک دۆست و هاورێی دێرینی گابریل گارسیا مارکێس کە بە ڕیئالیزمە جادوییەکەی، شوێنێکی وەک << ماکۆندۆ>>ی خولقاند.

فۆئینتس لە ١١ ی نوامبری ساڵی ١٩٢٨ لە وڵاتی پاناما لە دایک بوو. باوکی دیپلۆمات بوو هەر لەم ڕووەوە ئەویش لە تەمەنی منالییەوە ڕێگای بۆ وڵاتانی جۆراوجۆری ئەمریکای باشوور کرایەوە و ماوەیەک لەوێ ژیانی بەسەر برد. بنەماڵەکەی لەساڵی ١٩٣٦ دا بۆماوەی چوار ساڵ لە واشینگتۆن نیشتەجێ بوو کە ئەمەش بووبە هۆی زاڵبوونی فۆئینتس بەسەر زمانی ئینگلیزیدا. ئەو تەمەنی ١٦ ساڵ بوو کە سەرئەنجام لەگەڵ بنەماڵەکەیدا گەڕایەوە بۆ مێکزیک.

## میرات گری شۆڕش، پابەند بە بنەماکانی یەکسانی

فۆئینتس یەکێک لە نووسەرەکانی بزوتنەوەی ئەدەبیی ناسراوبە "بایەقوش" ە کە لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی زایینی دا بەرهەمەکانی وەک ئاسەواری باقی نووسەرانی ئامریکای لاتین کەوتەبەر سەرنج و پێشوازیەکی بەرینی ئوروپایەکان. لە ئەدەبیاتی ئیسپانیایی زماندا ناوی فۆئینتس هاوشانی باقی نووسەرانی گەورەی وەک گابریەل گارسیا مارکێز، ماریۆ بارگاز یوسا و خولیو کۆرتاسار دادەنرێت.

هەروەها ڕۆمانی گرینگۆی پیر یەکەمین ڕۆمانی نووسەرێکی مێکزیکی بوو کە توانی لە ئەمریکای باکوردا پلەی یەکێک لە پڕفرۆشترین ڕۆمانەکان بەدەست بێنێت. ئەم ڕۆمانە سەبارەت بە شۆڕشی مێکزیک نووسرا و لەساڵی ١٩٨٥دا لە ئەمریکای باکور پێشوازیەکی باشی لە ئاستی گشتیدا لێکرا.




هەوێنی سەرەکی نووسینی گرینگۆی پیر چارەنووسی نادیاری ئەمبروز بی بێرس، نووسەری بەناوبانگی ئەمریکایی، بوو کە لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستی زایینی دا بە نووسینی وتار و ناوەرۆکی کتێبەکانی ئاژاوەیەکی زۆری لە ئەمریکادا دروستکرد بوو. بی ئێرس لەساڵی ١٩١٣ و لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا چوو بۆ مێکزیک تا بە شۆڕشەوە پەیوەست بێ بەڵام دوای ئەوە هیچ کەس نازانێ چی بەسەرهات. لەساڵی ١٩٨٩دا فیلمێک لە ڕۆمانی گرینگۆی پیر، هەر لەژێر ئەم ناوەدا، دروستکرا بە ڕۆڵتێدا گێڕانی جین فۆندا و گریگۆری پێک.

فۆئینتس کە لە بەرهەمەکانیدا باسی مێکزیک دەکات، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئاهەنگی ڕەوتی ژیانی زۆربەی دانیشتوانی مێکزیک زۆر خاوە و ئاوێتەیەکشە لە کێشەوگرفت، توندوتیژی و ناڕەزایەتی بەردەوام لە بارودۆخی ژیان و داواکار بوو هێز و تینێک بخرێتەوەبەر ئەم ئاهەنگە نیوە گیانە و ببوژێندرێتەوە.

کارلۆس فۆئینتس پێیوابوو: << ئێمە دەبێ بایەخ بۆ فەرهەنگ، مێژوو، کلتوور و دڵتەنگیەکانمان دابنێین و هاوکات خەبات لە پێناو هێنانەدی و دامەزراندنی ئازادی و یەکسانیشدا لەبیر نەکەین ... ئێمە میرات گرانی شۆڕشین و ڕەنگە ئەمەش ئەرکی نەوەی ئێمە بوویێت کە بنەمای عەدالەت و یەکسانی، بەرابەری و دیموکراسی بە کردەوە سەقامگیر بکات.>>

فۆئینتس نە تەنیا لە ڕۆمانەکانی دا بەڵکو لە ژیانی سیاسیشی دا پێبەند بوون بەم بنەمایانەی لە خۆی نیشان دەدا. ئەو لە ساڵی ١٩٧٥ دا بووبە سەفیری مێکزیک لە فەرانسە، بەڵام دووساڵ دواتر لە ناڕەزایەتی بە هەڵبژێردرانی گۆستاو دیاز ئۆرداز وەک سەفیری میکزیک لە ئیسپانیا دەستی لە کارەکەی کێشایەوە. هۆی دەست لە کارکێشانەوەکەشی ئەوە بوو کە لە کاتی سەرۆک کۆماری دیاز ئۆرداز دا لە ساڵی ١٩٦٨ ئەرتەش گوللەی بە خوێندکارانی خۆپیشاندەری ناڕازی لە سەقامەکانی مێکزیکۆ سیتیەوە نابوو.

سەرچاوە: ئینتێرنێت

# سرودێك بۆ ژنان  قسە یە ك بۆ مێژوو

نەجم محەمەد



**سروودی تە وقی دیلی بپسێنە**
**ئاوازی : کاڵێ ئا تەشی**
**هۆنراوە : نە جم محەمەد**

**شۆڕە ژنەکە تەوقی دیلی بپسێنە**
**ئاسۆی  ڕزگاری  ئینسان  ببینە**
**وەرە خەبات کەین ئە م نەزمە تێکدەین**
**فەرهەنگی کۆنیش ئاگر  تێبەردەین**
**تا دونیایە جوانتر  لە ئاسۆ  هەڵبێ**
**من و تۆ و هەموان لێی بە هرە مەندبن**
**شۆڕە کچەکە تەوقی دیلی بپسێنە**
**ئاسۆی  ڕزگاری  دواڕۆژ  ببینە**
**کالا نی کیژی! ئینسانی ئینسان**
**مافێکی خۆتە بە ئازاد ژیان**
**دیواری ماڵ تێکدە ساوەرە مەیدان**
**ڕا وەستە دژی  ستەمی  ژنان**
**شۆڕ ژنەکە تەوقی دیلی بپسێنە**
**ئاسوی ڕزگاری  دواڕۆژ   ببینە**
**کیژێ جەژنە کەت پڕ عە شق و گوڵ بێ**
**لێوت پڕ خەندە و  شادیت  لە دڵ بێ**
**ئە و جەژنە جەژنە گشت ئینسانە کان**
**بژین  ژیانی  ئازاد و  یەکسان**
**شۆڕە ژنە کە تەو قی دیلی بپسێتە**
**ئاسۆی  ڕزگاری  ئینسان ببینە**
**خۆت مەسوتێنە بەسیە خۆکوژی**
**بەرامبەر بە خۆت بۆ توندوتیژی**
**بۆچی بێدەنگی بۆ خەبات ناکە ی**
**هەربە خە اتە بە ئامانج ئەگەی**

ئەم سروودەم لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوودا وەک هونەرمەندێک چڕیوە دواتر لە چەندین مەراسیمدا لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردوستان دا گتوومە، بەتایبەتی لە مەراسیمەکانی ڕۆژی هەشتی مارسدا. و لە ساڵی ١٩٩٩دا تۆمارم کردوە لە گەڵ چەند سروودێکی تردا لە سیدیەکدا بە ناوی( کیژە نان فرۆشەکە )هۆنراوەی ئەم سروودە خۆم دامناوە و ئاوازەکەشی ئاوازی هونەرمەندی شۆڕشگێری رۆژهەڵاتی کوردستان کاک  (کاڵێ ی ئاتەشی ) یە بەڕاستی بۆ مێژوو دەیڵێم ئەو دەم لە سەرەتای نەوەدەکاندا کەمن ئەم سروودەم دەوت و کۆمەڵێ کەس بووین کە دیفاعمان لە مافی ژنان دەکرد و دژی تیرۆر و ستەمی دژبە ژنان  وەدەنگ هاتبووین و لەو بارەیەوە بە نارەزایەتی و هەڵوێستی جۆراوجۆر دەهاتینە مەیدان بە داخەوە هەر ئەو دەمە کۆمەڵێ ئەدیب و هونەرمەند و ڕوناکبیر و کۆمەڵێ بەرپرس و ئەندامی ئەحزابە ناسیۆنالیست و بۆرژوازیەکان هەبوون کە ململانێی ی سەختی  ئێمەیان دەکردو بە ئێمەیان دەوت ئێوە :--(دیفاع لە ئافرەتی ...و بەرەڵا و بێ ئەخلاق دەکەن) لە هەمووی  سەیر تر لە نێو ئەو پیاوسالارانەدا هەندێ ژنیش هەبوون هەر هەمان قسە و هەمان هەڵوێستی ئەوانیان هەبوو دژبە هاوچین و هاوچارە نووسەکانی خۆیانەوە بیریان دەکردەوە و هەڵوێستیان دەنواند ودەستخۆشیان لە ژن کوژان دەکرد بەڵێ ڕۆژگار هات و ڕۆژگار چوو بەداخەوە ئەوەتا ئێستا هەمان ئەو کەسانە بە ناو بوونەتە پارێزەری سەرسەختی مافەکانی ژنان وخۆیان خزاندۆتە ناو ڕێکخراوەکانی بەناو کۆمەڵگای مەدەنی  و ئەو ژنانەشی کە دوێنێ دیفاعیان لە ژن کوژان دەکرد ئەمڕۆ بوونەتە فیمینیستی عەیارە ٢٤ و لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی ژناندا کار دەکەن و بەرپرسیاریەتی گرنگ و حەساسیان وەرگرتوە بەڵێ ئەو دەمەی کە ئەم سروودە لە دایک بوو لە کوردوستان ڕۆژانە بە لێشاو ژن تیرۆر دەکران و بە لێشاو ژنان خۆیان دەسوتان ئەودەمە دونیایەک سوکایەتی و بێحورمەتی بەرامبەر بە کەرامەت و شەخسیاتی ژن دەکرا ئەودەمە ژن تێزاب ڕێژ دەکرا، ژن لوتی دەبڕا، ژن لاقە دەکرا و ژن دونیایەک ستەمی تری دەرهەق دەکرا بەڵام وەنەبێ ئێستا ئەو وەزعیەتە نەمابێ لە کوردستاندا نەخێر بە پێچەوانەوە ئەو وەزعیەتە  هەرماوە بە شێواز و بە ڕێژەی جۆراو جۆر ستەم و توندو تیژی دژی ژنان هەر بەردەوامە بەڵێ ئالەو دەمەدا بۆ مێژوو دەیلێم بە شاهیدی زۆرێک لەو کەسانەی کە ئێستاش ماون شاهیدی ئەو حاڵەن  تاکە هونەرمەند بووم کە دژ ە ستەمی ژنان وەدەنگ هاتم بە سروودی" تە وقی دیلی بپسێنە" تاکە هونەرمەند بووم سروودم بۆ نە هامەتیەکانی ژنان گووت کە بەداخەوە هونەرمەندەکانی تر سەرقاڵی گۆرانی گوتن بوون بەسەر سینگ و مەمک و بەرۆک و لاقی ژندا بە داخەوە لە نێو ئەو هەموە وێنەی نەهامەتی و ستەمەی ژناندا ئەو بەناو هونەرمەندانە تەنها وێنەی سینگ و بەرۆکی ژنیان دەدی و تەنیا ئەو وێنەیان لا مەبەست بووو لە ئاست وێنە تاڵەکانی تردا چاو و مێشک و بیرو ویژدان و  هونەرەکەیان کوێر بوو لە کۆتایدا دەڵێم زۆر بە پێویستم زانی بۆ مێژوو ئەم چەند قسەیە بەیان بکەم.   ***

# کەمتەرخەمەکان!

ن: ئانتۆنیۆ گرامشی

و: باران

بێزارم لە کەمتەر خەمەکان. منیش هەروەک فێریدریش هێبڵ گومان دەکەم ژیان بەسەر بردن بە واتای پارتیزان بوونە.(١) مرۆڤە تەنیاکان و بێگانە لەگەڵ شار ناکرێت بوونیان هەبێت. ئەوەی کە زیندووە، بەڕاستی ناتوانێت هاووڵاتی بێت و هەڵوێستی نەبێت. کەمتەرخەمی، بێ هێزیە، مشەخۆریە؛ بێ غیرەتیە. ژیان نییە. وە لەبەر ئەوەیە، کە من لە کەمتەرخەمەکان بێزارم.

کەمتەرخەمی، قورسایی مردووی مێژووە؛ فیشەکێکی سۆربە بۆ لەناو بردنی داهێنەر و بیرمەند؛ وە مادەیەکی سستە کە تێیدا باڵادەستترین گڕوتینە درەوشاوەکان نقووم دەبن. زۆنگاوێکە کە شارێکی کۆن دەگرێتە خۆی و باشتر لە دیوارە بەهێزەکان و لەخۆبوردوتر لە سنگی شۆڕشگێران پارێزگاری لەو شارە دەکات. لەبەر ئەوەی لە زەلکاوە مەنگ و قوڕاوەکاندا هێرشبەران قوت دەدات و لەناو دەبات و دڵسارد دەکاتەوە و هەندێک جاریش لە هێرشی قارەمانانە پەشیمانیان دەکاتەوە. کەمتەرخەمی زۆر بەهێزەوە لە مێژوودا هەڵدەسوڕێت. پاسیڤانە کار دەکات، بەڵام کار دەکات. قەزا و قەدەرە و ئەوەیە کە ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت. ئەوەی کە پلانەکان وێران دەکات، کە شێوە جوانە داهێنراوەکان لەناو دەبات. مادەیەکی ناشرینە کە لە دژی شعور هەڵدەستێ و سەرکوتی دەکات؛ وە بەو شێوەیەیە ئەوەی ڕوو دەدات لە شەڕدا لەسەر خەڵک هەموار دەبێت: دەرفەتی چاکەیەک کە کردەوەی قارەمانانە (بە نرخە جیهانیەکەی) دەتوانێت بخوڵقێنێت، ئیتر ئەوەندە سەرچاوە گرتوو لە داهێنانی کۆمەڵە خەڵکێکی کەم و دیاریکراو وا هەڵدەسوڕێن نییە، بەڵکوو بەستراوە بە کەمتەرخەمی و حازر نەبوونی زۆرێک لەو کەسانەوە.

ئەوەی ڕوو دەدات، لەو لایەنەوە نییە کە هەندێک بیانهەوێت ڕوو بدات، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە کۆمەڵانی خەڵک بە خواستی خۆیان لادەدەن و ئیجازەی هەڵسوڕان و پوچکە بوونی گرێکان دەدەن کە لە دوایدا تەنیا شمشێر دەتوانێت لێکیان هەڵبدڕێت. ئیجازەی شکڵ گرتنی یاساگەلێک دەدات کە دواتر تەنیا ڕاپەڕین دەتوانێت هەڵیانوەشێنێتەوە و دەهێڵێت مرۆڤگەلێک سواری ئەسپی دەسەڵات ببن، کە دواتر تەنیا شۆڕش دەتوانێت بیانگلێنێت.

چارەنووسێک کە وادیارە بەسەر مێژوودا زاڵە، هیچ نییە مەگەر نیشانەی خەیاڵاوی ئەم کەمتەرخەمیە ئامادە نەبوونە کە لەژێر سێبەری هەندێک هۆکاردا گەشە دەکەن و پێدەگەن، دەستانێکی دیاریکراو کە داوی ژیانی گشتی دەچنن، دەستانێک کە هیچ چاوەدێرێک چاودێریان ناکات، وە کۆمەڵ لەوە بێ ئاگایە، چوونکە گرنگی پێ نادات.

چارە نووسی یەک سەدە، هەموو دەستکردی ڕوانینە بارێک و ئامانجە کورت ماوەکان و بەرزە فڕیەکان و حەزە تایبەتەکانی گروپە بچووکە کاریگەرەکانە، بەڵام کۆمەڵانی مرۆڤ بێ ئاگان؛ لەبەر ئەوەی گرنگیەکی پی نادات. ئەوکات ئەو هۆکارانەی کە ئیتر پێگەیشتون، سەر دەردێنن و داوی لە سێبەردا چندراویش بۆ بەجێ هێنانی ئەرکی خۆی دەست بەکار دەبێت. لەم لایەنەوە، وا دێتە بەرچاو کە چارەنووسێک هەیە بۆ دامرکاندنەوەی هەموو شتێک و هەموو کەسێک. وادیارە کە مێژوو هیچ نییە جگە لە ڕووداوێکی سروشتی گەورە. یەک هەلقوڵان. بوولەرزەیەک کە هەموویان دەکاتە قوربانی: ئەوەی بیەویت و ئەوەیشی کە نەیهەوێت، ئەوەی دەیزانێ و ئەوەی کە نەشیدەزانی، ئەوەی کە کاریگەر بووە و ئەوەیشی کە کەمتەرخەم؛ وە ئەم کۆتا دانەیەیان توڕە دەبێت و دەیهەوێت خۆی لە کاریگەریەکانی ئەو ڕووداوە بەدوور بگرێت. دەیهەوێت بە ئاشکرا بڵێت کە نەیدەویست؛ ئەو بەرپرس

نەبـــووە. هەندێک زۆر خاوەن بەزەییانە دەناڵێنن، ئەوانی تر زۆر ناشرین جوێن دەدەن، بەڵام هیچکەس لەخۆی ناپرسیت — یـــان کەمن ئەوانەی لەخۆیان دەپرســـن: ئەگەر منیش ئەرکـــی خۆمم بەجێ هێنابوایە؛ ئەگەر هەوڵم دابوایە نرخم بۆ خواســـتی خۆم دانابوایە و بە بۆچۆنی خۆم، ئایا ئەوەی روویداوە، رووی دەدا؟ بەڵام هیچ کەس نییە — یان کەمن ئەوانەی کە لە کەمتەرخەمی خۆیان تووشـــی زیان دەبن و لە دێر باوەڕیان و لە بـــاوەش نەکردنەوە بۆ... وە کاریگەر نەبوونیان بۆ گرووپی هاووڵاتیانێک کە بۆ خۆبەدوور گرتن لە هەمان شـــەڕ هەوڵیـــان دەدا و ئەرکی خۆیان بە ئەنجام دەگەیاند بۆ بەدەست هێنانەوەی ئەو چاکەیە.

زۆرتریان بەڵام پێیان باشترە کە لە ڕووداوە ڕوودراوەکاندا باســـی بێ ئاکامی ئامانجەکان بکەن و بەرنامە شکست خواردووەکان و لەو شێوە دلخۆشکەرانەی تر؛ وە بەم شێوەیە حازر نەبوونی خۆیان لە هەر ئەرکێکدا دەســـت پێدەکەنەوە. هەڵبەتە نـــەک لەبەر ئـــەوەی کە لە پێشـــترەوە دەتوانن شـــتەکان بە ڕوونی ببینن و چەند جارێک توانایان نەبووە کە ڕێگەچارەی گونجاو بدەن بە دەســـتەوە بۆ کێشە کەم وێنەکان یان کیشـــەگەلێک کە پێویســـتی بە ئامادەیی بەرفراوان و کاتی پێویســـتە و بەهەمان ڕادە گرنگ بوون، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە ئەو ڕێگا چارانە بە شێوەیەکی زۆر جوان بـــێ بەرهەم و نەزۆک دەمێننەوە و ئەو هاوکاریە لە ژیانی گشتیدا بە هیچ نوورێکی ئەخلاقی گیان ناگرێت؛ چوونکە بەرهەمێکی توێژینەوەی ڕۆشنبیرانەیە و نەوەک سەرچاوە گرتوو لە هەستی تەزێنەری ئەرکێکی مێژوویی کە هەمووانی لە ژیاندا کاریگەر دەوێت و گوێ پێ نەدان و کەمتەرخەمی بە هیچ شێوەیەک ناوێت.

هەروەها لەبەر ئەوەش بێزارم لە کەمتەرخەمەکان: چوونکە ناڵەی بێ بەزەییانەی نەمرییان، بێزارم دەکات، من لە یەک بەیەکیان دەپرســـمەوە کە چۆن ئەرکێک کە ژیان بۆیانی دیاری کـــردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ بۆیـــان دیاری دەکات، بە ئەنجام گەیاندووە؟ لە هەرچیەک کە کردویانە و بەتایبەت لە هەرچیەک کە نەیانکردووە و هەســـت دەکەم کە بتوانم بەهێز بم هەســـتی بەزەیی خۆم بەفیڕۆ و فرمێســـکەکانم لەگەڵ ئەوان بەش نەکەم.

مـــن پارتیزانم، زیندووم و لە ویژدانە بەهێزەکانی هاورێی خۆمدا دەنگـــی ترپەی کاریگەری ئەو شـــارەی داهاتوو دەبیستم کە بەشی من خەریکە دروستی دەکات؛ وە لەوێدا، زنجیرەی کۆمەڵایەتی لە سەر پشتی هەندێک



کەسی دیاریکراو قورسایی نانوێنێت و لەوێدا هەرچیەک کـــە ڕوو دەدات ڕێکـــەوت و قەزا و قەدەرێـــک نییە و بیرمەندانە و کردەوەی خودی هاووڵاتیانە. لەو شارەدا هیچ کـــەس نییە کە لە پەنجـــەرەدا ڕابمێنێت، ئەو کاتەی کە کەسانێک خەریکن گیان لەدەست دەدەن و دەمارەکانیان لەو لەخۆبوردوییەدا دەبڕدرێت و لەگەڵیدا کەسێکیش نییە کە لە پەنجەرەدا بمێنێت و بۆسە دابنێت تا لە چاکەیەکی کەم کە کاریگەری کەسانی وەکوو ئەو لەگەڵ خۆی هێناویە، کەڵـــک وەربگرێت و گومانەکانی خۆی بە بێ ڕێزی بەو دەست لە گیان داشـــۆریوە و دەمار بڕدراوە، بڕیژێتە دەرەوە کە بۆچی لە دەســـتەبەر کردنی ئیرادە و خواســـتەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە.

من زینـــدووم، من پارتیزانم. کەواتـــە بێزارم لەوەی کە بەشداری ناکات. من لە کەمتەرخەمەکان بێزارم.

یازدەی فێبریواری ١٩١٧

***

# کاتێک دەنووسی بەردەوام لەحاڵی خەبات و بەربەرکانێدابە

نووسینی: بێرتۆلد برێشت



لەفارسییەوە: پێشەنگ

کاتێ دەنووسی، وانیشانبدە کە لەحاڵی خەباتدای! ڕاستەقینەگەرایی هێرشبەرانە! ڕاستی شان بە شانی تۆیە، کەوایە تۆش شان بە شانی ڕاستەقینە خەباتکە! بێڵە با ژیان وەقسە بێت! توندوتیژ لەگەڵیدا مەجووڵێوە! و بزانە کە بۆرژواکان ئیزنی قسەکردن بە ژیان نادەن! بەڵام تۆ، تۆ دەتوانی خۆت بە شایستەی ئەم ئەرکە بزانی. تەنانەت وەها بژاردەیەک بۆ تۆ ناچارییە. ڕوانگەیەک هەڵبژێرە کە لەودا ڕاستەقینە ون و پۆشراوە. جێ گۆڕکێی پێکراوە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هێنراوە. هەڵدانەوەی ڕووبەند لە ڕواڵەتی ڕاستەقینە ئەرکی تۆیە. بەجێگای تاک وێژی، دژوناکۆک قسەبکە. هۆکارو بەڵگەکانی تۆ، مرۆڤێکی زیندووە کە دەست دەداتە کردار و لەم ڕێگایشەوە بوار بۆ ژیان دەڕەخسێنێ.

بوێربە، چون پێوەندی بەڕاستیەوە هەیە! ئەگەر لە بۆچوونەکانتدا حەق بە تۆ بێت، لە ئاکام دا دەبێ بتوانی ناکۆکیەکانی دنیای ڕاستەقینەش تەحەمولکەی، پشکنینی کۆسپ و تەگەرەکان لە ڕواڵەت و سیمای بە گشتی سەرسامکەر و ئاڵۆسکاوی دا.

لە بەرانبەر هەمواندا کارێک بکە تا ئاڕمانە چینایەتیەکانت گەشەبکەن، کە ئاڕمانی گشت مرۆڤایەتییە. هیچ شتێک بەو بیانوەی کە لە چوارچێوەی ئاکام و پێشنیار و هیواکانتدا ناگونجێن، وەلامەنێ، پێویستە خۆ لەوەها کردارێک بپارێزی لەبەر ئەوەی زەرورەتەکەی پەیوەستە بە ڕاستیەوە. نیشانی بدە کە کێشەوگرفتەکان بە هەموو قورساییانەوە شیاوی چارەسەرن.

لەم خەباتەدا تۆ بە تەنیا نیت، و ئەگەر بتوانی خەباتەکە هیدایەت و ئاڕاستە بکەی خوێنەرەکانیشت هاوشانی تۆ خەبات دەکەن. تۆ بە تەنیا ڕێگاچارە نادۆزیتەوە، ئەمە بەتەنیا لە ئەستۆی تۆدا نییە، ئەویش لەم گەڕان و پشکنینەدا هاوبەشە.

# پێشەکی کتێبی "شەڕی نێوخۆیی لە فەڕەنسە" ی کارڵ مارکس

ن: فریدریش ئێنگڵس

لەفارسییەوە: ئاکام بەسیم

داوا لەسەر بڵاوکردنەوەی سەرلەنوێی پەیامی ئەنجومەنی گشتی ئەنترناسیۆناڵ ( یەکەم) سەبارەت بە شەڕی نێوخۆیی لە فەڕەنسە و نووسینی پێشەکیەك لەسەر ئەم بەرهەمە بۆ من چاوەڕوان نەکراو بوو. هەر بۆیە لێرەدا دەمەوێ بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵ بکەم.

پاش دوو بەیانیەی ئەنجومەنی گشتی سەبارەت بە" شەڕی نێوخۆیی لە فەڕانسە"، ئەو بەرهەمە کە مارکس دایڕشتووە، دەخوێننەوە. یەکەم بە هۆی ئەوەی کە لە بەیانیەی دووهەمی" شەڕی نێوخۆیی لە فەڕەنسە"دا کە بە بێ بەیانیەی یەکەم خوێنەر لێی حاڵی نابێت، ئاماژەی پێکراوە؛ دووهەم، ئەو دوو بەیانیەش کە مارکس نووسیویەتی، وەك شەڕی نێوخۆیی لە فەڕەنسە، هەر وەك ئەوەی کە لە سەرەتادا لە کتێبی" هەژدەهەمی برومێر، لویی بناپارت" نیشانی دابوو، بابەتێکی دەرەوشاوەیە لە لێهاتوویی‌ەکانی نووسەر لە تێگەیشتنی روون لە ناوەرۆك و ئاست و ئاکامەکانی ئەو رووداوە گەورە مێژووییە، رووداوگەلێك کە یان لە بەرچاوی ئێمەدا لە ئارادان، یان کۆتایی پێهاتووە. هەروەها لەو رووەوە کە ئێمە ئەمرۆ لە ئاڵمانیادا هێشتا دەبێ لەگەڵ ئاکامەکانی ئەو رووداوانەی کە مارکس پێشبینی کردبوو، دەست و پەنجە نەرم بکەین.

پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەوەی کە لە بەیانیەی یەکەمدا باسی لێکرابوو، موو بە موو نەهاتەدی؟ واتە، ئەگەر شەڕی دیفاعی لە ئاڵمانیا لە دژی" لویی بناپارت" ببێت بە شەڕی داگیرکەرانە لە دژی خەڵکی فەڕەنسە، هەموو ئەو نەهامەتیانەی پاش شەڕەکانی بە ناو شەڕگەلی رزگاریبەخش بەسەر خەڵکی ئاڵمانیادا هات بە ئاست و بەرینایەکی بەربڵاوتر سەرلەنوێ دووپات نابێتەوە. ئایا بیسمارك بیست ساڵی دیکە لەسەر کورسی دەسەڵات نەماوە.



ئایا بە جێگای بەدواداچوونی عەوامفەریبەکان (١)، هەر بەو دڕندەییەی پۆلیس و تەفسیرەکانی لە یاسا کە مووی لەشی بنی ئادەمی راست دەکردەوە یاسای بارودۆخی نائاسایی و گرتنی سۆسیالیستەکانی (٢) بۆمان بە دەیاری نەهێنا؟

ئاخۆ ئەو پێشبینە نەهاتەدی کە پەیوەست بوونی" ئازاس" و" لێرن" بە ئاڵمانیا، فەڕەنسە دەخاتە بەرەی روسیە و دوای ئەم پەیوەست بوونە ئاڵمانیا یان بە ئاشکرا دەبێتە نۆکەری رووسیە، یان ناچار دەبێت پاش وچانێکی کورت خۆی بۆ شەڕێکی نوێ و لە راستیدا" بۆ شەڕێکی نوێ لەگەڵ رەگەزەکانی هاوپەیمانی( ئیسلاو و لاتین) ئامادە بکات؟" مەگەر پەیوەست بوونی ئالزاس و لێرن بە ئاڵمانیا، فەڕەنسەی نەخستە کۆشی روسیە و بیسمارکیش ٢٠ ساڵی تەواو بێ هۆ بۆ راکێشانی تێزار سواڵکەری نەکرد؟

ئایا خۆشخزمەتیەکی بەدەیان قات سووکتر لەوەیکە قەیسەری بچووك عادەتی پێکردبوو،( هەڵبەت پێش لەوەیکە ببێتە یەکەمین زلهێزی گەورەی ئوروپا) ئاراستەی خاکی پاکی روسیە نەکرد و ئاخۆ خنجێری داموکلیسی شەڕ بەردەوام بەسەر سەری ئێمەوە ناخولێتەوە، شەڕێك کە لە یەکەمین رۆژیدا پەیماننامەکانی شازادەکان دەبێتە بڵقی سەر ئاو، شەڕێك کە جگە لە بێ ئاکام مانەوەی هیچیتری بەدواوە نییە، شەڕێکی رەگەزی کە ئوروپای لەگەڵ مەترسی پازدە تا بیست ملیۆن سەرباز بەرەوڕوو دەکات، شەڕێك کە تا ئێستاش بە خاتری ئەوە بڵێسەی نەسەندووە

کــە تەنانەت بەهێزترین زلهێزەکانــی جیهانیش لە بەرانبەر نادیاربوونی ئاکامەکانی ترسیان لیێ نیشتووە؟

کەوایە ئەرکی ئێمەیە جارێکی تر ئەم بەڵگە درەوشــاوە نیــوە لەبیرکراوە کــە واقیعبینی سیاســەتی نێونەتەوەیی کرێکاری لە ساڵی ١٨٧٠ نیشان دەدات، بخەینە بەر دەستی کرێکارانــی ئاڵمانیا؟ ئەو شــتەی کە ســەبارەت بەم دوو بەیانیەیە ســیدق دەکات، سەبارەت بە" شەڕی نێوخۆیی لە فەڕەنسە"ش هەروایە. لە رۆژی ٢٨ی مانگی مەیدا دوایین خەباتکارانی کۆمۆن لە بەرانبەر لەشــکری زۆری دووژمن لە بەرزایەکانی" بەلویل" کوژران. تەنیا دوو رۆژ دوای ئەو کارەســاتە، واتە لە رۆژی ٣٠ی مانگــی مەیدا مارکس بەرهەمەکــەی خۆی لــە ئەنجومەنی گشتی ئەنترانســیۆناڵ پێشکەش کرد، بەرهەمێــك کــە گرینگــی مێژوویی کۆمۆنی بە چەند خاڵی کورت و بەرچاو و بە زمانێکی خۆش و واقیعی وەســف دەکرد." شــەڕی نێوخۆیی لە فەڕەنسە" لە نێو ئەدەبیاتێکی زۆردا کە لەوبارەیەوە نووسراوە، هەرگیز وێنەی پەیدا نەدەبوو.

بەهۆی گەشەی ئابووری و سیاسی فەڕەنســە پاش ساڵی ١٧٨٩ پاریس لە ٥٠ ســاڵ لەوەپێشــەوە بارودۆخێکی پەیدا کردبوو کە هیچ شۆڕشــێك نەیدەتوانی تێیدا بێتە ئــاراوە، مەگەر ئەوەیکە ناوەرۆکی کرێکاری هەبێت، بە شــێوەیەك کە پڕۆلیتاریا کە بە خوێنی خۆی سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، پاش سەرکەوتن بە خواســت و داواکاری تایبەت بە خۆی هاتە مەیدان. ئەو داواکاریانە بە پێی ئاســتی گەشــەی فیکری و وشیاری کرێکارانی پاریس کەم تا زۆر ناڕوون و تەنانەت لە هەندێك شوێندا شپرزە بوون، بەڵام سەرئەنجام هەموویان بەیەك رێگادا رۆیشــتن، ئەویش لە نێوبردنی کەلێنی چینایەتی لە نێوان کرێکاران و سەرمایەداران. ئاساییە کە هیچ کەس نەیدەزانی ئەم رێگایە چۆن دەبڕن؟ بــەڵام ئەو داواکاریانە بە هەموو نارۆشــنیی و کەم و کوڕیەك کە بەدەستیەوە دەینالاند، بۆ نیزامی دەسەڵاتدار مەترسیدار بوو. هەڵبەت کرێکارانێك کە ئەم داواکاریانەیان مەترەح دەکرد، هێشتا چەکدار بوون. هەر بۆیــەش چەك کردنی کرێکاران یەکەمین ئەرکی بۆرژوازی بوو کە دەســەڵاتی سیاسی بەدەســتەوە گرتبوو. پاش هەر شۆڕشــێك کە لە لایەن کرێکارانەوە رێکخرابوو، خەباتێکی تازە هاتبووە ئاراوە کە شکستی کرێکارانی لێدەکەوتەوە. وەها شۆڕشێك یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٤٨ روویدا. بۆرژواکانی ئۆپۆزیسیۆنی پارلمانی (٣) میوانی گەلێکیان بۆ بەرەوپێش بردنی سیاســەتی ریفۆرمخوازانەیان لە هەڵبژاردنەکان کە دەبوایە دەسەڵات بخاتە دەست حیزبی ئەوانەوە، وەڕێخست. بە هۆی ئەوەیکە بۆ بەربەرەکانیێ لەگەڵ دەوڵەت پێویستیان بە خەڵکێکی زۆرتر و زۆرتر بوو ناچار بوون وردە وردە تووێژی رادیکاڵ و وردە بۆرژواکان لە پێشــەوە دابنێن. هەڵبەت لە پشت ئەواندا کرێکارانی شۆڕشگێڕ لە ساڵی ١٨٣٠ بەملاوە زۆر لــەوە زیاتر کە بۆرژواکان و تەنانەت کۆماریخوازەکانی



هەستیان پیێ دەکرد، سەربەخۆیی سیاسییان بەدەستهێنابوو. لە کاتێکدا کە ناکۆکیەکانی دەوڵەت و ئۆپۆزیسیۆن پەرەی سەند، کرێکاران خەبات لەســەر شەقامەکانیان دەستپێکرد. دەوڵەتی" لویــی فلیپ" رووخا و لەگەڵیــدا یونیفۆرمی هەڵبژاردنەکانیش لەنێوچوو و بەجێگای" جمهوری" دامەزرا. جمهوریەك کە کرێکارانی سەرکەوتوو ناوی" کۆمەڵایەتی" یان لیێ نابوو. ئەوەیکە مەبەســت لــە جمهوری کامەیە؟ تەنانەت کرێکاران بۆ خۆشیان نەیاندەزانی، بەڵام ئەوان ئێستا ئیتر چەکدار بوون و لە پاڵ دەوڵەتدا دەسەڵاتیان هەیە. هەر بۆیەش کاتێك کە بــۆرژوازی کۆماریخواز ژێر پێی خۆی پتەو دی، چەك کردنــی کرێکارانی بە یەکەمین ئامانجی خۆی دانا و لە رێگای بەجــیێ نەگەیاندنی بەڵێنیەکانی، گاڵتەکردنــی بە ئاشــکرا و دوورخســتنەوەی بێکاران بۆ ئەیالەتێکی دوورکەوتوو، کرێکارانی بەرەو راپەڕینی ١٨٤٨ پاڵ پێوەنا. دەوڵەت پێش لەوە خۆی بۆ هێرشێکی سەربازی ئاماد کردبوو. کرێکاران دوای شەڕێکی قارەمانانە سەرکوت کــران و ئەو کاتــە گۆمی خوێنــی زیندانیانی بیێ دیفاع کەوتەڕیێ، بەشــێوەیەك کە لە کاتی شــەڕی نێوخۆیی، لە

ڕوومی کۆندا کە بووە هۆی دارِمانی ئیمپراتۆری ڕووم وێنەی نەبووە. (٤)

ئەوە یەکەمین جار بوو کە بۆرژوازی نیشانی دا ئەگەر پرۆلیتاریا ئەو جورئەتە پەیدا بکات لە بەرانبەریدا وەك چینێکی سەربەخۆ بە بەرژەوەندی و خواستی تایبەت بە خۆی ڕاوەستێت، بە چ بێ ڕەحمیەکی شێتانەوە تۆڵەی لێ ئەستێنێتەوە و بەمحاڵەشەوە درندەیی ١٨٤٨ لە بەرانبەر درندەیی بۆرژوازی لە ساڵی ١٨٧١ لە کایەیەکی منداڵانە زیاتر نەبوو.

سزاکە بەخێرایی بەکردەوە دەرهات. بەڵام ئەگەر چینی کرێکار نەیدەتوانی بەسەر فەرەنسەدا دەسەڵاتدار بێت، لە بەرانبەردا بۆرژوازیش توانایی حکومەت کردنی نەبوو. لانیکەم تا ئەو کاتەی کە مەیلی پاشایەتی لە نێو زۆرینەی بۆرژواکاندا درێژەی بە تەمەنی خۆی دەدا و بۆرژوازی دابەش ببوو بە سێ حیزبی سەڵتەنەتی (٥) و حیزبێکی کۆماریخوازدا. ناکۆکی نێوخۆییان ئەو ئیمکانەی بە ماجەراجویەکی وەکوو" لویی بناپارت" دا کە هەموو ئامرازەکانی دەسەڵات، واتە ئەرتەش، پۆلیس و دام و دەزگای ئیداری قۆرخ بکات و لە ڕۆژی ٢ی مانگی دیسامبری ساڵی ١٨٥١ دوایین سەنگەری بۆرژوازی، واتە پارلمانیشی لێ سەندن. ئیمپراتۆری دووهەم (٦) بە چەوساندنەوەی فەرەنسە بە دەستی تاقمێك لە ماجەراجویانی سیاسی و دارایی و لە هەمان کاتدا گەشەی پیشەسازی دەستپێکرد، واتە شتێك کە لە نیزامی کورت بینانە و بێ توانای" لویی فیلیپ" و تەنیا لە ژێر دەسەڵاتی بەشێکی بچووك لە بۆرژوازیدا ئیمکانی نەبوو." لویی بناپارت" بە بیانوی پاراستنی سەرمایەداران لە بەرانبەر هێرشی کرێکاران دەسەڵاتی لە سەرمایەداران زەوت کرد و بە پێچەوانەوەش بە بیانوی پارێزگاری کردن لە کرێکاران لە بەرانبەر بۆرژوازیشدا کرێکارانی چەك کرد. لە بەرانبەردا حکومەتەکەی لە ئاستێکدا کە تا ئەو کات بێ وێنە بوو، بواری بۆ سەفتەبازی و چالاکی پیشەسازی و بە کورتی گەشە و دەوڵەمەند بوونی چینی سەرمایەدار خۆش کرد. ئاساییە کە گەندەڵی و دزی گەورە کە دەرباری سەڵتەنەت ناوەندی بوو و بەشێکی زۆر لە دزیەکان دەچووە گیرفانی دەست و پێوەندەکانی دەسەڵات، بە شێوەیەکی بەربڵاو پەرەی سەند. لە هەمان کاتدا ئیمپراتوری دووهەم دڵنەواییەك بوو لە شۆڤێنیزمی فەرەنسە کە سنوورەکانی لە دەستچووی ئیمپراتوری یەکەم یان لانیکەم سنوورەکانی سەردەمی کۆماری یەکەمی (٧) داوا دەکرد. بەڵام درێژەی ئیمپراتوری فەرەنسە بە سنوورەکانی ڕژیمی پاشایەتی کۆن و تەنانەت بە سنوورەکانی بەرتەسکتری ١٨١٥ بۆ هەتا هەتایە ئیمکانی نەبوو، هەر بۆیە بۆ ئەم مەبەستە پێویست بوو جاروبار ئاگری شەڕ هەڵگرسێنن و سنوورەکانی خۆیان پەرە پێ بدەن. هەڵبەت هیچ ئاستێك لە پەرەسەندنی سنوورەکان وەك پەرەسەندنی سنوورەکانی فەرەنسە لە کەنارەی ئاڵمانیای چەپی ڕاین فانتێزیای شۆڤێنیزمی فەرەنسەی هەڵنەدەخراند. لە ڕوانگەی ئەوانەوە یەك لەسەر چواری مایلی چوارگۆشە لە " ڕاین" زیاتر لە دە مایلی چوارگۆشە لە ئاڵپ یان هەر شوێنێکی دیکە بایەخی هەیە. داگیرکردنی سەرلەنوێی کەنارەی چەپی ڕاین - چ بە یەك هێرش یان بەش بەش و لە ئاکامی هێرشی بەردەوام بێتەدی- بۆ ئیمپراتوری دووهەم تەنیا مەسەلەی کات مەترەح بوو. کاتی ئەو کارە بە شەڕی نەمسای قەیسەر لە ١٨٦٦ (٨) دەستپێکرد و بیسمارك بە سیاسەتی زۆڵانەی ئەمرۆ و سبەی پێ کردن بۆ" قەرەبوو کردنەوەی زەوی" ڕێگایەکی بێجگە لە شەڕ بۆ ناپلئۆن نەهێشتبووەوە، شەڕێك کە لە ساڵی ١٨٧٠ دەستپێکرد ئەوی بۆ سێدان (٩) و دواتر بۆ" ویلهێلم هۆهە" (١٠) کێشا.

ئاکامی ئەو وەزعە، شۆڕشی پاریس لە ٤ی سێپتامبری ١٩٧٠ بوو. ئیمپراتوری هەر وەك کۆشکێك کە لە کاغەز دارێژرابێت، ڕووخا و جارێکی دیکە" جمهوری" ڕاگەیەندرا. بەڵام دووژمن لە پشتی دەرگاکاندا ڕاوەستابوو و ئەرتەشی ئیمپراتوری یان لە مێتسدا زیندانی بوون یان لە ئاڵمانیادا دیل کرابوون. لە وەها باروودۆخێکی قەیراناویدا، خەڵك بە نوێنەرانی پاریس لە سیمای یاسادانەری پێشوو ئیزنیان دا کە" حکومەتی دیفاعی میلی" پێکبێنن. ئەوان بۆیە لەگەڵ ئەم کارەدا ڕەزامەندیان دەربڕی کە ئێستا ئیتر هەموو ئەو پاریسیانەی کە دەیانتوانی چەکدار بن، بە مەبەستی دیفاع دەچوونە نێو گاردی میلی و چەکدار دەبوون، بە شێوەیەك کە کرێکاران زۆربەی هەرە زۆری ئەو گاردەیان پێك دەهێنا. بەڵام بەخێرایی کێشەکان لە نێوان دەوڵەتێکدا کە بریتی بوو لە بۆرژواکان و پرۆلیتاریای چەکدار قووڵ بووەوە. ڕۆژی ٣١ی مانگی ئۆکتۆبر گوردانەکانی کرێکاری هێرشیان کردەسەر ساختمانی شارەداری و ژمارەیەك لە ئەندامانی حکومەتیان زیندانی کرد. بەڵام خەیانەت و جێبەجێ نەکردنی بەڵێنیەکانی حکومەت و هەروەها دەستێوەردان و ناوبژیوانی چەند گوردان لە وردەبۆرژوازی، بووە هۆی ئەوەی کە سەرلەنوێ مەرەخەسیان بکەن و بۆ ئەوەیکە شەڕێکی نێوخۆیی لە شارێکدا کە لە لایەن دوژمنەوە گەمارۆ درابوو، نەیەتە ئاراوە، هەر ئەو حکومەتە لەسەرکار

مایەوە.
سەرئەنجام لە ڕێکەوتی ٢٨ی مانگی ژانویەدا پاریسی برسی تەسلیم بوو، بەڵام بە شانازیەك كە لە مێژووی شەڕدا تا ئەو كات بێ وێنە بوو. قەڵاكان بەدەستەوە دران و سەنگەرەكان دەستیان بەسەرداگیرا، چەكی سەربازانی پیادە و گاردی سەیار تەحویلی دوژمن درا و گشت ئەندامانی بوون بە دیلی جەنگی. سەركەوتووان نەیانوێرا سەركەوتووانە بێنە ناو شار و تەنیا توانیان چەند گۆشەیەكی بچووكی پاریس، ئەویش ناوچەیەك كە زۆربەی پاركی گشتی بوو، داگیر بكەن؛ تازە ئەویش بۆ ماوەی چەند ڕۆژ! لەو ماوەیەدا ئەوانەی كە ١٣١ ڕۆژ پاریسیان گەمارۆ دابوو، خۆیان لە لایەن كرێكارانی پاریس گەمارۆ درابوون. كرێكاران وریا بوون كە هیچ كام لە قەیسەریەكان لە سنووری بەرتەسكی قوژبنێك كە ببوو بە زەوی ئەرتەشی سەركەوتوو، نەترازێن.
ئەوە ڕێزێك بوو كە كرێكارانی پاریس بۆ ئەرتەشێك كە هەموو سەربازانی ئیمپراتوری لە بەرانبەریدا چەكیان دانابوو، دایاندەنا. یونكرەكانی قەیسەریش كە بۆ تێركردنی هەستی تۆڵەسەندنەوەی خۆیان هێرشیان كردبووە سەر ناوەندی شۆڕش، ئێستا دەبوایە بە ڕێزەوە ڕاوەستن و لە بەرانبەر هەر ئەو شۆڕشە چەكداریەدا، ڕێزی سەربازی دابنێن.
لە كاتی شەڕدا كرێكارانی پاریس تەنیا دەیانویست بە تەواوی تواناوە لە بەرانبەر هێرشی قەیسەردا درێژە بە شەڕ بدەن. بەڵام ئێستا كە پاریس تەسلیم و ئاشتی دامەزرابوو، "تییەر" سەرۆكی نوێی حكومەت ناچار بوو لێی حاڵی بێت كە حكومەتی چینی دەسەڵاتدار، واتە خاوەنانی زەوی و سەرمایە، تا كاتێك كە كرێكارانی پاریس چەكدار بن، بەردەوام مەترسی بەسەر سەریەوە دەسووڕێتەوە و یەكەمین كاری ئەو چەك كردنی كرێكارانە. ڕۆژی ١٨ی مانگی مارس بۆ چەك كردنی كرێكاران هێرشی كردە سەر پاریس و فەرمانی دا كە تۆپخانەكانی گاردی میلی داگیر بكەن. ئەو تۆپانە لە كاتی گەمارۆی پاریسدا و بە پارەی هاوڵاتیان بەرهەمهاتبوون. ئەو هەوڵە لە لایەن كرێكاران و زەحمەتكێشانی چەكداری پاریس پووچەڵ كرایەوە و پاریس وەك لەشێكی یەكگرتوو لە بەرانبەر بۆرژاوازی ڕاپەڕی و شەڕ لە نێوان پاریس و حكومەتی فەڕەنسە كە لە وێرسایدا نیشتەجێ بوو، ڕاگەیەندرا. ڕۆژی ٢٦ی مارس هەڵبژاردنەكانی كۆمۆن بەڕێوەچوو و ڕۆژی ٢٨ی مارس ئاكامەكەی ڕاگەیەندرا. "كومیتەی ناوەندی گاردی میلی" كە تا ئەو كات دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، پاش هەڵوەشاندنەوەی پەسەندكراوەی شەرمێون سەبارەت بە "پۆلیسی ڕسوم" دەسەڵاتی دا بە ئەندامانی هەڵبژێرداوی كۆمۆن. ڕۆژی سێهەمی هەر ئەو مانگە، كۆمۆن ئەرتەشی دایمی هەڵوەشاندەوە و گاردی میلی وەك تەنیا هێزی چەكدار كە هەر كەسێكی تەندروست دەبێ خزمەتی تێدا بكات، بەڕەسمیەت ناسی. كۆمۆن هەموو ماڵولئیجارەكانی لە ئۆكتۆبری ١٨٧٠ەوە تا ئاوریلی ١٨٧١ بەخشی و كرێ پەرداخت كراوەكانی خستە حیسابی داهاتوو و هەر چەشنە فرۆشتنێكی ئەو كەل وپەلانەی كە لە گرەوی بانكی ڕەهنی شارەداریدا بوون، ڕاگرت. هەر لەو ڕۆژەدا ئەو بیانیانەی لە كۆمۆندا هەڵبژێردرابوون( كە زۆربەیان كرێكاری بیانی بوون)، لە پلەی خۆیاندا مانەوە، چوونكوو" ئاڵای كۆمۆن ئاڵای جمهوری جیهانی بوو." لە ڕۆژی یەكەمی ئاوریلدا بڕیار درا كە بەرزترین ئاستی حەقدەستی هەر كارمەندێكی كۆمۆن هەر لە خوارەوە تا سەرەوە، نابێت لە ٦٠٠٠ فرانك( واتە حەقدەستی كرێكارێكی شارەزا) زیاتر بێت. ڕۆژی دواتر گەڵاڵەی جیابوونەوەی كەنیسە لە دەوڵەت پەسەند كرا و هەر چەشنە یارمەتیەكی دارایی دەوڵەت بە ناوەندە ئایینیەكان هەڵوەشایەوە و گشت مڵك و داراییەكانی كەنیسە بوو بە مڵكی نەتەوەیی. بە پێی ئەو پەسەندكراوەیە، لە ڕۆژی ٨ی مانگی ئاوریلدا كۆمۆن فەرمانی دا كە هەموو وێنە، دوعا و دوگمە ئایینیەكان و بە كورتی" هەر شتێك كە پێوەندی بە بیروباوەڕی تایبەتی تاكەكانەوە هەبوو" لە مەدرەسەكان لابرێت و وردە وردە بەكردەوە دەربێت. ڕۆژی پێنجەمی هەر ئەو مانگە بە هۆی ئیعدام كردنی بەردەوام و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری خەباتكارانی كۆمۆن كە لە لایەن ئەرتەشی وێرسایەوە دیل كرابوون، فەرمانێك سەبارەت بە ڕاگرتنی ژمارەیەك بۆرژوا وەك بارمتە دەركرا. هەڵبەت هیچ كات بەكردەوە دەرنەهات! ڕۆژی شەشەم گیۆتینەكان لە لایەن گوردانەكانی سەد و سی و حەوتی گاردی میلی كۆكرانەوە و لە بەرچاوی خەڵك و لە نێو شایی وخۆشی ئەواندا ئاگری تێبەردرا. ڕۆژی دوازدەهەم كۆمۆن بڕیاری دا ستونی مەیدانی واندۆم بڕوخێنێت، ستونێك كە ناپلئۆن پاش شەڕی ١٨٠٥ لە ڕێگەی توانەوەی ئەو تۆپانەی كە لە شەڕدا بەدەستیهێنابوو، دروستی كردبوو و وەك ڕەمزی شۆڤێنیزمی فەڕانسە دایمەرزاندبوو. ئەو بڕیارە ڕۆژی شازدەهەمی مانگی مەی بەكردەوە دەرهات. ڕۆژی ١٦ی ئاوریل كۆمۆن فەرمانی دا لیستێك لەو كارخانانەی كە خاوەنەكانی هەڵاتوون، ئامادە بكات و بە كرێكارانێكی بسپێرێت كە تا ئەو كات لەو كارخانانەدا كاریان دەكرد تا ئیدارەی بكەن. ڕۆژی بیستەم كۆمۆن كاری شەوانەی

نانەواخانەکانی هەڵوەشـــاندەوە و نوسینگەکانی دۆزینەوەی کار کە تا کاتی ئیمپراتوری دووهەم بە دەســـت ژمارەیەکەوە بوو کە راستەوخۆ لە لایەن پۆلیسەوە دادەنران و چەوسێنەرانی دەرجە یەکەمی کرێکاران بوون، هەڵوەشایەوە و ئەرکەکانی درا بە شـــارەدارەکانی بیست ناوچەی پاریس. رۆژی پێنجەمی مانگـــی مەی کۆمۆن بڕیاری رووخاندنی کەنیســـەیەکی دەرکرد کە بۆ کوفارەی ئیعدامی لویی شازدەهەم بیناکرابوو.

بەمشێوەیە لە ١٨ی مارس بەدواوە ناوەرۆکی چینایەتی بزووتنەوەی پاریس کە تا ئەو کات بە بیانوی شـــەڕ لەگەڵ دووژمنی دەرەکی نەناسراوبوو، ئاشکرا بوو. بە هۆی ئەوەیکە کە لە کۆمۆندا تەنیا کرێکاران و نوێنەرانی جێگای باوەڕی ئەوان بەشـــدار بوون، بڕیارەکانیشـــی بە شێوەی راشکاوانە ناوەرۆکێکـــی چینایەتی پرۆلێتێری هەبـــوو. کۆمۆن یان چاکســـازیەکی بەڕێوەدەبرد کە بـــۆرژوازی کۆماریخواز بە هـــۆی ترس و رارایی لە بەکردەوە دەرهێنانی خۆی دەبوارد، هەڵبەت ئەو چاکسازیانە بواری بۆ خەباتی چینی کرێکار خۆش دەکـــرد، لەوانە جیا کردنەوەی ئاییـــن لە دەوڵەت و کردنی بـــە ئەمری تایبەتی تاکەکان؛ یـــان بڕیارگەلێکی دەگرتەپێش کە بە شێوەی راستەوخۆ بە ئاراستەی قازانجی چینی کرێکار بوون و هێندێکیان بناغەکانی نیزامی کۆنیان لێکهەڵدەتەکاند. بەڵام بەکـــردەوە دەرهێنانی ئەو بڕیارانە لە شارێکدا کە گەمارۆ درابوو، لانی زۆرەکەی تەنیا دەیتوانی دەســـتپێبکات. و لە یەکەمی مانگی مەیەوە شەڕ لە دژی ئەرتەشـــی وێرســـای کە رۆژ لەگەڵ رۆژ ژمارەیان زیاتر دەبـــوو، توندتر دەبووە و هەموو هێزی حکومەتی کرێکاری بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکرد.

رۆژی حەوتـــی ئاوریل ئەرتەشـــی وێرســـای لە" نولی" لە بەرەی رۆژئاوای پاریس، گوزەرگای چەمی" ســـێن"ی داگیـــر کرد، لە بەرانبـــەردا رۆژی پازدەهەم" ژێنراڵ ئیرِ" لە بەرەی رۆژهەڵات شکســـتێکی قورسی بەسەر هێزەکانی وێرسایدا سەپاند و ناچاری کردن کە پاشەکشە بکەن. پاریس بەردەوام بۆردمـــان دەکرا. ئەم جارە لە لایەن کەســـانێکەوە بۆردمان دەکرا کە بۆردمان کردنی پاریسیان بە سووکایەتی بە موقەدەســـات دەزانی و ئیدانەیان دەکرد. ئێستا هەر ئەم کەسانە دەستی سواڵکەری خۆیان بەرەو حکومەتی قەیسەر لە ئاڵمانیا درێژ کردبووەوە کە ســـەربازە بەدیل گیراوەکانی فەڕەنســـە لە ســـێدان و مێتس مەرەخەس بکات تا بتوانن بە ســـەربازی زۆرترەوە هێرش بکەنەسەر پاریس و داگیری بکەن. گەیشـــتنی ئەم هێزانە لە مانگی مەی وێرســـایی بەهێز کرد. ئەو هێزە سەربازیە هەر لە رۆژی ٢٣ی ئاوریلدا



کە" تییەر" سەرۆکی دەوڵەتی وێرسای وتووژێەکانی لەسەر گۆڕینەوەی زیندانیانی سیاســـی لەگەڵ کۆمۆن بڕیبوو، هەست پێ دەکرا. کۆمۆن پێشنیاری کردبوو کە ئۆسقۆفی پاریس( داربۆی ) و گرووپێکی دیکە لە قەشـــەکانی کە لە لایەن کۆمۆنەوە بە بارمتە گیرابوون، تەنیا لەگەڵ بلانکی کـــە دوو جار لە کۆمۆندا هەڵبژێردرابوو، بەڵام لە" کلێرۆدا" زیندانـــی بوو، دیل بەدیل کەن. بەهێز بوونی وێرســـای لە لەحنی" تییەر"دا بە باشـــی هەست پێ دەکرا، چونکوو ئەو کە تا ئەو کاتە بە تاقەت و لەســـەرەخۆ هەڵوێستی دەگرت، لە پڕانێك هەڵوێستێکی هەڕەشەئامێز و توندی گرت.

رۆژی ســـێهەمی مەی ســـەربازانی وێرسای لە بەرەی باشووردا قەڵای"مولێن ساکە"یان گرت و رۆژی نۆهەمیش قەڵای" ئەیسی" کە لە ژێر ئاگربارانی تۆپخانەدا بە تەواوی خاپوور کرابـــوو، داگیر کـــرد. رۆژی چواردەهەم قەڵای" وانۆ"یان گرت و لە بەرەی رۆژئاواشدا وردە وردە بە گرتنی

ئاواییەکان و ساختمانگەلێك کە وەك سەنگەری بەربەرەکانێ لە دەوروبەری شار کەڵکیان لێ وەردەگیرا، گەیشتنە پای حەسارەکانی شار. ڕۆژی بیست و یەکەمی مانگی مەی بە هۆی خەیانەت و خافڵ بوونی بەشێك لە گاردی میلی کە بەرگریان لەم ناوچەیە دەکرد،(١١) توانیان بێنە نێو شار. قەیسەریەکان کە قەڵاکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتیان بەدەستەوە بوو، ڕێگەیان بە سەربازانی وێرسای دا تا لە باکوورەوە کە بە پێی پەیماننامەی ئاگربڕ ناوچەی قەدەغەکراو ڕاگەیەندرابوو، بێنە ناو شار و هەر لەوێوە هێرشەکانیان لە ئاستێکی بەریندا دەستپێکرد. خەڵکی پاریس پێیان وابوو کە ئەم بەرەیە بە هۆی قەراردادی ئاگربڕ پارێزراو بێت، هەر بۆیە بە شێوەی جیدی بەرگریان لێ نەکرد. خۆڕاگری لە نیوەی ڕۆژئاوای پاریس، واتە ئەو بەشە لە شار کە بە واتای ڕاستەقینەکەی جێگای دانیشتنی تووێژی دەوڵەمەند و بۆرژوا بوو، لاواز بوو. بەڵام بە هەر ڕادەیەك کە هێزەکانی دووژمن بە نیوەی ڕۆژهەڵاتی شار، واتە بە بەشێك لە شار کە بە واتای ڕاستەقینە کرێکاری بوو، نزیك دەبوونەوە، خۆڕاگری توندتر و شێلگیرتر دەبوو. تەنیا پاش شەڕێکی هەشت ڕۆژە بوو کە دوایین تێکۆشەرانی کۆمۆنی پاریس لە بەرزاییەکانی" بەلویل" و" مینێل مۆنتانی" لە ڕێگای دیفاع لە حکومەتی کرێکاران گیانیان بەختکرد و ئەو کاتە بوو کە کوشتنی بەکۆمەڵی پیاوان و ژنان و منداڵانی بێ دیفاع لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا بە لوتکەی خۆی گەیشت. ئێستا ئیتر چەك وڵامی کوشتنی مرۆڤەکانی نەدەداوە و سەد کەس، سەد کەسیان دەدایە بەر دەسترێژی گوللە. حەساری کۆمۆناردەکان (١٢) لە حەوشەی کەنیسەی پێرلاشێز ئەو شوێنە کە دوایین کوشتاری بە کۆمەڵ ڕووی دا هێشتا بەرقەرارە و فەساحەتی کپ و بێ دەنگی شایەتی ڕق و کینەی چینی سەرمایەدار لە پرۆلیتاریایەك بوو، کە بە جەسارەتەوە بۆ وەدی هاتنی ئامانجەکانی ڕاپەڕیبوو. دواتر نۆبەی گرتن و زیندانی کردنی بەکۆمەڵ گەیشت و کاتێك زانیان کە کوشتاری هەمووان مومکین نییە، قوربانیان لە نێو زیندانیان دەردەکێشران و تیرباران دەکران و ئەوانی دیکەش بۆ ئوردوگاکانی گەورە دوور دەخرانەوە، تا لەوێدا چاوەڕێی دادگای سەحرایی بن. سەربازانی قەیسەر کە بە دەوری نیوەی باکووری شار تەمورەیان دابوو، فەرمانیان بوو کە نەهێڵن تەنانەت کەسێکیش لەوێوە هەڵبێت، بەڵام کاتێك سەربازان لە فەرمانەکان سەرپێچیان کرد گوێیان لە ویژدانی ئینسانی خۆیان گرت و ئەفسەرەکان چاویان بەست. بە تایبەتی ئەو شانازیە زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەرتەشی ساکسۆن کە هەڵسووکەوتێکی زۆر ئینسانی بوو و پێشی بە هەڵاتنی ژمارەیەکی زۆر کۆمۆنارەکان نەگرت.

***


ئەگەر ئەمڕۆ پاش بیست ساڵ چاوێك بە رابردوودا بگێڕین و هەڵسووڕان و گرینگی مێژوویی کۆمۆن لێکبدەینەوە، دەبینین کە دەبێ هێندێك شت بە لێکدانەوەیەك کە لە" شەڕی نێوخۆیی لە فەڕانسە"دا کرا، ئیزافە بکەین.

ئەندامانی کۆمۆنی پاریس زۆربەیان بلانکیست بوون. ئەوان لە کومیتەی ناوەندی گاردی میلیشدا زۆرینە بوون. ئەندامانی یەکێتی نێونەتەوەیی کرێکاران( واتە ئەنترناسیۆنالی یەکەم) کە زۆربەیان لایەنگری مەکتەبی



سۆسیالیستی پرۆدۆن بوون، لە نێو کۆمۆنارەکاندا کەمینە بوون. لەو کاتەدا بلانکیستەکان تەنیا لە غەریزەدا شۆڕشگێڕ و پرۆلێتێری سۆسیالیستی بوون و تەنیا ژمارەیەکی زۆر

کەیمان ئەویــــش بە بەرەکەتی هەڵســــووڕانی" ویان" کە بە سۆسیالیزمی زانستی ئاشــــنا بوو، بە وشیاری چینایەتی واتە مارکسیزم تەیار بوون. بەمشێوەیە دەبینین کە لە بواری ئابووریدا لە زۆرێك لەو کارانەی کە بە پێی تێگەیشــتنی ئەمڕۆمان، کۆمۆن دەبوایە بیکردایە، خافڵ بوو. ئەوەی کە تێگەیشتنی لە هەموو موشکیلترە ئەوەیە کە چلۆن موقرانە بەرانبەر بە بانکی فەڕەنســـەدا بێ دەنگیان راگرت. ئەگەر کومۆنارەکان گوشــاریان بخستایەتە سەر ئەو بانکە هەموو بۆرژوازی فەڕەنسە ناچار دەبوو بۆ ئاشتی لەگەڵ کۆمۆن گوشار بخاتە سەر وێرســـای. بەڵام لەوە سەیرتر ئەوەیە کە ســــەرەڕای ئەوەیکە کۆمۆن پێکهاتبوو لە بلانکیســــتەکان




و پرۆدۆنیســــتەکان، دەســــتی دایە چ کارگەلێکی بەنرخ. راســــتیەکەی ئەوەیە کە لە بواری گرتنەپێشــــی رێوشوێنی ئابووری کۆمۆن و هەڵوێســــتی بەناوبانگ و ئاسایی، لە

دەرەجەی یەکەمدا لایەنگرانی پرۆدۆن کاریگەر بوون، هەر چۆن بلانکیســــتەکان بەرپرســــی کردەوەکان و جوڵاندنەوەی سیاسی و کەم و کۆڕیەکانی کومۆن لەو بوارە بوون. تەنزی مێژوو ئەوەیــــە کە ئەم جارەش هــــەر وەك هەموو جارێکی تر کە لایەنگرانی دەمارگرژی مەکتەبێك دەگەنە کورســــی دەســـەلات، چ ئـــەم و چ ئەو بە پێچەوانەی رێوشـــوێنی مەکتەبەکەیان دەجولێنەوە.

پرۆدۆن — سۆسیالیســـتی جوتیاران و پیشـــەوەران، واتە چینی مامناوەند و وردەبۆرژوا، لە هەر چەشنە یەکێتیەکی کرێکاری نەفرەتی بوو و دەیوت کە شەڕی یەکێتی کرێکاری زیاتر لە خێرەکەیەتــــی و بەم پێیە لە ناوەرۆکدا بێ کەڵك و تەنانەت زیانبەخشیشـــە. چونکوو بە بـــاوەڕی ئەو پێش بە ئازادی کرێکار دەگرێـــت. ئەو پێی وابوو کە یەکێتی کرێکاری دوگمێکــــی بە تەواوی بێ کەڵك و موزاحیمە و هەر ئەوەندەیش لەگـــەڵ ئازادی چینی کرێکار ناکۆکە. لەگەڵ ســــەرفەجویی لــــە کاریش ناکۆکــــە و زەرەر و زیانەکانی خێراتر لە مەزایاکانی پەرەدەســــتێنێت. و لە بەرانبەر یەکێتیە کرێکاریەکاندا، کێبرکێ، دابەشــــکردنی کار و خاوەنداریەتی تایبەت، وەك هێزی ئابووری بــــە ئەژمار دێن. بــــە وتەی پرۆدۆن، تەنیا لـــە" بابەتگەلێکی بەدەگمەن"ی پیشەســــازی گەورە و دامــــەزراوەی گەورەی وەك رێگای ئاسندایە کە یەکێتی کرێکاران پێویستە.( چاوبگێڕ درێت بەسەر کتێبی:" ئایدیاکانی گشتی شۆڕش" چاپی سێهەم.)

لە ســــاڵی ١٨٧١دا تەنانەت لە پاریس کە ناوەندی کاری هونەری و دەستی بوو، پیشەسازی گەورە بە رادەیەك پەرەی سەندبوو کە گرینگترین پەسەندکراوەی کۆمۆن سەبارەت بە رێکخســــتنی پیشەسازی گەورە و تەنانەت مانۆفاکتۆرەکان بوو. تەنیا دەبوایە ئەو رێکخستنانە بە پێی یەکێتی کرێکاری هــــەر کارخانەیەك بێــت، بەڵکوو هەمـــوو رێکخراوەکانی تەعاونیش لە یەکێتیەکی گەورەتـــردا یەکیان بگرتایەتەوە. بە کورتــــی: رێکخراوەیەك کە بە وتەی بەنرخی مارکس لە کتێبی" شەڕی نێوخۆیی"دا، ســــەرئەنجام بەرەو کۆمۆنیزم واتە بەرانبەری مەکتەبی پرۆدۆن دەچوو و هەر بۆیەشە کە کۆمۆن بوو بە گۆڕی مەکتەبی سۆســـیالیزمی پرۆدۆنی. ئەمڕۆکە ئەو مەکتەبە لە نێو کوڕ و کۆمەڵە کرێکاریەکاندا لە نێو چووە. تیۆری مارکس چ لە نێو" پوسی بیلیستەکان" (١٣) و چە لە نێو" مارکسیستەکان" بێ چون و چرا نفوزی کــــردووە. تەنیا لە نێو بۆرژوازی" رادیکاڵ"دایە کە هێشــــتا مەکتەبی پرۆدۆن لایەنگرانێکی هەیە.

بارودۆخی بلانکیســــتەکان لەوە باشــــتر نەبوو. ئەوان لە مەکتەبی پلانگێریدا بارهاتبوون و لە رێگەی نەزم و ئینزباتی قــــورس کە تایبەتی ئەو مەکتەبانەیە، پێکەوە پێوەندیان بوو.

بلانکیستەکان لەم ڕوانگەیەوە دەجولانەوە کە گروپێکی بچووک لە شۆڕشگێڕانی شێلگیر و جیدی و ڕێکخراو نە تەنیا لە کاتی گونجاودا دەتوانن دەسەلات بەدەستەوە بگرن، بەڵکوو بە هەوڵ و تەقالای زۆر و بە بێ سەرنجدان بە فاکتۆرەکانی دیکە تا کاتێک کە جەماوەری خەڵک دەکێشنە مەیدانی شۆڕش دەتوانن دەسەلاتەکەیان بپارێزن و ئەوان لە دەوری گروپێکی بچووکدا ڕێبەرایەتی و کۆبکەنەوە. ئەو کارە پێش لە هەموو شتێك پێویستی بە توندترین مەرکەزیەتی ئیستبدادی هەموو دەسەلات لە دەست حکومەتێکی نوێدا بوو. بەڵام کۆمۆن کە زۆربەی هەرە زۆریشی بلانکیست بوون چی کرد؟ لە هەمەوو ڕاگەیاندنەکانی خۆیدا ڕوو لە فەرەنسەیەکان لە ویلایەتەکانی دیکە، ئەوانی بۆ پێکهێنانی فێدراسیۆنێکی ئازاد پێکهاتوو لە کۆمۆنەکانی هەموو شوێنەکانی فەرەنسە و پاریس و ڕێکخراوەیەکی میلی کە بۆ یەکەمین جار لە لایەن جەماوەرەوە پێکهاتبوو، بانگ دەکرد. دەبوایە هێزی دەستریژکاری دەوڵەتی مەرکەزی، واتە ئەرتەش، پۆلیسی سیاسی و بوروکراسی کە ناپلئۆن لە ساڵی ١٧٩٨دا پێکیهێنابوو و لەو کاتەوە هەر دەوڵەتێکی نوێ کە دەهاتەسەر کار ئەو ئامرازانەی لە دژی نەیارانی خۆی بەکاردەهێنا، لە هەموو شوێنێکدا تێکبشکایە. هەر وەك چۆن پێشتر لە پاریس تێکشکابوو.

کۆمۆن هەر لەو کاتەوە کەدەستی بەکارەکانی کرد، بە خێرایی لێی حاڵی بوو کە کاتێك چینی کرێکار بەدەسەلات دەگات، ناتوانێت دام و دەزگای کۆنی دەوڵەتی بۆ وەدی هاتنی ئامانجەکانی خۆی بەکاربێنێ و درێژە بە کاری بدات. چینی کرێکار بۆ ئەوەی کە دەسەلاتێك کە بەدەستی هێناوە سەر لەنوێ لەدەست نەدات، دەبێ لە لایەکەوە هەموو دام و دەزگای دەستدرێژیکاری کۆن کە تا ئەو کاتە لە دژی خۆی بەکار دەهات لە نێوبەرێ و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی کە خەیاڵی خۆی لە نوێنەران و کارمەندەکانی ڕەحەت بکات، دەبێ بە بێ جیاوازی لە هەر کاتێکدا کە جەماوەری دەنگدەر ئیرادە بکەن سەر لە کورسی دەسەلات بیانکێشێتە خوار. تایبەتمەندی دیاریکراوی دەوڵەت تا ئەو کاتە چی بوو؟ کۆمەڵگا بۆ پاراستن و داکۆکی لە بەرژەوەندی ئەندامانی سەرەتا لە ڕێگەی دابەش کردنی کار، ئۆرگانگەلێکی تایبەتی پێکهێنا. بەڵام ئەو ئۆرگانانە و لە سەروی هەموویانەوە دەسەلاتی دەوڵەتی، وردە وردە کەوتنە خزمەت بەرژەوەندی تایبەتی تاقمێك و لە خزمەتگوزاری کۆمەڵگاوە بوون بە خزمەتگوزاری ئاغاکانی کۆمەڵ. ئەو مەسەلەیە نە تەنیا لە دەسەلاتی ڕەهای پاشایەتیدا بەوجۆرەیە، بەڵکوو لە کۆمارەکانی دیموکراتیکیش دا هەر وایە. لەوێدا هەرکام لە دوو حیزبی گەورە (١٤) کە یەك لەدوای یەك بە دەسەلات دەگەن، بە نۆبەی خۆیان لە ژێر دەسەلاتی کەسانێکدان کە سیاسەت بووە بە کار و کاسبیان. پیشەی ئەوان یان بازرگانی لەسەر کورسیەکانی پارلمانەکانی یاسادانەری میلی و ئەیالەتیە، یان لە ڕێگەی ئاژیتاسیۆن بۆ حیزبەکەیان ژیانی خۆیان بەڕێدەبەن و کاتێك کە حیزب سەرکەوت پاداشی خۆیان لە شێوەی پلەوپایەدت وەردەگرن. دەزانین چلۆن ئامریکاییەکان سی ساڵە بۆ ڕزگاری لەو کۆت و بەندە هەوڵ دەدەن و سەرەڕای هەموو ئەو هەولانە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتر دەکەونە نێو گێژاوی گەندەڵی. لە ئامریکادایە کە بە باشی دەتوانین ببینین کە چلۆن سەربەخۆیی دەسەلاتی دەوڵەتی کە لە ڕاستیدا دەبێ ئامرازی دەستی کۆمەڵگا بەگشتی بێت، لە بەرانبەر هەر ئەو کۆمەڵگایەدا دەچێتەسەر. لەوێدا نە پاشاکان دەسەلاتیان بەدەستەوەیە، نە ئەشرافیەت و نە ئەرتەشی دایمی، جگە لە ژمارەیەکی دیاریکراو سەرباز بۆ چاوەدێری کردن بەسەر سورپێستەکان، وە نە بروکراسیەك بە پلەوپایەی بەردەوام و مافی خانەنشینی. بەڵام لەوێدا دوو باندی سەوداگەری سیاسی گەورە هەن کە بە نۆبە دەسەلاتی دەوڵەتی بەدەستەوە دەگرن و بە گەندەڵترین ئامرازەکان و لە پێناوی قیزەونترین ئامانجدا کەڵکی لێوەردەگرن و جەماوەری خەڵك لە بەرانبەر ئەو دوو کارتێلە، واتە سیاسەتوانانێك کە ئیدعا دەکەن لە خزمەت میلەتدان، بەڵام لە ڕاستیدا بەسەریاندا حکومەت و تالانیان دەکەن، بێ توانایە.

لە بەرانبەر گۆڕانکاری چلۆنایەتی دەوڵەت و ئۆرگانەکانی دەوڵەتی کە لە خزمەتگوزارانی کۆمەڵەوە بوون بە ئاغاکانی بانسەری کۆمەڵ، ئەمەش لە هەموو دەوڵەتەکانی ڕابردوو بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر وابووە، کۆمۆن دوو ڕێوشوێنی دیاریکراوی گرتەپێش. یەکەم، هەموو پلەوپایە و پیشەی ئیداری، قەزای و فێرکردن و بارهێنان لە ڕێگەی دەنگی گشتی خەڵك دا بە بەرپرسانێك کە هەر کاتێك خەڵك بیانویستایە دەیانتوانی لەسەرکار لایانبەن. دووهەم، بۆ هەمەوو پلەوپایەکانی ئیداری هەر لەسەرەوە تا خوارەوە حقوقێکی بەرابەر لەگەڵ حەقدەستی کرێکارانی دیکە دیاریکرد. زۆرترین حقوقێك کە کۆمۆن سالانە دەیدا بە کارمەندانی خۆی سالانە شەش هەزار فرانك بوو. بەمشێوەیە کۆمۆن لەمپەڕێکی گەورەی لە بەردەم مەقام پەرەستی و پاوانخوازی دانا، ئەگەرچی پارێزەری بەمەرجی نوێنەرانی پارلمانەکانی بڕیاردەر ئەوەی لەنێو بردبوو.

تێکشکاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی و هەروەها جێنشین کردنی دەوڵەتێکی نوێ و واقیعەن دیموکراتیك، بە تێروتەسەلی لە بەشی سێهەمی کتێبی" شەڕی نێوخۆیی لە فەرەنسە"دا باسی لێکراوە. بەڵام لێرەدا پێویست بوو ئاماژە بە هێندێك لە خاڵەکانی بکەم، چونکوو لە ئاڵمانیادا باوەڕی خورافی لەسەر دەوڵەت بە فەلسەفە خنراوەتە بیر و مێشکی بۆرژوازی و تەنانەت زۆرێك لە کرێکاران. بە پێی ئەم فەلسەفە، دەوڵەت بریتییە لە" هاتنەدی ئایدە" یان بە زمانی فەلسەفی نوێنەری خواوەندی ئاسمانەکان لەسەر زەوین، واتە سەرزەوینێك کە تێیدا حەقیقەتی هەتاهەتایی و دادپەروەری وەدی دێت یان دەبێ وەدی بێت. بە هۆی ئەوەیکە هەر لە رۆژانی منداڵیدا لەگەڵ ئەم بیروباوەڕە خویان گرتوو کە هیچ کام لە کاروبار و بەرژەوەندیەکانی هاوبەشی کۆمەڵگا ناتوانێت لە رێگەیەکی ترەوە بێجگە لەوەی کە تا ئێستا هەبووە، واتە لە رێگەی دەوڵەت و کاربەدەستانی پلەبەرزیەوە بەڕێوەبچێت،( باوەڕە خورافیەکان) ساکارتر لە هەر شتێکی دیکە جێ دەکەون و خەیاڵ دەکەن ئەگەر باوەڕ بە نیزامی پاشایەتی رەها وەلابنێن و بە کۆماری دیموکراتیك باوەڕ بێنن، هەنگاوێکی جەسورانە و گەورەیان بەرەوپێش هەڵهێناوە! بەڵام لە راستیدا دەوڵەت شتێك نییە بێجگە لە ئامرازی دەستی چینێك بۆ چەوسانەوەی چینێکی دیکە، کە لە کۆماری دیموکراتیکیشدا دەستیکەمێکی لە رژیمی پاشایەتی نییە و لە باشترین حاڵەتدا بەڵایەکە کە پرۆلیتاریای سەرکەوتوو لە نێو جەرگەی خەباتی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی چینایەتی خۆی، بەمیرات دەبات و هەروەك چۆن کۆمۆن نەیتوانی، ئەویش ناتوانێت بەخێرایی تا حەدی ئیمکان زیانبەخشترین بوارەکانی دەوڵەت لەنێو ببات؛ تا ئەو کاتە بگات کە تێیدا نەوەیەك لە بارودۆخێکی نوێ و ئازاددا گەورە بێت و بتوانێت خۆی لە کۆت و بەندی تالانچیەکی وەك دەوڵەت رزگار بکات.

بەمدواییانە بیرتەسکانی ئاڵمانیا( لە دەقی ئینگلیسی و فەرەنسەیی، بیرتەسکانی سوسیال دێمۆکراتدا هاتووە) دیسانەوە لە بیستنی رستەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەترسن. زۆرباشە ئاغایان، دەتانەوێ بزانن کە ئەو دیکتاتۆریە وەك چی وایە؟ چاوێك لە کۆمۆنی پاریس بکەن. ئەوە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بوو.

**لەندەن بە بۆنەی بیستەمین ساڵرۆژی کۆمۆنی پاریس ١٨ی مارسی ١٨٩١**
**فریدریش ئێنگڵس.**

## پاشکۆ:

١- بەدواداچوونی عەوامفەریبەکان؛ دوای شەڕەکان لە دژی فەرەنسەی ناپلئۆنی بزووتنەوەکانی روناکبیری ئۆپۆزیسیۆنی ئاڵمانیای کەوتنەژێر تەعقیب و بەدواداچوون. ژمارەیەکی زۆر لە ئەنجومەنەکانی ئاڵمانیای کە تەنانەت لە جەریانی شەڕ لەگەڵ ناپلئۆندا سەریانهەڵدابوو، پاش کۆنگرەی ڤیەن (کۆنگرەیەك کە دوای شکستی ناپلئۆن بە بەشداری سەرکەوتووانی شەڕ بەڕێوەچوو) لە دژی نیزامی کۆنەپەرەستانی وڵاتی ئاڵمانیایا راپەڕین و خۆپیشاندانێکی سیاسیان کە تێیدا خوازیاری یەکێتی ئاڵمانیا بوون، رێکخست. لە کۆنفرانسێکدا کە بە بەشداری وەزیرانی وڵاتانی ئاڵمانیایا لە ئۆتی ١٨١٩ لە" کارلسباد" پێکهات، بەرچەسپی" دەماگۆگ" واتە دەمارگرژیان خستە پاڵ ئەو بزووتنەوەیە. کوشتنی لایەنگرێکی یەکێتی پیرۆز( ئیتحادی موقەدەس) بە ناوی" کۆتسە" کە سیخوڕی تێزار بوو، بە دەستی خوێندکارێك بە ناوی" ساند" لە ساڵی ١٨١٩ بیانوی خستە دەستی هێزە کۆنەپەرەستەکان تا بە ناوی "عەوامفەریبان" دەست بدەنە بەدواداچوونیان.

٢) یاسای بارودۆخی نائاسایی، یان یاسای دژە سۆسیالیستەکان کە پێیان دەوت دژ بە هەوڵی رووخێنەری سۆسیال دیموکراسی، لە لایەن بیسمارك و بە پشتیوانی زۆرینەی رایشتاگ لە رێکەوتی ١٩ی ئۆکتۆبری ١٨٧٨ پەسەند کرا و فەرمانی بەکردەوە دەرهێنانی لە ٢١ی ئۆکتۆبری هەر ئەو ساڵەدا دەرکرا. ئەم یاسایە بە وتەی ئینگڵس "هەڵسووڕانی سۆسیال دیموکراسی بە نایاسایی راگەیاند. زیاتر لە ٥٠ رۆژنامەی کرێکاری راگرت؛ چالاکی یەکێتیە کرێکاریەکانی قەدەغە راگەیاند و باشگاکانیانی داخست؛ پارە و پووڵی ئەم رێکخراوانەی زەوت کرد؛ کۆبوونەوەکانیان لە لایەن پۆلیسەوە تێکدرا و بە دەرکردنی یاسای راگەیاندنی بارودۆخی نائاسایی لە تەواوی شارەکان و شوێنەکان لە هیچ هەوڵێك بۆ سەرکوتی کرێکاران درێغ نەکرا. پاش پەسەند کردنی ئەو یاسایە، گرتن و دوورخرانەوەی بەکۆمەڵ دەستیپێکرد. بەڵام سەرەڕای ئەو ئاستەنگی و پێشێلکاریانە، حیزبی کرێکاری سۆسیال دیموکرات بە شێوەی نهێنی هەروا درێژەی بە هەڵسووڕانی خۆیدا و توانی بە یارمەتی مارکس و ئینگڵس بەسەر مەیلی ئۆپۆرتۆنیستی و مەیلی چەپەڕەوی منداڵانەدا زاڵ بێت، هەڵسووڕانی نایاسایی خۆی لەگەڵ خەباتی نهێنی یەکبخات و بەوشێوەیە پێگەی خۆی لە نێو جەماوەردا پتەوتر بکات. سەرئەنجام خەباتی روو لە گەشەی چینی کرێکار دەوڵەتی ناچار کرد لە رێکەوتی یەکەمی ئۆکتۆبری ساڵی ١٨٩٠دا یاسای بارودۆخی نائاسایی هەڵوەشێنێتەوە.

٣- ئۆپۆزیسیۆنی پارلمانی، بە گروپێك لە نوێنەرانی پارلمانی فەرەنسە دەڵێن کە بە رێبەرایەتی "ئۆدیلیۆن بارۆت" لە رۆژەکانی سەڵتەنەتی ژۆئەندا (١٨٤٨ تا ١٨٣٠) لە پارلمانی فەرەنسە هەڵسووڕاو بوون و بەرژەوەندی و تێگەیشتنی سیاسی کوڕ و کۆمەڵی بۆرژوازی سەنعەتی و بازرگانانی نوێنەرایەتی دەکرد و لایەنگری پێکهێنانی ریفۆرمی کەم لە هەڵبژاردنەکاندا بوون و ئەوەیان بە ئامرازێك دەزانی بۆ پێشگرتن لە شۆڕش و پاراستنی دەسەڵاتی بنەماڵەی پاشایەتی "ئۆرلێئان".

٤- مەبەست سەردەمی تیرۆر و سەرکوتی خوێناوییە لە رۆمی کۆن بەرانبەر بە پەرەسەندنی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەورانی جۆراوجۆری قەیران لە کۆماری کۆیلەداری رووم( سەدەی یەکەمی پێش لە ساڵی یەکەمی زایینی) و بە تایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری" سولار" و لەسەردەمی حکومەتی سەلاسەی

یەکەم و دووهەم و سێهەمدا.

ســولار کە یەکێك لە نوێنەرانی ئاریســتۆکراتی کۆیلــەدار( بوبیلیات) بوو، لە ســاڵی ٨٢ تا ٧٩ی پێش لە مێژووی زایینی دەسەڵاتی دەکرد و دیکتاتۆریەکەی هاوکات بوو لەگــەڵ کۆمەڵکوژی لایەنگرانی" ماریۆس" و گروپێکی کۆیلەداری دیکە کە لەگەڵ" ســۆلار" کێبرکێی دەکرد. لە کاتی دیکتاتۆری سۆلاردا لیستێك لــە کەســانی گوماناوی ئامادە کرا و هەرکام لــە هاولاتیانی رووم مافی ئەوەی پێدرا ئەو کەســانەی کە نێویان لەو لیســتەدا بوو، بکوژێت. حکومەتی سەلاسەی یەکــەم و دووهــەم(٦٠ تا ٥٣ و ٤٣ تا ٣٦)ی پێش لە مێــژووی زایینی دەورانی دیکتاتۆری سەردارانی ســەربازی گەورە بوو، کە دەسەڵاتیان لە نێوخۆیان دابەش کردبوو. حکومەتی سەلاســە قۆناغێك بوو لە خەبات بۆ لەنێوبردنی کۆماری رووم، جێگیر کردنی نیزامی پاشایەتی( دەسەڵاتی رەها)، بە واتایەکی دیکە تێپەڕبوونی نیزامی کۆیلەداری بەرو نیزامی دەربەگایەتی. حکومەتەکانی سەلاســە زیاتر لە سەر کوشتنی نەیارانی راوەستابوو. پاش لە نێوچوونی حکومەتی سەلاسەی یەکەم و دووهەم شــەڕێکی نێوخۆیی خوێناوی لە ڕوومدا هاتــە ئاراوە و لێرەدا ئینگلس ئاماژە بەم شەڕە دەکات.

٥- حیزبە سەڵتەنەتخوازەکانی ئەو کات بریتی بوون لە: یەکەم، لیژیتمیستەکان، واتــە ئەو کەســانەی وا لەســەر ئەو باوەڕە بوون دەســەڵات مافــی بنەماڵەی" بۆربۆنەکان"ە. دووهەم، ئۆرلێئانیســتەکان، لایەنگرانــی بنەماڵەی ئۆرلێئان کە لە رۆژەکانی سەڵتەنەتی ژووئیە( لویی فیلیپ) بەسەر فەرەنسەدا حکومەتیان دەکرد و نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ئاریستۆکراسی دارایی و بۆرژوازی سەنعەتی گەورەیان دەکرد. سێهەم، بناپارتیستیەکان، لایەنگرانی لویی بناپارت یان ناپلئۆنی سێهەم.

٦- ئیمپراتوریی دووهەمی فەرەنســە : بە ســەردەمی دەسەڵاتی لویی بناپارت( واتە ئیمپراتوری ناپلئۆنی سێهەم لە ١٨٥٢ تا ١٨٧٠) دەوترێت و ئیمپراتوریی یەکەم دەورانی دەسەڵاتی ناپلئۆنی یەکەم( لە ١٨٠٤ تا ١٨١٤) دەوترێت.

٧- کۆماری یەکەمی فەرەنســە، پاش شۆڕشــی مەزنی فەرەنسە لە ١٧٩٢ و لابردنی لویی شــازدەهەم لەسەر کورسی دەســەڵات، کۆماری یەکەمی فەرەنسە دەســتپێکرد. کۆماری دووهەم بە ســاڵەکانی ١٨٤٨ تا ١٨٥٢ دەوترێت. لە ساڵی ١٨٤٨دا دەسەڵاتی لویی فیلیپ لە ئاکامی راپەڕینی پاریس رووخا و" جمهوری"یان راگەیاند و لە ســاڵی ١٨٥٢دا لویی بناپارت کە لە رێگەی کودەتاوە کۆتایی بە" جمهوری" هێنابوو، هاتەسەر کار و خۆی وەك ناپلئۆنی سێهەمی فەرەنسە راگەیاند. کۆماری ســێهەمی فەرەنسە پاش شکســت و دەستبەسەر کردنی ناپلئۆن لە لایەن ئەرتەشی قەیسەرەوە لە سپتامبری ١٨٧٠ دەستپێکرد.

٨- لە شــەڕێکدا کە لە ســاڵی ١٨٦٦ بە ئیرادەی بیســمارك لە نێوان قەیسەر و نەمسا هەڵگیرسا، قەیسەر سەرکەوت و نەمسا لە یەکێتی وڵاتانی ئاڵمانیا وەدەرنرا. بناغەی رایشی ئاڵمانیا بە سەرۆکایەتی قەیسەر دامەزرا. ناپلئۆنی سێهەم بەهۆی وەعدە و بەڵێنێك کە بیسمارك سەبارەت بەدانی زەوی بە فەرەنسە پێی دابوو و دواتر بەجێی نەگەیاند، لەو شەڕەدا خۆی بە بێ لایەن گرت.

٩- لە ١ و ٢ی سێپتامبری ساڵی ١٨٧٠دا ئەرتەشی فەرەنسە لە سێدان لە لایەن هێزەکانی قەیســەرەوە گەمارۆ درا و پاش شەڕێکی قورس ناچار بوو تەسلیم بێت و ناپلئۆنی سێهەم و ٨٠ هەزار سەرباز و ئەفسەر و ژێنراڵی فەرەنسەیی بەدیل گیران.

دوو رۆژ دوای ئەم شکســتە و تەسلیمی بناپارت، لە رێکەوتی ٤ی سێپتامبردا لە فەرەنسە جمهوری راگەیەندرا.

١٠- دوای شکســتی فەرەنســە و بەدیل گیرانی ناپلئۆن دەوڵەتی قەیســەر بۆ ماوەی چەند مانگ ئەو و بنەماڵەکەی لە کۆشــکی پاشایەتی" ویڵهێلم هۆهە"( بەرزاییەکانی" ویڵهێلم" لە نزیك کاسێل) زیندانی کرد. دەوترێت ناپلئۆنی سێهەم لەو ماوەیەدا زۆربەی کاتەکانی بە جگەرەکێشان بردەسەر.

١١- گاردی میلی بە پێی یاســایەك کە لە ســاڵی ١٨٦٨دا پەســەند کرابوو، دابەش ببوو بە دوو بەشــی گاردی میلی ســەیار و گاردی میلی ســەقامگیر. گاردی میلی سەیار پێکهاتبوو لە پیاوانی ٢٠ تا ٤٠ ساڵ تەمەن و گاردی میلی ســەقامگیریش پێکهاتبوو لە پیاوانی پیرتر لە ٤٠ ساڵان، کە لە خزمەتی سەربازی مەعاف کرابوون. پاش شکستی ئەرتەشی دایمی فەرانسە لە شەڕ لەگەڵ ئاڵمانیا، گاردی میلی بوو بە ناوەندی ســەرەکی هێزی سەربازی فەرەنسە. گاردی میلی لە ساڵی ١٨٧٢دا هەڵوەشایەوە.

١٢- حەســاری کۆمۆنارەکان : لە ٢٧ی مانگی مەیی ١٨٧١دا دووســەد کەس لە خەباتکارانی کۆمۆن لە پاڵ حەساری گۆڕستانی کەنیسەی پێرلاشێزی پاریس لە بەرانبەر ئەرتەشی وێرسای دەستیان دایە مقاومەتێکی قارەمانانە، بەڵام بەهۆی ژمارەی زۆر و زەبەندی هێزەکانی دووژمن تیرباران کران.

١٣- بوسی بیلیستەکان: لە فەرانسە لایەنگرانی مەکتەبێکی شێوە سۆسیالیستی بــوون. بە باوەڕی ئەوان دەبوایە تەنیا بە ئاراســتەی ئەو کارانەی کە لە نزیکترین کاتدا مومکینە، هەوڵ بدرێت. ئەو بۆچوونە هەلپەرەســتانەیە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە نێو بزووتنەوەی کرێکاری فەرانسە رەخنەی کردبوو، لەگەڵ پێکهاتنــی حیزبی شۆڕشــگێری پرۆلیتاریا دژایەتی دەکــرد و وەلانانی خەباتی چینایەتی مەوعیزە دەکرد. لایەنگرانی ئەو مەکتەبە لە ئەنترناســیۆناڵدا نفوزێکی بەرچاویان بوو، بەڵام بەهۆی خەباتی نەپســاوەی ئینگلــس نەیانتوانی پووچەڵ کرانەوە.

١٤- دوو حیزبــی گەورەی ئامریکا : حیزبــی دیموکرات و حیزبی کۆماریخواز بوون و ئێستاش هەن.

حیزبی دیموکرات لە ســاڵی ١٨٢٨دا لە لایــەن هاوپەیمانیەکی خاوەنانی زەوی و زارەکان، چەند گروپ لە ســەرمایەدارەکان و هەروەها بەشێکی زۆر لە جوتیاران و وردە بۆرژواکانی نێو شــار پێکهات. ئەو حیزبە لە دەیەکانی سێهەم و چوارەمی ســەدەی نۆزدەهەمدا وەردە وردە بوو بە نوێنــەری بەرژەوەندی کۆیلەدارانی خاوەن زەوی ویلایەتەکانی باشوور و بۆرژوازی گەورەی ویلایەتەکانی باکوور و لایەنگری پاراستن و پەرەسەندنی کۆیلەداری بوو.

حیزبی کۆماریخواز لە ســاڵی ١٨٥٤دا لــە لایەن نەیارانی کۆیلەداری دامەزرا. حیزبی کۆماریخواز کە نەیاری پەرەسەندنی نفوزی خاوەن زەویەکان لە ویلایەتەکانی باشــوور بوو، نوێنەری سەرمایەدارانی پیشەسازی لە ویلایەتەکانی باکووری دەکرد و لە لایەن کرێکارانەوە پشــتیوانی لێ دەکرا. حیزبی کۆماریخواز کە ســەرەتا لە نێوبردنی دەسەڵاتی سیاسی کۆیلەدارەکان و مەحدود کردن و لە نێوبردنی بەشێنەیی ئەوانی کردبووە ئامانجی خۆی، پاش شــەڕی نێوخۆیی ئامریکا بوو بە نوێنەری بۆرژوازی پیشەسازی و دارایی ئامریکا.***

# ڕۆژی نوێ، مەینەتی نوێ



ن: داریو فوو

و: سەلام قادری

[ قەرەوێڵەیەکی دوو کەسی، مێزێکی تەنیشتی قەرەوێڵەی بچووک کە لە سەریا کاتژمێرێک و چراێکی بچکولانە دانراوە؛ قەفەسەیەکی قاپ و قاچاغ، مێزێکی تەنیشت دیواری، مێزێکی چێشتخانە، ماشینی جلشۆرین، چراگازێک، سەهۆڵگەیەک، دەسشۆرییەک، قەرەوێڵەیەکی منالانەیش کە بووکەڵەیەکی گەورەی وەکوو مندالٚ تێدایە. ژن و پیاوێک لە قەرەوێڵەکەدا خەوتوون. دیارە ژنەکە خەون دەبینێت ترسی لە ڕوو نیشتووە و دەستەکانی دەجوولێنێتەوە.]

لەحیم، مەتە، دوو دانە پەرچ. بڕین[ بەرزتر] لەحیم. مەتە. دوو دانە پەرچ بڕین[ دیسان بەرزتر] لەحیم، مەتە، دوو دانە پەرچ. بڕین. لەحیم، مەتە، دوو دانە پەرچ. بڕین[ هاوار دەکات] وەی، خواگیان قامکەکانم قرتاون! قامکەکانم... یارمەتیم بەن کۆیان کەمەوە. یارمەتیم بەن. نابێت هەر ئاوا پرژ و بڵاو بن... ڕەئیس پێی خۆش نیە. دەبێ هەموو شتێ ڕێک و پێک لە سەر جێگای خۆیدا بێت. یارمەتیم بەن. پێش لە هاتنی دەبێ کۆیان بکەمەوە...[ لەگەڵ جوولەیەکی خێرادا دادەنیشێت.] هێشتا خەون دەبینێت وە دەستەکانی لە بەردەم دەمووچاوی داگرتووە و دەناڵێنێت.] قامکەکانم! قامکە داماوەکانم! ئیتر ناتوانم لوتمیان پێ بگرم![ ئێستا چاوێک لە قامکەکانی دەکات.] هیچیان لێ نەهاتووە! هێشتا قامکەکانم ماون! خەونم دەبینی. سڵاو قامکەکانم.[ قامکەکانی ماچ دەکات.] باوێشک ئەدات.] چیم بە سەر هاتووە، دەبێ خەون بەم کارخانە بە لەعنت بووەوە ببینم.

ئیش کردن کردن لەو کاول بووەدا کەمە![ شڵەژاو] سەعات چەن بێ؟[ چرای تەنیشت قەرەوێڵەکە هەڵ ئەکات و چاوێک لە کاتژمێرەکە دەکات.] شەش و نیو؟ زۆڵە، بۆ چی زەنگت لێنەدا. [کاتژمێرەکە دەکوتێ بە سەر مێزەکەدا و بە نابەدڵییەوە لە قەرەوێڵەکە دێتە دەرەوە. جلکەکانیماڵەوەی دەکاتە بەری و سەرپێییەکانی لە پێ دەکات.] شەش و نیوە... وەی خوایە، کەوتمە درەنگ. سپڵەی بە لەعنت بووە. بۆ زەنگی لێنەدا.[ بەرەو قەرەوێڵەی منالەکە پێ هەڵدەگرێ.] هەڵسە خرپۆڵەکەم، ڕۆژ هەڵهاتووە. هەڵسە شیرینەکەی دایە. ئیتر کاتی هەڵسانە![ منالەکە لە ناو قەرەوێڵەکەدا بەرز دەکاتەوە.] بەرز، بەرز، بەرزتر![ بووکەڵەکە بە سەر مێزهکەدا هاتوچوو پێ دەکات و] لاسایی دەنگی فڕۆکە دەکاتەوە. ناکاو لە نێوان دەنگی فڕۆکەدا کۆتایی پێ دێت. ئۆی، خۆت تەڕ کردووە! ئاخ، میزنە بچکۆلەکە، ئێستا لەگەڵ ئەم هەموو پەلەپەلەی مندا کاتی ئەم ئیشنایە خۆ من سێ کاتژمێر نابێت جلکەکانم گۆڕییوە، بۆ چی دیسان خۆت تەڕ کردووە؟[ منالەکە لە سەر مێزەکەدا دادەنێت و لە کاتی گۆڕینی پەڕۆ کۆنەکانیدا پێی پێ دەکەنێت.] جەنابت خشپیلەیەک زیاتر نیت، بەڵێ، تۆ، تۆ، تۆ![ بە جدییەتێکی درۆینەوە.] دەبێ پەلە بکەین! خۆت باش دەزانی گەر یەک دەقەی بچکۆلە لە حەوت تێپەڕێ، خوشکە ڕۆحانییەکان درگامان بۆ ناکەنەوە و دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. دەی، ئێستا لێ گەڕێ، دایە ئەو قوونەقووت و خڕەت بشۆرێ.[ منالەکە بەرەولای شوێنی دەست شۆردنەکە دەبات و شێری ئاوەکە دەکاتەوە.] چۆڕێک ئاوی گەرمی پیا بکەم تەواوە.... نەخێر. ئاوی گەرمی لێ نایەت! گرەو ئەکەم ئەم لوئیجیە سەپۆلە دێوترمەکەی کوژاندووەتەوە. بەڵام نە، ئەڵێی سەپۆل نیە، تازە خەریکە ئاوی گەرمی لێ دێت.[ منالەکە دەشوات.] ئێستا دەموچاووی نینییە بچکۆلەکەمان بشۆرین... ووسسس، بێدەنگ بە، بابە هەڵدەسێنی. [منالەکە دەخاتەوە سەر مێزەکە.] خوزگەم بە بابە کە دەتوانێت نیو سەعاتی تر بخەوێت و دوایی خۆی هەڵداتە ناو دوونیا و دەست بکات بە تارزان بازی.[ لاسایی دەنگ تارزان دکاتەوە.] هۆۆۆۆۆ هۆۆۆوو[ پێ دەزانێ دەنگی زۆر بەرز کردووەتەوە. دەستی لە سەر دەمی دادەنێت و چاوێکی لە قەرەوێڵەکە دەکات.

دوایی بە دەنگێکـــی هێواش:] هۆۆۆۆۆۆ هۆۆۆوو.[ دوای ئەوە، ئەم بەشـــەی خوارەوە بە جۆڵە گەلێکی ئیغراق ئامێز ئەنجام ئەدات.] هەڵێ بەرەو کارخانە، هەڵێ بەرەو پاسەکە، خۆت بگەیەنە وێـــستگەکە خۆت هەڵدە ناو ترەنێکی ترەوە، لوئیجی! مەیمونی هێلی بەرهەم هێنان. خۆت هەڵدە سەرەوە، خۆت هەڵدە خوارەوە، پێ بنێ سەر گاز، خۆت هەڵدە سەر... [ پێ دەکەنێت.] ئەرێ، پێبکەنە. پێبکەنە بە دایە. مافی خۆتـــە ڕێک وەک مەیموونم لێ هاتـــووە، وانییە؟ دەی، ئێستا، پێش لەوەی کە بە پەڕۆیەکی پاک و تەمیز جوان دات بەســـم و تۆزێک لەم بـــۆدرەی فێنکییەت لێبدەم.[ قاپکە هەڵ دەگرێت و ئەی پژێنێت پیایدا.] ئێ، خۆ ئەمە پەنێری ڕەنەکراوە؟ کێ لە جێی بۆدرە پەنێری ڕەنەکراوی ڕژاندووەتە ناو ئەمـــە؟... وەی... چ فەزاحەتێک! قەی ناکات. ئێســـتا دەیکەمەوە ناو قاپەکە.[ پەنێرەکە لە پلو پێی منداڵەکە دەکاتەوە، دەیکاتە ناو قاپەکە]. لەم بارودۆخە خراپـــەدا ناکرێت پەنێرێک بەم باشـــیە لە حەرام بگێڕی، دەکـــرێ؟ هەر ئێمشـــەو دەیکمە ناو خۆرشـــت.[ پەڕۆی منداڵەکە دادە بەسێت.] هەر وەها منداڵەکەی من تەمیزترین قوونە خشپیلەی دنیای هەیە. وانییە؟[ بەپەلە] زووبە، نابێ دواکەوین. بچۆلە خشـــپیلەکەم. لێرە پاڵکەوە با دایە دەم و چاوەکەت بشوات.

[ بەرەو دەسشویی یەکە دەڕوات و لە گەڵ شۆردنی ئەودا لە بەر خۆوە شتێک دێنێتە سەر زار.] « بە سابوونی دەست و دەم و چاوی کامی هەموو ڕۆژێ جوانتر لە دوێنێ دەی شۆرین . هەموو ڕۆژێ...» ئاوی سەگ مەزەبیش وشکی کرد، ئیتر لێی نایەت! هەی شـــێتانە! سێســـەد بنەماڵە لەم ماڵەدا دەژین. هەموویان لەو کاتەدا کە من خەریکم دەست و دەموو چاووم دەشۆم دەبێ دەست و دەم و چاوو بشۆن، ئیستا چۆن ئەم کەف و ســـابوون و چەوریە لە سەرو رووم داماڵم، وەی؟ ئاخ، ئاخ، ئاخ، چـــاووم![ خاوولییەکە هەڵدەگرێ و ســـابوونی دەموو چاوی لێدەکاتەوە.] دەی لێگەڕێ، کێ پێم دەزانێ. دوایی دەیشـــۆم. کێ بـــۆم دەڕوانێت؟ بەڵام نە، لە وانەیە بۆم ببیســـن.[ پەمپەکـــە هەڵدەگرێت.] « لە دەستکەوتەکانی زانستی نوێ! » « بە تۆزێکی لە ڕۆژدا ب.ب( بـــۆی خراپ ) لە ناو بەن!»[ پەمپەکە دەدا لە ژێر باڵی خـــۆی. هاواری لێ بەرز دەبێتەوە.] ئای! چیم کرد؟ دەسووتێتەوە![ نووسراوی ســـەر پەمپەکە دەخوێنێتەوە.] « ڕەنگـــی خێرای ڕادیاتۆر»! وەی خوایە، ژێر باڵم زەرد بوو. ئێســـتا چۆن لێی بکەمەوە[ دەســـت دەکات بە جل لە بەر کـــردن.] دەزانم چی لێبکەم...لەو دەرمانەی ناوکارخانەی لێ ئەدەم.[ چاو لە کاتژمێرەکە دەکات :] ســـەعات چەندە ئێستا؟ شەش و چل دەقە، پێم وابێ بگەین، بچکۆلێ![ بە پەلە شتەکانی لەم لاو لای ژوورەکە کۆدەکاتەوە و منداڵەکە دەگرێتـــە باوش.] ئەمە پاڵتاوەکەی دایە، ئەمە جانتاکەی دایە، ئەمـــە منداڵەکەی دایـــە، ئەمـــە کلیلەکەی دایە ...[بـــەرەولای دەرگاکە دەڕوات. کتوپڕ لە جێگای خویدا ئەوەستێت.] کلیلەکەی دایە کوا؟[ منداڵەکە لەسەر مێزەکە دادەنێـــت گیرفانەکانی دەگەڕێت.] وون بووە. وون بووە. لە کوێـــدا دامناوە ؟[ چاوێک لە دەوروبەری خۆی دەکات.] یانـــی لە کوێیە ؟ ئاهە، وەک هەموو جارێک ســـانیەکان بـــە خێرایی تێ دەپەڕێت و من ئەم کلیلە بە لەعنەت بووەم بۆ نادۆزرێتەوە. پێم تەحەموول ناکرێت، خەریکە مێشکم لە دەســـت ئەچێ![ جووڵەی لێ دەبڕێت و هەناسەیەکی قووڵ ئەدات] دەی، هێمنی خۆت ڕابگرە، دوێنی شـــەو کە هاتم، »ڕێک چ کارگەلێکم کرد؟ هەموو شتێ بەووردی بەسەر کەینەوە. سەر لە نوێ چنینەوەی ڕووداوەکان! دەی، کاتێ کە هاتمەوە، لوئیجی هێشتا نەهاتبووەوە، کەوابوو دەبێ من دەرگاکەم کردبێتەوە.[ منداڵەکە هەڵدەگرێت و ئەم بەشـــەی خـــوارەوە دەنوێنێت.] منداڵی دایە لە باخەڵیایە، جانتای دایە لەســـەر شـــانی چەپیا ... و ... کلیلی دایە لە دەســـتی چەپیایە. جانتاکەم لێرە نا سەر عەرز. منداڵەکەم خستە ناو قەرە وێڵەکەی، دواییش یەکســـەر چوومە دەرەوە تا وەکوو ئەو شتانەی تازە کڕیبووم بیهێنمە ماڵەوە.[ دەچێتە دەرەوە و لاســـایی ئەو کارە ئەکاتەوە و سەیری دەستی دەکات]. کلیلەکە هێشتا بە دەستمەوەیە؟ ئەرێ. پاکەتێک شیرها لە ژێر باڵمدا. دەگەرێمەوە ماڵەوە، زەرفی شتەکان دەنێمە سەر مێزەکەو شیرەکە دەخەمە ناو سەهۆڵگەکە.[ لە سەهۆڵگەکە نزیک دەبێتەوە، لە نیوەی ڕێدا ڕادەوەستێت.] ئۆی، کلیل! گرەو ئەکەم کلیلەکەم لەناو ســـەهۆڵگەکە دا داناوە. من شـــێت بووم! ئاخری خۆم دەکوژم![ دەرگای سەهۆڵگەکە دەکاتـــەوە.] لە نێو جێگەی کەرەکەدانییە، لە ناو جێگەی هێلکەکەدا نییە، لە ناو جێگە ســـەهۆڵەکە دانییە ... نە، لە ناو ســـەهۆڵگەکە دا دام نەناوە.[ ڕاوەســـتان] کە وابوو شیرەکەشم لەناو ســـەهۆڵگەکە دا دانەناوە.[ عەلاگەیەک لە ناو ســـەهۆڵگەکە دا دەردێنێت.] لە جێگەیدا مادەی جل شـــۆردنی لیمۆییم خستە ناو ســـەهۆڵگەکە. لیمۆ هەڵبەت لە هەمـــوو حاڵێکدا جێـــگای ناو یەخچاڵەکەیـــە، وانیە! دڵنیام خەریکم عەقڵم لە دەس ئەدەم. کە وابوو شـــیرەکەم لە کوێدا داناوە؟ لە ناو ماشـــینی جل شـــتنەکە.[ چاوی لێدەکات.] نە، دەی، ســـەبارت بەمە دڵنیـــا بووم ... کە

وابوو لە کوییە؟ ڕاوەستە، دۆزیمەوە! شیرەکەم لە تەنیشت چرای چێشتخانەکەوە دانا تاوەکوو شیری منداڵەکە حازر کەم. دوایی، حەتم هەر دوو دەستەکەم چۆڵ بووە کە توانیوومە دەرگای شیرەکە هەڵچرم... دەی کە وابوو کلیلەکەم گرتووە بە دەممەوە.[ لاسایی دەکاتەوە. دواتر بەدانی داخراوەوە دە ئاخافێ.] بەڵام ئاخر بۆ چی بە ددانم؟ بۆ چی نەمخستووەتە سەر مێزکە؟[ شانی هەڵدەتەکێنێ ولاسایی شیر ڕشتنی ناو تاوەکە دەکاتەوە.] چووزانم؟ دەی، شیری منداڵەکە لە سەر چرا گازەکەیە، دوایی منداڵەکە هەڵدەکەم...واتە شیرەکە هەڵدەکەم...ئاه...دەمەوێ بڵێم چراگازەکە هەڵدەکەم! دوایی دەڕۆم پێستی منداڵەکە داماڵم... واتە جلەکانی بەری داماڵم بۆ ئەوەی حازری کەم بۆ حەمام.[ لاسایی هەڵگرتنی منداڵەکە دەکاتەوە] منداڵەکە لە سەر مێزەکە دادەنێم و...نە، دەقەیەک سەبر کە، شیرکە سەر چوو![ بەرەو لای چراگازەکە هەڵدێت. هێشتا لەڕەوڵەکەیدایە، منداڵەکەی بە باوشەوەیە.] چراگازەکە دەکوژێنمەوە، هەروەها منداڵەکە بە باوشمەوەیە، بەرەو چەمەدانەکە دەڕۆم کەوانی منداڵەکە دەربێنم.[ لاسایی دەرهێنانی وانەکە دەکات لە چەمەدانەکەدا، بە ددانی داخراوەوە: کلیلەکە هێشتا بە دەممەوەیە وانەکە لە سەر مێزەکە دادەنێم دوایی دەڕۆم... ترسی لێ نیشتوە وچاو لە دەور و بەری خۆی دەکات.] منداڵەکە چی بە سەر هات! منداڵەکەم ون کرد! منداڵەکەم لە کوێ دانا؟ لە ناو سەهۆڵگەکە ؟ لە ناو ماشینی جل شتنەکە؟ لە ناو چەمەدانەکە؟[ لاسایی هاوردنە دەرەوی منداڵەکە دەکات.] [ لە ناو چەمەدانەکە منداڵەکە ماچ دەکات.] ئۆخەی، کۆرپە بچکۆلانەکەی من. هێندە ماندوو بووم کە مەجبور بووم پەرداخێک ئاو بخۆم.[ قووتی ئەدات.] وەی، خوا گیان، گرەو ئەکەم کلیلەکەم قووت داوە! نە، نەمئەتوانی قووتی بدەم کلیلەکە کونی هەبوو، ئەگەر قووتم دابووبا، لوئیجی تا بەیانی لە ناو قەرەوێڵەکەدا ئەکەوتە بۆڵە بە سەرما کە دەنگی فیقەم لێوەدێ.[ ] دەی ئاخر کلیلەکەم لە کوێ داناوە؟ لە کوێ؟ لە کوێ؟ بێدەنگ بە. بەسە لە سەر خۆ بە. دوایی چیم کرد.[ لاسایی دەکاتەوە.] پڕ کردنی وان ئاوی کولاتوو. دوایی هاوردنی قتووی جۆشی شیرین.[ شووشەیەک لە قەفەزەکەدا دەردەهێنێت.] هەموو جارێک دوو کەوچک جۆشی شیرینی تێدەکەم کە ئاوەکە سووک کات. بەڵێ ئەی چی. ئاوی ئەم گەرەکە...[ لە جووڵە ئەکەوێت. چاو دەبڕێتە ناو شووشەکە.] ئێی؟ ئەمە چیە؟ شەکر؟ کێ شەکری کردووەتە ناو شووشەی جۆشی شیرین؟[ شووشەیەکیتر لە قەفەزەکە دەردێنێت و درگاکەی هەڵدەچرێت.] سەیرە!... لە کەیەوە جۆشی شیرین لە ناو شووشەی شەکر دایە! لە کەیەوە وای لێهاتوە منداڵەکە بە شەربەت بشۆرم؟ ئۆی... وتم خوایە بۆ چی ئەو خوشکە ڕۆحانیە ناوێرێت منداڵەکە ببات بۆ مەیانی یاریگەکە. دەیگوت « لە گەڵ ئەم منداڵە لە دەرەوە دادەنێم، هەرچی زەردەواڵە و مێش و مێرووە لێی کۆ دەبنەوە دەس دەکەن بە ویزەویز.» بچکۆلە ژیکلەکەم. ئۆی... ئەو لوئیجیەیە داماوە. لەخۆڕا نیە لەم لەم ئاخرانەدا لە سەر ناشتا یەکسەر قورپ لێ دەدات. مەکە جۆشی شیرینم کردووەتە ناو قاوەکەی![ پێدەکەنێت، بەڵام دیسان هەوڵە.] ئەی ئەوە کلیلەکەم لە کوێیە؟ ئەگەر نەی دۆزمەوە خۆم... دەقەیەک ڕاوەستە بزانم، دۆزیمەوە. چ گەوجێکم من. ئێستا دێتەوە یادم. قەت دەرم نەهێناوە! ئەو کاتەی خەریک بووم منداڵەکەم دەشت، بیستم لوئیجی خەریکە بە کلیلەکە خۆی بە دەرگاکەوە خەریک کردوە و هەروەها وەکوو شێت و شتی وا جنێو ئەدات. چوونکە کە هاتمەوە ژوورەوە، دەرگاکەم بە دوای خۆمدا داخست و کلیلەکەم بە دەرگاکەوە بە جێ هێشت.[ لاسایی ئەم بەشەی ژێرەوە دەکات.] دەی، منداڵەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتم دەرگاکە بکەمەوە لوئیجی بێتە ژوورەوە. ئەو کاتە خەریک بوو بە تووڕەییەوە هات و هاواری ئەکرد. لە یادمە ئەو کاتە کلیلەکە بە دەستمەوە بوو، چوونکە لە ژێر لوتیا لەراندمەوە و وتم: «باشە دەی، باشە، کلیلەکەم بە دەرگاکەوە بە جێ هێشتووە. ئێستا وەرە من بکوژە. دەی یاڵڵا، بمکوژە، ژنەکەت بکوژە با ناوت بچێتە نا ڕۆژنامەکانەوە!» ئەو گووتی: «برۆ ئەو لاوە بابە، لەگەڵ تۆم نیە، لەگەڵ ئەو ترەنە سەگ مەزبەمە. یەک کاتژمێر درەنگ کەوتن!



بڕوا دەکەی ترەنێک دوانزە مایل بە ساعەت و نیوێک ببڕێت؟ ئەم ماوەیە لە هیچ جێگایەک حسێب ناکەن. خۆت ئەزانیت. کەس بۆ ئەم ماوەیە هیچ نادات. پێت وایە خاوەنی کارخانە گوێ بەوە ئەدا کە ئەم هەموو کاتە لە دەست ئەدەم تاوەکوو بگەم بە کارخانە کاول بووەکەی. بۆچی بۆ ئەوەی کە کاری بۆ بکەم؟»

من گووتم: «دەی بۆ چی دەیکەیتە مل من؟»[ چاوێک لە دەستەکانی ئەکات.] کلیلەکە هێشتا بە دەستمەوە بوو؟ ئەرێ، هێشتا بوو. دوایی گوتم: «تازە بەوانە ناڵێن خاوەنی کارخانە.» گوتم: «ئێستا بوون بە چەن نەتەوەیی، ئەی چی وایە!» دواییش ڕۆیشتم شیری مناڵەکە هەڵبگرم. [ بەرەو لای قەرەوێڵەکەی مناڵەکە دەڕوات و دیسان دەگەڕێتەوە.] مناڵەکەم لە ناو قەرەوێڵەکەیدا داناو ڕۆیشتم شیری مناڵەکە چێ بکەم.[ بەرەو چراگازکە وەر دەگەڕێت.] ڕاوەستە بزانم... کلیلەکە هەر ئەو کات کەوتە ناو قەرەوێڵەی مناڵەکە؟ [بە سەر قەرەوێڵەی مناڵەکەدا لار دەبێتەوە.] نە لێرەدا نیە.[ ناکاو جووڵەی لێدەبرێ و بە هێمنی:] بڕوا ناکەم.[ دواتر، هەستگەرانە.] ئەی بۆگەن کەی! تۆ چۆن دڵت هات ئاوەهام لێ بکەی؟ [مناڵەکە هەڵدەگرێت و لە سەر مێزەکەدا دەیخەوێنێت.] سەد جار گووتم ڕاوەستە بگەینە باغچەی ساوایان! خراپکارییەکانت دانێ پاش سەعاتی حەوت کە خوشکە ڕۆحانییەکان جلەکانت دەگۆڕن. ئێستا کاتی ئەو کارانەمان هەیە؟... خەریکە درەنگ ئەکەوین! چاو لە سەعاتەکە بکە... مەحاڵە لە کاتی خۆیدا بگەین.[ چرکەیەک زۆر تووڕە دەبێت.] حەقدەستی ڕۆژێکم لە دەست دەرئەچێت![ لە کاتی کردنەوەی پەڕۆی مناڵەکەدا، پرمەی پێکەنینی دێت.] خۆشی سەرت، لەم قوونە بچکۆلانە خڕەتەوە چۆن ئەم هەموو پیسییە دەکەیت؟ بە تۆ دەڵێن سوڵتانی ئەن. [ مناڵەکە ئەبات بۆ شوێنی دەست شۆردنەکە و دیسان دەیشۆرێت.]

گووتم:« بەڵێ لوئیجی، بنەماڵەیان درووست کردوە و مارکی پیرۆزیشیان لێداوە کە ئێوە مرۆڤگەلی شڕ و شێواوی عاسی سەر هێلی بەرهەم هێنان تووشی شێتی تەواو نەبن. لە کارخانەوە دێنەوە بۆ ماڵەوە بۆ لای ژنەکانتان، خزمەتکارانی بێ حەق وحسێب کە وەکوو جلێکی کۆنە لە گەلیدا هەڵسوو کەوت دەکەن. ئێمەیش دیسان دەتان وروژێنینەوە، دیسان دەتان وروژێنینەوە، ساغتان دەکەینەوە، هەمووشی بە خۆڕایی! خواردنتان دەدەینێ، دەتان شۆرین، داتان دەپۆشین، پاک و تەمیز و ساق و سەلامەت و قیت وتەندروست، دیسان دەتان نێرینەوە بۆ کارخانە، کە چی بیت؟ تا قایمتر و باشتر بۆ چەن نەتەوەییەکان ئیش بکەن. بەڵێ! مەڵێ چەن نەتەوەیی، بڵێ خوای قادر و ڕەها. پێشکەوتنی ئابووری ئەو پێکیدێنێت، دابەزین بە دەستی ئەوە، ترۆیی بە دەستی ئەوە، بەرز بوونەوەی نرخەکان، قەیرانی ئابووری چوار وەرز، قەیرانی ئابووری لە سەر لاچوون، دابەزینی لیر، دۆلاری ئەوروپی، دۆلاری نەوتی...هەموو شتێک بە دەستی ئەوانە! بەڵام چی، تەنیا سەری دەجووڵێنێ و دەڵێ:« من هیچم لە دەست نایەت، هەرئەوەیە کە هەیە.»[ دەست دەکات بە دابەستنەوەی مناڵەکە بە پەڕۆی تەمیز] دواتر، لوئیجی پێکەنینێکی کورتی تووڕەیی گرتی وگوتی:« ئۆە، نەمزانیبو لە گەڵ ژنێکی ڕادیکاڵ زەواجم کردوە. بەرێز خانمی ئازادە! لە کەیەوە تا ئێستا قسەگەلی فمنیستی گوێ لێ دەگری؟»[ بە تووڕەییەوە لاسایی وڵام دانەوە بە لوئیجی ئەکاتەوە]

پێم گووت: گوێ بگرە گەوجە گیان، من هیچ پێویستم بەوە نییە گوێ لە فمینیستەکان یا ڕادیکاڵەکان یان هەر کەسێکی‌تر بگرم بۆ ئەوەی تێبگەم چ ژیانێکی گووم هەیە. هەر دووکمان وەکوو سەگ گیان ئەدەین، هیچ مەجالێکمان بۆ نامێنێتەوە دوو دەقە لە گەڵ یەک بئاخاڤین. قەت لە گەڵ یەکتر قسەناکەین! دەکرێ بەمەش بڵێین ژیانی ژن وشوویی؟ قەت بووە لای خۆت بیری لێ بکەیتەوە ژیانم چۆن تێپەڕ دەبێت؟ چ هەستێکم هەیە؟ قەت بووە بپرسی ماندووم. دەتوانی یارمەتیم بدەی؟ ها!»[ لاسایی هێرشێکی هەڕەشەکەرانە دەکات.]« کێ لێیدەنێ؟ من! کێ دەیشۆرێت؟ من! کێ دەیکڕێت؟ من! کێ بە سیحر و جادوو خەرج و باج جۆردەکات تا دەسپێک و کۆتایی مانگ بە یەک بگات؟ من من من ! تەواوی کاتەکانیش خەریکم لە ماڵەوە ئیش دەکەم،هیچ ئاگات لییە؟ گۆرەواکان پیسن کێ دەیانشۆرێت؟ ها؟ تۆ چەن جارگۆرەواکانی منت شۆردوە؟ ئێمە دەبێ پێکەوە قسان بکەین، لوئیجی! ئێمە هیچ قسەیەک پێکەوە ناکەین. دەمەوێ بڵێم لە لای منەوە هیچ مشکلەنیە کە کێشەکانی تۆ کێشەکانی منیش بن، کە وابوو بۆ چی دەبی کێشەکانی من کێشەی تۆش نەبن؟ بۆ چی کێشەی تۆ کێشەی ئێمەیە. بەڵام کێشەکانی من تەنیا کێشەی منە؟ من حەزدەکەم پێکەوە بژین...نەوەک تەنیا لە ژێر یەک بنمیچدا ژیان بە سەر بەرین. ئێمە دەبێ پێکەوە قسان بکەین! بەڵام ئێستاکە چی دەکەین؟ تۆ لە سەر ئیش دێیتەوە، سەیری تەلەوزیۆن دەکەی، دواییش دەڕۆیت دەخەویت. بەیانی دیسان ڕۆژی نوێ و مەینەتی نوێ. ئۆە، هەڵبەت جگە لە یەک شەممانە.[ بە گاڵتەوە.] ئۆخ گیان، ئۆخ گیان، ڕۆژی دوو گۆڵی! هەموو یەک شەممەیەک دەکەویتەرێ بۆ سەیری بیست و دوو دانە نەفام کە بەو شۆرتە کورتەنەیانەوە بە دوای تۆ یێکدا هەڵدێن و چەن دواکەوتووی تر هەڵبەز و دابەز

ئەکەن و فیکە دەکێشن! » ئەو... لوئیجی دەڵیم... ڕەنگی دەپەڕێ! ڕێک وەکوو ئەوەی کەجنێوم بە دایکی دابێت.» ئاخر کەسێکی وەک تۆ چی لە دوو گۆڵی تێدەگات؟»[ ڕاوەستانێکی بچووک] وڵامێکی لێ نەزانانە بووە بەڕاستی.[ بە گوڕ و تینەوە.] زۆر تووڕە بووم. قیژاندم بە سەریا:« تۆی بە لەعنت بوو چیت دەوێت؟» دوایی وەکوو شێت و شتی وا هێرشم کردە سەری هەر چیم ئەویست پێم گووت هەموو شتێ! من قیژاندم بە سەر ئەودا، ئەو قیژاندی بە سەر مندا، من بەرزتر قیژاندم، ئەو بەرزتر هاواری کرد... خانووەکەمان نابوو بە سەر سەر مانەوە. هەتا ئەخیرەن گوتم:« بڕوانە، ئەگەر ژن و شوویی ئەمەیە، ئێمە هەڵەمان کردوە!»

وە هەڵەکەم هەڵگرت و بۆی دەرکەوتم.[ مناڵەکە هەڵدەگرێت و بەرەو لای درگاکە دەڕوات. ڕادەوەستێت. بیردەکاتەوە.] کلیلەکە حەتم ئەوکاتە بە دەستمەوە بووە، چوونکە کلیلەکەم بە دەرگاکەوە کردوە.[ دیسان بەرەو دەرگاکە دەڕوات و ڕادەوەستێت.] لوئیجی هات بەری پێگرتم. ئەو داماوە ڕەنگی بوو بە گووی زەرد. قەت هێندە ناسزا و قسەم پیا هەڵنەدا بوو. پێم وابێ بەڕاستی کاری کردوتە سەری. گوتم:« ئەم ئیشانە مەکە. وەرە هەر ئێستاکە بە یەکەوە قسە بکەین. دواتر، گەر ویستت لێم جیا بیتەوە، جیا بەوە. بەڵام سەرەتا دەبێ قسان بکەین. ئەمە مەسەلەیەکی دیالیکتیکیە.« گوتی:« ئیمە ئێستاکە پێویستمان بە وتوو وێژێکی هێمن و مەنقی هەیە.» دوایی منیشی پەلکێش کرد بۆ سەر قەرەوێڵکە.[ لە سەر قەرەوێڵکە دادەنیشێت، مناڵەکە دەنێتە عەرز و بە حاڵەتێکی شلەوە دەس دەهێنێت بە سەر لوئیجی خەوتوودا.] گوتی کە حەقی منەو هەڵە لەوەوە بووە. گوتی تەواوی ئەو قسانەی من کردومە ڕاستە و ئەو بە هەموو شێوەیەک موستەحەقی سەرزەنشتە. گوتی هەڵسووکەوتی بەو شێوازە بووە کە دایکی هەموو کاتێ چاوە ڕوانی کردوە، ئەویش پێی وابووە منیش هەر ئەو چاوەڕوانییانەم هەیە. گوتی ئەرێ، هەمووی خەتای ئەو بووە و ئیستا بە هەڵەکانی خۆیی زانیوە. گوتی بۆچی پێشتر ئەم شتانەم پێ نەگوتووە، گوتی دڵنیابە هەڵسوو کەوتم دەگۆڕدرا.[ لوئیجی بە شێوازێکی زۆر عاتفی نەوازش دەکات.] ڕەخنە لە خۆگرتنێکی ڕاستەقینە. بە جۆرێک کە منی کردە گریان. چەن زیاتر ڕەخنەی لە خۆی دەگرت من زیاتر گریان دایدەگرتم، چەن من زیاتر دەگریام، ئەو زیاتر ڕەخنەی لە خۆی دەگرت[ بە ناسکی] دۆێنێ شەو چینێکی باش گریام! ناکاو وەکوو کارەبا گرتەیەک لە جێگای خۆیدا ڕادەپەڕێ.] ئەی کلیلەکە چی بە سەر هات؟[ چاوەکانی دادەخات و تەرکیزدەکات.] لوئیجی کلیلەکەی لە دەستم گرت و دواتر...[ چاوەکانی

دەکاتەوە، خێرا:] خستیە ناو گیرفانی![ بەرەولای پاڵتاوەکەی لوئیجی کە هەڵواسراوە بە چێو لیباسییەکەوە دەڕوات و ناو گیرفانەکانی چاو لێدەکات.] دۆزیمەوە![ سەر کەوتووانە کلیلەکە بەرز دەکاتەوە، خێرا شڵەژاو:] سەعات چەنە؟ [بە پەلە دەکەوێتە ڕێ و چاوێک لە کاتژمێرە کە دەکات] دە دەقەی ماوە بۆ حەوت هێشتا دەتوانین لە کاتی خوێدا بگەینە ئەوێ، دەی هەنگوێنەکەم، بڕوین![ ئەشیاکانی هەڵدەگرێت] مناڵ، پاڵتاو، جانتا، کلیل، ... دەی بڕۆ بابچین! دەس ڕاگرە، بلیتی وەرزی.[ مناڵەکە لە سەر مێزەکە دادەنێت] باشترە ئیستا دەری بێنم کە ئیتر لە ناو پاسەکەدا مەجبوور نەبم لە سەر عەرزەکەو لە ژێر دەست و پێی ئەو هەموو خەڵکەدا داتنێم.

[ ناو جانتاکە ئەدا بە یەکدا، بلیتەکە دەدۆزیتەوە و دەری دێنێت. مناڵەکە بەرز دەکاتەوە.] ئەمەش بلیتی وەرزی حەفتانەی دایە، چاوت لێیە؟[ بلیتەکە بە مناڵەکە نیشان دەدات] دەی، ئیتر دەتوانین... [ ڕادەوێستێ، چاو لە بلیتەکە دەکات.] هێی؟ ئەمە ئیتر بۆ وای لێهاتووە؟ شەش دانە کونی تێ بووە؟ شەش دانە کون بۆ ڕۆشتن، شەش دانە بۆ گەڕانەوە؟ کێ ئەم بلیتەی منی ئاوەها کون کردوە؟[ وڕو گێژ.] شەش دانە کون... بڕواناکەم. بەڵام...[ چاو دەبڕێتە مناڵەکە] ئەمڕو چ ڕۆژێکە؟[ بەرەو ڕۆژمێر دیوارییەکە دەڕوات و چاوێکی لێ دەکات. بەڕاستی. لە بەر خۆیەوە.] یەک شەممە.[ دەم بەهاوار] یەک شەممە! بە مناڵەکە] تۆش دەنگت دەرنایەت یەکە وشە.[ بە مناڵەکەوە بە دەوری ژوورەکەدا سەما دەکات] یەکە شەممەیە، من شێت بووم. دەمەوێت یەک شەممە بڕۆم بۆ ئیش! خەریکە! یەک شەممە![ بە گۆرانی] یەکە شەممە ڕۆژی ئیش نییە، یەکە شەممە ڕۆژی خەوە، بگەڕەوە بۆ قەرەوێڵەکە کۆرپە کەم،[ لە سەر قەرەوێڵەکە دادەنیشێت. مناڵەکە دەگرێتە باوەش.]

حەز دەکەم بخەوم و خەونێکی سەیر ببینم، خەونی دنیایەک کە هەموو ڕۆژێکی یەکە شەممەیە. هەموو تەمەن یەکە شەممە. هەموو دەمێک یەک شەممە، حکوومەتی یەک شەممەکان، جوان نییە؟ دووشەممە بدەن لە سێدارە، سێ شەممە گولله باران کەن، وەی، هەێنی چی لەو داماوە ئەکەن. بگەڕەوە ناو قەرەوێڵەکەت کۆرپەکەم، بگەڕێوە. بخەوین! گەر جارێکی دیکە خەون بە ئیشەوە ببینم، خۆم هەڵدەواسم![ لە سەر قەرەوێلەکە ڕادەکێشێت و پەتووەکە دەکێشێت بە سەر خۆی و مناڵەکەدا.]

خەو ! خەو! خەو!

***

# كۆڵبەر

ن: شەهرام ئەمانەتی

ڕۆژ دەچوو هێواش هێواش خۆی لە پشت پەردەدا بشارێتەوە. لەچوارڕێی بایەوەی شاری مەریوان ماشێنێکی تویێتا کە لەو دەڤەرە بە شلەخەجێ دەناسرا لەوبەری چوارڕاکە دیاربوو شۆفیرەکەی لەتەنیشتی ماشێنەکەیەوە هاواری ئەکرد: مەرزەکە .... مەرزەکە.

غەفور بەرەولای ئەو دەنگە ڕێگای لار کردەوە و چوو تا سواری ماشێنەکە بێت . رویکردە شۆفیرەکە و وتی: چەند نەفەر ماوە تا بڕۆین؟

ـ دوو کەسیتر بێن ئەڕۆین. دیسان هاواری کرد: مەرزەکە ... مەرزەکە.

غەفور وتی: وەرە کاکە ... لای دینارفرۆشەکان نەفەر هەیە سەریان بخە و با بڕۆین.

ـ ئێستا ئێوارەیە و لەوێ کەس نییە... تاقەتت بێ ئێستا ئەڕۆین و خەفەتت نەبێت بار بەشی تۆ ئەمێنێت.

دوای ئەوە کە دوکەسیتر هاتن و سواری ماشێنەکە بوون، بەرەو مەرز بەڕێکەوتن. سەرما سەری هێنابووە دەرێ و گڵۆپەکان قەراخی زرێباریان ڕووناك کردبووە و داربەڕوکان دەڕۆیشتن تا دیار نەمێنن و لەتاریکیدا تێکەڵ بەرەنگی کێوەکان بن و لەبەرچاواندا نوقم بن.

لەبەر ئاوایی کۆڵان دووکەسی دیکەش لەسەر جادەکە وەستابوون. ماشێنەکە ڕاوەستا و ئەو دوکەسە لەدواوە سەرکەوتن.

لەناورێگادا شوفیرەکە سەری قسەی کردەوە و وتی :ئەگاتان لەخۆتان بێت ... دوێنێ شەو لەخواروی ئاوایی سێف ژووروو کەمینیان دانابوو و تەقەیان لە کاروانچییەکان کردووە... باش بوو کەسیان هیچی لێنەهاتبوو... هەر ئەسپێك کوژرابوو.

غەفور وتی: ئێمە کۆڵبەرین ... ئەوەندە کۆڵەکەمان قورسە، بکەوینە کەمینیان ناتوانین دەرچین و یەکجاری ئەمانگرن.

ئەو نەفەرەی وا لە لای غەفورەوە دانیشتبوو وتی: تا بەیانی لێمان ئەدەن و ناو پاسگاکەیانمان پێ گسك ئەدەن. یەکێك لەو دووکەسەی والەپێشەوەی ماشینەکە دانیشتبوون هاتەقسە و وتی:

دووجاریش منیان گرتووە و هیچ کۆڵەکەمیان برد و نەیاندامەوە، پارەی بارەکەشم دابە ساحیبەکانیان. وا لەدوجێگاوە زەرەرم کرد.

لەسێرێیانی بەردەرەشە ماشینەکە بەرەو مەرزەکەی باشماخ دەچوو. لەناو ماشێنەکە سوارەکان هەرکامەیان بەسەرهاتی تاڵی کەمین کەوتنیان بە دەستی مەئمورەکانەوە باس دەکرد. پێش ئەوەی بگەنە مەرزی باشماخ، لە بەری ئاوایی جەژنی ئاوا هەموویان دابەزین و بەپێ بەرەو هەڵاڵ ئاوا رۆیشتن. لە دەرەوەی ئاوایی، خاوەن بارەکان دیاربوون کە چاوەڕوانی کۆڵبەرەکانیان دەکرد تا بارەکانیان پێ بدەن و بیگوازنەوە بو ئەوبەری مەرز.

غەفور هەموو ئێوارەیەك ئەمە ئیشی بوو. لەمەریوانەوە دەهات بۆ مەرز و کۆڵبەریی دەکرد. هەموو جارێکیش بار نەبوو تا بەکۆڵ بیگوازنەوە بۆ ئەوبەرەوە. ئەگەر هەواڵی ئەوە بووبای کە بازگەکان توند کراونەتەوە یان مەئمورەکان لەسەر مەرز بڵاوەیان کردووە تا کۆڵبەرەکان و کۆڵەکانیان بگرن. ساحیب بارەکان دەترسان و ئەو شەوە باریان نەدەهێنا بۆ مەرز. بەڵام کۆڵبەرکان هەر دەهاتن بەڵکوو کۆڵیان دەست بکەوێت و پارە بو بژیوی ژیانیان دەست بخن.

ئەمجارەیان غەفور و هاوڕێیانی کە بارەکانیان لەدوورەوە بینی، دڵخۆش ببوون. چوونکو دەیانزانی ڕێگای مەرز هێمنە و بەڵکوو ئەگەر بارەکانیش سووك بن، دوجار بتوانن ئەمبەر وئەوبەری مەرز بکەن.

گوێیان لە دەنگە دەنگی کۆڵبەرەکان بوو. ئەمان وایاندەزانی لەسەر کرێ بارەکانە وا دەمەبۆڵەیان دێ. غەفور هەر لەدوورەوە ڕەحمانی دراوسێ یانی ناسی و لێی نزیك بۆوە و وتی:

ـ ڕەحمان ئەوە چی یە؟ ... بۆ کۆڵەکانتان نەبردووە؟ ... پارەی کەم ئەدەن؟....

ـ چۆنیت غەفور؟... بارەکان هەمووی نەوت و بەنزینە... تەمێکی پەژاراوی غەفوری داگرت و ئەو دڵخۆشی یەی

وا ســـاتێك لەوەپێش لەدڵی دا بوو نەما و ترس ســـەرتاپای لەشـــی داگرت. هەفتەیەك پێش بوو کـــە مەئمورەکان بۆ رابواردن بە فیشـــەکی گڕدار تەقەیان لە کۆڵبەرێك کردبوو کە بارەکەی بەنزین دەبێ و بە دەبە بەنزینەکانیەوە تەقابۆوە. لەوکاتەوە کە ئەو کۆڵبەرە بەمشێوەیە کوژرابوو، کۆڵبەرەکان دەترسان وباری بەنزینیان هەڵنەئەگرت.

ــ غەفور وتی: باری چی؟... هیچ نی یە؟...

ــ نا ... هیچ نیە

فەرەج یەکێك لە ســـاحیب بارەکان کە غەفوری دەناســـی، هاتەپێشەوە و وتی : غەفور تۆچی؟.... تۆش ئەترسی؟.... ئەمشەو شەوێکی ئەمنە... وەرن کۆڵەکانتان هەڵگرن .

غەفور وتی: بارەکان بەنزینە ....ئەو سەگبابانە بمانبینن و بزانن کۆڵەکانمان بەنزینە، گریان تێبەر ئەدەن.

فـــەرەج بە بزەیەکـــەوە وتی: نەمانزانـــی ئەگینا لۆکەمان ئەهێنا بۆتان بیبـــەن ... قاچاغچێتی هەر ئەمەیە...ترس و دڵەڕاوکێشـــی هەیە... وەرن بارەکان ببەن ئەمشـــۆ ڕێگا مەئموری تێدا نییە ... قازانجیشتانە؟

یەکێك لەکۆڵبەرەکان وتی: بۆقازانج؟

ــ هەر کەسێك کۆڵێك بباتە ئەوبەرەوە خاوەن بارەکەی ئەوبەر کۆڵێك جگەرەی پێ ئەدا بیهێنێتەوە بۆ ئێرە... ئیتر لەوبەرەوە بە بەتاڵی ناگەڕێتەوە و پارەیەکی تریش دەستتان ئەگرێ.

یەکێك وتی: وەڵا من ناوێرم بە بەنزینەوە بڕۆم ... ئاڵتونیشم پێ بدەن لە جیاتی پارە و لەبرسانیش بمرم،ناڕۆم بە بەنزینەوە.

فەخرە یەکێکی تر لە ســـاحیب بـــارەکان وتی: خەتای ئێمە نییە... لەولاوە ئێســـتا بەنزین پارە ئەکا و داوای بەنزینیان کردووە....

هەمووی بارەکان نەوت و بەنزین بوو، لەنێو گێنودا دوو دوو دەبەیەك بەنزین و دەبەیەك نەوت چنیبوویان.

رەحمـــان بانگی لەغەفور کرد و وتـــی: وەرە بڕۆین بەولاوە تۆزێك ئیشم پێتە.

رەحمـــان و غەفور لەجەماعەتەکە تۆزێـــك دوورکەوتنەوە و رەحمـــان بە غەفـــوری وت: چی بکەیـــن؟... بار نییە... ئەمشەو باری ترمان دەست ناکەوێت با بیانبەین... بەخاوەن بارەکان بڵێین کرێکانمان بۆ زیاد بکەن بزانین چی ئەڵێن... شـــایەد لەمەوبـــەدواوە هەر باری نـــەوت و بەنزین بێت... چی بکەین خۆ ئیشـــێکی کە نییە... هەرئەبێ کۆڵبەری بکەین....

غەفور وتی: ئەگەر تەقەمان لێ بکەن چی؟... وەکوو ئەو داماوە ئەبین بە خەڵوز.

رەحمـــان کە دەیڕوانییە دەبەکان، وتی: چی بکەین یا ئەبێ بڕۆین یا ئەوەیکە بەدەســـتی بەتاڵەوە ئەمشەو بگەڕێینەوە بۆماڵەوە...ئەزانن چی؟ من لەپێش ئێوەدا ئەڕۆم و ئێوەش وەرن بە شوێنمەوە.

رەحمان رووی کردە فەخرە و وتی: کاك فەخرە ... کۆڵەکان ئەبەیـــن ... بەڵام ئەبێ کرێکانمان بۆ زیاد بکەن... خۆتان ئەزانن بارەکانتان خەتەرە....



_ کرێ کۆڵەکان لەوبەرەوە ئێراقییەکان ئەیدەن... وتووشیانە دەبەیەك لە سێ هەزار تمەن زیاتر نادەن... خۆ ئەگەر لەوە زیاتر بدەن قازانجیان بۆ ناکات... وتم هەر کەسێك کۆڵ ببات لەوبەرەوە کۆڵێك جگەرەشی پێ ئەدەن تا بیهێنێتەوە بۆ ئێرە.

رەحمان رووی لەجەماعەتی کۆڵبەرەکان کرد و وتی: بارەکان ئەبەین با ئەمشەو کاسپیمان کردبێت... بالەمە زیاتر درەنگ نەکەوین... من لەپێش هەمووتانەوە ئەڕۆم و ئێوەش دوایی وەرن. ئەگەر تەقەیان کرد و کەوتینە کەمین،کۆڵەکان دابنێن و بەرەولای دەوەنەکان رابکەن.

*****

چەند کەسێك لە کۆڵبەرەکان نەیاندەوێرا بڕۆن و گەڕانەوە. هەر کەسێك بەپێی توانای خۆی کۆڵی جیا دەکردەوە و لەکۆڵیان دەنا. رەحمان بە چواردەبەی نەوت و بەنزینەوە وەڕێکەوت. خاوەن بارەکان قەڵەم و کاغەزیان دەرهێنابوو و ناوی کۆڵبەرەکان و ژمارەی دەبەکانیان دەنووسی کە لەکۆڵیان دەنا.... هەر کامەیان سێ یان چوار دەبەی هەڵئەگرت. تەنیا مام حەمەی دەرەوەران نەبێ کە تەمەنی سەرووی شەست ساڵ بوو و دوو دەبەی هەڵگرت.

لە هەڵاڵ ئاوا تا باشماخ یەك سەعات ونیو رێگا بوو. ئەگەر شەوێك بیانزانیبایە کە مەئمورەکان لەسەر رێگا دانیشتوون، ئەم قاچاخەرێگایانە بە چوار یا پێنج سەعات دەبڕی. ئەو شەو سەعات یەك و نیوی بەیانی بوو کە رەحمان و غەفور گەیشتنە هەڵاڵ ئاوا. هەرکامەیان کۆڵێکی جگەرەیان هێنابۆوە و لە ماڵێکدا لە هەڵاڵ ئاوا کە ساحیب بارەکان دیارییان کردبوو دایاننا. کۆڵبەرەکانی دیکە وتبوویان ماندوون و ئیتر ناتوان هەمدیسان کۆڵ ببەنەوە بۆ هەڵاڵ ئاوا، بۆیە لە قاچاخە رێگایەکی سێ سەعاتە بەرەو باشماخی ئەمدیو هاتبوونەوە.

غەفور و رەحمان بەرەو جادەکە وەڕێکەوتن، ئەگەر بەخت لەگەڵیاندا یار بووایە، زوو ماشێنیان دەست دەکەوت، ئەگینا دەبوو مەودایەکی زۆریان بە پێ بڕیبایە و هاوکات لەچاوی مەئمورەکانی بازگە و بازڕەسیەکانیشدا خۆ بشارنەوە تاکوو رووتیان نەکەنەوە و باجیان لێ نەستێنن. ئەوان بە پێ هەتا ئاوایی جەژنی ئاوا هاتن کە ماشێنیان دەست کەوت. هەردووکیان سوار بوون و لەبەر ماندوویەتی تا ناو شاری مەریوان خەویان لێکەوت.

لە چوارڕای بایەوە بە دەنگی شۆفیرەکە لە خەو هەستان و دابەزین و بەرەو ماڵی خۆیان لە محەللەی لەیلاخییەکان چوونەوە.

*****

نیوەڕۆ بوو کە غەفور بەدەنگی ئەسرینی خوشکی چاوانی خەواڵووی کردەوە و وتی: ماندووم با تۆزیکی تر بخەوم.

_ هەستە، کاکەجەماڵ و باوکیشم هاتونەتەوە.... هەستە نانەکەت بخۆ.

جەماڵ کوڕی گەورەی ئەم خێزانە پێنج کەسییە بوو و ئەسرینیش تەنیا کچە بچووکترین کەسی ئەم خێزانە. باوکیان ساڵیانی ساڵ لەناو بازاڕدا حەماڵیی کردبوو و بەهۆی پیرییەوە نەیدەتوانی حەماڵی بکات و لەسەر چوارچەرخەیەك دا جگەرە و گوڵەبەڕۆژەی دەفرۆشت. جەماڵی کوڕیشی هەر لەسەر چوارچەرخەیەك ئەو کەسابەتەی باوکی دەکرد. ئەم لە چوارڕێیانیکی شار و ئەویش لە چوارڕێیانێکی دیکە. ئەسرین شازدە ساڵ تەمەنی بوو و لە کلاسی یەکەمی دەبیرستان دا دەیخوێند و لە ماڵێکی دوو ژوورە بە حەوشەیەکی بچووك دا لەگەڵ دایکیاندا دەژیان.

غەفور ئەو بەهارە لەبەر نەبوونی کار لەمەریوان بۆ کاری کرێکاریی بەرەو تاران چوو بوو. هەرچەند بنەماڵەکەی حەزیان نەئەکرد چۆتە تاران، بەڵام ئەو ماوەی حەوت مانگێك لەتاران کرێکاریی کردبوو.

لەتاران بەرۆژدا کرێکاریی دەکرد و بەشەویشدا هەر لەو بینایانە کە ئیشیان تێدا ئەکرد، دەخەوتن. بەهۆی ساردبوونی هەواو نەبوونی جێگایەك بۆ خەوتن و گرانیی هوتێل و موسافیرخانەکان، گەڕابۆوە بو مەریوان و کاری کۆڵبەریی دەکرد.

هەر پێنجیان بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ لەسەر سفرە دانیشتبوون. دوای ئەوەیکە نانەکەیان خوارد، باوك رووی کردە غەفور و وتی: غەفور مەڕو تۆزێك قسەم هەیە. با تۆش بیبیستی... ئەسرین بە سینییەکی چاوە هاتەژوورەوە، باوکی بەویشی وت: ئەسرین دایکت چی ئەکات؟

_ خەریکە قاپەکان ئەشوات.

_ پێی بڵێ بێت بۆ ئێرە و خۆتیش وەرە دابنیشە.

باوکیان رووی کردە گشتیان و وتی: ئەم بەیانی یە کاك ئەحمەد هات بۆ لام

غەفور وتی: کام کاك ئەحمەد

_ ئەحمەدی خولەی ئامین... ئێوەچاك نایناسن. هاووڵاتییەکی خۆمە... پێی وتم کە ئەیەوێت بۆ عەبەی کوڕی ژن بهێنێت و هەروەها وتی لە بنەماڵەی ئێمە چاکتری دەست نەکەوتووە و ئەیەوێت ژن بەژنەمان لەگەڵ

بکات و فاتمەی کچی بدات بە جەماڵ و ئەسرینیش بدەین بە عەبەی کوڕی.
منیش وتم جوابت لێ ئەگێڕمەوە. من ئەحمەد دەناسم خۆی پیاوێکی ڕێك وپێکە و وەکوو خۆمانیش ئەوان هەژارن.
ئەسرین ڕووخساری سـوور هەڵگەڕابوو، سەری داخستبوو سـەیری عەرزی دەکـرد. باوکی درێژەی دا بە قسـە و وتـی: جەماڵ دەمێکە ئەبوایە ژنـی بهێنایە. بەڵام لەبەر دەسـتەنگیی و نەبوونی پارە، ژنمان بۆ نەدەهات. ئێستاش هەربێ پارەین و پارەی ئەوەمان نییە تا ژنی بۆ بێنین، بۆیە ئەم ژن بەژنە بەمەسڵەحەتە.
جەمـاڵ هیچی نەدەوت. غەفور سـەیرێکی ئەسـرینی خۆشـکی کرد. ئەسـرین هەر بەرەوخوار سەری داخستبوو و لە دەریای خەفەتێك نوقم ببوو کە بەرۆکی پێ گرتبوو.
غەفور رووی کردە باوکی و وتی: باوکەگیان ژن بەژن کەی باوی ماوە؟
ــ چـۆن نەماوە... تابێ پارەیی بێـت، ژن بەژنەیش هەر ئەمێنێت.
ــ خۆ نەجەمـاڵ کچەکەی ئەوانی بینیـوە، نە ئەوانیش خۆشـکەکەی ئێمەیان بینیوە. ئەسرین هێشتا مناڵە و کاتی شووکردنی نەهاتووە.
بزەیەك لە شادیی و ئومێد لەژێرەوە دەچوو تا جێگا بەپەژارەی سەر رووخساری ئەسرین لێژ بکا.
باوك قسەکانی غەفوری بڕی و وتی: ئەی بەچی ئەتەوێ ژن بـۆ جەمـاڵ بهێنین... بە کام پـوول و پارە ژن بێرین بۆ جەماڵ... ئەسـرین کەی مناڵە... هاواڵەکانی ئەویش دەمێکە شوویان کردووە.
غەفور وتی بەم پەلەپەلە نابێت... جارێ با سەبر بکەین.
ــ کاری خێر سەبری ناوێت.
ــ باشە ژن بۆجەماڵ ئەهێنین، بەڵام نە بە ژن بەژن
ــ دەی بەچی غەفور؟ ... پارەکەی تۆ زۆرە چوار شـەو کاسبی ئەکەی، سێ شەوی مەئمورەکان لێتی ئەسێننەوە.... یا پارەکەی من و جەماڵ زۆرە... بەچی ژن ئەهێنین....
ــ جەماڵ ... تۆ چی ئەڵێی؟
ــ نازانم... هەرچی کە باوکم ئەزانێت.
غەفور دیسان سەیرێکی ئەسرینی کرد و وتی: خۆ ئەسرینیش شەرتە... نابێ بەزۆر بەشووی بدەین
ــ ئەمە زۆر نییە... ئەسرین ...وو ئەخوات قسەئەکات، با ئەویش بڕوات و دابمەزرێت
غەفور بـە تووڕەیی یەوە وتی: ئەسـرین جـارێ دەرس ئەخوێنێت... من ئەڵێم وا بەپەلە ئەم کارە ناکرێت...

لـەم کاتەدا ئەسـرین هاتەدەنگ و وتی: باوکە من شـوو ناکەم... حەزئەکەم دەرس بخوێنیم
باوك قیڕاندی: تۆ غەڵەت ئەکەی، قسە لەسەر قسەی من بکەیت... دەرسی چی ئەخوێنیت، تا ببی بەچی .... شوو بکە و لە دەستی شار رزگارت بێ.
غەفور وتـی: باوکە مەگەر ماڵی ئـەم کاك ئەحمەدە لە کوێ یە؟
ــ لە دێ
ئەسـرین کە ئەمجار دەگریا بە دەنگـی لەرزانی تێکەڵ بەگریانەوە وتی: من ناڕۆم بۆ لادێ غەفور هەستایەسەرپێ و وتـی: من ناڕازیم و ژوورەکەی بەجێ هێشـت و لەماڵ چووەدەرەوە.
****

شەو غەفور جەماڵی برای بانگ کردە ژوورەکەی تر و پێی وت: ئـەرێ جەماڵ تو ڕازیت بەوەی کە ژن بەژن بکەیت و ئەسرین خۆشکمان هەروا بە دەستی خۆمان بنێرین بو ماڵی کابرایەك وا هەر نایناسین .... باوکم ئەڵێ خزممانە بەڵام تا ئێستا ئەوانمان هەر نەبینیوە... تۆ ئەو ژنە ئەناسیت واقەرارە ببێ بە ژنت.... ئەزانی لەتۆ مناڵتر یان گەورەترە؟.... هەر بینیوتە و قسەت لەگەڵی کردووە؟ ....
جەماڵ کە چـاوی بڕیبووە ناوچاوانی غەفور و گوێی بۆ شـل کردبوو، هاتەقسە: غەفور قسەکانت راستە... من خۆ داوای ژنـم نەکردووە... باوکمانـە ئەڵێ کاتی ژن هێنانی تـۆ و غەفور هاتووە، بەڵام لەبەر دەسـتەنگیی و نەداریی ناتوانین بڕۆینە خوازبێنیی ژن .. ئەڵێت: دەینتان بەگەردنمە و خوالێم رازیی نابێت وا ژنهێنانی ئێوە درەنگ کەوتووە... ئـەوە کە وازم لێ ناهێنێت... لەبەیانی یەوە تا درەنگانێکی شـەو نایەمەوە ماڵ، خۆ خەرجەکە ئەوەندە گرانە یەکم هەر نابێت بە دوو... بە باوکیشم وتووە ئەم کاسبییەی من کەی جوابی کرێمـاڵ و پارەی ئاو و بەرق و نان ئەداتەوە... من نەك بە ژن بەژنەکە، بەڵکوو بە ژنهێنانەکەش رازیی نیم...
غەفور وتی با بڕۆینە ئەودیو و لەگەڵ باوکمان قسە بکەین و ئەو قەرارەی هەڵوەشێنینەوە... من ئێوارە بیرم لێ کردەوە ئەزانم چی بکەم.
لە دیوەکەی تر باوکیان دانیشـتبوو و چای دەخواردەوە کە کوڕەکانی هاتنەژوورەوە بە دەم خواردنەوەی چاکە دەیڕوانی لێیان... دانیشتن و غەفور یەکسەر وتی: باوکە
ــ ها
ــ نە من و نە جەماڵیش رازیی نین بەم قەرارەی تۆ. جواب بنێـرەوە بۆ ئەو کاك ئەحمەدە و پێی بڵـێ ئێمە ژن بەژنە

ناکەین

ــ ئەی چی بکەین؟... ئەتانەوێ چۆن ژن بهێنن

غەفــور بە پێکەنینەوە وتی: خۆ کچمان نەماوە ئیتر بۆ ژن بەژن... ئەی بۆ من چی ئەکەی؟

ــ بۆ تۆش خوا گەورەیە

غەفــور کە ئیتر پێکەنین لەســەر روومەتی نەمابوو وتی: باوکە ئەسرینی خوشکم لەم ماڵە ناڕواتە دەرێ بە بیانووی ژن بەژن... تۆ خۆت و کوڕ و کچەکەی ئەم کاک ئەحمەدەت هەر بینیوە....

لەبیرت چووە ئەو ســاڵە کاک حەمەی خۆمان..... شووی پورم ژن بەژنی کرد بۆ رزگاری کوڕی و رەزیەی پورزامی هەنــارد و ئەوانیش لەجێگای ئەو کچە شــێت و داماوەی خۆیانیان هەناردبوو... ئەم بتۆرێت ئەبێ ئەویش بتۆرێت... ئەم تەڵاق بدرێت، ئەبێ ئەویش تەڵاو بستێنێت...

باوك وتی: چی کەردەن؟

ــ با جەماڵ تا چەند مانگی تر کچێك خۆی بیدۆزێتەوە... من خۆم پارەی ژنهێنان و زەماوەندەکەی ئەدەم

ــ بە چی؟... بەم کاســبییە جوانەت... بە کۆڵبەریی... شەو هەیە کرێ ماشێنەکەت تا مەرز نییە و خۆم پێتی ئەدەم

ــ نــا.... بە کۆڵبەریی نا... ئەمرۆ بیرم لێ کردەوە ئەچم بۆ کرێکاریی لە شارەکانی تر

دایکی کە هەر بێدەنگ بوو و گوێی بۆ قســەکانی غەفور شــل کردبوو وتی: نا غەفور گیان... ناڕۆیت ... مەگەر لەتاوی ســەرما رات نەکرد و لەتاران هاتیتەوە... هەر لای خۆمان ئەمێنیت و لە مەریوان ناچیتە دەرەو.... ئەوا دوێنێ لە کۆڵانەکەی پشــتمانەوە مێردی ئەو ژنە داماوە لە تاران لەسەر داربەست لە سی چل متر بەرزاییەوە کەوتوەتە خوارەوە و مردووە و چوار هەتیو و ئەو ژنەی بەجێ هێشتووە .... نایەڵم لە مەریوان بچیتە دەرەو.

ــ دایە گیان ئەرۆم بۆ شارە گەورەکان... یان ئەرۆم بولای ئومیدی پورزام لە کرمان یان بۆلای وەســتا حەمەی بەننا لە بەندەرعەباس... باوکم راســت ئەکا بە کۆڵبەریی بژیوی خویشم بۆ پەیدا نابێت... لەوێ باشترە تا لێرە بە بارە نەوت و بەنزینەوە مەئمورەکان بمگرن و بیکەن بەســەرما و لەناو چاڵە ئاودا بمخوسێنن و بەرەو مەریوان پێخاوس بمنێرنەوە ... بە کۆڵبەریی ئەو پارەیە بۆمان پەیدا نابێت .

****

دوو رۆژ دواتر غەفور هەمدیسان بۆ کرێکاریی بەرەو شاری بەندەر عەباس وەڕێکەوت

***

فێنکــی بەهار دەچوو تا جێگای خۆی بە گەرمای هاوین بــدات... ناوبازار پڕببو لەو موســافیرانەی کە بۆ کڕینی چای وشــك و ئەشــیای تورکی و ئەو شــتانەی کە بێ گومرگ لەبازاری دوبەی وە هاتبووە مەریوان و قیمەتیان لەچاو شوێنەکانی تری ئێران هەرزانتر بوو....

لەســەر چوارڕای ئەسڵی شــار جەماڵ و غەفور لە لای چەرخەکەی باوکیان دا وەستابوون

باوك رووی کردە غەفور و وتی: رۆیشــتی بۆ ماڵی کاك حسێنی دراوسێمان

ــ ئەرێ باوکــە... خۆزگە هەر ئەوکاتە پێتان ئەوتم... بو پرسەکەی رەحمان ئەهاتمەوە....

پێشــیانم وت کە پێنج مانگ لێرە نەبووم و پاش دوومانگ زانیم، ئەویش مناڵەکانی وەستا حەمە تەلەفونیان بۆی کرد و پێیان وت... ئای رەحمان...

".... رەحمانی هاوڕێیی کۆڵبەری غەفور ســێ مانگێك لەوەپێش بە قەرزوقۆڵە ئەســپێکی کڕیبوو،شــەوێکی نزیك سەری ســاڵ کە بازاڕی مەشرووب گەرم بوو و مشتەری زۆر... لەگەڕانەوەدا کەوتبووە کەمین و کوژرابوو.... "

غەفور وتــی: مەرز وایــە، یا ئەبێ نەیکەیــت یا ئەبێ چاوەڕێیی هەموو شــتێك بیت... با بچینە سەر کارەکانی خۆمان .... باوکە ئەمڕۆ شەممەیە... ئەوەتا پێنج شەممە، پێنج رۆژمان بەدەستەوە ماوە.... پێنجشەممە زەماوەنەکەی جەماڵە... ئەم چەند رۆژە خۆم لەباتی جەماڵ ئەوەســتم تا ئەو کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

****

ئێوارەی پێنجشــەممە بوو... زەماوەن تەواو بوو و قوولەی چۆپی کێشــەکان لەناو کۆڵاندا نەمابوو... غەفور لەسەر گوێسەبانی سەرحەوشەکەیاندا وەســتابوو... ئەسرین لەناو حەوشــەدا هاتە پێشــەوە و وتی کاکە.... ئەوەندە هەڵپەڕیم بای باڵم برا... ئەمشــەو چاك ئەخــەوم و بەیانی لەگەڵ دایکم ماڵەکە خاوێن ئەکەینەوە و شــەممەیش ئەڕۆمەو بۆ کلاســی دەرس خۆیندن.... کاکە تۆیش ماندوویت... چی ئەکەی؟

غەفور بە زەردەخەنەی ســەرلێوان کە دەیڕوانییە ئەسرینی خۆشکی، وتی:

ــ پارەم پێ نەماوە... ئەمشــەو ئەڕۆمەوە بۆ مەرز... بۆ کۆڵبەریی.

**زرگوێز**

٢٠١١/١١/٠٢



# ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی فیلمی "Anna Karenina» ئانا کارنینا"



ڕەخنەگر: جێمز براردینلی
لە فارسیەوە: کازیوە

هەروەکوو فرانکنشـــتاین و هاملت،" ئانا کارنینا" ش لەو بەرهەمە ئەدەبیە بەپێزانەیە کە بەردەوام دەرهێنەران خەریکی ئیلهام لێوەرگرتن بوون لێی. یەکەمین نوسخەی سینەمایی ئەو کتێبە فیلمێکی بێدەنگی ئاڵمانی بوو کە لە سـالّی ١٩١٠ دا دروست کراو و لەو کاتەوە ئاسەواری دیار نەماوە. ئەم فیلمە کەمێک پێش مردنی تۆلســتۆی هاتۆتە سەر پەردە و کــەس نازانێ کە خۆی فیلمەکـەی بینیوە، وە ئەگەر بینیویەتی بۆچوونی سەبارەت بەو فیلمە چۆن بووە.

دووهەمیان، فیلمێکە بە تێچوویەکی زۆرترەوە کە دروست کراوە. لە ســەدەی دوای ئەوەی کە ڕۆمانی ئانا کارنینا بۆ یەکەمین جار چووە ســەر پەردەی سینەما، رووی نەدا بوو کە دەورەیەکی ١٣ ســاڵە تێنەپەرێ و نوســخەیەکی تازە لەو ڕۆمانە بۆ ســینەما و تەلەڤیزیۆن دروست نەکرێ. ئەم فیلمەی ئێســتا بــە دەرهێنەریی" جــۆ رایت"، دوای زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی کورتی ٢٠٠٠ دروستکراوی وڵاتی بریتانیا، تازەترین گیرانەوەیە لەو ڕۆمانە. گێرانەوەی پێشوو شــانۆیەک بوو بە دەرهێنەری" بێرنارد رۆز" کە لە ساڵی ١٩٩٧ هاتە ســەر شــانۆ و کە سۆفی مارکۆ و شۆن بێن تیایدا رۆلیان گێراوە.

جــۆ رایت کە فیلمەکەی بە پێی ســیناریۆی شــانۆ نووسی بەناو بانگ" تام ستۆپارد" دروست کردووە، هەوڵی داوە کە هەندێ گۆڕانکاری نا ئاســایی لە داستانەکەدا بکا. تراژێدیە بنەرتیەکە وەک خۆی دمێنێتەوە، مەبەست رووداوی پیوەندیەکانی نێوان ئانا" کیرا نایتلی" هاوسەری پیاوێکــی بەرێز بە ناوی کارنین" جــود لاو"ە کە لەگەڵ ئەفسەرێکی هێزی سوپای روس بە ناوی کێنت ورونسکی" ئارۆن تایلر جانسۆن" دا دەکەوێتە پێوەندی خۆشەویستیەکی نا ئاســایی ئاگرینەوە. بەڵام جۆ رایت شــێوەیەکی جیاواز بۆ گێرانەوەی ئەو پیوەندیە ئاشــقانەیە هەڵدەبژێرێ. ئانا و ورونســکی بە شێوەیەکی وا دروست دەکا کە زۆر زۆر لە خۆشەویستی یەکتردا تواونەتەوە کە بە شیوەیەکی گشتی لای بینەر خۆشەویســت نین. لەگەڵ ئەوەدا کارنین کە بە شــێوەیەکی گشتی وەک کەسێکی ترسنۆک و کینەیی وێنا کرابوو، دەکاتە کەســێک کــە دەتوانی هاودەردی لەگــەڵ دا بکەی. ئەمە رێگایەکــی جیاوازە کە ڕەنگ و بۆنێکی تازە دەبخشێتە کەرەستە سەرەتایەکان، بەلایەنی کەمــەوە تا کۆتای فیلم کە ئانا دادەڕمێتە ناو خەمۆکی و گیرۆدە بوون بە ماددەی هۆشــبەر فیلمەکە لەو ڕێتمە سەرەتاییەی دەخا.

بە درێژای ســاڵانێکی زۆر، گەلێک دەرهێنەر هەوڵیان داوە لەو کارەی کە لەقسان ناکرێ واتە خۆلاسە کردنەوەی چیرۆکە ٢٠٠٠ لاپەرەییەکەی تۆلستۆی، بە فیلمێکی دوو ســاعەتە بگەن. یەکێک لە زەرەرەکانی ئەم کارە لابردنی پێوەندی نێوان لوین" دامهاڵ گلیســۆن" و کیتی" ئالیشیا ویکیندێر" ە کە لە کتێبەکەدا لە پلەی دووهەمی گرنگی دان.

ئێستپارد و رایت تا ئەو جێگایەی کە توانیان هەوڵیان دا بەشێوەیەکی زۆر کەم ئاور بدەنەوە سەر ئەم بەشە لاوەکەیە لە چێرۆکەکە. ئەم چیرۆکە بۆ ڕاگرتنی بالانسی گشتی ڕوداوەکان لەپەنــای ئــەو تراژێدیــە خەمناکەی کە لە

سێگۆشەی عەشقی نێوان ئانا، ورۆنسکی و کارنین دا بوونی هەبوو، پێویست بوو. ماوەیەکی باش لە فیلمەکە بۆ لوین و کیتی تەرخان کرابوو بۆ ئەوەی وەک شتێکی زیادە نەیەتە بەر چاو. لە ڕاستی دا، سەرەکیترین بەشی پێوەندی نێوانیان کە تیایدا بە هاروهاجی و یاری کردن لەگەڵ یەک بە پیتی ئەلف و بێ خەریکی دروست کردنی پێوەندین، بەشێوەیەکی سەرنجراکێش وەفادار ماوەتەوە بە ڕۆمانەکە. لەوانەیە ئەم باسە بێتە گۆڕێ کە بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە باوە لەسەر ئەم دوو کەسایەتیە وردبوویایەتەوە ئەوا بینەرێکی زۆرتری بۆلای خۆی ڕادەکێشا، بەڵام لەوانەیە ئەم باسە لەبەر ئەوە بێ کە بە شیوەیەکی لەڕادە بەدەر ئەسلی چیرۆکەکە بەلای هەموومانەوە ئاشنایە.

ڕایت و ئێسپارد یاری لەگەڵ دیکۆری فیلمەکە دەکەن. ئەوان لە جیاتی ئەوەی چیرۆکەکەی خۆیان بگێڕنەوە، فیلمەکە وەک شانۆ دەخەنە تابلۆیەکەوە. دووربینەکە بە شێوەیەکی گشتی بە جوڵە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەرەو دوا دەڕوات و هەردولای دیمەنەکە و کورسیەکانی سالۆنی نەمایش نیشان دەدا. ڕووداوەکانی فیلم لە پشتی سەحنە و لە نێوان میلەی پەردەکان دا ڕوودەدا. هەندێک دیمەنی فیلم بە شێوەی دەستی دەگۆڕدرێ. مۆسیقای فیلمەکە جار و بار لەلایەن ژەنیارەکانی سەر شانۆکەوە لێدەدرێن. ڕئالیسمی جادویی لە هەموو بەشەکانی فیلمەکەدا خۆ دەنوێنێ و دیالۆگەکان بەردەوام لە شێوەی شانۆییەوە بۆ سینەمای هاتوچۆ دەکەن. شێوەی بەکار هێنراو زۆر هاروهاجانەیە و جێی سەرسوڕمانە وای لێهاتووە زۆر بێئاگایانە بینەر وەبیر فیلمی "مولێن ڕۆژ" دەخاتەوە( هەڵبەتە بەبێ گۆڕانی وتنەکان). ئەم شێووازە هێزێکی لە ڕادە بەدەر دەداتە چێرۆکی" ئانا کارنینا" بەبێ ئەوەی داسەپێنراو بێتە بەر چاو.

ئەو کاتەی کە چیرۆکەکە لە ڕووی هەستەوە زیاتر سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ڕایت ڕازاندنەوە و یاری کردن لەگەڵ شیوازی کار وەلادەنێ. فیلمەکە مێلۆدیەکی سەیری هەیە، بە دیمەنی ڕیش تاشینی ئەبلۆنسکی دەست پێدەکا کە شێوازی زەنجیرەی مانتی پیتونی هەیە کە هەستی تازەی و تەنز پەیدا دەکا. لەگەڵ ئەوەدا لە کۆتایی فیلمەکەدا لە حاڵەتێکی ناخۆشداین کە بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی بەشەکانی ڕۆمانە ڕوسیەکەی لەخۆ گرتووە. سەیر کردنی ٢٠ خولەکی کۆتای" ئانا کارنینا" قورس و ئازار دەرە، وە بەشێکی ئەو بابەتە هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئێمە نیگەران و گرنگی پێدەری ئانایین و گرنگیەکی زۆر بە ورونسکی نادەین.

کردنی کارنین بە کەسایەتیەکی هەست هەڵخرێنەر خۆی وەک شمشیرێکی دوو لەبە وایە. بۆ ئەوەی کە ئێمەی بینەر هەستێکمان بۆ ئەو هاوسەرە بێ غیرەتە هەبێ، فیلمەکە دەبێ بە شێوەیەک بەرەوپێشەوە بڕوات کە ئێمە حەز نەکەین دوو عاشق( ئانا و ورونسکی ) بەختەوەر بن. هەر بەم هۆکارە، کارگەردانانی فیلمەکە بەبێ ئەوەی دەست



لە وەفاداری بە ڕۆمانەکە هەڵبگرن، هەست و تێگەیشتنی ئێمە بە نیسبەت ئەم کەسایەتیەوە هەڵدەخرێنن. کیرا نایتلی لە سێیەمین ئەزمونی کاری خۆی لەگەڵ دەرهێنەری فیلم، ئانا ناپەسەن و ناشیرین وێنا دەکا. ئەو مرۆڤێکی توڕە و خۆپەرستە کە نەخۆشیەکی ڕەوانی دیاری نەکراو ئازاری دەدا و ئەم نەخۆشیە بە تەریک کەوتنەوەی لە کۆمەڵگا بە هۆی ئەو پێوەندیە خۆشەویستیەی کە دەیبێ، کاریتر دەبێ. ئەگەر مەبەستی نایتلی ئەوە بووبێ کە بینەر لە خۆی دوور بخاتەوە، دەبێ بلێین کە بەشێوەیەکی زۆر باش توانیویەتی ئەو کارە بەجێ بێنێ. من زۆر زۆر ڕقم لە ئانا بۆوە، هەرچەندە کە نەمتوانی بەر بە خۆم بگرم و هەروا کە فیلمەکە بەرەو لوتکەی خۆی دەڕۆی، هەستێکی بەزەیی لە ناخم دا بەرامبەر بەو پەیدا نەبێت.

هەڵبژاردنی ئارۆن تەیلۆر جانسۆن بۆ ڕۆڵ بینینی ورۆنسکی لە بنەڕەتەوە هەڵە بوو. ئەو وێنەیەکی یەک ڕەهەندی لەم کەسایەتیە دەخاتە بەر چاو کە تەنانەت لە هەندێ کات دا کە دەبێ ڕۆلی ئەکتیڤی هەبێ و هەموو سەرنجەکان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ، دیسان ناتوانێ کە لە قەراغی چێرۆکی فیلمەکە زیاتر بێتە ناوەوە. تۆزقاڵێک لێک چون و لێک نزیکی لە نێوان تەیلۆر جانسۆن و



نایتلی دا بوونی نیە. تەنانەت دیمەنی پێوەندیە سێکسیەکەیان خەو دێنێتە چاوی بینەرەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەو وێنەیەی کە جوود لاو لە کارنین دەیخاتە بەر دیدی بینەران زۆر هەست پێکراوە. کارنین کە وەک رۆلی لاوەکی چاوی لێدەکرێ و نە وەک دژە قارەمانێک، بەڵکو وەک کەسێکی زوڵم لێکراو دێتە پێش چاو کە هەوڵ دەدا کاری ڕاست ئەنجام بدات، لە ناوەڕاستی ئەخلاقیات و هەستەکانی "ئانا کارنینا" دا وەستاوە.

ئەو ئەکتەرانەی کە لە رۆلە لاوەکیەکاندا رۆلیان بینیوە، مکفایدن لە رۆلی ئەوبلۆنسکی دا، کلی مەکدۆناڵد لە رۆلی دالی دا، دامهاڵ گلیسۆن لە رۆلی لیۆن و ئالیشا ویکەندێر لە رۆلی کیتی دا زۆر باش هەڵبژێردراون.

باشترین شت کە دەتواندرێ وەک پیاهەڵدان بۆ رایت لە دنیای تۆلستۆی دا بوترێ ئەویە کە ئاکامی کارەکەی زۆر سەرنجرکێش و بەپێز بووە. بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی ئەو لێوەرگیراوانە لە رۆمانی "ئانا کارنینا" کراوە لەم ئاکامە بێ بەری بوون. لەگەڵ ئەوەدا فیلمەکە پەلە پروزە نایەتە پێش چاو و توانیویەتی زۆربەی رووداوە لاوەکیەکانی رۆمانەکە بە چیرۆکە ئەسڵیەکەوە گرێ بدا. لەگەڵ هەروەها فیلمەکە نیشانەی شێوەیەک لە سەربزێوی و نەترسیە تا دوبارەکردنەوەی بینینێکی شۆرشگێرانە و بۆ کەسانێک کە لە بینینی وێرژنە جیاوازەکانی بەڵام وێک چوەکانی رۆمانی" ئانا کارنینا" ماندوو بوون، بینینی ئەم فیلمە هەستێکی جیاوازیان پێ دەبەخشێ. بۆ ئەوانەی کە رۆمانەکە دەناسن( یان بەلایەنی کەمەوە لەگەڵ چێرۆکەکەدا ئاشنان) شت گەلێکی زۆر بۆ قسە لەسەر کردن و بیر لێکردنەوەی بوونی هەیە. بەڵام بۆ کەسانی تر ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا ئەم فیلمە" ئانا کارنینا" وەکو ئەلقەیەک لە درامایەکی بنەماڵەیی وایە یان نا. فیلمەکە بۆ من، وەک کەسێک کە سەردەمێک لەیەنگری توند و تۆلی ئەدەبیاتی رووس بووم، بە ڕادەی پێویست سەرنجڕاکێش و هەندێک جاریش کاریگەر بوو. لەوانەیە پێوەرەکانی ئێوە لەگەڵ مندا جیاوازی هەبێ.

http://www.naghdefarsi.com

***

# ڕێگای گەیشتن بە خەون و ئاواتەکان داخراوە
## کورتەیەك سەبارەت بە فیلمێکی بەڵگەنامەیی
## نیما سەروستانی دەرهێنەری ئێرانی دانیشتوی سوئێد

ئا: پەیمان

نیما سەروســـتانی، یەکێک لەو دەرهێنەرە سینەماییانەیە کە توانیویەتی فیلمە بەڵگەنامەییەکانی خۆی لە کاناڵە تەلەویزیۆنیە نێونەتەوەییەکاندا بڵاو بکاتەوە. نیما دەرهێنەری بە دروست کردنی چەند فیلمێکی بەڵگەنامەیی سەبارەت بە هۆکاری هاتنـــەدەری پەنابەرانی ئێرانی لە وڵاتەکەیان لە ســاڵەکانی کۆتایی دەیەی ٨٠ و سەرەتاکانی دەیەی ٩٠ زاینیدا دەســـت پێکـــردوە. لە نێـــوان فیلمەکانی نیما سەروستانی دا، فیلمی ٥٧ خولەکی" سنوری بێ هیوایی"، لە زومرەی یەکەم کاردانەوەکان ســـەبارەت بە بارودۆخی دژوار و نالەباری کۆڵبەران بە ئەژمار دێت.

کۆڵبەر یان ئەو کاســبکارانەی کە کەلوپەلەکانیان بە کۆڵ دەگوازنـــەوە، زیاتر لە ناوچەی ســـنوریی باکۆری ڕۆژئاوای ئازەربایجان، کوردســـتان و کرماشان لە سنوری نێوان ئێران و عێراق دا کاردەکەن. ئەوان زیاتر توێژێک لە لاوان و تازەلاوانن کە لەبەر بەهرەمەند نەبوون لە پشتیوانی کۆمەڵایەتـــی و ئیمکاناتـــی گونجاوی کاروپیشـــە، بە ناچـــاری و بـــۆ دابینکردنی داهاتێکـــی مەمرەومەژی، هێندێـــک کالای وەک بەنزیـــن، ســـیگار، تەلەویزیۆن، ئامێری کارەبایی، تایەی ماشـــێن و هەر کەلوپەلێکی تر کە لە بازاڕەکانی ئێران و عێراق دا وردبیتەوە، بە شـــێوەی ناڕەسمی لە سنورە هاوبەشەکانەوە، ئاودیو دەکەن.

کەســـایەتیەکان گەلێک سروشتین و بە واتایەک کت و مت خۆیانـــن و حوزوری دوربین بەســـەر کارەکەیانەوە قورسایی ناکات.

کەمپەینی نێونەتەوەیـــی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە یەکێک لە راپۆرتەکانیدا ســـەبارەت بە بارودۆخی دژوار و پڕلە کارەســـات و چەرمەســـەری ژیـــان و بەرێچوون و ئەمنیەتی ئەم ئینسانە زەحمەتکێشە کۆڵبەرانە نووسیویەتی تەنیا لە نێوان مانگەکانی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٠ تا مانگی گوڵانی ســـاڵی ١٣٩١ هەتاوی، لەو ٧٤ کەسە کۆڵبەر و کاســـبکارەی کە گیانی خۆیان لە سنوری پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان و کرماشاندا لە دەستداوە،" ٧٠ کەســـیان لە لایەن هێزە سنور پارێزەکانەوە دراونەتە بەر



گوللە". چوار کەســـیان" بەهۆی کەوتن بەســـەر مەیدانی میندا، ڕوخانی ڕنوی بەفر بەســـەریاندا و ســـەرمابردوویی گیانیان لەدەســـتداوە". لە نێوان ئەو کەسانەشدا کە بریندار بوون" ٨ کەسیان بەهۆی تەقینەوەی مین و باقیەکەشیان بە گوللەی مەئمورانی ئەمنیەتی و پاسەوانانی سنور بریندار کراون". کە ئەمە دەتوانێ دەرخەری ئەوپەڕی دڕندەخویی و نەبوونی هاوســـەنگی لە نێوان تاوان" و " ســـزادا" بێت، ســـزایەکی کە نـــاڕەوا بە دژی هەولێکـــی ڕەوا لە پێناو



بەدەســـتهێنانی بژیوی ژیانی ڕۆژانە و بەگژداچوونەوەی برسیەتی و مەرگدایە.

بـــەڵام ئـــەم ئامارە تەنیـــا ئەو کەســـانە دەگرێتەوە کە کەمپەینـــی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ توانیویەتی لە لایەن ســـەرچاوە ناوچەییەکانەوە بەدەستیان بێنێ. بەم پێیە ژمـــارەی ئەو کۆڵبەرانەی گیانیان بەخت کردوە، لەو ماوە زەمەنیەدا، دەکرێ گەلێک زیاتر لەمانە بوو بێت.

بە وتەی شـــاهیدانی ئـــەم ڕووداوانـــە، ژمارەیەک لە پاســـەوانانی ســـەر ســـنور، بەبێ تەقەی هەوایی، کە بۆ ئاگادار کردنەوە و ڕاگرتنی کۆڵبەرەکانە، ڕاستەوخۆ بەرەو رووی ئەوان و یان ئەسپ و وڵاغەکانیان، کە وەک تاکە

سەرمایە و سەرچاوەی بژێویان بەئەژمار دێت، تەقە دەکەن. ژمارەیەک لە کەسوکاری قوربانیەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە دوای ئەوەی ئەم کارەساتانەیان بەسەردا دێنن نە کەس خۆی بە بەرپرسـی مەرگی ئـەو قوربانیانە دەزانێ و نە تەنانـەت گرنگیەکیش بە نارەزایەتی و شـکایەتەکانیان دەدرێـت و نە بەدوادا چوونێک لەم بارەیەوە دەکرێت. ڕای گشـتیش لەبەر زۆری و کەڵکە بوونی ڕووداوە تاڵەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران، تا ئێسـتا نەپەرژاوە کاردانەوەیەکی گەنجاو و بەردەوام سـەبارەت بە بارودۆخی دژواری ژیانی ئەو ئینسـانە زۆرلێکراوانە و ڕەنـج و ئازارێکی لەگەڵیدا دەستەویەخەن لە خۆی نیشان بدات.

لە فیلمی بەڵگەنامەیی سنوری بێ هیوایی دا، هەژاری، کاری ڕەش و تاقەت پڕوکێنی چەند کەس لە کۆڵبەرانی شـاری سنوریی مەریوان و دەسـت و پەنجە نەرمکردنیان لەگـەڵ نەبوونی ئەمنیەتی گیانی لەسـەر سـنورەکان و تالانچێتی و ڕشـوەخۆری مەئمورانی سەرسـنورەکان دەگێردرێتەوە.

لەم نێوانەدا شارەکانی شنۆ، مەریوان، نەوسود، سەردەشت، پیرانشـار و بانە، لە شارە سـنوریەکانی کردستانی ئێران، کە زیاترین ئاماری کۆڵبەرانی گیانبەخت کردویان لەخۆ گرتوە. لەسەر بنەمای ئەو داستانەی فیلمەکە دەیگێڕێتەوە، ڕۆژانە کۆمەڵێکی زۆر لە دانیشتوانی شاری مەریوان بۆ کڕینی بەنزین ڕیز دەبەسـتن تا ئەم کالایەیان بە نرخێکی کەمتر دەسـت بکەوێ و لەودیوی سـنور بیفرۆشنەوە. لە بەشـێکی ئەم فیلمـەدا، ڕیزێک لـە کۆڵبەرانی پیادە و بەسـواری ئەسپەوە، دوابەدوای یەکتر بە باری بەنزینەوە لە سـنور دەپەڕنەوە؛ وەک ئەوەی کە بڵێی پەڕینەوە لە سنور لەوە هاسانتر نابێت و هیچ مەئمورێکی سنورپارێزیش بوونی نییە.

دەرهێنـەری فیلمەکە کە چەنـد جارێک لەگەڵ دوو کەس لە کۆڵبەرەکان سـنوری بەزانـدوە، دەڵێت:" ئەوەندە بەسـە کە برێـک پارە بدەی بە پاسـەوانی سـنورەکە تـا لە سـنورەکە بپەڕیتەوە. ڕۆژێـک بینیم لاوێک بە سەروسـەکوتی خوێناویەوە هات و وتی لەبەر ئەوەی پارەم نەداوە بە پاسـەوانەکانی سـنورەکە بە قۆنداغی تفەنگ سەروگوێلاکیان شکاندوم."

بەڵام دانی پوڵ و پەڕینەوە لە سـنور نیشـانەی بوونی ئەمنیەت نییە. ڕەنگە کۆڵبەرەکە، لە شـوێنێکی دیکە، بکەوێتەبەر تیرڕەسی مەئمورێکی دیکەوە. نیما سروستانی دەڵێت:" بێجگە لە هێندێک حاڵەتی دەگمەن، بەداخەوە ئەم



هاتوچۆ کردنە بە سـنوری مەریواندا گەلێک باو بوو. لە سەرەتادا پێموابوو ڕەنگە لە هەوەڵەوە سەربازێک دڵی بەحاڵی کۆڵبەرەکان بسـوتێ و بەبێ وەرگرتنی ڕشوە ئیجازە بدات بە بەردەمیدا تیپەڕن، بەڵام کەم کەم وەرگرتنی ڕشوە پەرە دەسـتێنێ و زۆربەی مەئمورەکان فێردەبن تا بە شێوەیەک بکەونە سـەوداو مامەڵە و لەم ڕێگایەوە داهاتێکی باش بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن."

نیما سەروسـتانی، بەدوای سـوژە گەلێکی گونجاو بۆ دروسـت کردنی فیلمی بەڵگەنامەیی لـە ڕووداوەکانی ڕۆژانـەدا و لە کاتی ژیانی پیشـەیی خۆیدا دەگەڕێت و دەدۆزێتەوە. هێندێک جـار خۆی بابەتەکان ئەدۆزێتەوە و دەچێـت بەدوایاندا، جاریواش هەیـە بابەتەکە ئەو بەدوی خۆیدا دەکێشێ و ئاراسـتەی هەڵسوڕانی دەگۆڕێت. ئەو دەڵێـت:" دەبێ لەگەڵ بابەتەکەدا بژیم تا بتوانم لە بارەیەوە فیلمێک دروست بکەم."

ئـەم دەرهێنـەرە سـینەماییە لەگەڵ دەسـت پێکردنی شـەڕی نێوان عێـراق و ئامریکا لە سـاڵی ٢٠٠٣ دا بە ئامانجی ئامادە کردنی ڕاپۆرت بۆ تەلەویزیۆنی سـوئێد لە ڕێگای سنورەکانی کوردستانی ئێرانەوە دەچێتە عێراق و لەم سـەفەرەدا بۆ یەکەمجار لەگەڵ کێشـە و گرفتی کۆڵبەرەکاندا ئاشنا دەبێت:" لە سنوری نێوان ئێران و عێراق کەلاکی ئەو ئەسـپانەم بینی کوژرا بـوون. هۆکارەکەیم پرسی و زانیم کە هی ئەو کوردانەیە وا هێندێک کالا بە ئامانجی فرۆشتن دەبەنە ئەوبەری سنور و هەربەم هۆیەشەوە پاسەوانەکانی سنور تەقەیان لێ کردون. چەند ساڵێک ئەم بابـەت و وێنانە لە زەینمدا مانەوە تا لە سـاڵی ٢٠٠٦ دا دەستم بە کار کرد لەسەیان."

ئەو سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ دروست کردنی فیلمێکی بەڵگەنامەیی دەڵێت:" دروسـت کردنی فیلمی بەڵگەنامەیی بەلای منەوە بەتەنیا پیشـەیەک نییە. بەڵکو بە جەشـنێک هەڵسـوڕانێکی کۆمەڵایەتی و داکۆکی

کردنیشە لە ماف و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی هەژار و زۆرلێکراو و بێبەش. چەشنێکیشە لە بزوتن لە قوڵایی ئەو ڕوداوانەدا وا هەڵیاندەبژێرم تا بەڵکو بتوانم کاریگەریەکم لەو ڕاستایەدا هەبێت."

فیلمی سنوری بێ هیوایی، ڕەوتی ژیانی چوار کۆڵبەری ئێرانی دەگێڕێتەوە؛ سێ پیاو و ژنێک. یەکێک لەم چوار کەسە،" شادمانە" لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا مردوە." مەرگ" و" ڕەنج و ئازارەکانی"، لەگەڵ ژیانی باقی کۆڵبەرەکانی تردا پێوەندیەکی ئاوێنە ئاسای هەیە. لە ڕێگای گێڕانەوەی داستانی ژیانی سێ کۆڵبەرەکەی تروە" شاهۆ"، " ڕێبوار" و " دایکیان" لەگەڵ دژواریەکانی ژیانی شادمان ئاشنا دەبین و لە ڕێگای مردنی ئەویشەوە، لەگەڵ هەرەس هێنانی ژیانی کۆڵبەرەکان.

لە دیمەنەکانی سەرەتای فیلمەکەدا بۆمان دەردەکەوێت " شادمان" کە تەنیا نان ئاوەری بنەماڵەکەی بووە، لە شەوێکی ساردی جستاندا، لە نیوەی ڕێدا، ئاگرێک دەکاتەوە تا خۆی پێ گەرم بکاتەوە. بڵێسەی ئاگرەکە دەگاتە جلەکانی کە ئاوێتەی پرێشکەی بەنزین بووە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی مردنی. کەسایەتیەکی تری فیلمەکە،" شاهۆ" کە دیپلۆمی هەیە، نەک هەر باری قورسی ئابووری بنەماڵەی خۆیانی لە ئەستۆدایە، بەڵکو یارمەتی دایک و باوکی هاورێ لە دەست چووەکەشی ئەدات.

" ڕێبوار"، دۆست و هاورێی شاهۆ، ش لە تەمەنی ١٣ ساڵیەوە دەرس و قوتابخانەی بەجێهێشتوە و ئێستا چوار ساڵە کە یارمەتی بنەماڵەکەی ئەدات. دوو کەسایەتیەکەی دیکەی فیلمەکە، دایک و باوکە نەخۆشەکەی" شادمان" ن. باوکە لە ئانوساتی لەدەستدانی سۆمای چاوەکانیدایە و ئەم نا بینایییەش لە مەتنی فیلمەکەدا" کارکردێکی هێمایی" وەک " چارەنووسێکی چارهەڵنەگر" دەنوێنێ.

بە وتەی دەرهێنەر ئەم ڕەگەزە هێمایییانە لە ڕاستیەکانی ژیانی کەسایەتیەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە ڕاستیدا ئەو داستانەی کە فیلمی سنوری بێ هیوایی دەیگێڕێتەوە، داستانێکی لە پێشدا داڕێژراو نییە، بەڵکو بەرهەمی گەڕان و پشکنینی دەرهێنەرە لە تیم و بابەتی سەرەکی کاردا. ئەو دەڵێ:" ئێمە دەچینە ناخی ژیانی کەسانێکەوە و دەیان کاتژمێر فیلمیان لێ هەڵدەگرین. هەرچەند لە کۆتاییدا تەنیا کاتژمێرێک لەم فیلمانە بەکار دێت، بەڵام بەم کارە، ئاشنایی گورویەکامان سەبارەت بە بابەتەکە زیاتر دەبێت و فیلمەکە قوڵاییەکی گونجاوتری بابەتەکە دەسمێت و نیشانە و هێما ڕاستەقینەکانی ژیان باشتر دەچنەسەر جێی خۆیان."

لە فیلمی سنوری بێ هیوایی دا شاهۆ و ڕێبوار، هێندێک خەون و خولیای ساکار، بەڵام دورە دەستیان هەیە؛ ئارەزویەکی وەک کڕینی ئەسپێکی قیستی تا ئیتر ناچار نەبن هەرکامەیان ڕۆژانە ٦٠ لیتر بەنزین تا ئەوبەری سنور بە کۆڵ بگوازنەوە.

جەختی ئەم فیلمە لەسەر ئاوات و ئارەزو، شەڕ و تێکهەڵچوون و ترس و نیگەرانیەکانی ڕۆژانەی ژیانی ئەم دوو لاوە، بەردەنگ- بینەر بەرەو شێوەیەک هاوکاری لەگەڵ فیلمەکەدا دەکێشێ تا بەشێك لە داستانە نەگێڕدراوەکە، لە زەینی ئەودا تەواو بکرێت. وەک نمونە مەودایەکی کە لە نێوان ژیانی شاهۆ و ڕێبوار لەگەڵ شێوەی ژیان، ئاوات و ویست و داواکاریەکانی لاوانی شاریدا بوونی هەیە، بەشێک لە داستانەکەیە کە لە مێشک و زەینی بەردەنگدا کامڵ دەبێت.

ئەم فیلمە بە نیشاندانی ڕەنج و ئازاری کەسایەتیەکانی فیلمەکە، باس لە بەسەدان لاو دەکات کە بە هۆی هەژاری بێ ئەوپەڕەوە زوو گەورە دەبن، لە قۆناغی لاویدا خوێندن بەجێدێڵن و بۆ یارمەتیدان بە باری ئابووری بنەماڵە، ڕێگای سنورەکان دەگرنە پێش. ئەوان هەموو ڕۆژێک خۆیان لە تیرڕەسی پاسەوانانی سنور و لە ئاکامدا هاونشین و هاونەفەسی مەرگدا هەست پێدەکەن و ژیانیان پڕە لە ژانی جومگە، ترس و نیگەرانی و چەنەلێدان لەگەڵ کڕیارانی بەنزینی قاچاغ. شاهۆ لە فیلمەکەدا دەڵێت:" ئیشەکەمان سەرتاپا ریسکە، دەرۆین، یان سەردەکەوین یان نا. یان دەکوژرێین یان لێمان دەدەن و جێگایەکمان دەشکێت."

فۆڕمی فیلمەکە شێوە بازنەییە. زووم بکەیتە سەر ژیانی هەرکام لە کاراکتەرەکانی فیلمەکە، دەبینی ڕێگای دەربازبوونێک نییە لە کاری دژوار و پڕلە نەهامەتی کۆڵبەری:" شاهۆ دەیەوێ هەم هەزینەی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکات و هەم هەزینەی دەرمانی چاوی باوکی شادمانی هاورێی، بەڵام بەهۆی گوازتنەوەی زۆر و بەردەوامی دەبە و گاڵۆنی بەنزینەوە، پشت ئێشەی گرتوە. لەبەر ئەوە لەگەڵ ڕێبوار ئەسپێک بەکرێ دەگەرێ. ئەو لەهەمانحاڵدا دەشیەوێ بچێتە داوای ئەو کچەی وا خۆشی دەوێت.

ڕێگای گەیشتن بە خەون و ئاواتەکان داخراوە. شاهۆ دەکەوێتەبەر گوللەی پاسەوانانی سەرسنور، لاقی دەشکێت وئەسپەکەی( واتە هێمای خەون و ئاواتەکانی) لە دەست

ئەدات. ئەو کە ئیتر توانایی کاری کۆڵبەری نەماوە، لە پێناو دابین کردنی بژیوی خۆی و بنەماڵەکەیدا بۆکار رووی کردۆتە کورەخانەی خشت بڕی. دەچێتە داوای ئەوکچەی خۆشیدەوێت و باوکی کچەکە ڕازینابێت. دایکی شادمان بە ناچاری و بە غودەیەک لە گەرودا دەچێتە ڕیزی کۆڵبەرەکانەوە. باوکی شادمان کاتێک هەزینەی دەرمانی نەخۆشیەکەی دەست دەکەوێت کە بۆی دەردەکەوێ نەخۆشیەکەی تەشەنەی سەندوە و ئیتر کات بۆ چارەسەر بەسەرچووە.

وتاری مەتنەکە، وتوویژ و ڕووداوەکانی ژیانی هەرکام لە کاراکتەرەکان و هێما وێنەییەکانی نێو فیلمەکە بەباشی و هاوتەریب و هاوئاهەنگ وەک تانوپۆی تەون تێکچندراون. کەمبینایی چاوی باوک، لە هاوئاهەنگی تەواودایە لەگەڵ ڕۆیشتنی بە پارێز و شەوانەی شاهۆ و ڕێبوار بەسەر کوێرەڕێی سنوردا. ئەڵێی چارەنووسی ئەم دوو لاوەیە و بێجگە لە ڕۆیشتن بە تاریکی دا چارەیەکی تریان نییە! شاهۆ بە دەرهێنەر و دروستکەری فلمەکەش، کە لەگەڵیاندا بەسەر سنوردا ڕێدەکەن، دەڵێ:" چراکەت بکوژێنەوە." هیوایەکمان بە ڕووناکی نییە!!

ئەم فیلمە بە پێچەوانەی هەموو ئەو فیلمە ئاساییانەی بەرهەمدێن، بە زەماوەند، شایی، گۆرانی و نیشانەکانی ڕەزامەندی کەسایەتیەکان بەو چارەنووس و ژیانەی هەیانە کۆتایی نایەت. دەرهێنەرەکەی دەڵێت:" دەمەوێت واقیع بین بم. ئیمکانی نییە ئەم فیلمە بتوانێت بە خۆشی کۆتایی بێت، ئەمە ڕاستیەکی تاڵە و نابێ پشتی تێبکەین."

سەروستانی ویستویەتی بتوانێ بە دوور لە دروشمی سیاسی و یان دەربڕینێکی قورسی هونەری دەنگی ڕەنج و ئازاری ئەم خەڵکە زەحمەتکێش و زۆرلێکراوە بگەیەنێتە گوێی مخاتەبینی و لە شوێنێکدا دەڵێ:" ئێمە هەموو هەوڵمان ئەوەیە تا بە ڕۆچوون بەناخی ژیانی ئەم کەسانەدا، کاریگەریەکی زیاتر لەسەر بینەری فیلمەکە دابنێین و دەنگی ڕەنج و ئازار و خەون و ئاواتەکانیان بگەیەنینە کۆمەڵگەکەمان."

سەرچاوە: ئینترنێت



# وتووێژی سایتی والا پریس لەگەڵ سەعید ئەمانی

**ئامادە کردنی: تەرزە تۆفیق**

زۆرن ئەوانەی پێنوسەکانیان دادەچۆرێنن تاوەکو دیدو تێروانینەکانیان بە شێوەیەك لە شێوەکان بگەیەنن ئیدی ئەو داچۆرینە بە نوسینی بابەت بێت یان چیرۆك یا شیعر یان هەر بوارێکی دیکە. سەعید ئەمانی یەکێك لەو پێنوسە بە برشتانەیە کە شیعر لای بۆتە خولیاو ویستەکانی خۆی تێدا پەرش دەکاتەوە. بەمەبەستی زیاتر ئاشنا بوون بە ئەمانی سایتی والاپریس دیدارێکی لەگەڵ ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**والاپرێس: کەی بوو هەنگاوت نا بەرەو دونیای شێعر نووسین؟**

سەعید ئەمانی: ماوەی ١٥ ساڵێک ئەبێ خولیای شێعر نووسین هەستی گەمارۆداوم و لەساڵەکانی ٧٦ و ٧٧ی هەتاوی بەرابەر بە ساڵەکانی ٩٧و٩٨ زاینی نووسینی شێعرم دەست پێکردوە و توانیومە بەرهەمەکانم بنێرم بۆ گۆڤار و رۆژنامەکان.

**والاپرێس: بەکێ دەڵێن شاعیر؟**

سەعید ئەمانی: پێناسەی ڕاستەقینەی شاعیر کارێکی دژوارە. بابەتێک نییە بتوانێ لە چەند ڕستەیەکدا بیگونجێنی و دەریببڕی. ئەگەر بمەوێ خۆ لە وڵامی پرسیارەکەت نەدزمەوە و بۆچوونی خۆم دەربڕیبێ دەبێ بڵێم بەلای منەوە شاعیر کەسێکە کە خاوەنی دەرک و شعورێکە کەسانی ئاسایی لێی بەهرەمەند نین. ئەو ڕوانینی سەبارەت بە گشت ئەو شتانەی لە دەوروبەری ڕوودەدات لە گەڵ ڕوانینێکی ئاساییدا جیاوازە. شاعیر بەچاوی دڵ لە ناخی شتەکان دەڕوانێ و ئاکامێکیان لێ هەڵدێنجێ و لە چوارچێوەی شێعردا دەریاندەبڕێت کە ڕوانینێکی ئاسایی ناتوانێ هەستیان پێبکات. بۆیە بەدرێژایی مێژوو شاعیری ڕاستەقینە لە ئارمان شارەکاندا جێیان نەبۆتەوە و بە شێت، یاخی و سەرپێچیکار دراونەتە قەڵەم.

**والاپرێس: شێعر لای تۆ چ مانایەک دەگەیەنێت؟**

سەعید ئەمانی: بەلای منەوە شێعر ئاکامی هەست و نەست و هەژان و هەستەوەرییە ناسکەکانی مرۆڤێکی هەستیار، بیرمەند، ئازاد و سەربەخۆ، ڕاساو و ڕاستگۆیە.



**والاپرێس: شێعرەکانت زیاتر باسی چی دەکەن؟**

سەعید ئەمانی: وەک هەموو کەسێکی ئاسایی شاعیریش خاوەنی کۆمەڵێک بیرەوەری و هەستی خۆش و ناخۆشن. خاوەنی بیروبۆچوون و ئاوات و ئامانجی تایبەت بە خۆیانن. منیش لەم قاعیدەیە جیا نیم. ڕەنگە جیاوازی من لەگەڵ بەشێک لەو کەسانەی لە ڕێگای شێعرەوە هەست و بۆچوونەکانیان بەیان دەکەن ئەوە بێت کە شاعیرێکی پێشمەرگەم و ئەم تایبەتمەندیەش بوەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری شێعرەکانم ناوەرۆکێکی سیاسی نزیک لە ڕێبازێکی هەڵمبژاردوە بەسەر شانیانەوە قورسایی بکات.

**والاپرێس: کام لە شێعرەکانت لە هەمویان خۆشتر دەوێت؟**

سەعید ئەمانی: ناتوانم بڵێم کامیانم لە هەمویان خۆشتر دەوێت. ڕەنگە شێعرێک هەبێت توانیبێتم ئەوەی مەبەستم بوە بەباشی تێیدا بگونجێنم بەڵام لە شێعرێکی تردا ئەوەندە دەسترۆیشتوو نەبووبێتم و ڕازی نەکردبێتم، ئەوە جیاوازیەکەیە، دەنا هەمویانم وەک یەک خۆش دەوێت.

والاپرێس: تا ئێستا هیچ بەرهەمێکت بەچاپ گەیاندوە؟

سەعید ئەمانی: تائێستا تەنیا توانیومە بەرگێک لە شێعرەکانم بەناوی<< باران و دلۆپە >> لەسەر ئەرکی ئینتیشاراتی ناوەندی کۆمەڵە بە چاپ بگەیەنم. بەهۆی ئەوەی کە زیاتر لە بەشی ڕاگەیاندندا سەرقاڵی ئیشی تەشکیلاتی بووم سەرجەم شێعر و نووسین و بابەتە وەرگێردراوەکانم لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و سایتە جۆراوجۆرەکاندا بلاو کراونەتەوە. بێجگە لە باقی شێعر و نوسینەکانی خۆم سێ کتێب کە لە فارسیەوە کردومن بە کوردی ئامادەی چاپن بەڵام باری ئابووری دەرفەتی چاپی نەداون.

**والاپرێس: مەرجە شاعیر عاشق بێت؟**

سەعید ئەمانی: ناڵێم پێویستە عاشق بێت من دەڵێم

کەسێک دەتوانێ شێعر بنووسێت کە خاوەنی هەستێکی تایبەت بێت و بابەتێکی گرنگ لە ژیانیدا، جا ئەویندارى بێت یان شتێکی تر، بەقوڵی لەناخەوە هەژاندبێتی.

**والاپریس: کاریگەری کام شاعیرت بەسەرەوەیە؟**

سەعید ئەمانی: ناتوانم بەروونی ئاماژە بە هیچ یەک لەو شاعیرانە بکەم کە بەرهەمەکانیانم خوێندۆتەوە و کاریان تێکردووم. من لەسەرەتاوە قانع و هێمن و گۆرانم زۆر دەخوێندەوە و دواتر لە گەڵ بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵا پەشێو و شاملو و کەسانی تر ئاشنابووم و چێژیان پێبەخشیم و کاریان تێکردم.

**والاپریس: چەندە لە کارەکانی خۆت ڕازیت؟**

سەعید ئەمانی: ڕاستگۆیانە دەڵێم تائێستا پێموایە هەر لە سەرەتادام و هیچم نەکردوە و بەو هۆیەی پێموانییە توانیبێتم دەنگ و ڕێچکەی تایبەت بە خۆم دۆزیبێتەوە لە خۆم ڕازی نیم و کارەکانم ناتەواون.

**والاپریس: چ شتێک ئەبێتە هۆکار بۆ لە دایک بوونی شێعر؟**

سەعید ئەمانی: لەدایک بوونی شێعر هەژانێکی دەروونی تایبەتی دەوێت. جا ئەم هەژانە دەروونیە دەکرێ بەهۆی بەسەرهاتێک، ڕووداوێکی دڵتەزێن، بینینی ناعەداڵەتی، بیرەوەرییەکی تاڵ یان شیرین، دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش، کارتێکردنێکی ئەویندارانە و یان گەلێک شتی ترەوە بێت.

**والاپریس: دوا وتەت بۆ سایتی والا پریس چیە؟**

سەعید ئەمانی: وێڕای ڕێزو سپاسی بێ پایانم بۆ بەڕێوەبەرانی سایتی والا پرێس و خوێنەرانی بەرێزی ئەم سایتە هیوادارم لە کارەکانتاندا سەرکەوتوو سەرفەراز بن.
خۆشحاڵم بە بەسەرکردنەوەتان و سازدانی ئەم وتووێژە.
نموونەیەک لە شێعەکانی:

***"ژوان"***

***تا ئاسمانی***
***ئەفغانستانی بیری تۆ***
***بەوردە داوی بۆچوونی***
***بروایەکی کۆن تەنرابێ***
***تا کابولی خۆشەویستیت***
***تالیبانی***
***ترسێکی تۆخ***
***دەوری دابێ***
***ئەفسانەیە***
***چاوەڕوانی***
***هەڵفڕین و***
***هاتنە ژوانت.***

***تا بروسکەی پەنجەکانمان***
***یەک بکەوێ و***
***هەوری تاوانێک دابکا***
***تا تۆماری خۆشەویستی***
***بە ماچ مۆرکەین***
***سێدارەیەک***
***هەڵخراوە***
***کێلە سپیانی مێژومان***
***قەتڵگای عەشقی ناکامە و***
***جەستەی هەزاران سیامەندی***
***بەسینەوە***
***هەڵواسراوە!!***

**والاپریس: سەعید ئەمانی کێیە؟ دەکرێ خۆت بناسێنی؟**

سەعید ئەمانی: من لە ساڵی ١٣٣٩ هەتاوی — ١٩٦٠ زایینی لە ئاوایی شیلاناوی سەربە ناوچەی سەقز لە دایک بووم. بەشی زۆری تەمەنم لە شاری بۆکان بەسەر بردوە.

لە ساڵەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ هەتاوی (واتە ٧٩ی زایینی) خەڵکی ئێران، تێکەڵ بە کاروباری سیاسی بووم. وەک بۆچوونی سیاسی ڕێبازی کۆمەڵەم هەڵبژارد و لە ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی ڕەسمەن بە تەشکیلاتی نهێنی کۆمەڵەوە پەیوەست بووم. لە سێ قۆناغدا سەرجەم پێنج ساڵ لەلایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامیەوە خراومەتە زیندان.

ساڵی ١٣٨١-٢٠٠٣ هاورێ لەگەڵ بنەماڵەکەم هاتومەتە هەرێمی کوردستان و لەبەشی تەشکیلاتی ئاشکرای کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومۆنیستی ئێراندا دەستم بەکاری سیاسی تەشکیلاتی کردوە کە تائێستاش درێژەی هەیە.

لەبەشی ئاشکرای تەشکیلاتی کۆمەڵە دا وێڕای ڕاپەڕاندنی ئەرکە تەشکیلاتیەکان سەرنووسەری دەورەی دووهەمی گۆڤاری پێشەنگ یشم وەئەستۆ گرتوە و تا ئێستا واتە لە دەورەی دووهەمی دا ٢٣ ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە. هەر بەهۆی ئەو چالاکیانەشەوە بوومەتە ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان.

***

# سینەماو رۆژنامەوانی ...

ن: سەلاح مەزن

سینەما، وەك هونەرێکی کاریگەرو سەردەم، تەنها هونەرەکانی دیکە لەخۆ ناگرێ، بەڵکو پەیوەندی هەمەلایەنەی بە سەرجەم کلتوری گشتی و ئەدەبیاتی کلاسیك و سەردەم هەیە، بە تایبەتیش لەگەڵ رۆمان، کە ویڕای خەسڵەت و تایبەتمەندی جیاوازی هەر یەکەیان، هەروا چەندان خاڵی هاوبەش پێکەوەیان کۆ دەکاتەوە.

ئەوەی من لێرەدا، دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم پەیوەندی سینەمای سیاسی و شۆڕشگێرییە بە رۆژنامەو رۆژنامەوانیەوە، لە رێگای خستنەروی رەوشی سینەمای سیاسی لە کۆتایی شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردودا، کە زیاتر خۆی لە فیلمەکانی شەپۆلی نوێی فەرەنسی و نیورپالیزمی ئیتالی وسینەمای روسی و ئەمەریکای لاتین دەبینێتەوە، دیارە فیلمەکانی ئەو سەردەمە جێ پەنجەیان لەسەر نەوەکانی ئەو سەردەمە جێهێشتوە، چونکە سینەما بە باش یان خراپ کاری خۆی دەکات، ئێمە مانان چۆن لە رێگای خوێندنەوە و کاری سیاسیدا، رۆشنبیری و هۆشیاری خۆمانمان بەرەو پێشەوە دەبرد، هەروا لە رێگای سینەما نەك تەنها کولتوری سیاسی و سارستانی، بەڵکو شارەزایی خۆیشمان پەرەپێدەدا.

با بێینەوە سەر ئەسلی مەبەست، من لە رێگای فیلمە سیاسی وشۆڕشگێرییەکانی ئەو سەردەمانەوە، رۆڵ و بایەخی کاری رۆژنامەوانی لام بەرچاو رونتر دەرکەوت، چونکە لە فیلمە سیاسییەکانی ئەو سەردەمدا، کە زۆربەیان باسیان لە ململانێ هێزە چەپ ولیبراڵەکانی ئەوروپاو خەباتی گەلانی ئەمەریکای لاتین، ئاسیاو ئەفەریقیا دەکرد، دژ بە سیستەمی دیکتاتۆری و سەربازییە کودێتاچییەکانی ئەو سەردەمەدا.

ئا لەو نێوانەدا رۆڵی بوێرانەو چاو نەترسانەی رۆژنامەوان و رۆژنامەی سەربەخۆو وابەستە بە خەڵك، لە بەرانبەر چۆکدانەدان لەئاست گەمەکانی دەوڵەت و گوتنی راستییەکاندا، ئەگەر باجەکەشی قورس بێت، لەو فیلمانە بە روونی دەردەکەوت، چۆن



رۆژنامەوانی وێنەگر خۆی و کامێراکەی لە نێوگەرمەی خۆپیشاندان و روداوەکاندا، روبەروی داپلۆسینی سەکوتکەرانەی پۆلیس و سەربازەکان دەبووەوە، یان رۆژنامەوانی رێپۆرتەر بۆ گەیشتن بە راستییەکان و ئاشکراکردنی چۆنیەتی تێوەگلانی دەزگاکانی حیزبی دەسەلات، دادگا و پۆلیس لە سیناریۆی تاوانی تیرۆری سیاسی، گەندەڵی، دزینی سامانی گەلان و..تاد.. چۆن لە گشت دەرگاکان دەداتو بێسڵەمینەوە بە دوایگەیشتن بە زانیاریو هەواڵی نوێدا، دوکیمێنتو دۆسییەکان دەپشکنێو ئاخاوتن لەو کەسانە وەردەگرێ کە پەیوەندیان بە دۆسیەی تاوانەکان هەیە، بەتایبەتیش گەورە بەرپرسانی دەسەلا، دادگاو پۆلیس .. تاد.. ئەوەش بەروونی لە بەرهەمەکانی چەندان دەرهێنەر بەدیدەکرێن، نەباداش لە فیلمەکانی دەرهێنەر کۆستا گافراس)ی بە رەگەز یۆنانیو دانیشتوی فەرەنسا ، دیارترین فیلمی دەرهێنەر لەو بوارەدا، فیلمی ( زێد)ە کە ساڵی ١٩٦٩ بەرهەمهێنرایە،

ئەو فیلمە لە مێژوی سینەمادا، بە دەسپێکی فیلمی سیاسی دادەنرێت، لە ساڵی ١٩٦٩ خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بیانی پێدرایە، هەروا( جاك بیران) خەڵاتی باشترین ئەکتەر لە رۆڵی رۆژنامەوان لە فیستیڤاڵی کانی ساڵی ١٩٦٩ بەدەستدێنێ، ئەو فیلمە کە باس لە هەماهەنگی پۆلیس، دادگاو دەسەلات دەکات، لە چۆنیەتی ئەنجامدانی تیرۆرکردنی سەرکردەیەکی چەپی یۆنان.

لێرەدا رۆڵی راستەقینەی رۆژنامەوان لە گەیاندنی رووداوەکان وەك خۆی وگەیشتن بە راستییەکان ،هەروا ئەنجامدانی کارو پیشەی رۆژنامەوانی بە ئەمانەت و راستگۆیی لە کەسایەتی( جاك بیران)ی رۆژنامەوان بەرجەستەدەبێ، چونکە ئەو کاتیك لە نێو رووداوەکان هەواڵێك یان وێنەیەکی دەستدەکەوێت، وێرای بایەخە سیاسیی دەسکەوتەکە، ئەو زیاتر وەك سەرکەوتنی رۆژنامەوانی مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

ئەوەیان رویێك لە رووە جوانەکانی رۆژنامەوانی راستگۆ و وابەستە بە پیشەو ئەرکی ئەخلاقی کاری رۆژنامەوانی پیشاندەدات.

لە بەرانبەر ئەوەشدا، رۆژنامەوانی نزم و دور لە ئەخلاقیەتی کاری رۆژنامەوانی لە فیلمی( تیرۆرکردن) ١٩٦٩ی دەرهێنەر )ئیف بواسیە)ی فەرەنسی چاولێدەکەین، ئەو فیلمە سەرگوزشتەی لەبەینبردنی تێکۆشەری ناسراوی مەغریبی( مەهدی بن بەرەکە) بە پلانێکی پێشوەخت داڕێژراو و هەماهەنگی کەناڵێکی تەلەفزیۆن و پۆلیسی فەرەنسی جیبەجیدەکرێ، بەر لەوەی( سادیل) کە نازناوی( بن بەرەکە) یە بگاتە جێگای تۆمارکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دەربارەی کێشەکانی جیهانی سێیەم، لە لایەن پۆلیس دەرفێنرێت، پاشان لە ناوی دەبەن.

جێگای ئاوڕدانەوەیە، کەئەو رووداوە، تا ئەمڕۆش کێشەیەکی دیاری سەر گۆڕەپانی سیاسی مەغریبە، وەك قەیرانێکی هەڵواسراوی نێوان مەغریب و فەرەنسا ماوەتەوەو لە لایەن دەزگا سیاسی و مرۆییەکان دەوروژێنرێت و بە دواداچونی لێدەکرێت.

ئەوەی لێرە مەبەست بێت، رۆڵی سازشکاری و لاوازی( فرانسوا داریان)ی رۆژنامەنوسە، کە(جان لوی ترنتیان) رۆلی ئەو رۆژنامەنوسەی بینیوە،چونکە ئەو لە دۆستایەتی لەگەڵ بن بەرەکە کەڵکی وەرگرتوە، بۆ ئەوەی هەماهەنگی لە پیلانێکدا بکات، کە جەنەراڵێکی پۆلیس و کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بۆ لە بەینبردنی تێکۆشەرێکی مەغریبی نەخشەیان دەبێت، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو تێکۆشەرە نایەوێت بە پێی نەخشەو ویستی هێزە دەرەکییەکان بجولێتەوەو نایەوێت لە ناوەوەی وڵات نەخشەی ئەوان جێبەجێبکات،ئەو دەیەویت خزمەتی خەڵکی وڵاتی خۆی بکات، بۆیە دەیانەوێ لە ناوی ببەن!! دەرهێنەر ئیف بواسیەلەم فیلمەیدا، دوو شت ئاشکرا دەکات

١- رۆڵی پۆلیسی فەرەنسی لە رووداوەکەدا، کە بە هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵێکی میدیا نەخشەی پیلانەکە سازدەدەن.


٢- رابردوی سازشکاری رۆژنامە نوسەکە لە رابردودا، کە زانیاری دەربارەی شۆرشی جەزایەر بەو ئەفسەرە داوە، کە دۆسیەی تاوانکاریەکە بەرێوەدەبات.

ئەگەرچی، دواتر رۆژنامەنوسەکە رێگای راست هەڵدەبژێرێ، هەڵدەسێ بە تۆمارکردنی تەواوی رووداوەکەو بە دەنگی خۆی راستی رووداوەکەو رۆڵی پۆلیس و کەناڵە تەلەفزیۆنەکە لەو پیلانە ئاشکرا دەکات.

دیارە لە ئەرشیفی کۆن و نوێی سینەمادا، فیلمی لەو شێوە ستایلە، بە شێوازی جیاجیاو چارەسەرکردنو مەبەستی جیاواز بەدیدەکرێت.

ئەم بابەتە لە سایتی دەنگەکان وەرگیراوە

***



لــەم ژمارەیــە دا فایلێکی تایبــەت بــە
ئەدەبیاتی منداڵان دەخوێنەوە

# " ئەدەبیاتی منداڵان"



## ن: سەمەد بێهرەنگی

**و: هێمن ئەمانی**

ئیتـــر کاتی ئەوە بەســـەر چووە کە ئەدەبیاتی منداڵان ســـنوردار بکەینەوە بە برەوپێدان و گونجاندنی ئامۆژگاریە ووشکە بێ ئەملاو ئەولاکان، پاک و خاوێنی دەست و پێ و جەستە، گوێڕایەڵی دایک و بـــاوک، گوێڕایەڵی کردن لە گـــەورەکان، دەنگەدەنگ نەکردن لەلای میوان، بەیانیان زوو هەســـتە تا تەندروســـت بیت، پێبکەنە تا دونیا بەڕوتا پێبکەنێت، یارمەتیدانی هەژار و بێ دەســـەڵاتەکان بە شـــێوەیەکی خێرخوازانە و بابەتگەلێکی لەم چەشـــنە کە ئەنجام و بەرهەمـــی گشـــتی و کۆتایی هەموو ئەوانە بێ هـــەواڵ مانەوە و تێنەگەیشتنی منالاّنە لە بابەتی گەورە و تایبەت و گرینگی شوێنی ژیانیان. بۆچی لەکاتێکدا برا گەورە دڵی بۆ هەناسەیەکی ئازادانە و هەوایەکی پاک و خاوێن تەنگ بووە، منداڵ لە قۆزاخەیەک لە "بەختەوەری و شادی و هیوادا" بخنکێنین؟

دەبێ منداڵ لە هۆکارە هیوابەخشە پوچ و بێ بنەماکان بێ ئومێد بکەین و دواتر ئاواتێکی جیاواز لەسەر بنەمای ناسین و ڕاستیەکانی کۆمەڵگا و شێوازی بەربەرەکانێ لەگەڵیاندا لەجیاتی ئەو هیوایەی پێشـــوتر دابنێین. ئایا منداڵ جگە لە فێربوونی پاک و خاوێنی و گوێڕایەڵی گەورەکان و گوێگرتن لە مامۆســـتا (کام مامۆستا؟) و ئەدەب (کام ئەدەب؟ ئەدەبێک کە دەســـەڵاتداران و چینی زاڵ و خۆشـــگوزەران برەو پێدەر و ناسێنەرین؟) هیچی تری پێویست نییە؟ ئایا نابێت بـــە منداڵەکانمان بڵێین، لە وڵاتی تۆدا منداڵانێک هەن کە ڕەنگی گۆشت و تەنانەت پەنیریش مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ نابینن؟ چوونکە کۆمەڵێک خەڵک حەز دەکەن کە هەمیشە (قازی سورکراوە لە شەرابدا) لە خوانیاندا بێت.

ئایـــا نابیت بە منداڵ بڵێین، کـــە زۆرتر لە نیوەی خەڵکی جیهان برســـین، وە بۆچی برسی بوون و ڕێگای لەناوبردنی برسێتی چییە؟ ئایا نابێت تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست لە مێژوو و گۆڕان و گەشە و پێگەیشتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە منداڵ بدەین؟ بۆچی دەبێ منداڵانێکی شۆڕاو و پاک و خاوێن و بێ خەش و خەول و بێ دەنگ و گوێڕایەڵ پـــەروەردە بکەین؟ مەگەر دەمانهەویـــت منالّەکانمان

بخەینە پشتی شوشەی دوکانی بوکەڵە فرۆشیەکانی ماڵە دەوڵەمەنــدەکان و بوکەڵەی جوانیان لێ دروســت بکەین؟ بۆچی دەڵێین درۆ خراپە؟ بۆچی دەڵێین دزی خراپە؟ بۆچی دەڵێین گوێڕایەڵی دایک و باوک کارێکی باشە؟ بۆچی نایەین ڕەگ و ڕیشەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی درۆ و دزی بۆ منالاّن ڕوون بکەینەوە؟

منالّەکانمان فێر دەکەین کە ڕاســتگۆ بن، لەکاتێکدا، دەور و ســەردەم سەردەمێکە کە چاوی چەپ درۆ لەگەڵ چاوی ڕاســتدا دەکات و برا لە برا بە گومانە، وە ئەگەر ڕاســتیی ئەوەی لە دڵیدابێت بیهێنێتە ســەر زمان، هێندە کێشە و گرفت دێنە ڕێ کە ناتوانێت ڕزگاری ببێت لێیان. ئایــا گوێگرتن لە مامۆســتایەک و دایک و باوکێکی ناتەندروست و هەناسە پەرەست کە ئامانجیان تەنیا ئاسودە ژیان و هەرچی زۆرتر بێ کێشە و گرفت ژین بەرێ کردنە و زۆرتر پارە پەیدا کردنە کارێکی پەسەندکراوە؟

بۆچــی یارمەتی دان بە هەژار و بێدەســەلاّتەکان برەو پێبدەین و هیچــکات نالێین ئەمە چۆن "هــەژار" بووە وە ئەمەیان "سەروەتمەند" کە سینگ بداتە پێشێ و بەشێکی بەرچاو نەهاتوو لە سامانی خۆی بداتە ئەو هەژارە و منەتی بەســەردا بکات، بەڵێ من مرۆڤێکی خێرخوازم و هەمیشە دەســتی مرۆڤگەلێکی وەکوو تۆ دەگرم؛ هەڵبەتە ئەمەش بۆ ڕەزامەند کردنی خوایە، ئەگەر نا تۆ کە بۆخۆت هیچ تەنانەت مرۆڤیش نیت.

ئێســتا کاتی ئەوەیە، کە لە ئەدەبیاتی منداڵاندا سەرنج بدەینە دوو خاڵ و هەمیشە ئەم دوانە بکەینە بناخەی کار: خاڵــی یەکەم: منداڵان دەبێت پردێک بن لە نێوان دونیای ڕەنگاڵەیــی بێ ئاگایی و خەیاڵ و ئاواتە شــیرینەکانی منداڵــی و دونیای تاریکی زانین و تێگەیشــتن، نقوم بوو لە ڕاســتیە تاڵ و بە ئــازارەکان و قورس و گرانی ژیانی کۆمەڵایەتی گەورەترەکان. منال دەبێت بەســەر ئەو پردەدا زۆر بە تێگەیشــتویی و پڕ و ڕووناکی بەدەست تێپەر ببێت و بێتــە ناو دونیای گەورەترەکانەوە. بەم شــێوەیە منداڵ دەتوانێــت یارمەتیدەر و هاوەڵی ڕاســتەقینەی باوکی بێت لــە ژیاندا و هۆکارێکی بگۆڕی پۆزەتیفی ئەم کۆمەڵگا وەستاو و هەردەم بە ناخی نابەرابەریدا ڕۆچووە بێت. منداڵ دەبێت بزانێت، کە باوکی چ ڕێگایەک بەکار دەهێنێت بۆ بەردەوامی ئەم ڕۆژگارە تاریکە و ئەم زستانە دەستکردەی مرۆڤ .

منداڵ دەبێت لە هۆکارە (هیوابەخشە بێ بنەماکان) بێ ئومێد بکەین. منداڵەکان دەبێ بزانن. کە باوکەکانیشیان لەو زەلکاوەی کۆمەڵگا تێی کەوتــوە تەنیا پەلەقاژەیان پێدەکرێــت و هیچیتر، هەروەها هەمــوو منالّەکان بەهەڵە تێدەگــەن، باوکیان لە ڕاســتیدا هەمــوو کارەکانی پێ ناکرێــت و لەکۆتاییدا داخی خۆیان بە ژنەکانیان دەڕێژن. بە گشــتی و خاڵی دووهەم: دەبێت دونیــا بینیەکی ورد بدرێت بە منــداڵان، ڕادەیەکی پێبدرێ کە بتوانێت بابەتە جیاوازە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکانی لە هەلومەرج و کاتە هەڵگەڕاوە هەمیشــەیی و جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیەکانی پێ هەڵبســەنگێنێ. ئێمە دەزانین کە بابەتە ئەخلاقیەکان لەو بابەتانە نین، کە نەگۆڕ وهەمیشەیی بن.

***



# ڕۆلی خەیاڵ و فەلسەفە لە ئەدەبیاتی منداڵان دا



هۆمایوون فەلاح
و: ناسر حەقپەرەست

ئەم باسە لە سیمینارێك دا بەناوی" ئەدەبیاتی منداڵ" پێشکەش کراوە

باسەکەی من لە خەیاڵەوە دەست پێدەکات. خەیاڵ، وشەیەکە کە ئێمە گەلێك جاران لە ئاخاوتنی ڕۆژانەمان دا کەڵکی لێ وەردەگرین: بەڵام کاتێك گەرەکمانە خودی وشەکە پێناسە بکەین، ڕووبەرووی دژوارییەکی تایبەت دەبینەوە. خەیاڵ چییە؟ داستا یوسکی، لە کۆتاییەکانی ژیانی دا لە وەڵام بە دایك و باوکێك کە لە بابەت چۆنیەتی هاندانی منداڵەکەیان بۆ خوێندنەوەی کتێب پرسیاریان لێ کردبوو، نووسیبووی کە خەیاڵ و بیرکردنەوەی تایبەتمەندییەکی خۆرسکی مرۆییە. تایبەتمەندییەکی خۆرسك کە لە منداڵاندا خاوەن هێزێکی زۆرە و لە ڕاستیدا، بەلای منداڵانەوە تایبەتمەندییەکی گەشە سەندووە. خەیاڵ لە ئەدەبیات دا لە ناوەرۆکی عەینی وشەکان بەدەرە. گەلێك لەو بروایەدان کە لە ئەدەبیات دا خەیاڵ و واقع لێك جیان. بەڵام بە باوەڕی من حەقیقەت ئەوەیە کە گەلێك لە چیرۆکە خەیاڵیەکان، لە ڕەهەندگەلێکی جۆراوجۆرەوە، ڕەنگدانەوەی واقعیەتەکانی سەردەمی خۆیانن. کەواتە خەیاڵ حەتمەن بە واتای هەڵاتن لە واقیع یا بەرەنگار بوونەوەی نییە.

خەیاڵ زۆربەی کات ئامرازێکە کە نووسەر بە یارمەتی ئەو، لە واقیع نزیك دەبێتەوە نەك ئەوەی خۆی لێ دەرباز بکات. بەم پێناسەیەوە، خەیاڵ دەبێتە ئامرازێك کە بە یارمەتی ئەو باشتر و ڕوونتر لە واقیع تێبگەین. کاتێك کە دەڵێین منداڵان خاوەن خەیاڵێکی تایبەتن، مەبەست لەوەیە کە ئەوان بە سانایی توانایی وێنا کردن و خولقاندنەوەی واقیعەکانیان هەیە. بەڵام دەبێ سەرنج بەوەش بدەین کە خەیاڵ، توخمێکی تەنها تایبەت بە منداڵان نییە. لە مرڤە گەورەکانیشدا توخمی خەیاڵ بوونی هەیە. فرۆید لە بابەتێك دا بەناوی "خودی شاعیر" دەنووسێت: دەکرێ بێژین کە مرۆڤێکی بەختەوەر هیچ کات خەیاڵ هەڵیناگرێت. خەیاڵ تایبەت بە مرۆڤێکە کە بەختەوەر نییە. ئاواتە وەدینەهاتووەکان، بزوێنەری خەیاڵاتی مرۆیین و هەر خەیاڵێکیش، مەیلێکە بەرەو وەدیهاتنی ئارەزوویەکی درك پێکراو. فرۆید لێرەدا پێوەندییەکی ورد لە هۆکار و بەرکاری خەیاڵ و واقیع، بەدەستەوە دەدات. بە پێی تیۆریی فرۆید، خەیاڵ بەرهەمی بەناچاریی و چارەهەڵنەگریی ئاوات و ئارەزووە وەدینەهاتووەکانی ئێمەن. لە ڕاستیدا بەشێکە لە سیستەمێکی بەرگریکارانە کە ئێمە لە بەرامبەر قەبووڵکردنی بەناچاری واقیعە ئازاراوی و نەخوازراوەکانی ژینگەی دەوروبەرمان، لەخۆماندا چێی دەکەین. تیۆریی فرۆید لە بابەت خەیاڵ بەوە کۆتایی دێت کە خەیاڵ لە سێ ڕەهەندی زەمانیی

جیاواز دا( رابردوو، ئێستا و داهاتوو) ببینین. فرۆید خۆی نمونەیەکی گەلێك جوانی لەو بابەتەوە هێناوەتەوە کە زۆر روونە. فرۆید دەڵێت: ئێوە کەسێك دەناسن کە گەنجێکی بێکار و هەژار و موحتاجە. گەرەکتانە یارمەتی بکەن، ناونیشانی کارخانەیەکی پێدەدەن تا سەردانی بکات. لاتان وایە کە خاوەن کارخانەکا کارێکی پێبدات. ئەو گەنجە هەژار و بێکارە بەرەو کارخانە دەکەوێتە رێ و لە رێگادا لەبەرخۆیەوە خەیاڵ هەڵیدەگرێ کە لەوێ وەها باش کار دەکات کە سەرەنجی خاوەن کارخانە بەرەو لای خۆی رادەکێشێت: خاوەن کارخانە خۆشی دەوێ و دەیباتە ماڵەوە، کچێکی جوانی هەیە کە عاشقی یەکتر دەبن و دواتریش پێکەوە زەواج دەکەن و بەمجۆرە دەبێتە خاوەنی نیوەی کارخانەکە، لە پاش ماوەیەکی تریش خاوەن کارخانە دەمرێت و دەبێتە خاوەنی گشت کارخانەکە. ئەو خەیاڵ پلاوانە لە راستیدا سازدانەوەی ئاوات و ئارەزووەکانی سەردەمی منداڵی ئەو گەنجە و بارودۆخی ئەمرۆکەیەتی. ئەگەر گەرەکمان بێت لە روانگەی فرۆیدەوە لەو بابەتە بروانین، ماڵێکی ئەمن و ئارام، دایك و باوکێکی بەسۆز و سەرکەوتوو، لە کۆتایشدا خۆشەویستی، هێزی بزوێنەری رەوتارەکانی ئێمەیە. لە روانگەی فرۆیدەوە ئەو نمونەیە بە سانایی دەریدەخات کە چلۆن ئارەزووەکان دەتوانن یارمەتی لە ئیمکاناتی ژیانی راستەقینە وەرگرن و لەسەر بنەمای وێنا و ئارەزووەکانی رابردوو، وێنەیەکی جیدی بۆ داهاتوو چێ بکەن.

لە روانگەی ماتریالیسمەوە دەکرێ بە سێ شێواز لە بۆچوونەکەی فرۆید بروانین. یەکەم: فرۆید ئاماژە بەوە دەکات هێزی بزوێنەری جیهان و نامەنتیقی بوونی خەیالاتی مرۆیی لە سەر بنەمای بابەتگەلێکی وەك جنسیەت و کەسایەتی و بارودۆخی بژێوی مرۆڤە، بەلام لە راستیدا هەستە جنسیە سەرکوتکراوەکان ناتوانن، هۆکارێك بن بۆ دەربرینی گوشاری کۆمەلایەتی.

دووهەم: فرۆید هەوڵی داوە بە لێکدانەوەی ئەوە کە بۆچی مرۆڤەکان خەیاڵ هەڵیان دەگرێت، وەلامێك بە چۆنیەتی خەیالاتی مرۆیی بداتەوە.

سێهەم: فرۆید بە گوێرەی پێویست بەهای بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کارلێهاتووی کۆمەلایەتیی خەیاڵ نەداوە. خەیاڵ تەنها بەرهەمێك نییە لە هەلومەرجی نایەکسانی کۆمەلایەتی، بەڵکوو هاوکاتیش شێوازێکی نارەزاییە بەو هەلومەرجە نایەکسانە. خەیاڵ لایەنگەلی جۆراوجۆر لەخۆی دەگرێت. خەیاڵ، دەربرینێکە لە گێرانەوەی پێوەندی نێوان هەلومەرجی ئابووری و هەلومەرجی کۆمەلایەتی.

خەیاڵ، خواست و پردێکە لە مابەینی بەختەوەریی، ئەوەی کە هەیە و ئەوەش کە پێویستە بێتەدی.

بێرتۆلت برێشت لە "ئەندێشەکانی مەتی"دا نمونەیەکی جوان دێنێتەوە لە بابەت مابەینی ئەوەی کە هەیە و ئەوەش کە دەبێت. رۆژێك تۆم دێتە لای مەتی و دەڵێت: فێری شەڕی چینایەتیم بکە. گەرەکمە لەو شەڕەدا بەشداریی بکەم. مەتی پێی دەڵێت: دانیشە، دانیشە... جوان دانیشتووی. تۆم دەڵێت: بەڵێ، بەلام من نەهاتووم لێرە دانیشم، هاتووم فێری شەری چینایەتی بم. دەمهەوێت لە شەڕی چینایەتیدا بەشداریی بکەم.

مەتی: بەلام سەرەتا دەبێ فێری درووست دانیشتن بیت.

تۆم: درووست دانیشتن چۆنە؟


مەتی: پێوستە بەمجۆرە دانیشت... دواتر راهێنانی پێ دەکات. تۆم ماندوو دەبێت و دەڵێت: برا من هاتووم فێری شەڕی چینایەتی بم، نەك درووست دانیشتن.

مەتی: ئێمە هاتوین لە دەوری یەك کۆبووینەتەوە تا شتێك فێر بین. پێویستە سەرەتا فێری ئەوە بین بە درووسترین شێوە دانیشین و دواتر زیاترین چێژ لەو دانیشتنەمان وەرگرین.

تۆم: من نەهاتووم بۆ چێژ وەرگرتن، هاتووم شەڕی چینایەتی فێر بم.

مەتی: ئەگەر دەتهەوێ شەڕی چینایەتی فێر بیت، پێویستە فێری درووست چێژ وەرگرتن بیت...

ئەو واتایەی برێشت گەرەکیە بەدەستەوەی بدات، لەراستیدا بریتیە لەوەی کە خەیاڵ پێویستە رێنوێن بێت بۆ گەیشتن بە ئامانج. بۆ مرۆڤ خەیاڵ و تێفکرین وینەی مەکینەیەکە کە وەدیهێنەری بزووتنە. خەیاڵ ڕسکێنەری ئالۆگۆڕێکە کە




ئێمە بتوانین بە پێی ئەوان ئارەزووەکانمان وێنا بکەین.
لە سەردەمە لێك جیاكان دا، وەڵامگەلێکی جیاواز بەو پرسیارە (ئەدەبیاتی منداڵان چییە؟) دراوەتەوە. بە بڕوای من عەلی ئەشـــرەفی دەروێشـــیان یەکێك لە جوانترین وێناکردنەکانی لە بابەت ئەدەبیاتی منداڵان دا بەدەســـتەوە داوە. بەڕاستی ئەدەبیاتی منداڵ چییە؟ پێویستە لەو بابەتەوە پێناسەیەکمان هەبێت. پێناسەیەکی زانستی لە کتێبی منداڵان بوونی هەیە کە دەڵێت: هەر نووســـراوەیەك کە بۆ منداڵ ئامادە کراوە و کتێبی وانەیی نیە و مەبەستی پەروەردەیی نییە، ئەدەبیاتی منداڵە. ئەمە پێناسەیەکی گشتییە. کۆمەڵگە جیاوازەکان و مرۆڤە جیاوازەکان، پێناســـەگەلێکی جۆراوجۆر لە دیاردە جۆراوجۆرەکان بەدەســـتەوە دەدەن. لەوانەیە پێناسەی من و ئەوەی دی بۆ ئەم بابەتە لێك جیا بێت. ئەو ئامانجانەی کە شـــوێنیان دەگرم و ئەو ئارەزوانەی کە هەمە، بۆ من دەبێتە دیاریکەری پێناسەی ئەدەبیاتی منداڵ.
ئەگـــەر مێژوویی لـــەو بابەتە بڕوانین، ئـــەو کتێبانەی بۆ منداڵان نووســـران، لە بنەڕەتدا روویـــان لە منداڵان نییە و بۆ ئەوان نەنووســـراون. یەکەمیـــن کتێبگەلێ کە زۆرترین خوێنەرەکانیان منداڵان بوون (وەك "رابنسۆن کروزو"، "ئالیس لە سەرزەوی سەیروسەمەرەکان" و "گالیوێر" و...) لەڕاستیدا بۆ منداڵان نەنووسراون. ئەو هێڵە سەرەکییەی کە ئەدەبیاتی منداڵان لە ســـەرەتادا بوویەتی، ئامانجـــی پەروەردەیی ـــ ئاینیی بووە. ئەدەبیاتی منداڵ لە سەرەتادا پشتی بە لایەنە ئاینیەکان دەبەست. ئەو کتێبانەی کە لە ئەورووپا و لە پێوەند بە ئەدەبیاتی منداڵ لەو سەردەمەدا گەڵاڵە دەکران، لەسەر ئەو هێڵە بوون. ئەوەش لەگەڵ ئەو پێناسەیەدا کە ئەمڕۆکە بۆ ئەدەبیاتی منداڵان بە شوێنیەوەین (وەك دەبێ هەڵخرێنەر بێت، سەرنجراکێش و دڵنشین بێت و ئاوێتە بە خەیاڵ و ... بێت) گەلێك لێك دوورن.
لە راســـتیدا ئەدەبیاتـــی منداڵ لە ســـەدەی ١٦ دایە کە توشـــی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دەبێت، ئەوەیش ئەو کاتەی کـــە لافۆنتێن هـــەوڵ دەدات چیرۆکەکانـــی زاپۆ لە نوێ دارێژێتەوە. دارشـــتنەوەی ئەو چیرۆکانە بەو هۆیەوەیە کە کەسایەتییەکی مرۆیی بە ئاژەڵەکان بدات: شێری دلێر، مام رێوی تەڵەکەباز ... ئەفسانەکانی ئیزۆ بەگشتی هەڵگری پەیامێکـــی ئەخلاقی بوون و تەنیـــا ئامانجی پەروەردەییان هەبوو. بەڵام بە دارشتنەوەیان لە لایەن لافۆنتێن، سەردەمێکی نوێ لە ئەدەبیاتی منداڵ دا سەریهەڵدا.
پێم وایە گشـــت ئەو کەســـانەی کە ئەمڕۆکە بۆ منداڵان دەنووســـن و لەگەڵ منـــداڵان دا کار دەکـــەن، لانیکەم لە بابەتێکـــدا پێکەوە یەکدەنگن کە بریتیە لەوەی لە ئەدەبیاتی منداڵ دا خەیاڵ خاوەن پێگەیەکی تایبەتە. ریشەی خەیاڵ لە ئەدەبیاتی منداڵ دا مەیلی بەرەو یەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە. بەڵام یەکســـانی کۆمەڵایەتی، بۆ چینە پۆشتەکانی ناو کۆمەڵگا مەترسیەکی گەورەیە.
هەر بەم هۆیە لە پروپاگەندەکانی سەدەی ١٨ دا ئاماژە بەو مەسەلەیە دەکرا. لە ئاڵمانیا و بەتایبەت لە فەرانسا، خەیاڵ وەك لەناوبەری شـــعور و ئەخلاقیـــات و ئیلاهیات چاوی لێدەکرا. هەر لەم رووبەشەوە لە سەدەی١٨ دا ئەو چیرۆکانی بۆ منداڵانی چینی کرێکار بڵاو دەکرانەوە، لە روانگەیەکی تایبەتەوە دادەرێژران.
بەشـــێك لەو پێرەوەیەی کە لە خانـــەی ئاگاداریی کردن لە منداڵانی ژنانی لەســـەر کاری بنەماڵـــە هەژارەکاندا بڵاو کرابـــووەوە بەم جۆرە بوو: "دەبـــێ دەرگای دونیای چیرۆك بەســـەر منداڵی بنەماڵە هەژارەکانـــدا داخرێت. نابێ ئەوان ئارەزوومەنـــدی فریشـــتەی میهرەبان و داری ســـێحراوی جادوگـــەرەکان و ماڵی زێڕ و زیو بکرێن. دەبێ بە گوێرەی ئیمکاناتی کۆمەڵایەتـــی و مادی خۆیان پەروەردە بکرێن. پێویســـتە بەختەوەری ئەوان بە شـــێوەی سروشـــتی و لە چوارچێـــوەی ئیمکاناتی عەینی و بەکـــردەوەی ژینگەی خۆیانـــدا بێت و لەو ســـنوورە تێنەپەڕێت. دەبێ لە جیاتی وتنی تایبەت و بەلەزەت بگوترێ ژەمە خۆراکێکی گۆشت و لـــە جیاتی جلوبەرگی جـــوان و بەگزادەکان، هەر ئەوەندە بەســـە کە بگوترێ جلوبەرگی گەرم. دەبێ وریا بن لە بیر و خەیاڵی منداڵاندا چەخماخـــەی ئارەزوویەك لێ نەدرێ کە دەســـتەبەر کردنی بۆیان مومکین نەبێت. چاندنی وەها تۆوێك لە زەینی منداڵاندا، شـــتێکی بێجگە لە هاندان بۆ چوونە ناو شـــەری دژ بە هەلومەرجـــی کۆمەڵایەتی لێ ناکەوێتەوە.
تەنانەت دارێژەرانی پرۆگرامی سیستەمی سەرمایەداریش پەیان بـــەو پێوەندییـــە عەینیەی هەلومەرجـــی دژواری کۆمەڵایەتی و خەیـــاڵ بردووە. ئەوان لەوە تێگەیشـــتوون کە چاندنی ئـــارەزوو لە زەینی منداڵانـــدا نارەزایەتی دژ بە هەلومەرجـــی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتـــەوە. بەهەر حاڵ ئەوە پێناســـەیەکە، وە لە راستیدا پێناســـەیەکی کلاسیکە لـــە ئەدەبیاتی منداڵان. بەڵام پێناســـەیەکی تریشـــمان بۆ ئەدەبیاتی منداڵان دیتووە کە لە ئەدەبیاتی مۆدێرنی منداڵ دا بەرچاومان دەکەوێت. خاڵە دیاریکەرەکانی ئەو ئەدەبیاتە کامانەن؟ کتێبە مۆدێرنەکان کامانەن و هۆکارە دیاریکەرەکان چین؟ خاڵی سەرەکی بۆ دیاری کردنی ئەدەبیاتی منداڵ،

منداڵ تەوەریی ئەوە. ئەو نووسەرانەی کە وەك نووسەرانی مۆدێرنی ئەدەبیاتی منداڵان ناویان دەبرێت، بریتین لەوانەی کە راشکاوانە لایەنگریی لە منداڵان دەکەن و ئەگەر پێویستی کرد ئەوا لەگەڵ منداڵاندا بەرانبەر بە گەورەساڵان دەچنە بەرەیەکی هاوبەشەوە. ئەوانە لە گۆشە نیگای منداڵانەوە دەروانننە جیهان و شرۆڤە و شی دەکەنەوە. رێز گرتن لە منداڵ یەکێکی تر لە خاڵەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرنی منداڵە. هەڵبەت واتای ئەو رێزگرتنە تەنیا بە مانای درك کردنی منداڵ وەك تاکێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو قەبوڵ کردن و تێگەیشتن لە جیهانی تێروانینی منداڵیش لەخۆ دەگرێت. نووسەرانی ئەدەبیاتی مۆدێرنی منداڵ دەچنە سۆراخی پرسیارگەلێك کە بۆ زۆرێك لە ئێمە گەورەساڵەکان وەك تابۆ وایە. مرۆڤ بۆچی لە دایك دەبێت؟ ئایا خودا بوونی هەیە؟ مەرگ چییە؟ کاتێك مرۆڤێك ئەمرێت چۆن دەچێتە ئاسمان؟ نوسەرانی ئەدەبیاتی مۆدێرن خۆیان بە خەیاڵ پرچەك کردووە، بەڵام هاوکاتیش لە گێرانەوەی چیرۆکە راستەقینەکان، هەر بەوجۆرەی کە هەیە راستییەکان وێنا دەکەن. نووسەرانی ئەدەبیاتی مۆدێرن بەرگریکاری پێودانگگەلێکی وەك یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتین و باکیشیان لەوە نیە کە بۆچوونەکانیان بەلای دەسەڵاتەوە پەسەند نەبێت.

بەڵام کتێبەکانی لاوان و گەنجان، ئەو کتێبانەن کە بۆ ئەو تەمەنانە دەنووسرێن و تایبەتمەندی بەرچاوی ئەوانیش، هەبوونی چەند لاو گەنج وەك کارەکتەری سەرەکی ناو باس و بەسەرهاتەکانە. ریشەی کتێبە هاوچەرخەکانی لاوان و گەنجان لە ئەدەبیاتی پەندبێژی رابردوو، رۆمانی بنەماڵەیی سەدەی ١٨ و چیرۆکە حیماسیەکانی پێشوو دایە. لە پاش شەری دووهەمی جیهانی، ئەدەبیاتی لاوان وگەنجان لە ئەورووپا فۆرمێکی نوێی بەخۆوە گرت و بەهاگەلێکی نوێ، سەرەرای ئەوانەی پێشوو باو بوون، هاتنە کایەوە. نووسەرانی ئەو کتێبانە، بەشوێن خوێنەرانێکی نارازییەوەن. ئەو نووسەرانە هوشیاری تەواویان لە بابەت کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەهاکانی سیستەمی سەرمایەداری و ئەخلاقیاتی چینایەتی هەیە. بردنە ژێر پرسیاری بەها قەبوولکراو و پیرۆزەکانی جیهانی سەرمایەداری، خۆی لە هەوڵدان بۆ شوناسێکی نوێدا دەردەخات. هەوڵ بۆ دۆزینەوەی شوناسی نوێی ئەدەبیاتی لاوان و گەنجان، ئەوان بەرەو پێداچوونەوە و وێناکردنەوەی رووداوەکانی رۆژانە لە ژیانی راستەقینەدا پەلکێش دەکات. وەها هەوڵگەلێك لە بەرامبەر بەهاکانی گەورەساڵان دا بوارێکی نوێ دەگرێتە بەر. لە ئاکامیشدا پێودانگگەلێکی نوێی ئەخلاقی پێگەی کۆمەڵایەتیی دەستەبەر دەکات. بۆ وێنە لە زۆرێك لەو کتێبانەدا کە لە ئەورووپا لە نێوان لاوان و گەنجانەوە پێشوازیی لێدەکرێت، وا نیشان دەدرێت کە بەرپرسیارێتی بەشێك یا گشت رەفتارێکی نەگونجاوی منداڵان لە ئەستۆی گەورەساڵەکانە.

ئەدەبیاتی نوێی لاوان و گەنجان پشت بە رەگەزیش دەبەستێت و مرۆڤەکان بە پێی ئەوەیکە ژن یا پیاون، پێناسە و وێنا دەکات کە ئەوە لە ئەدەبیاتی فارسیدا جێی خاڵیە. لە ئەدەبیاتی فارسی زمان دا جێگای خاڵی ژنانی قارەمان بەدی دەکرێت.**

ئەدەبیاتی نوێی منداڵان و لاوان لە ئەورووپا هەوڵی داوە پشت بە چیرۆکە خەیاڵیەکان ببەستێت. هەر بۆیە دەگەرێینەوە سەر هاری پۆتێر. هاری پۆتێر، وەك سیمبولی کۆمەڵی سەرمایەداری و ئەدەبیاتی خەیاڵی، نواندنەوەی ئەدەبیاتی کرێکارییە. قارەمانەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرنی سەرمایەداری



ئەو کەســانەن کە بۆ گۆڕانکاری لە هەلومەرجی ژینگەی خۆیانــدا هەوڵ دەدەن، بــەڵام قارەمانــە خەیاڵگەراکانی ئەدەبیاتی کرێکاریی، بۆ شێواندنی سیستەمی لەسەرکار لە جیهاندا هەوڵ دەدەن. جیاوازی لەو داخوازیانەدایە کە ئەوان هەیانە. هاری پۆتێر دەوروبەری خۆی دەشــێوێنێت، بەڵام لە چیرۆکەکانی ئاســترید لیندگێرن( برایانی بەجەرگ )دا سیستەمی لەســەر کار دەشێوێندرێ تا سیستەمێکی نوێ بێتە گۆڕێ و مرۆڤەکان بتوانن ژیانێکی باشتریان هەبێت.
لێرەدا ئاماژە بە کورتــە چیرۆکێك دەکەم کە قارەمانەکانی چەند منداڵی قوتابخانەن: لیزا بە درێژایی ڕۆژ وێنەیەکی لــە ئانای لە زەیندا بوو کە بە شــانازیەوە لەو مێز بۆ ئەو مێــز بازبازێنی دەکرد. بــەڵام ئەم وێنەیە لــەدوای خەو جێگای خــۆی بە وێنەیەکی تــر دا. وێنەیەك لە ڕێڕەوی قوتابخانە و ئەو ئاژەڵە زۆرانەی کە بەدەوری ئاوخۆرییەکاندا کۆببوونەوە. ئەوان کارێکی وا تایبەتیان نەدەکرد. هێندێکیان خەریکــی ئاو خواردنەوە بوون لــە کاتێکدا زۆربەیان هەروا دەخولانــەوە یا لێرە و لەوێ دانیشــتبوون. بەڵام لەپردا لیزا شــتێکی سەیری بۆ دەرکەوت. ئەوان خاوەن قاچ و قولێکی لە چەشنی پشیلە بوون. زەرافەکان، کلکێکی درێژ و سەیر و کوڵکاویان هەبوو. شامپانزەکانیش گوێیەکانیان سێ گۆشە بوو. ورچێك لە ســوچێ پاڵی لێ داوەتەوە و دەســتەکانی دەلێســێتەوە و هەوڵدەدات بە دەستەکانی خۆی پاکژ کاتەوە. لیزا لــە دڵی خۆیدا وتی نا ئەوە ناکرێ ڕاســت بێ تەنیا خەونێکە و بــەس. لە ناکاودا هاتەوە یــادی کە ئەمڕۆکە لەگەڵ هاریدا باســێکیان بووە ســەبارەت بە گەنج بوونی گشــت پشــیلەکان. بەڵام ئەوەش بەجێی خۆی بەڵام خۆ ناکرێت گشــت شتەکان هەڵگێڕیتەوە و بۆ وێنە بڵێی گشت ئاژەڵەکان پشــیلەن. شــتی وا دەکرێ؟ لیزا لەبەر خۆیەوە وتی باشە ئەوە لە جیهانی ڕاستەقینەدایە کە ناکرێ گشت ئاژەڵەکان پشیلە بن، بەڵام لە جیهانی خەیاڵاتی مندا ئەوە خۆمم کە بریار دەدەم چی ڕاستییە و بوونی هەیە. خەیاڵاتی من پێوەندی بە هەریەوە نیە. بەو بەڵگە هێناوەیە، هەستێکی خۆشــی وەرگرت و بە بزەیەکــەوە خزایەوە ناو جیهانی خەو و گەرایەوە بــۆ ڕێڕەوەکان و ئاوخۆرییەکانی قوتابخانە. ئەو شــوێنەی کە گشت ئاژەڵەکان پشــیلە بوون. دواتر سەرەی مەزرایەك هات کە گشت تەلەکان، سەوزە و تەنانەت تەماتە و خیارەکانیشــی پیاز بوون. دواتریش ڕووی کردە جیهانێك کە گشــت دانیشــتوانەکەی منداڵەکان، گەورەســاڵان و تەنانەت دایەگەورە و باوەگەورەکانیش، منداڵانێکی دە ساڵە بــوون: ئەگەرچی هەمووکات و لە گشــت خەون و خەیاڵە شیرینەکانی خۆشیدا دەیزانی کاتێ چاو دەکاتەوە، دێتە ناو جیهانێکەوە کە گشت پشیلەکانی ئاژەڵن نەك ئەوەی گشت ئاژەڵەکانی پشــیلە بن... لام وایــە ئەو دەقە بۆ زۆر کەس نائاشنایە، بەڵام ئەو دەقە کاری توێژەرێکی ئەمریکایی بە ناوی لیپمەن_ە کە لە دەیەی ٧٠ دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە بابەت فەلســەفەی منداڵ و هەوڵی دا لە درێژەی ئەو شتەی کە چەشنێکی مێژوویی وەك کارە فەلسەفیەکان بۆ منداڵا هەبووە، شــێوازێکی نوێ لە کتێبە فەلسەفیەکانی منداڵان جێ بخات.

ئایا دەتوانین لە شــتێك دڵنیا بینەوە؟ حەقیقەت چییە؟ چ شتێك درووست و چ شتێ هەڵەیە؟ واتای هەبوون( هستی ) چییە؟ ئەو کەســانەی کە سەروکاریان لەگەڵ منداڵاندایە دەزانن کە ئەمانە لە ریزی ئەو پرسیارانەن کە بۆ منداڵانی ٥ تا ١٢ ســاڵان دێنە بەرەوە. منداڵ وردکۆڵ و بەپرسیارە. بــەردەوام لە هەوڵــی کامڵ کردنی ئــەو وێنەیەدان کە لە



دەوروبەری خۆیان بەدی دەکەن. بۆ گروپێکی تایبەت لە منداڵان، ئەو جۆرە تێروانینە فەلسەفیە بەشێکە لە گەشەی دونیای منداڵانەیان. لێکۆڵینەوەکانی لیپمەن دەریدەخات ئەو گەورەساڵانە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە خۆ دەبوێرن، جۆری خەیاڵی منداڵان دەکوژن. مەبەست لە گەڵاڵە کردنی ئەم چەشنە پرسیارە فەلسەفیانەی منداڵان لێرەدا، گەیشتنە بە کۆبەندییەك لە کاری لیپمەن. لە سۆید کتێبێك بە ناوی "وتووێژی محاکمەکان" هەیە کە خوێندکارانی دەروونناسی کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەو کتێبە باس لەوە دەکات کە چۆن دەتوانین لەگەڵ منداڵاندا قسە بکەین و چۆن بەو جۆرەی کە خۆیان لایان وایە دەبێ لە قسەکانی منداڵان تێبگەین. متیوی ئامریکایی کتێبێکی فەلسەفی بۆ منداڵان هەیە کە بەشێکی بەمجۆرەیە: تیمی شەش ساڵان لەکاتێکدا کە خەریکە مەساسەکەی (اب نبات) دەلێسێتەوە، لە باوکی دەپرسێ: باوکە چۆن دەتوانین دڵنیا بینەوە لەوەی گشت شتێ حەقیقەتی هەیە و خەون نییە. باوکی دەڵێ: نازانم. دواتر دەپرسێ لات وایە چۆنە؟ تیم دەڵێ: نازانم. مەساسەکەی دەلێسێتەوە و دەڵێ: لام وانیە خەون بێت، چونکە لە خەونەکاندا کەسەکانی پرسیاری ئەوە ناکەن ئەوەی دەیبینین خەونە یا راستی؟ ئەزموون و تێگەیشتنی لیپمەن و میتۆ بریتیە لەوەی منداڵان خاوەن تێروانێکی قوڵی فەلسەفین. منداڵان بە شێوەیەکی گەلێك فەلسەفی لە مەسەلەکان دەروانن. بەڵام ئەوە ئێمەین کە هەوڵ دەدەین ئەوان لە حاڵەتە فەلسەفیەکە دەرکێشین. فەلسەفە لە راستیدا لەسەر بەستێنی خەیاڵ شکڵ دەگرێت. کاتێك ئەوانە لێك جیا دەکرێنەوە و سنوریان لە نێوان دادەندرێ ئەوا ئیتر شتێك بۆ فەلسەفەی ئەوان نامێنێتەوە. ئەوە کۆی دەرنجامەکانی لیپمەنە.

لە ساڵی ١٩٧٠ کاتێك لیپمەنی خەریکی نووسینی کتێبی فەلسەفی بۆ منداڵان دەبێت، وەك سەرەتایەك بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆی بریار دەدات لە کتێبگەلێ کەڵك وەرگرێت کە پێکهاتەیەکی فەلسەفیان هەیە. کتێبگەلێکی لە چەشنی "ئالیس لە سەرزەوینی سەیر و سەمەرەکان" و "ناڵەی پوو"... بەڵام خێرا بەو ئاکامە دەگات ئەو کتێبانە هەڵسەنگاندنی فەلسەفە ئاسای ئێمە گەورەکانە بۆ ئەدەبیاتی منداڵان. چونکە ئەو کاتەی ئەم کتێبانە لەسەر منداڵان تاقی دەکاتەوە بوی دەردەکەوێت کە منداڵەکان خاوەنی هەمان ئەو روانگە فەلسەفیانە لە بابەت ئەو کتێبانەوە نین و ئەوە تەنیا ئێمە گەورەکانین کە وەها هەڵسەنگاندنێکی فەلسەفیمان لەو کتێبانە هەیە. لێرەدا چەند پرسیاری بنەمایی دێنە بەرەوە.

ئەگەر فەلسەفە لە ژیانی منداڵان دا بوونی هەیە، بۆچی تێگەیشتنێکی فەلسەفیان بۆ ئەو کتێبانە نیە؟ ئایا بە نیسبەت ئەو مەسەلانەوە خاوەن درکی فەلسەفی نین؟ ئایا ئەو کتێبانە فەلسەفی نین؟ یا ئەوەیکە ئەمە فەلسەفەی منداڵان نییە. لیپمەن ئەو پرسیارانە لە خۆی دەکات و بە شوێن وەڵامەکانیاندا دەچێت. دەست بە نووسینی کتێب دەکات. زیاترینی ئەو رەخنانەی کە لە نووسراوەکانی لیپمەن گیراون بریتین لەوەی کە کتێبەکانی ئەو لەسەر بنەمای تیۆریگەلێکی پەروەردەیی دارێژراون و کەواتە_ بەپێی پێناسەیەك کە بۆ ئەدەبیاتی منداڵ دەکرێت_ ناچنە خانەی ئەدەبیاتی منداڵانەوە. رەخنەی سەرەکی لە لیپمەن ئەوەیە کە ئامانجی کتێبەکانی پەروەردەو بارهێنانە.

وتەی فەلسەفی لیپمەن بریتیە لەوەی کە هیچ شتێك خەیاڵاویتر لە خودی واقیع نیە. یەکێك لە چیرۆکەکانی لیپمەن کە لام وایە بە نیسبەت چیرۆکەکانی تری کەمتر لایەنی پەرەوەردەیی بەخۆوە گرتووە هەر بۆیە بەلامەوە خۆشترە، ئەوەیە کە کچۆڵەیەك بەیانی لەخەو هەڵدەستێت و بیر لەوە دەکاتەوە کە: دەبێ گۆرەویەکانم بکەمە پێم و برۆم. گۆرەویە رەشەکانی. ئایا تا ئێستا بیرتان لەوە کردووەتەوە کە لەپێکردنی گۆرەوی رەش چەندە دژوارە؟ بەڵام ئەو منداڵە چۆن دەیزانی ئەو گۆرەویەی لە پێی دەکات رەشە؟ ژوورەکە تارەیکە، بە بێ رووناکی، گشت شوێنێ رەش دەنوێنێت. کچۆڵەکە دوو جووت کەوشی هەیە یەکیان کە رۆژانە پێوەی دێت و دەچێ و ئەوەی تریشیان جووتێکی تازەیە کە هەمیشە لە ژێر تەختی خەوتنەکەیەتی. بەپەلە گۆرەوی لای راستی لە پێ دەکات و لاقی چەپی دەخاتە کەوشەکەوە. بەڵام بۆ لاقی نابێت. هەوڵ دەداتەوە، دیسانەوەش ناکرێت. سەری سوور دەمێنێت. وای لاقی چەپی بۆتە لاقی لای راست. ئێستا چ بکەم؟ دەچێ دایکی لەخەو هەڵدەستێنێ. دایکە هەستە. لاقی چەپەم بووەتە راست. هەرچی دەیکا دایکی خەبەری نابێتەوە. دەچێتەوە ناو جێ خەوەکەی و بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەمرۆ دەبێ بچێتە باخچەی ئاژەڵان. بەڵام خۆ بە کەوشێکەوە ناکرێ بچێتە باخچەی ئاژەڵان. بیر لەوە دەکاتەوە ئەمرۆ نەچێتە قوتابخانە. لەسەر جێگار رادەکشێ. بریار دەدات لە لاقی چەپەوە دەست پێبکات. لاقی چەپی بە ئاسانی دەچێتە کەوشەکەوە. زۆر سەیرە، لاقی چەپی بووەتە لاقی چەپەی. ئێستا دەیهەوێ لاقی راستی بخاتە کەوشەکەی، ناکرێت. لاقی راستی بووەتە چەپە. دواتر بیر لەوە دەکاتەوە سواری پاس دەبێت و دەچێتە قوتابخانە. مامۆستا بە منداڵەکان دەڵێ: ئێستا بیر لەوە بکەنەوە کەسێك

لە تەنیشت منەوە دانیشتووە( کورسی لای مامۆستا، پشت شۆفیرەکە چۆڵە)، کەسێك لای من دانیشتوە کە هەر ئێستا هاتۆتە دونیا. هەر ئێستا لە دایك بووە و ناویشی مرۆڤە. ئەو مرۆڤە لە مانای گشـــت وشەکان تێدەگات بەڵام بەنیسبەت وشـــەکانەوە یادگەی نیە. مرۆڤێکی وردکۆڵیشە، پرسیارم لـــێ دەکات کە ئەو منداڵانە کێن؟ لە کوێوە هاتوون؟ بەڵام من دەمهەوێ بە شێوەیەکی باوەر پێنەکراو وەڵامی دەمەوە. بەو هۆیە کە یادگەی نیە، وەڵامەکەم قەبوڵ دەکات. ئێستا دەبـــێ چ وەڵامێکی بدەمەوە؟ لە ناو پاســـەکەدا باس دێتە گۆرێ... یەکێك لە منداڵەکان دەڵێ، پێشـــنیارێکم هەیە، پێی بڵێ: ئێمە بە قەد کێوێـــك گەورە بووین. هەر رۆژێك کـــە تێپەری چکۆلە و چکۆلەتـــر بووینەوە، تا بەو جۆرەی ئێستامان لێهات. ئەوانەی تر دەڵێن شتێکی باشتر بڵێ. بۆ وێنە هەر ئەو کچەی کە لەو کاتەدا دەیویســـت کەوشەکانی لە پێ بکات لاقەکانی ببوونە دوودانەی راســـت و دووانی چەپ. ئەوە گەلێك جوانـــە، چونکە لای تەختەکەی دوو جووت کەوشـــی جیـــاوازی لێ بووە. ئـــەوەی تریان دەڵێ پێشنیاری من ئەوەیە پێی بڵێی ئێمە گەلێك گچکە بووین وەك خاڵێك(.)، هەر بەو چەشـــنە، بەرەبەرە گەورە بووین و ئاوامان لێهات... بەڵام بریار وابوو شتێکی دوور لە راستی بـــۆ بگێرینەوە. یەکی تر ئەڵێ: ئەوە بۆ ئێمە راســـتییەکی باوەر پێکراوە، بەڵام بۆ ئەو کەسەی لەوێ دانیشتووە، دوورە لە واقیع. دواتر مامۆســـتا لەو مرۆڤـــەی کە بوونی نییە دەپرسێت، پێتوایە کام لەوانە ناواقعیترە؟ ئەویش دەڵی، هەر یەکن.

ئەو بەرهەمانەی کە لیپمەن لەپاش خۆی بەجێیهێشـــتن، لە راســـتیدا سەلمێنەری ئەو راســـتیەیە کە منداڵان هۆگری فەلسەفەن و فەلسەفە بۆیان گرنگە، بەڵام ئەو تێگەیشتنەی کە ئێمە لە ئەدەبیاتی منداڵ و فەلسەفە بۆ منداڵان هەمانە، تێگەیشتنی مرۆڤی گەورەیە و ئەوەش بۆ منداڵ هەڵەیە... ئەوەی کە من هەوڵدەدەم لەم باسە دا گەڵاڵەی بکەم، بریتیە لەوەی کە منداڵان لە فەلســـەفە تێدەگەن و لە خوێندنەوەی کتێبە فەلســـەفیەکان چێژ وەردەگرن. ئەگەر سەرنج بدەینە "چیرۆکی سۆفیا" کە هەر ئێستا لە ئاستی جیهاندا کتێبێکی ناسراوە و پێشوازی زۆری لێکراوە، بۆمان دەردەکەوێت کە لە راستیدا کتێبێکی فەلسەفیە. ئەگەر ئەو بەڵگە هێنانەوەیە دروست بێت، گرفتێك بۆ نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵ دێتە بەرەوە، پێگەی فەلسەفە لە ئەدەبیاتی منداڵ دا چییە؟

من بۆیە لێرەدا سەری باســـم لە بابەت خەیاڵ و فەلسەفە لە ئەدەبیاتـــی منداڵان دا کردەوە تا لەگەڵ هاورێیان دا لە بابەت ئەو مەسەلە گرنگانە لە ئەدەبیات و ژیانی منداڵاندا پێکـــەوە دیالۆگمان هەبێت و بـــە ئاکامێك بگەین. بە پێی پێناسەی لیپمەن، پێوەندییەکی گەلێك قوڵ لە نێوان خەیاڵ و فەلســـەفەدا بوونی هەیە. بە پێی لێکۆلینەوەکانی ئەو و کەسانی تریش منداڵان خاوەن هێزێکی فەلسەفی بەرچاون. ئەو پێناسە و ئەزموونانە دەریان خستووە کە منداڵان لەگەڵ گەیشتن بە ژیانی گەورە ساڵی، هێزی فەلسەفی و خەیاڵی خۆیان لەدەست دەدەن.

بەرێز مانی لەم سیمینارەدا ئاماژەیان بە خاڵێکی جوان کرد. وتی کە هەموو کەس ئاوات دەخوازێ رۆژێك منداڵ بێتەوە و ژیانی منداڵی ئەزموون بکاتەوە. لە هەناوی هەر کام لە ئێمەدا فەیلەسوفێکی چکۆلە بوونی هەیە، فەیلەسوفێك کە گەرەکیە جیهان بگۆرێت. ئەگەر بێت و ئێمە وەك کەسانێك کـــە لەگەڵ منـــداڵان کار دەکەین و بۆ ئەوان دەنووســـین، ئەرکەکـــەی خۆمان بەجـــێ بێنین_ کە بریتیـــە لە دانی زانیاری بە منـــداڵان و هاندانیان بۆ گۆرینی جیهانێك کە لەودا دەژین_، ئەوا ئەدەبیاتی منداڵ شکڵێکی تر بەخۆیەوە دەگرێت. ئەوە خاڵێك بوو کە دەمویســـت لەم باســـەدا پێی بگەم.

***

*هۆمایوون فەلاح، دەرچوی بواری ســـینەمایە لە ئێران. لە سوید دەروونناسی خوێندووە و لە ئەندامانی ئەنجومەنی نووســـەرانی سویدە و لە بواری راهێنانی چیرۆك نووسی دا وانە دەڵێتەوە. چەندین وەرگێـــران و چیرۆکی لێ بەچاپ گەیشتووە.

** لە ئەدەبیاتی کوردیش دا وەها بۆشاییەك بەرچاوە (و)

# "یاری"

ن: نوشین حافیزی
و: پەروین عەلی موڕادی

لە پرۆسەی رۆشد و گەشە کردندا، منداڵان گەلێك پێداویستی و کێشە و گرفتیان هەیە کە زۆربەیان لە لایەن دایك و باوکەوە وەك پێویست درکی پێناکرێت و وڵام نادرێتەوە. کەوایە دەبێ بەدوای رێگایەکی پێوەندی گرتنی سازگاردا بین کە بتوانین لەگەڵ منداڵەکە کۆك بین. رێگایەك کە کەسی گەورەساڵ بۆ دەربڕینی نیاز و پێداویستییەکانی بەکاری دێنێت، قسە کردن لەسەر کێشە و گرفتەکانیەتی. بەم پێیە، دەبێ شێوازێك بگیردرێتە بەر کە بە رادەی قسە کردن، یارمەتی منداڵان بدات.

" یاری" یەکێك لەو رێگایانەیە کە یارمەتی منداڵ دەدات هەر وەك کەسانی گەورەساڵ قسە بکات." یاری" رێگایەکە کە تێیدا منداڵ هەست و ئیحساساتی خۆی دەردەبڕێت، رەوابت و پێوەندییەکانی خۆی پەرە پێدەدات، بەئەزمون دەبێت، خۆزگە و ئاواتەکانی دەردەبڕێت و دەشکۆفێتەوە و گەشە دەکات.

**" یاری دەرمانی" چیە؟**

" یاری دەرمانی" یارمەتی بە منداڵان دەدات تا هەست و ئیحساساتی سلبی (مەنفی) رووداوگەلێك کە نارەحەتی کردوون و نەیتوانیوە لەگەڵیان خۆی رێکبخات، درك پێبکات. لە جیاتی کەڵك وەرگرتن لە شێوازی دەرمانی بەربڵاوی گەورەساڵان وەکو گفتگۆ و شیکردنەوەی ئەو مەسەلەی کە نارەحەتی کردووە، لە" یاری" وەك پێوەندی بەرقەرار کردن بە شێوازی خۆیان بەهرە و کەڵك وەردەگرن، بە بێ ئەوەیکە هەست بکەن بازجویی و لێپێچینەوە یان هەڕەشەیان لێدەکرێت.

**چ کاتێک لە یاری دەرمانی کەڵک وەردەگیردرێت؟**

دایك و باوك و پەرەستاری منداڵان کاتێك کە منال لەگەڵ مەسەلەیەکدا بەرەوڕوو دەبێتەوە و دەبێتە هۆی خەمگین بوون، بێ قەراری، سەرکێشی منالەکە و نەتوانێت کارەکانی خۆی ئەنجام بدات نیگەران دەبن. لەوانەیە ئەوان نیگەرانی رۆشد و گەشەی منداڵ، دروست بوونی شێوازی



خواردن و خۆراکی منداڵەکە، ئیسـتراحەت و پشودانی یان چۆنیەتی بەرخـورد و هەڵسـوکەوتی منداڵەکە لە گەڵ بنەماڵە و دۆسـتان یان کێشـە و گرفتەکانی لە قوتابخانە بن. هەر منداڵێك کەسـایەتیەکی جیاوازی هەیە و شێوەی رەفتار و هەڵسـوکەوتی لەگەڵ منداڵانـی تردا جیاوازە. بەڵام هەندێك جار لە بواری ئیحساسـات و رەفتاری خۆیدا بەرەورووی گەلێك کێشە و گرفت دەبێتەوە کە ژیانی خۆی و دەوروبەرییەکانی تووشی ئاڵۆزی دەکات. هەندێك لە دایك و باوکەکان و پەرەسـتاران، زۆر درەنگ داوای یارمەتی و رێنوێنی لە کەسـانی تر دەکەن، چونکـە ئەوان نیگەرانی ئەوەن کە بە بۆنەی رەفتار و هەڵسوکەوتی خراپی منداڵەکە سەرکۆنە و لۆمە بکرێن. هەست بە بەرپرسایەتی سەبارەت بە کێشە و گرفت و پەرێشان حاڵی منداڵ، بەشێکی سروشتی ئاگاداری لە منداڵەکەیە.

**یاری دەرمانی چۆن دەتوانێت یارمەتی منداڵ بدات؟**

" یاری" بۆ رۆشـد و گەشەی کۆمەڵایەتی، ئیحساسی، ناسین، فیزیکی، زمانی و پەروەرش و راهێنانی خەلاقیەت و داهێنانی هەموو منداڵان، پێویسـت و حەیاتیە." یاری" دەبێتـە هۆی پتەوتر بوونی ئاموزش و راهێنانی منداڵان و تازەلاوان، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە ناتوانن گرفتەکانیان بە قسـە کردن دەربـبـڕن، زۆر پێویسـت و زەروریە. یاری دەرمانی بە شـێوازی جیاجیا یارمەتـی منداڵان دەدات. منداڵان لە رێگای" یاری"ەوە پشتیوانی عاتیفی وەردەگرن و زۆر شت سەبارەت بە ئیحساسات و ئەندێشە و بیروباوەڕیان فێـر دەبن. هەندێك جار گەلێك ئەزمونی سـەخت و دژوار کـە لە رابردوودا زەرەری پێگەیاندوون، لە کاتی یاری کردن دا دووپاتی دەکەنەوە، تا بە دروسـتی درکی پێبکەن و لێی تێبگەن و بتوانن لە داهاتوودا بەسـەریدا زاڵ بن. هەروەها فێردەبن کە چلۆن پێوەندی و کێشمەکێشەکانیان بە شێوازێکی باشتر مودیریەت و بەڕێوەی بەرن. بازی دەرمانی دەتوانێت ئەنجامی گشـتی وەکو کەم بوونـەوەی دڵەراوکێ و زیاد بوونی رادەی متمانە بەخۆیی و شـتی لەم چەشـنە، هەر وەك گۆڕانی رەفتار و هەڵسوکەوت و باشتر بوونی پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی و دۆستان هەبێت.

لە راسـتیدا بە هۆی ئەوەیکە رۆشد و گەشەی زمانیی منداڵان درەنگتر لە گەشـەی شـناختی و ناسینی ئەوان پێشـڕەفت دەکات، رێـگای ئێرتبـات و پێوەندی گرتنی ئەوان لەگەڵ کەسـانی تردا، تەنیا یاری کردنە. لە" یاری دەرمانـی"دا، کەرەسـتەی یاری منداڵان بـۆ ئەوان وەکو بـەکار بردنی وشـەیەك وایە. یاری دەرمانـی وەکو رەوان دەرمانی( دەروونناسـی ) و موشـاورە و راوێژ بۆ کەسانی گەورەساڵە. تەجروبە و ئەزمونی هەیەجانی و هەست بزوێن لە یاریـدا دەتوانێت لە ئەنجامدا ئەمنیـەت و ئارامش لە رێگای خەیالات و کەرەسـتەی" یاری"یەکان دەرببڕدرێت. بەکارهێنانی کەرەستەی یاری، منداڵان لە دڵەراوکێ، ترس، خەیاڵ و هەست بە گوناه و تاوان، بەتوانا دەکات.

لە یاری دەرمانیدا، منداڵ بە شـێوەیەکی ئازادانە هەست و ئێحساسـەکانی خۆی دەردەبڕێت، چونکە ئەم شـێوازە، منداڵان لە خۆیان، ئەزمون و پێشـهاتەکانی رۆژانەیان جیا دەکاتـەوە. منداڵان خۆیان لە یاریدا دەردەخەن و فێردەبن کە بە چ شێوەیەك بەرەورووی بارودۆخی جۆراوجۆر ببنەوە.

پرۆسەی یاری دەرمانی

هەروا کە باس کرا، لەم پرۆسـەیەدا منداڵ هەستگەلێکی جۆراوجۆر وەکو تـرس، رەزایەت، تووڕەیی، شـادومانی، شکست، ناکامی و ... وەکو کەسانی گەورەساڵ دەردەبڕێت. منالانێك کە توانایی دەربڕینی قسـە کردنیان بە شـێوەی شـەفاهی بێـت، ئەم هەسـتانە نیشـان دەدەن، بەڵام ئەو منالانەی کە ناتوانن بە شـێوەی گوفتاری و قسـە کردن هەسـتەکانیان دەرببڕن، بە خۆ سەرقاڵ کردن بە کەرەستەی یاری کردن( ئەسـباب بازی ) ئەم هەسـتانە دەردەبڕن. ئەم پرۆسـەیە، پێوەندی نێوان منداڵ و دەرمانگەرە کە ئیزن بە منـداڵ دەدات لە هەلومەرجی هەنوکەیـی دا بژیت و لە پرۆسـەی یاری کردندا بەئەزمون بێـت." یاری دەرمانی" هەروەهـا یارمەتی بە دەرمانگەر ئـەدات درك بە جیهانی منداڵەکە بکات. ئەم پێوەندیی دەرمانیە دەبێتە هۆی رۆشد و گەشەی دروستی منداڵ و پاراستنی سەلامەتی دەرونی ئـەو. دەرمانگەر دەتوانێت زۆر بە ئاسـانی بەرەو جیهانی منداڵەکە هەنـگاو هەڵبگرێت. چونکـە جیهانی منداڵ، جیهانی یاری و چالاکیە. ئەگەر منداڵ، شەڕانی و تووڕە بێـت، تـووڕە بوونی خۆی لە رێگای هێرش کردنە سـەر دەرمانگەر یان تەقە بە چەکـی یاریەکەی و هەندێك جار هەڵسـوکەوت و رەفتارگەلێکی لەم چەشنە لە خۆی نیشان دەدات. لەم پرۆسەیەدا، دەبێ فێری منداڵە بکرێت کە چلۆن بەسـەر تووڕە بوونی خۆیدا زاڵ بێت. بە بێ کەڵك وەرگرتن لە کەرەستەی یاری، دەرمانگەر دەتوانێت لەگەڵ منداڵەکە تەنها سـەبارەت بە تووڕە بوونی ئەو کە لە ماوەی رۆژ یان هەفتەدا ئەنجامی داوە، قسـە بکات. پێویستە بوترێت کە تەنها نابێ بۆ کەڵك وەرگرتن لە شـێوەی" یاری دەرمانی" ژوورێك پڕ لە کەرسـتەی" یـاری"ت هەبێت، بەڵکو دەبێ کەرەسـتەی یارییەکان بە سـەرنجدان بە جۆری کێشـەی

منداڵەکە لە ژوورەکەی دابنرێت و دواتر دەرفەتی ئەوەی پێبدرێت کە خۆی هەڵیان بژێرێت.

"یاری دەرمانی" تەنها کەڵك وەرگرتنی منداڵ لە کەرەستەی یاریەکان ناگرێتەوە، بەڵکو دەبێ وردە وردە بە وتوویژ و گفتگۆ کردن، نزیك منداڵەکە ببینەوە. دەرمانگەر دەبێ لە هەڵبژاردنی کەرەستەی یاریەکاندا کاتێکی زۆری هەبێ. کەرەستەی یاریەکانیش دەبێ تایبەتمەندی جۆراوجۆری وەکو حاڵەتەکانی خوارەوەی هەبێ:

- کەرەستەی یاریەکان دەبێ بتوانن: ئەزمونی واقیعی ژیانی منداڵەکەی پێی نیشان بدات.
- هەست و ئیحساساتی واقیعی منداڵ نیشان بدات.
- کەمبوودەکان و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی واقیعی منداڵ لەخۆ بگرێت .
- وە بە بێ وتوویژ، مەسائیلی دەرونی منداڵ لەقاو بدات، کەرەستەی یاری پیچیدە و ئێلکترۆنیکی بۆ ئەم ئامانجە گونجاو نین و دەبێ لێیان بە دور بێت. زۆرێك لە منداڵان" خۆدپندداری" لاوازیان هەیە، کەوایە نابێ لەو کەرەستە یاریانەی کە ئەم کێشەیان هەیە، کەڵك وەربگیردرێت.

**یاری دەرمانی تا چ ماوەیەک دەخایەنێت؟**

دەورەی دەرمانی هەندێك لە منداڵان کورتە( بۆ نموونە ١٢ جەلەسە). بەڵام ئەگەر کێشەی منداڵەکە پیچیدە و دژوار بێت، یان ماوەیەکی درێژ تووشی پەشێوەی و پەرێشان حاڵی بووبێت، پێویستی بە جەلەسەی دەرمانی زۆرتر هەیە. لە وەها بارودۆخێکدا هەندێك لە کارناسان بۆ ماوەی دوو ساڵ یان زۆرتر، لەسەر دەرمان و عیلاجی منداڵەکە بەردەوام دەبن. زۆربەی جەلەسەکان هەفتەی جارێك بەڕێوەدەچێت و بەڕێوەچوونی رێك و پێکی جەلەسەکان لە رۆژێکی تایبەت و سەعات و شوێنی دیاریکراودا، لە راکێشانی متمانە و ئیعتمادی منداڵدا زۆر گرینگە. جەلەساتی بەرنامەرێژی نەکراو و نارێك و پێك دەتوانێت بەرەوپێش چوونی دەرمان و عیلاجی منداڵەکە پەکبخات.

**دایک و باوک چۆن دەتوانن لەم پرۆسەیەدا یارمەتیدەر بن؟**

رۆڵی دایك و باوك بۆ پشتیوانی لە منداڵ لە پرۆسەی" یاری دەرمانی"دا زۆر گرینگە. پێیان دەوترێت کە، لە ماوەی یاری دەرمانی منداڵدا:

- پرسیار لە منداڵ نەکەن کە جەلەسەکان چۆن بەڕێوەدەچن. چونکە بەم کارە منداڵەکە دەخەنە ژێر گوشارەوە، تا مەسائیلێك تەوزیح بدات کە خۆشی لە فام و تێگەیشتنیدا کێشەی هەیە.
- نابێ داوا لە منداڵ بکرێت بەئەدەب و عاقڵ بێت و رەفتار و هەڵسوکەوتەکانیان بە ورد بینیەوە کۆنترۆڵ بکرێت.
- دەرمان بۆ" باش بوون" یان" خراپ بوون" نیە. منداڵ دەبێ لە دەربڕینی هەست و ئیحساساتی" خراپی" خۆیدا، بە بێ سانسۆر و ئازاد بێت.
- لەسەر ئەوە پێداگری نەکەن کە منداڵ مەسەلەیەکی تایبەت باس بکات. کاتی یاری دەرمانی، کاتی ویژە و تایبەتی منداڵ و کارناسی یاری دەرمانیە و ئەوان دەبێ لە دەربڕینی هەستەکانیاندا ئازاد بن. دڵەراوکێ و گرفت و نیگەرانییەکانیان لە جەلەسەی جوداگانە بۆ کارناسانی یاری دەرمانی باس بکەن.
- یاری لەوانەیە جل و بەرگی منداڵەکە پیس بکات. باشتر وایە لە کاتی یاریدا جل و بەرگی کۆنی لە بەر بکەین تا دڵەڕاوکێ و ترس لە پیس کردنی جلەکانی کەم بێتەوە.
- لە هەر جەلەسەیەکی دەرماندا لەوانەیە رەفتارگەلێك رووبدات کە دۆخەکە خراپتر بکات. ئەگەر دایك و باوك لەسەر حاڵەتێکی تایبەت نیگەرانیان هەیە، باشتر وایە لەگەڵ کارناسی یاری دەرمانی باسی لێوە بکەن.

لێکۆڵینەوە و ئەنجامەکان

- یاری دەرمانی کارکردێك بە پێی حەدس و گومان، هەوڵ و هەڵە نیە. گەلێك لێکۆڵینەوە لە پێوەند لەگەڵ ئەم شێوە دەرمانیە ئەنجام دراون و ئەوەیان خستۆتە روو کە ئەم شێوازە، یارمەتی منداڵ ئەدات تا بتوانێت بەسەر کێشە و گرفتەکانیدا زاڵ بێت. یاری دەرمانی کارکردێکی دەرمانیە کە بۆ ژمارەیەکی بەرین لە منداڵان بەهرەی لێوەردەکرێت. لەوانە: منداڵێك کە هیچ جۆرە سەرنجێکی پێ نادرێت و ئەو منداڵەی کە ئەزیەت و ئازار دەدرێت، منداڵانی توورە و شەڕانی، منداڵانی ئوتیستیك، ئەو منداڵانەی کە وابەستەگیان هەیە، ئەو منداڵانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، ئەو منداڵانەی کە دەبنە قوربانی ئاگرکەوتنەوە و تووشی سووتاوی دەبن، ئەو منداڵانەی کە گرفتی جەستەیی و بیستنیان هەیە، منداڵانی سکیزۆ فرنیك، ئەو منداڵانەی کە پەشێو و پەرێشان حاڵن، ئەو منداڵانەی کە گرفتی خواردنیان هەیە، ئەو منداڵانەی کە ترس و دڵەڕاوکێیان هەیە، منداڵانی مات و خەمگین، ئەو منداڵانەی کە لە نەخۆشخانە بەستەری و خەوێندراون، ئەو منداڵانەی کە توانایی فێر بوونیان نیە، ئەو منداڵانەی کە مێشکیان تەواو نییە، ئەو منداڵانەی کە کێشەی خوێندنیان هەیە، ئەو منداڵانەی کە توانای هەڵبژاردنی هیچ شتێکیان نیە، ئەو منداڵانەی کە متمانەبەخۆییەکی زۆر کز و لاوازیان هەیە، ئەو منداڵانەی کە گرفتی کۆمەڵایەتیان هەیە و لەگەڵ دەوروبەرییەکانیان ناسازگارن، ئەو منداڵانەی کە باش ناتوانن قسە بکەن، ئەو منداڵانەی خەمۆك و گۆشەگیر و منداڵانی ئاسیب دیتو.

**"* کارناسی دروونناسیی بالینی" و " کارناسی فێرکردن و بارهێنان"**

# بەسەرهاتی کلوە بەفرێک

**نوسینی سەمەد بێهرەنگی**
**و: سەرگوڵ بێتوشی**



ڕۆژێکیان لە پشت پەنجەرەوە راوەستابووم سەیری دەرەوەم ئەکرد. خەریك بوو بەفر دەباری. کلوە بەفرەکان یەك بە یەك بە دەم سەماکردنەوە لە سەر هەموو شتێك دەنیشتنەوە؛ لە سەر تەنافی جلەکان، لە سەر دار و دیوارەکان و لە سەر لێواری مەسینەی شکاو، لە سەر هەموو شوێنێك. دیتم کلوە بەفرێکی گەورە بەرەو پەنجەرەکەی من دێت. دەستم لە دەربیجەکەوە بردە دەرەوە و کلوە بەفرەکە بە ئارامیی کەوتە سەر لەپی دەستم. چەندە سپی و خاوێن بوو! چەندە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەبوو. لە ژێر لێوەکانمەوە بە خۆمم وت: خۆزگە ئەو کلوە بەفرە زمانی ئاخاوتنی هەبوایە و بەسەرهاتی خۆی بۆ باس بکردبامایە!

هەر هێندەم زانی کلوە بەفرەکە وەدەنگ هات و وتی: ئەگەر دەتهەوێ بەسەرهاتی من بزانی، گوێم بۆ رادێرە با بۆت باس بکەم: چەند مانگێك لەمەوپێش من تەنیا یەك دڵۆپ ئاو بووم لە نێو دەریای خەزەردا. لە گەڵ بە میلیارد دڵۆپە ئاوی دیکە، دەهاتم و دەچووم و ڕۆژەکانم تێدەپەڕاند. لە ڕۆژێکی هاویندا لە سەر دەریا دەسووڕامەوە. خۆرەتاوێکی گەرم بوو. گەرم داهاتم و بوومە هەڵم. هەزاران هەزار دڵۆپە ئاوی دیکەش هەر لە گەڵ من بوونە هەڵم. ئێمە ئەوەندە سوك بووین هەر دەتگوت باڵمان لێ رواوە و بەرز دەبووینەوە. "با"ش وەدوامان کەوتبوو و بە ئارەزووی خۆی ئەملاولای پێدەکردین. ئەوندە بەرز بووینەوە کە ئیتر مرۆڤەکانمان نەدەبینی. لە هەموو لایەکەوە شەپۆلی هەڵممان پێوە دەنیشت. جاری واش بوو ئێمە بە شەپۆلە گەورەکانی ترەوە دەنووساین و ئاوێتەی یەکتر دەبووین و تێك دەترینجاین و پێکەوە وەڕێ دەکەوتینەوە و بەرزتر و دوورتر دەبووینەوە و زۆرتر و زۆرتر دەبووین و زیاتر تێك دەپەستێوراین. جاری وا بوو پێشمان بە خۆر دەگرت و جاری واش بوو پێشمان بە مانگ و ئەستێرەکان دەگرت و شەوەکان تاریکتر خۆیان دەنواند.

هەروەك هەندێك لە گەردیلە هەڵمەکان دەیانگوت، ئێمە ببووینە هەور. با خۆی تێکەڵ دەکردین و شێوەی سەیر و سەمەرەی لێ دروست دەکردین. ئەو کات کە خۆم لە دەریادا بووم، هەندێك جار هەورەکانم لە شێوەی وشتر و مرۆڤ و کەر و هتد دەهاتە بەرچاو.

نازانم چەند مانگ لە ئاسماندا هەڵوەدا بووین. ئێمە زۆر بەرز ببوینەوە. هەوا سارد بوو. ئەوەندە ئاوێتەی یەکتر ببووین کە نەماندەتوانی دەست و پێمان رابکێشین. بە کۆمەڵ دەخولاینەوە. من نەمدەزانی بەرەو کوێ دەچین. دەوروبەری خۆشم نەدەبینی. خۆرەتاویش هەر کە دیار نەبوو. گوایە ئێمە خۆمان بەرمان بە خۆر گرتبوو. ئێمە زۆر پان و بەرین بووین. چەند سەد کیلۆمیتر دەبووین. دەمانهەویست ببینە باران و بگەڕێینەوە بۆ سەر زەوی.

لە خۆشیی گەڕانەوەم بۆ سەر زەوی شاگەشکە بووم. ماوەیەك تێپەڕی. نیوەمان ئاو بووین و نیوەشمان هێشتا هەڵم بووین. خەریك بوو دەبوینە باران. لە ناکاو هەوا ئەوەندە سارد بوو کە هەموومان هەڵدەلەرزین. چاوێکم بە دەورووپشتی خۆمدا گێڕا. لە یەکێکم پرسی: چی بووە؟ وەڵامی دامەوە: ئێستا لە سەر زەوی ژێر پێی ئێمە وەرزی زستانە. لەوانەیە لە شوێنەکانی تر ئێستا هەوا گەرم بێت. وتی: ئەم سەرما کتوپڕە ئیتر ناهێڵێ ئێمە ببینە باران. سەیر کە! من خەریکە دەبمە بەفر، تۆ خۆشت هەروا...

هاوڕێکەم نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات. بووە بەفر و بەرەوڕوی زەوی وەڕێ کەوت. بە شوێن ئەودا، من و هەزاران هەزار گەردیلەی تر یەك لە دوای یەك بووینە بەفر و بەسەر زەویدا بارین.



کاتێك کە لە دەریا دا بووم، قورس بووم. بەڵام ئێستا سووك بووم. هەروەکو دەنکە پوشێك بە دەم باوە دەڕۆیشتم. لە "سەرما"ش تێنەدەگەیشتم. سەرما ببوە بەشێك لە جەستەی من. بە دەم سەماکردنەوە بەرەو خوارەوە دەهاتین.

کاتێك لە زەوی نزیك بوومەوە، بینیم خەریکە دەکەومە سەر شاری تەورێز. چەندە لە دەریای خەزەر دوور کەوتبوومەوە! لە سەری سەرەوەڕا چاوم لێ بوو کە منداڵێك سەگێکی داوەتە بەر کوتەك و سەگەکەش هەر قروسکە قروسکی بوو. دیتم ئەگەر هەر بە هەمان ڕێڕەودا بڕۆم یەکسەرە دەکەومە سەر سەری وەها منداڵێك. بۆیە داوام لە با کرد کە نەجاتم بدات و بەرەو شوێنێکی ترم ببات. "با"ش داواکەمی قەبوڵ کرد. منی هەڵگرت و بۆ ئێرەی هێنام. کاتێك بینیم تۆ دەستت بۆ من گرتۆتەوە، زۆرم خۆش ویستی و ...

***

هەر لێرەدا بوو کە کلوە بەفرەکە دەنگی لێ بڕا. کە چاوم لێکرد دیتم تواوەتەوە.

# پیتەر

ئێریش کستنێر



تەرزە عەباسی ئەم چیرۆکانەی لە فارسیەوە وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی

کاتێک کە" ئارنــۆ" ماڵئاوایی کرد، پیتەر وتی: زۆر تامەزرۆم بزانم کــە ئەمرۆ بۆ نانی نیوەڕۆ چیمان هەیە؟ ئارنۆ گوێچکەکانی وەرسوڕاند، وەکو هەمیشە، هەستێکی بێتامــی بوو. دواتــر وتی: نمــرەی (٤) ی من لەوانەی ئیملادا خراپ تێری کردووم و هیچ ئیشتیهایەکم نیە، گەر باوکم بزانێ زۆر خراپ تێم دەسرەوێ و لێم دەدات. پیتــەر بە دەســتێک کێشای بە جانتاکەی ئارنۆردا و بزەیەکی هاتە ســەرلێو. ئارنۆر بە تووڕەییەوە سەیری پیتەری کرد و شــکڵێکی ناشــرینی لە دەموچاوی دەرهێنا بۆ پیتەر و ڕۆی.

پیتەر بە دەم فیکە لێدانەوە بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوت. ســێ جار بە زەنگی دەرگای ماڵەکەیان لە دەرگای دا و لەبەر خۆیەوە دەیگــووت: نەنە گیان، تۆ بیری لێبکەرەوە، من لە وانــەی ئیملا نمرەی ١م هێنــاوە. دواتر بۆ ئەوەی دڵنیابــێ دووجاری تر بە زەنگەکە لە دەرگای مەڵەوەیانی دا و ئیتر بڕیاری دا کە بەکەس نەڵێت کە ئارنۆر لە وانەی ئیملادا ٤ی هێناوە. لەگەڵ ئەوەی دەیتوانی لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکاری بێنێ.

پیتەر شــەش جار لەســەر یــەک و زوو زوو لەدەرگای دەدا، هەروەها بە فیکە دەنگی زەنگی ماڵەکەیانی لێدەدا. بەتووندی گوێچکەی نا بە دەرگاکەوە. ســەیری یەکێک لە پەنجەرەی ماڵەکەیانی کرد کە تاکێکی کرابۆوە. سەبر و تەحەمولی تەواو بوو دەموچاوی خستە بەردەم کونی جێ کلیلی دەرگاکە و بانگی دەکرد:

دایە! دایە! دا یــــــــــــە

بەڵام دایکــی هیچ هەواڵێکی نەبوو، بە دەســتەکانی دەیدا بە سندوقی پۆســتی ماڵەکەیاندا و فیکەی لێدەدا. دواتر بێقەرار بوو و ئارامی لێبڕا. تــرســا، بە چەکمەکانی شــەقێکی دا بــە دەرگا گەورەکــەی ماڵەوەیاندا. هیچ دەنگێک نەبوو.

ئەمانــە لە کوێن؟ لەوانەیە لــە کاتی پاک کردنەوەی پەنجەرەکە... ، بەڵام خەڵکانێک و ڕێبوارانێک کە لێرەوە گوزەریان کردبێ دەیانزانی، بەڵام بۆنی خۆشی کێکە شێوە هێلکییەکان هەموو شــوێنێکیان پڕ کردبوو. ئێستا و لەم کاتەدا، پیتەر ئەســڵەن حەزی لێنەبوو کە کێک بخوات. جارێکی تر بە فیکە فیکی خۆی سەرگەرم کردەوە، بەڵام لەســەر خۆ و بەهێواشــی، دیاربوو نەیدەویست کەس بێزار بکات. ئیتر کەم کەم هەستی بە ماندوو بوون کرد و لەسەر پلیکانەکان دانیشت.

هەناســەیەکی قوڵی هەڵکێشــا و دەســتەکانی لەژێر چەناگەیدا لوولدا و سەیری جێ کلیلی دەرگاکەی دەکرد. دواتر پۆلیسێک گەیشت، لامەزهەبە، سمێڵەکانی خەریک بــوون دەبریقانەوە. دەفتەرێکی بچووکی لە نێوان دوگمەی جلە ئۆنیفۆرمەکەیەوە دەرهێنا و پرسی: ژمارەی ئەم ماڵە چەندە؟

پیتەریــش وەڵامی دایــەوە وتی: ٤٨ پۆلیســەکە نوکی قەڵەمەکەی خســتە دەمی و لەبەر خۆیەوە وتی: ئاوا ئم، باش، باش، شــەش کەرەت هەشت، ئەبێتە چل و هەشت. دواتر دەستی کرد بە هەڵدانەوەی پەڕەکانی دەفتەرەکەی. دوای ئــەوە وتــی: ڕاپۆرتێکمــان لەم بارەیەوە بەدەســت نەگەیشتووە. فرمێسک لە چاوەکانی پیتەردا کۆبوبونەوە.

پۆلیسەکە بە پیتەری وت: مەگری. دواتر دەستی خستە گیرفانیەوە و ماشــینێکی چکۆلەی دەرهێنا و خستیە بەر دەمی و دەستی کرد بە فوو تێکردن. شێوەی لە کەسێک دەچوو کە شەیپوور لێدەدات بە گوپە باتێکراوەکانیەوە. ئەو ماشــینە چکۆلەیە، هەر گەورە و گەورەتر دەبوو، تا ئیتر لەسەر پلیکانەکان جێگەی نەدەبوویەوە. دواتر کە ماشینەکە هێندە گەورە بوو، پۆلیسەکە دەرگای ماشینەکەی کردەوە و چــووە نــاوی و دانیشــت و بە پیتەری وت: باشــە، ئێســتا وەرە ئەچین دایکت دەدۆزینەوە. پیتەریش ڕایکردە ناو ماشــینەکەو ماتۆڕی ئوتومبێلەکــە هەڵبوو وە ئەوان پلیکانەکانیان بڕی. گاڵتە ناکەم. سەری کۆڵانەکانیشیان تێپەڕ کرد، تۆزێ خوارتر خانمی فێنگ ورتمان بینی، کە خەریک بوو لە ژێر زەمینــی ماڵەکەیانەوە دەهاتە دەرێ، سەتڵێکی پڕ لە بەردی خەڵووزی پێبوو، ئەو هێندە ترسا کە سەتڵە خەلووزەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە. لەسەرسوڕماندا

چاوەکانی زەق ببوون. پیتەر مەجبوور بوو خۆی بشارێتەوە. ئەوان بە ماشینەکەوە بە چەند شەقامێکدا تێپەڕین و پیتەر زۆر بە دیقەتەوە سەیری خەڵکی دەکرد. هەندێکجار بیری دەکردەوە کە بەڕاستی دایکی بینیوە. بەڵام ئەو ژنە دایکی پیتەر نەبوو. هەرکە پۆلیسەکە هۆڕنی لێدەدا بە ماشینەکە هاموو ژنەکان کڵاوەکانیان لەســەر ســەریان لا دەبرد، تا پیتەر باشتر بتوانێت لە نێویاندا دایکی بدۆزێتەوە.

پۆلیســەکەش جار جار لێیدەپرسی: هێشتا دایکت پەیدا نەکردوە؟

پیتەریش لەوەڵامدا دەیگوت: نا، هێشتا نا.

دواتر پورە هاوبۆڵدیان دیت، بەڵام ئەویش هیچ هەواڵێکی لە دایکی پیتەر نەدەزانی داوای لێبوردنی کرد لە بەر ئەوەی پەلــەی بوو بچێت بۆ عیادەی ڤێرتەرنەری ( دانپزیشــک ) تــا مێخچەکانی دەربهێنی. چونکە ئــەو مێخچانە هێندە ئازاریان هەیە کە ئینسان تەحەمولی ئازارەکەی ناکات.

چەنــد جاریش بە ئۆتۆمبێلەکە ڕاســتەوخۆ چوونە نێو ئەو دوکانەوە کە دایکی پیتەر هەمیشــە لەو شوێنانە شت دەکڕێ بەڵام دایکی پیتەر نە لە شــیرکەتی تەعاونی و مەسرەف بوو، نە لە دووکانی قەسابیەکانی ئەوگێستین بوو وە نە لە نانەوەخانەکەی" زیشە".

پۆلیســەکە هەرکاتێک دەیویست ســڵاو لە کەسێک بکات، دەستی ڕاســتی بەرز دەکردەوە بەرەو لای لێواری کڵاوەکەی ســەری، پیتەریــش لەوەوە فێر ببــوو، هەروا ســڵاوی دەکرد. فرۆشیارانی ژن لە شێرکەتی تەعاونی و مەسرەف دەیانویست کە لەگەڵماندا بێن، بەڵام بەڕێوەبەری مەخزەنەکە وتی: ئەگەر ئەوان برۆن ئەم دەســت دەکات بە گریان. بۆیە ژنەکان لەوێ مانەوە.

کاتێک کە گەڕانەوە سەر شەقامەکە، پۆلیسەکە دەستە ســڕەکەی دا بە پیتەر، بەسمێڵەکانیەوە و بە ڕوخسارێکی غەمگین وتی: ئێمە ئێســتا ئەچین بــۆ بنکەی پۆلیس، لەوانەیە دایکتیان تەحویلی ئەوێ دابێت.

دەندەی ماشــینەکەی گۆڕی و خستیە سەر دەندەی ٣، دواتر بە خێرایی، وەکو ناو فیلمەکان بەرەو بنکەی پۆلیس بەرێ کەوتن. دەرکەوان بــە دەنگی بەرز وتی: (هورا) و ئەوانیش بە خێرای دەرکەوانیان جێهێشــت و لە پلیکانەکان چوونە ســەرەوە. چەند ڕاڕەویکیــان تێپەڕ کردوو و چوونە ژورێکەوە کە لەســەری نوسرابوو( فەرمانگەی کەلوپەلی ونبــوو). لەناو ئەم ژوورەدا پۆلیســیک دانیشــتبوو، کە کۆلێک کلیلی بە دەســتەوە بوو بە ئێمەی وت:( بۆچی لەبــەردەم ژورەکەدا، لەســەر پێــڵاو پاکەرەوەکەدا تایەی ماشــینەکەتان پــاک نەکردۆتەوە؟ چ ئیشــێکتان هەیە لێرە)؟ کاتێک کە پۆلیسەکە و پیتەر تێیان گەیاند کە چ ئیشیکیان هەیە لەوێ ئەو لە جێگەکەی هەستا و، بەدەستە کلیلەکەیەوە بەرەو لای چەند دانە کەنتۆری گەورە ڕۆشت و دەرگاکەیانی کردەوە. ئەم کەنتۆرانە زۆر سەیرو سەمەرە بوون ئەم کەنتۆرانە، چەکمەجە گەلێکی گەورەی هەبوو، کــە لەناویاندا پیاوان و ژنــان و منداڵان چاوەرێ بوون، تا ئەندامانــی بنەماڵەکانیان بین و ئەوان بگەڕێننەوە ماڵەوە. کورێکــی بچوک کە زیاتر لە هەفتەیەک لەوێ مابۆوە چاوەڕێی دایک و باوکی دەکرد بێن بەشوێنیدا چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێســک. ئەو تەنانەت ناوی خۆشی لە بیر چۆتەوە. هیچ فایدەیەکی نیە، ئینســان دەبێت ناوی خۆی فێربێت.

پیتــەر لەبەردەم کەنتۆرەکانــدا دەهات و دەچوو بەدوای دایکیدا دەگــەڕا. پیتەر لەیەکێک لــە چەکمەجەکاندا منداڵێکی بچوکی بینی کە لەسەر کورسییەکی بچووک دانیشــتووە و خامەی دەخوارد. ئەو پرۆفیسۆرێکی بینی کە وایدەزانی ئەو چەترە.پیاوێکی تری لێبوو، کە ڕیشــی تاشیبوو، کاتێک ڕۆشــتبۆوە بۆ ماڵەوە، ژنەکەی ئەوی نەناسیبوو، لەماڵەوە دەری کردبوو وتبوی:( ئەمە هاوسەری من نیە) وە ئێســتا لێرە چاوەڕێیە تا دوبارە ڕیشی بێتەوە و بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.

کۆمەڵێــک منداڵی لێبوو کە پارەیــان وون کردبوو لە ترســانا نەیاندەوێــرا بچنەوە ماڵەوە. بەڵام بەگشــتی ئەم کەنتۆرانــە زۆر عەجیب و غەریب بوون و دایکی پیتەریش لەوێ نەبوو.

پۆلیســەکەش بە پیتەری وت کە ئیتر هیچ کارێکی لەوە زیاتر لە دەســت نایەت و دەیویست پیتەر بباتەوە بۆ ماڵەوە. لە ڕێگادا بە بەردەم بینایەکی گەورەدا تێپەڕێن کە سەقف و پەنجەرەی پێوە نەبوو. پیتەریش لە پۆلیســەکەی پرسی کە ئەو بینا گەورەیە چیە؟ پۆلیســەکە نە سەییری ماڵە گــەورە بەرزەکەی کرد و نە وەڵامی پیتەریشــی دایەوە، تەنیــا دەورێکی دایــەوە و گەڕایەوە لــە دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەم بینایەدا چوونە حەوشــەیەکی گەورەوە. کە دابەزین لە ماشینەکە پیتەر تابلۆیەکی بینی کە لە سەری نوسرابوو( پادگانی تایبەت بە دایک و باوکە خراپەکان). پیتەر بەپەلە ویســتی بگەڕێتەوە، بەڵام پۆلیسەکە وتی:( هەندێکجار ئەوە ڕوودەدات، کەبەهەڵە دایک و باوکی باش دەهێنن بۆ ئێرە ئێمە دەتوانین بەزوویی لێرە برۆین). ســەرەتا بەڕێوەبەری بیناکە پیتەر و پۆلیســەکەی برد بۆ بەشی(

بابەتە سادەکان). لەم بەشەدا ژنان و پیاوان بە جلوبەرگی مندالانە و رەنگاورەنگەوە دانیشتبوون، ئەوان خەریک بوون لە کاغەزی رۆژنامەکان بەلەم و کلاویان دروست دەکرد. ئەوانیتریش بۆخۆیان خەریک بون دەخولانەوە. ئەگەر کەسێک بەباشی کارەکانی ئەنجام نەدابا، ئەو کەسەیان لەسەر کورسیەکا دادەنیشاند و دەیانبەستەوە و کارەبایان لێدەدا، تا بلێت" ئاخ". هەندێکی تریشیان دەبوایە بە بەردەوامی هەڵسانایە و دووبارە دانیشتنایەنەوە. ئەوانیتریش شیعرێکی" شیلر" بەناوی" سروودی ناقوس" ئەوەندە دووبارە بکەنەوە، بێ ئەوە هەڵە بکەن و بەبێ وەستان خەریکن ئەم هۆنراوەیەی ( شیلر) تەمرین دەکەن. هەندێکی تریان خەریک بوون خشتەی لێکدانیان لە یەکەوە تا کۆتایی و هەروەها بە پێچەوانەوە لە کۆتاییەوە بۆ یەک تەمرین دەکرد. یان ئەوەی کە دەبوایە کە نزیکەی ٣٠ پودینگیان بخواردبایە.

بەرێوە بەری بینا بەرزەکە دەیگوت: ئێمە لێرە بەو جۆرە لەگەڵ دایک و باوکەکان هەڵسوکەوت دەکەین کە ئەوان لە ماڵەوە بەو جۆرە هەڵسوکەوت و رەفتاریان لەگەڵ منداڵەکانیان کردووە، هەروەها ناهێڵین برۆنەوە بۆ مالەوە، تا ئەو کاتەی کە بەڵین دەدەن کە ئیتر لەمەو لا دایکو باوکێکی باش بن و ئازاری منداڵەکانیان نەدەن.

پیتەر لە بەشی ( بابەتە دژوارەکاندا ) هاورێ کۆنەکەی واتە ئارنۆری بینی. وەک بلێی لێدانی خواردبوو وە پەنجەی دەستی بەرەو لای باوکی راکێشا. باوکی ئارنۆر بە شۆرتێکەوە، لە بەردەم کورەیەکی موگناتیسیدا راوەستابوو، خەریک بوو سەیری دەکرد کە چۆن دەستی لەگەڵ ئاردی تایبەتیدا تێکەڵ بوبوو دەیانخستە ناو کورەکەوە و وەک کەبابی لێهاتبوو. ئەم پیاوە ترسناکە تورەیە، بەرەنگێکی سپی هەڵگەراوەوە لەوێ وەستابوو سەیری دەستی خۆی دەکرد کە شێوەی وەک کەبابی لێهاتبوو. پیتەر بە بینینی ئەم مەنزەرەیە دڵخۆش نەبوو. بەڵام بەرێوە بەری بیناکە وتی: کە هەر ئەمە، حەقی باوکی ئارنۆرە. وتیشی کە ئێمە رێگای زۆرمان لەگەڵ خەڵک تاقی کردۆتەوە، بەڵام کردنی دەست بە کەباب، لەهەموویان زیاتر سوودی هەبووە و دەیگوت: کە ئەم رێگەیە، بەتایبەت ئەو دایک و باوکانەی کە زۆر خراپ و بەدرەفتارن لەگەڵ منداڵەکنایاندا و وا بیر دەکەنەوە کە دەبێ ئازاری منداڵەکانیان دەن.

بەڵام وا باشترە هەرچی زووتر ئێوە لێرە برۆن بەقوربان. چونکە ئێستا هاوار و نالەی ئەو پیاوە بەرز دەبێتەوە. پیتەر وەکو شێت لە بینا بەرزەکە رایکردە دەرەوە وگەیشتنە جادە سەرەکییەکە.

پۆلیسەکەش بە پیتەری وت: ئەو ئیتر نازانێت چی بکات تا دایکی پیتەر بدۆزنەوە، پیتەری گەراندەوە سەر پلیکانەکانی بەردەم ماڵەوەیان. هەوای ئۆتۆمبێلەکەی خاڵی و بەتاڵ کردەوە، کاتێک کە ئۆتۆمبیلەکە بچکۆلا بوویەوە، خستیە ناو گیرفانی و ماڵئاوایی لە پیتەر کرد و رۆیشت. پیتەرە بچکۆلە دوبارە لەسەر پلیکانەکانی ماڵەوە دانیشتبوو، خۆشحاڵ دیارنەبوو.

بۆنی خۆشی کێکە هێلکەییەکان لە کونی کلیلی سەر دەرگاکە سکی پیتەری وەکو سەگێکی برسی هێنابۆوە قۆرە قۆر. پیتەریش زیاتر و زیاتر بێتاقەت دەبوو. ئاخر لەهیچ شوێنێکدا دایکی نەدۆزیبۆوە. دایکی پیتەر لە کوێ بوو؟

وا دیار بوو کە بەچەندین کاتژمێر چاوەرێی دایکی



کردووە. دواتر دەنگێک لەماڵی خۆیانەوە لە قاتی سەرەوە بۆ بەردەرگا گەیشتە گوێچکەی پیتەر، وای زانی کە دایکی لەوێیە. دەنگی هەنگاو گەلێکی دژوار دەگەیشتە گوێی، وەک ئەوەی کەسێک پیانۆکەی خستۆتە سەر شانی و پەلەیەتی. دواتر سەروگوێلاکی پۆستە چیەکە دەرکەوت. پۆستە چیەکە کە پاکەتێکی گەورەی پێبوو لای دەرگاکە داینا و وتی: دایکت لە ماڵە؟ پیتەر وتی: نا لەماڵ نیە ئەمە چیە هێناوتە بۆمان؟

پۆستە چی نەیدەزانی کە چی لەناو پاکەتە گەورەکەدایە. لەگەڵ ئەوەی زۆری حەز دەکرد کە بزانێ چی تێدایە.

بەڵام بە خەتێکی گەورە لەسەر پاکەتەکا نوسرابوو، ئاگادار بە! شتێکی زیندوو....

پیتەر چەقۆکەی دەرهێنا لە گیرفانیدا و ئەو پەتەی پاکەتەکەی بڕی کە پاکەتەکەی پێوە پێچرابۆوە. پۆستەچیەکە زۆر حەزی دەکرد کە بمێنێتەوە و بزانێ چی تێدایە، بەڵام رێگایەکی درێژی لەپێس بوو دەبوایە برۆیشتایە.

پیتەر پاکەتەکەی کردەوە هیچی نەبینی جگە لە پەشمی شووشە بە هەردوو دەستی هێرشی بردە ناو پاکەتەکە کاغەزە زیادەکانی فڕێ دایە سەر پلیکانەکان و کاتێک بۆ جاری دووەم دەستی برد بۆ ناو پاکەتەکە، لوتی کەسێکی بەردەست کەوت، زۆریش ترسا، دواتر پەشمە شوشەکە دەستی بە جوڵان کرد. شتیک لە ناو پاکەتەکە خۆی گرمۆڵە کردبوو، هەناسەی دەدا. دواتر لەناو پاکەتەکە هاتە دەرەوە، ئەمە دایکی پیتەر بوو!

پیتەر زۆر سەری سوڕمابوو، حەپەسابوو، بەڵام دایکی پیتەر لە خۆشحاڵیدا پێدەکەنی. لەبەر ئەوەی کە توانیبووی پیتەری کوڕی موفاجەئە بکات. بە هێمنی و لەسەر خۆ لە پاکەتەکە هاتە دەرەوە و لە بەردەم پیتەردا ڕاوەستا، دایکی پیتەر پەنجەی نا بە لوتی پیتەردا و وتی: وابزانم دەتەوێ هەر لێرە لەسەر پلیکانەکان بخەوی! پیتەر بە سەرسوڕمانەوە وتی: چ چیرۆکێکی سەیرە! ئاخیرەکەی هاتیەوە! من لە هەموو شوێنێک گەڕام بە شوێنتدا دایە، لە شیرکەتی تەعاون و مەسرەف، لە دوکانەکەی ئەگۆستین، لە دوکانی نانەواییەکە، تەنانەت لە فەرمانگەی کەلوپولی ونبوو. دواتر سەرەنجی دا کە پاکەتەکە و پەشمە شووشەکە دیار نەماون و لەسەر پلیکانەکان ڕۆیشتوون. سەرێکی لەقاند و وتی: دایە گیان! تا ئێستا تۆ لەکوێ بووی؟

- من لای ڕۆسێل خانم بووم، ئەو دەیەوێت تۆزێک دەستکاری جلە شینەکانم بکات، بەڕاست کوڕم ئەمڕۆ کێکم بۆ دروست کردووی.

پیتەر بە شانازییەکەوە لە وەڵامی دایکیدا وتی: بەڵێ! بەڵێ! بۆنەکەی لە هەموو شوێنێک بڵاو بۆتەوە، ڕاستی لەگەڵ قەیسی دروستت کردووە دایە گیان؟

دایکی پیتەر وتی: نا کوڕم بە مرەبای بەهێ دروستم کردووە.

ــ ئا زۆرباشە، چی بوو ویستم پێت بڵێم؟ ئەها دایکە گیان من لەوانەی ئیملادا نمرەی ١م هێنا

ــ تۆ زیرەکی کوڕم ئافەرین، ئەی ئاڕنۆ چەندی هێنا؟

ــ خۆت ئاڕنۆ دەناسی، ئەو چواری هێنا

دایکی پیتەر وتی: ئاڕنۆری بێچارە....

دەرگاکەی کردەوە....

# چیرۆکەکانی داپیرە

## پیاو و پاسکیلی ئەستێرەیی

لەناو جادەیەکی خۆڵاوییدا بۆخۆم پیاسەم دەکرد، بە تاق و تەنیا هەروەها بیرم لەوەش دەرکدەوە کە ئەم جادەیە لە دەریاوە دەستی پێکردووە یان کۆتاییەکەی دەگات بە دەریا؟ نە بڵێی لەم نزیکانە دەریای لێبێت؟ لەوانەیە لە پشت ئەو تەپۆڵکە بچوکەوە بێت؟ چونکە شەویش بوو، نەدەتوانرا بە ئاسانی هەموو شوێنێک ببینرێ. سەیرێکی ئاسمانم کرد، نوقمی ئەستێرەکان ببوو. دەتگوت کەسێک دەستە دەستە ئەستێرە زیوینەکانی بەسەر داوێنی شەبەق ڕەنگی ئاسماندا پرژاندووە. ئەستێرە گەورەو ڕووناکەکان، ئەستێرە ئەڵماسە شیرینەکان. هەروا سەیری ئاسمانم دەکرد. لە ناکاو لەسەرسووڕماندا چاوم لەسەر ئاسمان هەڵنەگرت و حەپەسام.

ڕێک لە ناوەڕاستی ئاسمان پاسکیلێک لەو مۆدێلە کۆنانە، لەگەڵ ئاسنەکەی شوینی دانیشتنی دواوەی و سەندەڵیە گەورەکەی کەوتە بەرچاوم. کە پیاوێک بە کلاوێکی شاپووەوە بە پشتێکی تۆزێک چەماوەوە خەریک بوو پاسکیلەکەی لێدەخوڕی. ئەوەش بڵێم کە بۆشایی نێوان ئەستێرەکان لە یەکتر کەشێکی کراوە بوو. پیاوەکە و پاسکیلەکە بە یەکەوە لە دوورەوە شێوەی ئەستێرەیان دەدا، بەڵام زیندوو و لە کاتی جوڵاندا.

دەستم کرد بەوەی چاوەکانم دابخەم و بیکەمەوە، تا بزانم ئەوەی کە دەیبینم بەڕەستی وایە یان خەوە؟

نا، نەخەوتبووم هەروەها خەیاڵیش نەبوو. ئێستا پیاو و پاسکیلە ئەستێرەییەکە گەیشتوونەتە ناوەڕاستی ئاسمان. هەرچەن پیاو و پاسکیلە ئەستێرەییەکە زۆر لەمن دوور بوون بەباشی نەمدەتوانی ببینم بەڵام زەردە خەنەکەییم دەبینی پێم پێدەکەنی کە باوەڕم پێ نەکردبوو.

لەو کاتەی بەسەر مندا تێپەڕی دەستی خستە ناو گیرفانە پڕ بارەکەی و شتیکی بۆم هەڵدایە خوارەوە. وامزانی ئەستێرەیە. لە خۆشحاڵیدا خەریک بو باڵ بگرم. بەڵام هەرکە نزیک دەبۆوە لە کلوە بەفر دەچوو. دەستم گرتەوە وتم لەو ئاسمانە پڕ ئەستێرەیە خۆ بەفر نیە. ڕێک لە شێوەی بەفر بوو. بەڵام کە گەیشتە ناو دەستە بچکۆلانەکەم، مروارییەکی گەورە بوو. خولایەوە و خولایەوە بوو بە بەرخۆلەیەکی زۆر جوان وچکۆلە و خوێن شیرین،

کە سەری لە لەشی گەورەتر بوو. ویستم ماچی بکەم، لە پڕ لە دەستم ڕایکردو و بوو بە مرۆڤیک لەسەر ماتۆڕێک و بەرێ کەوت، خەریـــک بوو دڵم بۆی تەنگ دەبوو کە دیســـان بویەوە بە بەرخۆلە و وتی: من ئاڵفم دەوێت. منیش وتم: وابزانم خەریکین لە دەریا نزیک دەبینەوە، ئەگەر لێرە ئاڵفمان دەست نەکەوت، دەبێت بڕۆم لە بازار سەوزەی تازەت بۆ بکڕم بەرخۆلە گیان. ســـەرە جوان و ســـپییەکەی وەکو نیشانەی( نا) لەقاند و وتی: من تەنیا ئاڵفیکم دەوێت کە تەنیا لەسەرچاوەی ڕوناکی و ئاو دروست بوبێت و شەونمی خۆشەویستی لەسەر بێت.

ئـــەی هاوار من ئێســـتا ئاڵف لە کـــوێ بێنم؟ بەرخۆلە چکۆلەکە بە چـــاوە جوانە بێ گوناهەکانی تەماشـــای کردم وتی: ئەگەر تۆ بتەوێـــت، پەیدای دەکەی. کردمە باوەشـــم و لەگەڵ بەرخۆلەدا بەیەکەوە کەوتنیە ڕێ. هەوا خەریک بوو ڕۆشن دەبۆوە و ئەستێرەکان خۆیان دەشاردەوە. ویستم هەســـتم بەرخۆلەی خووێن شیرین دەستەکانمی بردە ناو سەرو قژە نەرمو تووکنەکەی و بە زمانە بچوکە کەی دەستمی دەلێسایەوە وتی: تۆ بەخەبەری و منیش بە تەواوی ڕاستی ڕاستیم و خەیاڵ نیم! نیگەران بووم لەوەی کە نەکا لەگـــەڵ هەڵهاتنی خۆرەتاودا بەرخۆلەکەم کە بە دڵنیایەوە لە ڕەگەزی ئەستێرەکانە، دیارنەمێنێت؟

بەرخۆلـــەی جوانکیلە دەســـتی کرد بە باعە باع و وتی: نـــا نا، تۆ ئاڵفەکەت لە بیر نەچێت لەجیاتی ئەوەی بیر لەم شتانە بکەیتەوە، ئاڵفم بۆ پەیدا بکە خەریکم دەمرم لە برسا.

منیش ســـەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد کەسی لێنەبوو کە بتوانی لێی بپرسی سەرچاوەی ڕوناکی لە کوێیە؟

بە تەواوی ڕۆژ بوبـــۆوە! خۆرەتاو زۆر بە گەرموگوڕی ئەدرەوشایەوە. بۆ ساتێک لە خۆمم بپرسی ئایا سەرچاوەی ڕووناکی هەر ئەم خـــۆرە گەرمە نیە؟ بەڵام خۆ ئاودێری ئاڵف ناکات، ئەو تەنها گەرمی دەکاتەوە و یارمەتی گەشە کردنی دەدات. بەرخۆلە بە جوانی سەیری ناو چاوەکانمی دەکرد و دەیگوت: تیشـــکی هەتاو هـــۆکاری ڕووناکیە، ســـەرچاوەی هەمـوو ڕووناکیەک لـــەوەوە هێز وەردەگرێ، بەڵام سەرچاوەی ڕووناکی من لەگەڵ خۆرەتاو جیاوازە.

خەریـــک بووم لەدەســـتی بێـــزار و مانـــدوو دەبووم، نە تەنیـــا بیرۆکەکانمی دەخوێندەوە ،قسەشـــی زۆر دەکرد. بەرخۆلەیەک کە لەڕەگەزی ئەســـتێرەکان بێت و بتوانێت ببێتە مرۆڤ و مرواری....

سەیرێکی ئاسمانم کرد ڕووناکی دەیدایە ناو چاوەکانم ڕێگە چارەیەک نەبوو، دەبوایە بەدوای کانیاودا بگەڕامایە، کە لـــە تەپۆلکەکە تێپەڕ بووین، دەریا شـــەپۆل لە دوای شـــەپۆل بێ ئۆقرە و ئاوی جوان ڕێک وەک فیروزەیەکی گەورە لە ملی سپی کەنار دەریادا ئەدرەوشایەوە.

تـــەواوی ئەو ڕۆژە بـــەدوای کانیاودا گـــەڕام، لە تاو ماندوویەتـــی قاچەکانم بە تـــەواوی نەمدەتوانی پێیەکانم لەسەر زەوی دابنێم.

وتم: ئەبێ بگەڕێینـــەوە بۆ ماڵەوە، بەیانی دووبارە دێین وەدەگەڕێین

کە دەرگاکەم کردەوە، کوڕێکی جوان و ژیکەڵە هاواری کرد: داپیرە گەورە تۆ لەکوێی؟

بەرخۆلە لە باوەشمدا ڕای کرد. کوڕەکە دەستی هێنا بە سەری بەرخۆلەکەدا و کەمێک ئاڵفی تازەی هێنا ختیە بەردەمـــی بەرخۆلەکە، بەرخە ســـپییەکەش بە باعە باعەوە دەستی کرد بە خواردنی ئاڵـــفەکە و زۆریشی برسی بوو.

بوو بە شەو، سەیرێکی ئاسمانم کرد، پیاوە ئەستێرەییەکە دەستێکی بەرز کردوە بۆم وەک بڵێ: بای بای

چ ئەستێرە گەلێکی گەورەن.



# خەواڵو!



لەناو شارە بیابانییە وشکەکەماندا، دەتوانی لە ناوەڕاستی مانگی ڕێبە ندان بۆنێ بەهار بکەی. لە توانەوەی شکۆفە پەمەییەکانی بادەم کە هەندێک جار تەواو دەنکە گەورە و ئاوەکییەکانی دوایین بەفرەکانی زستان، یان ئەو تەرزانەی کە بە قسەی دایکم؛ دەنکە کانی ملوانکەی ( نەنە سەرما ) کە لە تاو غەمی بینینی ( مامە نەورۆز) لە پشت پەنجەرەی لانەکەیـــەوە، پچڕاندۆتی، خۆیان دەردەخەن و جۆیان نمایش دەکەن. ئەم ڕۆژانە باســی منداڵ بونــی گوورگەکانیش دەکـــەن. خۆرەتاوی بەهاریی گەرم و پرشـــنگدار لە دوای هەوایەکی ســـاردی بێزارکەروە، گەرمایەکی خۆشــی هەیە. بۆنی نانی تازە کە لە نانەواخانەکەی سەر کۆڵانەوە بـــڵاو بۆتەوە تەواوی کۆڵانەکەی پـــڕ کردبوو. خۆم کرد بە ژوورا و ســـڵاوم کرد. ماڵ پـــڕ بوو لە بۆنی یەکەمین شیرینی دروســـتکراوی دایکم بۆ جەژن. بۆنی دارەکانی سۆمپاکەو بۆنی چیشتە بەتامەکانی دایکم.

دایکم بە ڕوویەکی خۆشـــەوە ســـڵاوی لێکردم و وتی: ڕاکە، دایە گیـــان ڕاکە بچۆرە ژوورەکـــەی خۆت، برۆ دەی بۆنـــی هیـــڵ و گوڵاویی ئەم شـــیرینیە بۆ تۆ باش نیە. هەرکاتێ چێشتەکە ئامادە بوو بانگت دەکەم. منیش چومە ژوورەکەی خۆمـــەوە و کتێبی وێنەی گیانلەبەرانم دەرهێناو دەستم کرد بە هەڵدانەوە لاپەڕەکانی.

کە گەیشتمە سەر وێنەی گورگەکان، بیرم کەوتەوە ئەم ڕۆژانە ڕێک لە ناوەڕاستی ئەم هەوایەدا کە بەفرو باران و تەرزە و خۆرەتاو بەیەکەوەن، منداڵەکانیان لە دایک دەبن.

گوورگە خان منداڵە ســـاواکەی نیشان دام و وتی: تازە لە دایکبووە، ســـەرمایەتی، تۆ ئەتوانی تۆزێک گەرمی کەیتەوە و بیکەیتە باوەشـــت ئاقڵ گیان؟ یان بیبەیتە ژێر لێفەکەت؟ منیش خەریک بووم بیرم دەکردەوە ئەم گورگە دەمخوا خەریکـــە هەڵمدەخەڵەتێنێ بۆ ئـــەوە ڕا نەکەم لە دەسی.

بووکە شووشـــە پەڕۆکەشـــم وتی: کەی گورگ لەناو کتێبەکانی چیرۆکدا مـــرۆڤ دەخوات؟ مرۆڤ ناخوات ئەو. باوەڕم نەکرد. گورگ هەمیشـــە و هەمو کاتێک یا خەریکی بزن خواردنن یان کەروێشک دەخۆن.

منیـش بە ترسـێکەوە بە گورگە خانم وت: لێفەکەی من بچکۆلەیەو جێگە نابێتەوە دوو کەس لە ژێریدا.


هەستم بە سەرما کرد. وامزانی گورگەخان لێفەکەمی لەگەڵ خۆیدا بردووە.

گوێم لەدەنگـــی دایکم بوو، کە دەیگوت ئازاری مەدەن هەوای بەهارە، منداڵەکەم لە مەدرەسە هاتۆتەوە و ماندووو بووە و خەو بردویەتەوە.

براکـــەم دەیگوت: لای خەواڵـــو گیان چوار وەرزەکەی ساڵ وەرزی خەوە، زســـتان عەینەن ورچ، خەوی بەهاریش خەوێکـــە هۆگری دەبیـــت و عادەتی پێدەکـــەی هاوین لەبەر گەرمای زۆر خـــۆی ئەخزێنێتە فێنکی هەورەبان و هەوای شـــێدار و فێنکی موبەریـــدە. پایزیش کە لەگەڵ دڵگیریەکـــەی و خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوندا خەو دەیباتەوە، بەڕاستی سەیـــرە......

# باویلکە

م. ژیار ئەم شیعرانەی لە فارسیەوە وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی





**ن: محمود کیانووش**

**لە کوێوە هاتی باویلکە**
**ڕاستمان پێ بێژە**
**بە چ هەواڵێکی خۆشەوە**
**ڕووت کردۆتە ئێرە**

**بە نەرمی سواری**
**ئەسپی شنەبا دەبی**
**بەشادمانیەوە**
**دێی و دەچی**

**لەحەوشی خۆمانا**
**باوەشت بۆ دەکەینەوە**
**بەشوێنتا ڕادەکەین**
**تا بتگرینەوە**

**بەڵام هێندە سوکەڵەی**
**بە هەناسەیەک دەڕەوی**
**حەزناکەی دەستی**
**کەست بەرکەوی**

**تا ئەسپی شنە بێ**
**شەورۆژ لە سەفەری**
**کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕێیی**
**باویلکەی خۆشخەبەری.**

## خەیاڵی پەمەیی

ن: ڕوودابە هەمزەیی

جلێکی پەیمەییم
چنی لە خەیاڵما
وێنەی هەتاوێکیشم
کێشا بەسەریا

لەولاوە کۆترێکی
پەروباڵ سپی
هێلانەی کردبوو
لەسەر داری بی

لەپاڵ دارەکە
بەرد و کانی و چیمەن
خەیاڵی پەمەیی
بوو بە جوانترین دیمەن.

## خاڵی خەم

ن: ئەسڵان قزڵلو

دویَ شەو کە زریان
باخچەکەی ڕنی
لقێکی شکاندەوە
خونچەیەکی چنی

تا بەربەیان
مەلان لەرزین
نەجوڵا لە ترسا
پەپولەی باڵ نەخشین

کاتیَ هەتاوی گەش
لە ئاسۆ دەرکەوت
وێنەی چرایەک
بە ئاسمانا سەرکەوت

لە گش شوێن دەرکەوتن
گوڵی ئاڵ و واڵ
شادمانی هاتەوە
بۆناو باخچە و ماڵ

لە کۆتایی هێلا
خەم بوو بە خاڵێک
ڕووخساری گەشایەوە
سرووشت بە جارێک.

# هەنگ

ن: سەفورا نەییری



کاتی بەیانی
هەنگە جوانەکە
لە خۆشیانا
گوڵ لە باوەش دەکا

وێنەی ئاونگ و شەونم
نەرم و نیانە
هەڵدەستێنێ لەخەو
گوڵانی خنجیلانە

لە پیاڵەی گوڵپەڕا
هەڵاڵەی گوڵان
خۆراکی بەیانیەتی
هەنگی نەغمە خوان

دێت و دەچێ
بە باڵی زێرین
هەڵدەچنێ لەسەر یەک
شانەی پڕ هەنگوین

گشت بەربەیانێک
لە وەرزی بەهارا
دەبینی بەگەرمی
خەریکی کارە

سڵاو دەکات:
وز وز وز
بەیانیت باش
هەنگی ئازیز.

# وەنەوشە و پەروانە

ن: ئەحمەد میرزادە

لە ناو دەشتا
وەنەوشەیەکم دی
گەلێک جوان
بە ڕووما پێکەنی

بەرەو لای چووم
وەنەوشەم چنی
نەمزانی بۆچی
خەم دایگرت پێنەکەنی

وتم ئەی وەنەوشە!
گوڵە جوانەکەی دونیا
پێبکەنە بە ڕووما
ئیتر نیت بە تەنیا

ئاوڕی دایەوە
وەنەوشەی مێهرەبان
خەمی دڵی خۆی
بۆ ئەمن درکان:


بۆچی منت دابڕی
لە ژیان و ماڵم
بمبەرەوە پێدەشت
ناخۆشە حاڵم

مەگەر نازانی
پەپوولە لەوێوە
ئێستا بە بێ من
چەندە پەشێوە!

هەواڵی ئەوم
برۆ بۆم بێنە
بمگێڕەوە بۆ ئەو
دەشتە بژوێنە.



# وتووێژ لەگەڵ زارا پەرەستار



**پرۆفایل: زارا پەرەستارم، لیسانسی بواری پەروەردەی منالان و تازەلاوانم لە وڵاتی سۆئێد وەرگرتووە و ماوەی ١٧ سـاڵە لە ناوەندەکانی پەروەردەی منالان لە وڵاتی سۆئێد خەریکی چالاکیم.**

**ئا: ڕێبوار شریفی**

**پرسیار: پەروەردەی منالان لە چ تەمەنێکەوە دەست پێدەکات و چ هۆکارگەلێک کاریگەرییان لەسەری هەیە؟**

وەڵام: هەر لەگەڵ لەدایکبوونی کۆرپە، فێربوون و هەوڵ بۆ ناسینی شـــوێنی دەوروپشتیشی دەست پێدەکات. چەند هەفتە دوای لەدایکبوون بـــۆ وێنە دەتوانێ ڕەنگی ڕەش و سـپی لێك جیابکاتەوە و یان لەبەرامبەر تیشکی زۆر یاخود دەنگەکاندا کاردانەوەی هەبێ.

جار لەگەڵ جار ڕێژە وناوەرۆکی فێربوونی منالٚ گەشـــە دەکات و زۆرتـــر و زیاتر دەبـــێ. بۆوێنە هەرلە مانگەکانی سـەرەتاوە، دەنگ و ڕووخساری دایکی خۆی دەناسێتەوە و هەســت بە گۆڕانکاریی لە دەوروپشتی دەکات. فێرکردنی منالیش هەر لەو مانگانەی سەرەتاوە دەستپێدەکات. بۆوێنە ئەگەر دایك یان کەسانی دەوروپشت بەردەوام قسە یان یاری لەگەڵ بکەن، منالٚ زۆر خێراتر لەگەڵ دەوروپشـــتی ئاشنا دەبێت، یاخود فێری ناوی شتەکان دەبێت و دەکەوێتە قسە.

**پرســیار: ئەو خاڵانەی کە دەبـــێ لە بارهێنان و بارهاتنی منالان لەبەرچاومان بێ، کامانەن؟**

وەڵام: دیارە منالٚ لەسەرەتاوە زیاتر پێویستی بە ئاگالێبوون هەیە هەتـــا فێرکردن و هاوکات لەگـــەڵ گەورەتربوونی، پێویســـتیی بارهێنـــان و بارهاتنیشـــی بە پێی گەشـــە و کاملبوونی مێشکی، زۆر و زۆرتر دەبێ.

فێرکردنی منالٚ پێویستە هەمیشە لەگەڵ توانایی مێشکی دا گونجاو بێ، بۆ ئەوەیکە حەزی فێربوونی لەدەست نەدات و هەڵبەت دەبێ بە شـــێوەیەکی سەرنجڕاکێشـــیش بەرێوە بچێت.

منالٚ بەگشتیی زۆرتر لە منالانی دەوروپشتیەوە فێردەبێت و ڕاهێنەر دەتوانێ هێڵ و ئاراســـتە بدات بە کایەی منالان و خۆیشی نموونەیەکی باش بێت بۆ منالەکە.

بارهێنانی منالان، جگەلە ئاســـتی گەشـــە و شـــوێنی دەوروپشتیان، پێوەندیی بە کەرەسەکانی بارهێنانیشەوە هەیە. ئامرازەکانـــی بارهێنـــان دەبێ بەشـــێوەیەك بن کە منالٚ هۆگریان بێت و ڕەوتی فێربوونیش بە شادیی و شۆڕوشەوقەوە بباتە پێش.

تەوەرێکـــی تـــر کـــە لەوبـــارەوە دەمهـــەوێ ئاماژەی پێبکەم،تەشـــویق واتە هاندان وتەمبێکردنی ئوسولییە کە هەر دووکیان بۆگەشەی منالٚ و ڕەوتی فێربوون و پێوەندیی لەگەڵ دەوروپشتی زەرووریيە.

ئەم دوو کارە گرینگە ئەبێ بە شێوازێکی درووست بەرێوە بچن، ئەگینا لەتمە لە دەروون و هەستی منالٚ دەدات.

زانســـتی هانـــدان و کاریگەریەکەی سەرســـوورهێنەرە، چوونکە ئێمە بە تەشـــویق و هاندان ئـــەوە بە منالٚ ئەڵێین کە ئەمکارەتم پەســـەند کـــرد و دووپاتی بکەرەوە، یاخود بە تەمبێکردن وشـــیاری دەکەینەوە کە ئەمکارەتم قبووڵ و لا پەسند نییە.

**پرسیار: هەتا ئەوجێگایەی بزانم، ئێستا ئێوە لە باخچەی ساوایانی "شادی" دا چالاکیتان هەیە، تکایە ئەگەر بکرێ ســەبارەت بـــە دامەزراندن و کارەکانی ئەم ناوەندە ڕوونکردنەوەیەک بدەن...**

وەڵام: دامەزراندنی باخچەی ســاوایان و بنکەی پشووی ئازادی (شـادی) لە مقەڕی ناوەندیی کۆمەڵە، بە پێی پێویســـتی مقەڕەکان و هەڵبەت بەپێی پەســـەندکرانی لە کۆنگرەی (١٥) کۆمەڵە بوو.

منالان لە مقەڕەکانی کۆمەڵە شـــوێنێکیان بۆ لەدەوری










یەکتر کۆبوونەوە و بارهاتن نەبوو، کاتەکانیان زۆرتر لەماڵەوە لە لای بنەماڵەکانیان بەسەر دەبرد. بگرە زۆربەی دایکەکان لەدوای منالبوون، پێیان وابوو کە ئیتر ناتوانن بگەڕێنەوە سەر کاری ئۆرگانییان و لەپێوەند لەگەڵ بارهێنانی منالەکانیشیان، نەیاندەتوانی لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو یارمەتیی وەربگرن.

کرانەوەی باخچەی ساوایان و بنکەی پشووی ئازاد لە مقەڕەکان بووە هۆی ئەوەی منالان بتوانن لە شوێنێکی پەروەردەیی تەندرووست کۆبنەوە و دایکان وباوکان بەخەیاڵێکی ئاسوودەوە بگەڕێنەوەسەر کارەکانیان.

باخچەی ساوایانی "شادی" کە لەسەر بنەمای دیموکراسی و دیالۆگ دامەزرا، ئێستا دوای ساڵێك، توانی ئاکامی چالاکییەکانی خۆی تا رادەیەك ببینێت. بۆنموونە گەڕانەوەی دایکان وباوکان بۆسەر کارە تەشکیلاتییەکانیان. فێرکردنی زمانی کوردیی، فارسیی و ئینگلیسیی، وێنەکێشان و موزیك. هەبوونی چالاکیی بەکۆمەڵ، بۆوێنە ڕۆیشتن بۆ مەلەوانگە، پاڕکە جۆراوجۆرەکان، بەشداریی لەفێستیڤاڵی منالان و ... ئەوانە بەشێکە لەوکارانەی کە بەرێوەچوون و وابڕیارە بەردەوام پەرەشیان پێبدرێت.

بارهێنانی هاوڕێیانی پێشمەرگە، بەتایبەت ئەو هاوڕێیانەی کە خوازیاری کار لەگەڵ منالان وەك راهێنەری منال و ناردنیان بۆ باخچەی ساوایان... ئەمە خۆی لەخۆیدا بۆتەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە هاوڕێیان بتوانن بەتێگەیشتنێکی بنەمایی و دروست لەوبارەیەوە، یارمەتیدەرمان بن.

# لەبیرم مەکەن!

**ئەم بابەتە دەقی وتاری "سوسەن بەهار" هەڵسووڕاوی بەرگری لە مافی منداڵانە لە کۆنفرانسی( ئەنجومەنی بەرگری لە مافەکانی کرێکاران لە ئەمریکا) لە ڕێکەوتی ٢٨ تا ٣١ ژولای ٢٠١٢.**

**ئەو لەو بابەتە دا لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی منداڵان لە ئێرانی داوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.**

**و: دایکی هانا**

سوسەن بەهار: لەم قسەوباسەدا دەمهەوێ لەگەڵ خۆم بتانبەم بۆ سەفەر، سەفەرێك بۆ ئێران. دەمێك ساڵ لەوەپێش لە دۆستێکی سوئێدیم بیست کە گوڵی لالە یەکەمین جار لە ئێرانەوە بۆ شوێنەکانی دیکەی دنیا هەناردە کرا؛ ئێرانێك کە گوڵی لالەی چلچرای یەکێك لە کەم وێنەترین گوڵە جوانەکانی جیهانە و بیرەمەندانی بووتانیك هەوڵ بۆ پاراستنی دەدەن!

زۆرێك لە گوڵەکانی کۆمەڵگای ئینسانی لە ئێران، نەپشکوتوو هەڵدەوەرن؛ دەکەونە داوی ئیعتیاد بە مادەسڕکەرەکان، لەشفرۆشی دەکەن، دەبن بە کارتۆن خەو و لەسێدارە دەدرێن، ئافتاوە دەکەنە ملیان و لە کوچە و کۆڵانی شاردا نومایشیان دەدەن، تەنانەت ژمارەیەکیان بەر لەوەی بگەنە تەمەنی هەژدە ساڵ چاوەڕێی پەتی سێدارە دەکەن، ژمارەیەکی دیکەی منداڵانی ژێر هەژدە ساڵیش لە ژێر گوشاری یاسای دژی منداڵی کۆماری ئیسلامیدا مەجالیان بۆ هەڵمژینی هەوایەکی ئازاد و پاك و بێ گەرد نەماوەتەوە و دەرگای هەڵمژینی هەوایەکی ئازادیان بەسەردا داخراوە و لە بارودۆخێکی گەلێك دژوار و پڕ مەینەتدا بۆ" هەڵمژینی" منداڵی، شیرەی گیانی بچووك و نازداریان دەدەن.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە. لە نێو دەریای نەوت و گاز، کانەکانی فلیز و سەرچاوەکانی سروشتیدا هەڵکەوتووە. کێشەی سەرەکی منداڵان لە ئێران هەژاری کۆمەڵگا نییە، بەڵکوو قازانج پەرەستی و چاوچنۆکی سەرمایەداران بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایە لە ڕێگەی کێشانی شیرەی گیانی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگاوەیە.

بە چاوگێڕانێکی کورت بەسەر بارودۆخی منداڵان لە ئێران، قووڵایی بێ مافی بێ سنووری منداڵان لە ئێرانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. بە ڕاستی منداڵان لە ئێران لە بیرکراوترین منداڵانی جیهانن. من پازدە ساڵ لەوەپێش لە حاڵێکدا ئەو قسەمە کرد کە بەدەستهێنانی هەواڵێکی کورت سەبارەت بە دیاردەی منداڵانی کار و مافی منداڵان لە ئێران بە دژواری هەڵکەندنی زەوی و گەیشتن بە مەوادی مەعدەنی بوو. بەڵام ئەمڕۆکە یەکەم، بەرینایی دیاردەی کاری منداڵان لە ئێران بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی جیهان کە کاری منداڵان تێیاندا بە شێوەی بەربڵاو بووە و تا ڕادەیەك کەم بۆتەوە، ڕەوتێکی ڕوو لە بەرز بوونەوەی بەخۆیەوە گرتووە؛

دووهەم، لە ژێر کاریگەری مەیل و ســـەرنجی ژمارەیەکی زۆرتر لە تێکۆشەرانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەرو مافی منداڵ و بزووتنـــەوەی هەڵوەشـــاندنەوەی کاری منداڵان؛ هەلومەرجێکی وەها رەخســـاوە کە ئێمە لەگەڵ کەمبوونی زانیاری و هەواڵ لەو بوارەدا بەرەوڕوو نین. بە پێچەوانەوە، زۆربوونی ئەو هەواڵانەیە کە دڵەکان، نیگەران و فرمێســـك دەخاتـــە نێو چاوان و ئەندیشـــە و هزر پەرێشـــان دەکات و پێویســـتی بەیەکەوە گرێدانی گـــرِ و تینی پرژ و بڵاو بۆ پێکهانـــی ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی منـــداڵان زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئاشکرا دەکات.

منـــداڵان لە ئێران لە زەلکاوی بـــێ مافیدا پەلەقاژەیانە و لە گەنکاوی هەژاری و ئیعتیاد و لەشفرۆشـــی و کاری ئیجباری، بێ سەوادی و دەستهەڵگرتن لە خوێندندا لە لایەن کۆمەڵگای گەورەســـالار و منداڵ ئـــازارەوە لە دەورانێکی بێ کۆتاییـــدا بەرەو ئەوپەڕی تاریکی پـــاڵ پێوەنراون. لە زەمەنێکـــدا کە پێشـــکەوتنی کۆمەڵـــگای مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی تێکنۆلۆژی، پزیشـــکی و فەرهەنگی و گەشـــەی مافی منداڵ و هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵ و پەسەند کرنی یاساکان و پەیماننامەکان بە قازانجی منداڵان هەنگاوی گەورەی هەڵگرتووە، بارودۆخی منداڵان لە ئێران لـــە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا تا ئەو جێگایەی کە بە یاســـا، داب و نەریت و بایەخەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەتی دەســـەڵاتی سیاسی دەگەڕێتەوە، ســـەمبولی جینایەت لە دژی مرۆڤایەتی بچووکە.

ئەوە راســـتە کە دیاردەی منداڵی پێویستی بە تێڕوانینی وردی زیاتر هەیە، بەڵام منداڵان دیاردە نین؛ مرۆڤگەلێکی زیندوون و پێویستیان بە زۆرترین هەست و چاوەڕوانی هەیە.

دنیـــای منداڵان لە ئێران گەلێـــك لێڵ و تاریکە و من دەمەوێ لـــەم مەجالە کورتەدا بتانبەم بۆ ســـەفەر. با بۆ روون کردنـــەوەی تاریکی و بێ پەنایی منداڵانمان چرایەك هەڵبکەین. ئیزن بدەن کە ســـەفەرەکەم لە ســـی ساڵ لەوە پێشەوە دەستپێبکەم، ئەو کاتەی کە کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار و سەرەتایی ترین مافی منداڵان، واتە مافی ژیان و تێپەڕ کردنی منداڵی لێ زەوت کردن.

کوشـــتاری بەکۆمەڵی ئاواییەکانی قارنێ و قەڵاتان و وێنە دڵهەژێنەکانـــی منداڵانی قۆنداقی لـــەو دەورەیە یەکەمین پێشێل کاریەکان لە دژی منداڵ و زەوت کردنی مافی ژیان لەوان لە لایەن کۆماری ئیسلامی بوو.


بە دەســـتپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق و سەربازگرتنی ئیجبـــاری ئایدەئۆلۆژیکی لـــە منداڵان کە بـــە بەڵێنی



**" سوسەن بەهار"**
**بەرێوەبەری ماڵپەری (داروەگ)**
http://www.darvag.com
**کە لە بـــواری ئەدەبیاتی منداڵان و تازەلاوان دا کار دەکات**
**زۆرێك لە بابەتەکانی ئەم فایلە لە ماڵپەری «داروەگ»  وەرگیراوە**

بەهەشـــت و کلیل لە مل بوون بە گۆشتی بەردەم تۆپی ئەو شەڕە کۆنەپەرەســـتانەیە و خولقاندنی تراژێدیای "حسەینی فەهمیـــدەکان" کە لـــە نەزانیدا بوون بە ئەندامی بەســـیج، یەکەمین سیاسەتەکانی رژیمی ئیسلامی لە دژی منداڵان رێکخرا. بۆ ئەم مەبەســـتەش لە مەدرەســـەکاندا تەبلیغاتی ئایینی بە وەعدەی بەهەشت بۆ شۆردنەوەی بیر و مێشکی منداڵان بەسەر ئەواندا رووخا. ئەو تەبلیغات و رێکخستنانە تا ئێستاش درێژەی هەیە، بە شـــێوەیەك کە دەخەڵمێندرێت ئێســـتاکە لە ئێراندا لانیکەم چوار ملیۆن منداڵ ئەندامی بەسیج بن.

بەڵگەکان نیشـــانی دەدەن کە لە ماوەی ٨ ساڵی شەڕی ئێران و عێراقدا، زیاتر لـــە ٥٥٠ هەزار منداڵی ژێر هەژدە ســـاڵ بۆ بەرەکانی شـــەڕ نێردراون، کە سی و شەش هەزار کەسیان کوژراون و سێ هەزار و سەد و سی و پێنج کەسیش بریندار بوون.



ســـاڵی ٦٠ ســـاڵێکی نوێ لە کوشتاری ئایدەئۆلۆژیکی کۆماری ئیســـلامی بوو. ساڵی زیندانی کردن، ئەشکەنجە و ئیعدامی هەزاران منداڵی ژێر هەژدە ســـاڵی لایەنگری ڕێکخراوە سیاســـیە چەپـــەکان و ڕێکخـــراوی موجاهیدین منداڵانێك کە بە تاوانی بیروبـــاوەڕی جیاواز، بڵاوکردنەوە و فرۆشـــتنی گۆڤار، نووسینی دروشم بەسەر دیوارەکان، لە خۆپیشاندانەکاندا گیران و بەهۆی خۆڕاگری و نەکردنەوەی لێوی ڕازداریان لە تەمەنی ســـێزدە، چواردە، پازدە، شازدە و تەنانەت دوازدە ســـاڵیدا ئیعدام کران. ساڵی شەست هەروەها ســـاڵی زیندانی بوونی منداڵانی کەم تەمەنە، ســـاڵی لە دایـــك بوونـــی ژمارەیەکی زۆر منداڵە لـــە زیندانەکاندا و ساڵی مردنی منداڵان لە سکی دایکیان بەهۆی ئەشکەنجە و عەفونەتـــی دایکەکانیان لە زیندانـــە. بەڵێ، کۆماری ئیسلامی هەر لەســـەرەتاوە شمشێری دوو سەری خۆی لە ڕووەوە بۆ منداڵان کێشابوو.

بەڵام، ئەم کردەوانە هێشتاش تەعبیر و تەفسیری شەفاهی لە یاسای شەرعی و مەدەنی و کونوانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی منداڵان بوو، کە لە ســـاڵەکانی پاش پەسەند کردنی و بەشـــێوەی یاســـایی بەکردەوە دەرهات. لە حاڵی حازردا، ئێران تەنیا وڵاتێکـــە کە لە مەیدانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیدا بە شـــێوەی ڕاســـتەوخۆ لـــە دژی منداڵان یاســـای هەیە. بە هاتنەســـەرکار و درێژەی دەســـەڵاتی کۆماری ئیســـلامی، ئەو یاسایانەی کە پێشتر لە منبەری مزگەوتەکان بە شـــێوەی ئایدەئۆلۆژیك تەبلیغ دەکرا، بواری یاسایی گرت بەخۆیەوە.

## پێکهاتەی تەمنی منداڵان

ئاماری ســـەرژمێری ساڵی ١٣٧٥ نیشـــانی دەدات کە بیســـت و حەوت لەسەدی لە دانیشـــتوانی ئێران بە گشتی ( لەو کاتەدا ئاپۆرەی کۆمەڵگای ئێران شەســـت ملیۆن کەس بووە)، لە نێوان دە تا نۆزدە ســـاڵی دان. پازدە لەسەدیان لە نێوان دە تا چواردە ســـاڵ و دوازدە لەسەدیشـــیان لە نێوان پازدە تا نۆزدە ســـاڵیدان. بە واتایەکی دیکە، لە نێو گشت جەمعیەتی ئێران لە ســـەرەوەی تەمەنی دە ساڵە و بەرزتردا، (واتە چل و پێنجەم ملیۆن کەس) ســـی و پێنج لەســـەدیان لە نێوان تەمەنی دە تا نۆزدە ســـاڵیدان. ئەوە نیشانەی لاو بوون و بە واتایەکی وردتر منداڵ بوونی دانیشتوانی ئێرانی ئەمڕۆیە.

لـــە جوگرافیای منداڵانەی کۆمەڵگای ئێرانیشـــدا، لە نێو گشـــت دانیشـــتوانی لە نێوان دە تا نۆزدە ساڵدا،( واتە شازدە ملیۆن کەس) زیاتر لە پێنج لەسەدیان لانیکەم جارێك هاوســـەرگیریان کردووە. لەو ڕووەوە دەبێ دانی پێدابنێین کە لە ســـاڵی ١٣٧٥دا، نزیکەی نۆســـەد و سی هەزار منداڵ خوازراو یان نەخوازراو بەرپرساریەتی پێکهێنانی بنەماڵەیان وەئەستۆ گرتووە.

## کۆماری ئیسلامی و دیاردەی منداڵان

بە پێی کۆنوانســـیۆنی مافی منداڵان، پەســـەندکراوەی بیســـتەمی نۆڤامبری ١٩٨٩، هەموو کەسانی ژێر هەژدە ســـاڵ منداڵ بە ئەژمار دێن. کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩٥دا ئەو کۆنوانســـیۆنەی ئیمزا کـــردووە. بەو واتایەی کە ئـــەو پەیماننامە نێونەتەوەییە دەکاتە بناغەی یاســـای کار و باری پێوەندیدار بە منداڵان؛ بەڵام بە پشـــت بەستن بە ئیختیار لە یەکخســـتنی ئەو کۆنوانســـیۆنە لەگەڵ بە نـــاو "داب و نەریت"ەکانی کۆمەڵـــگا، کە هەر لە یەکەمین خاڵەکانی ئەو کۆنوانسیۆنەدا ئەرز تا ئاسمان و لە سەدەکانی ناوەڕاســـتەوە تا بە ئەمڕۆ جیاوازی هەیە، پێشێلی کردووە. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو ڕاستیە ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە پێویستە.

## پێدۆفیلیزمی ڕەسمی

تەبســـەرەی یەکـــی مـــادەی دەی یاســـای مەدەنی، پەســـەندکراوەی ١٣٦٠ی مەجلیسی شـــوڕای ئیسلامی، تەمەنـــی بلوغی بۆ منداڵی کچ، نۆ ســـاڵ و بۆ منداڵی کوڕ، پازدە ســـاڵی دیاری کردووە. ئەو بارودۆخە بە واتای ئێزن پێدان بە هاوسەرگیری منداڵانی کچ و کوڕە. بەڵام لە مانای شـــەرعیدا، بلوغ بە واتای گەشە کردنی بە تەواوی نییە. بە پێی یاســـای ئیســـلامی منداڵی کچی ٩ ساڵە دەکەوێتە بەر دەستدرێژی ڕەسمی، بەڵام مافی ئەوەی نییە کە خاوەنی مڵك و ماڵ وە یان بەرهەمەکان و دەســـتڕەنجی خۆی بێت، چونکوو باڵغ بوون بە واتای ڕەشـــید بوون نییە. لەو بارەیەوە شەریعەتی ئیسلام دەڵێت :

"بلوغ کاتێکە کە هێزی جەســـتەیی منداڵ گەشە دەکات، ئامادەی پێوەندی سێکســـی و منداڵبوون دەبێت و بە ســـێ تایبەتمەندی خوارەوە دەناسرێتەوە :

ــ چڕوپڕ بوونی مو بە بەری مرۆڤ؛
ــ هاتنە دەرەوەی مەنی؛
ــ تەمەنـــی بلوغ لە منداڵی کچدا ٩ ســـاڵە و لە منداڵی کوڕدا ١٥ ساڵە.

بە پێی یاســـاکانی کۆماری ئیســـلامی منداڵ نە وەك

ئینســـانێکی ســـەربەخۆ، بەڵکوو وەك بەرهەمی مامەڵە و هاوسەرگیریی چاوی لێدەکرێ و لە چوارچێوەی ئیسلامدا مافی بۆ دیاری دەکرێت. یاســـاکانی ئیسلامی بە رەسمی بـــۆ ئەو منداڵانەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی زەواجدا لە دایك دەبن هیچ مافێك ناناسێت.

عولەمای ئیســـلامی هۆکاری سەرنج پێنەدان بە منداڵی لـــە دایك بوو لە دەرەوەی ئیزدواج دێننەوە بۆ تەمێ کردنی دایك و باوك و ترساندنی کۆمەگا لە پێوەندی نامەشروع.

## هاوسەرگیری منداڵان لە ئێران

فەرشـــیدی یەزدانی لێکۆڵەر و هەڵســـووڕاوی دیفاع لە مافی منداڵ بە پشتبەستن بە ساڵنامەی ناوەندی ئاماری ئێران لە ساڵی ١٣٨٥ دەڵێت :

" هەشســـەد و چل و هەشـــت هـــەزار منداڵی ئێرانی زەواجیان کردووە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئامارە رەسمیەکان لە ساڵی رابردوودا ئەم رێژەیە سی هەزار بابەتی هاوسەرگیری رادەگەیەنـــن، کە بەردەوام لە لایەن کاربەدەســـتانی خودی رژیمـــەوە بەدرۆ دەخرێتەوە. بەڵام ئەم لێکۆڵەرە رایگەیاندووە کە نزیکەی حەوت لەســـەی منداڵان لـــە تەمەنی هەژدە ســـاڵیدا هاوسەرگیریان کردووە. ئەوە بە واتای هاسەرگیری هەشســـەد و چل و هەشت هەزار منداڵە. حەوسەد و پەنجا هەزار کەسیان کچ و ئەوانی دیکە کوڕن."

دەبێ سەبارەت بە ئێران لە ئامارەکان ورد بینەوە. واتەی ئەو ئامارە بە زمانێکی ساکار ئەوەیە کە یان ئەو نەوەد و هەشت هەزار کوڕەی کە لە تەمەنی منداڵیدا هاوسەرگیریان کرووە، چەند هاوســـەری بچووك و رەنجوریان هەیە یان منداڵانی کچ لە لایەن پیاوانی گەورە ســـاڵەوە مـــارە کراون، کە ئەم دووهەمەیان زیاترە.

بـــە پێی ئەو راپۆرتە، لەم ژمارەیە بیســـت و پێنج هەزار کەسیان تەڵاقیان سەندووە، کە پازدە هەزار و شەسەد کەسیان کوڕن و ئەوانی دیکە کچن. یازدە هەزار و هەشسەد کەسیش هاوســـەرەکەی مردووە. راپۆرتەکان پێکهاتەی رەگەزی ئەو کەســـانەی کە مردوون نیشـــان نادەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە "هاوســـەرەکان" و "دایکانی بچووك" زۆرترینی ئەو کەسانەن کە بەهۆی دەســـتدرێژی بە جەستەیان گیانیان لەدەستداوە. بە پێی ئەو راپۆرتە، چوارسەد و نەوەد هەزار کەس لە کۆی منداڵانی شاری هاوســـەریان هەیە و لە دێهاتەکاندا زیاتر لە پانســـەد و ســـی و پێنج هەزار منداڵ هاوسەریان هەیە. لەو ژمارەیە، سێسەد و دوازدە هەزار منداڵ کچن و ئەوانی دیکە کوڕن. بەم پێیە هەشـــت لەسەدی منداڵان لە شار و شەش لەســـەدی منداڵانی لە ئاواییەکان زەوجیان کردووە. شەست و دوو هەزار کەسیشیان لە ژێر تەمەنی ١٤ ساڵیدان. فەرشیدی یەزدانی جەخت دەکاتەوە کە پازدە هەزار منداڵی ژێر هەژدە ساڵ تەڵاقیان سەندووە و ئەو ژمارەیە لە شارەکاندا دەگاتە دە هەزار کەس. ناوبراو ئاماژە بە بابەتێکی دڵتەزێن دەکات، ئەویش چواردە هەزار و سێسەد منداڵی دانیشتووی دێهاتەکان کە تەڵاقیان ســـەندووە. لە کۆی شەســـت و دوو هەزار منداڵی دە تا چواردە ساڵ کە زەواجیان کردووە، چل و ســـێ هەزار کەسیان منداڵی کچن و ئەوانی دیکە کوڕن. فەرشیدی یەزدانی وێڕای ئاماژە بە یازدە هەزار و پانسەد منداڵی کوڕی جیابووەوەی دانیشتووی دێهاتەکان، لە بیری ناباتەوە کە سێ هەزار و پانسەد کەسیش کچ بوون. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە کۆی دە هەزار منداڵی تەڵاق ســـەندووی دانیشتووی شـــارەکان، شەش هەزار منداڵیان کچن و چوار هەزار کەسیان کوڕن. فەرشـــیدی یەزدانی دەڵێت :" چوار هەزار منداڵ لە دێهاتەکاندا هاوسەرەکانی خۆیان دەستداوە، کە دوو هەزار و سێســـەد کەســـیان کچن و هەزار و ســـەد کەسیان منداڵی کوڕ بوون."

دیاردەی" بێ هاوســـەری" یان نیســـبەتی رەگەزی بێ هاوســـەر نیشـــانی دەدات کە زیاتر لە شەست لەسەدی بێ هاوســـەری لە نێو منداڵانی ژندا باوە. بە واتایەکی دیکە، پەنجا و چوار لەســـەدی بێ هاوســـەری لە تەمەنی دە تا چواردە ساڵی و شەست و شەش لەسەدی بێ هاوسەری لە تەمەنی ١٥ بۆ نۆزدە ساڵی لە نێو ژناندا باوە. هەروەها "بێ هاوســـەری" زۆربەی ژنانی تەمەنی پازدە بۆ نۆزدە ساڵی باوە. هەروەها کورت ماوە بوونی دەورانی بێ هاوســـەری" پیاوی منداڵ" و مانەوەی خوازراو یان نەخوازراوی" ژنی منداڵ" لە دەورەی بێ هاوسەری لە لایەکەوە و هاوسەرگیری ســـەر لەنوێی پیاوی منداڵ یان پیاوانی سەرەوەی تەمەنی تا نۆزدە ســـاڵ لەگەڵ ئەو ژنانەی کـــە هەرگیز زەواجیان نەکردووە یان دووشـــیزەکان و نەرەخســـانی ئەو دەرفەتە بۆ "منداڵانی تەڵاقدراوی( ژن _منداڵی بێ هاوســـەر)، کە زۆربەیان بەهۆی نەبوونی پەردەی بەکارەت و گرینگیدان بە کولتوورە کۆنەپەرەستانەیە لە لایەکی دیکەوە، بووەتە هۆی چوونەســـەرەوەی رێژەی ژنی منداڵی بێ هاوسەر لە چاو پیاوی منداڵی بێ هاوسەر. بەم شێوەیە لێرەشدا دەبینین کە چلۆن منداڵی کچ لە ژێر ستەمی رەگەزیدا رەنج دەبات.

## کۆماری ئیسلامی و کاری منداڵ

بە پێی ئاماری رەسمی، نزیکەی سێ و نیو ملیۆن منداڵ

لە خوێندن بێبەش کراون! بێگومان یەکەمین پرسیارێك کە دەگاتە مێشك، ئەوەیە کە ئەم ژمارەیە لە منداڵان لە کوێ دەژین؟ و چی دەکەن؟ بە پێی ئاماری سەرژمێری کۆماری ئیسلامی لە کۆی کەسانی دە تا نۆزدە ساڵ، نزیکەی دوازدە لەسەدیان لە بواری ئابووریدا بە چالاك ناوبراون، کە حەفتاوپێنج لەسەدیان کار دەکەن و بیست و پێنج لەسەدیشیان بێکارن. لەو سەرژمێریەدا، نزیکەی سێسەد و حەفتا هەزار منداڵی ژێر پازدە ساڵ لە وڵاتدا تۆمار کراون. لەم نێوانەدا، بیست هەزار منداڵی کار لە تاراندا تۆمار کراوە. ئەو ڕێژەیە لەگەڵ ئامارەکانی دیکە نایەتەوە. زۆرێك لە ئامارەکان باس لە حەوسەد هەزار منداڵی کار دەکەن." ئەنجومەنی پشتیوانی لە مافی منداڵان" ئاماژە بە نزیك بە یەك ملیۆن و هەشتسەد هەزار کەس دەکات.

" یونیسێف" مانگی خاکەلێوەی ساڵی رابردوو ژمارەی منالانی کاری سەر شەقامی لە ئێران لە نێوان چوارسەد هەزار تا یەك ملیۆن کەس خەمڵاندووە؛ ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی ئاماری رەسمی کۆماری ئیسلامی، ئەو ڕێژەی لە سەرتاسەری وڵاتدا لە دووسەد هەزار کەس زیاتر نییە. جگە لە مەیلی کاربەدەستانی دەوڵەتی سەبارەت بە کەم نیشان دانی ئاستی کار منداڵ، یەکێك لە گرینگترین کێشەوگرفتەکان لەو بوارەدا، نادیاربوونی تەعریفی منداڵ و کاری منداڵە. بە وتەی سکرتێری گشتی "ئەنجومەنی پشتیوانی لە مافی منداڵ"، لە ئێراندا زیاتر لە نۆسەد هەزار کچ کاری ناوماڵ دەکەن، کە بە پێی تەعریفی "یونیسێف"، منداڵن، بەڵام لە زوومرەی ئاماری منداڵانی کار بە ئەژمار نایەن. فەرشیدی یەزدانی دەڵێت :" بە زیاد کردنی ئەم ژمارەیە بە منداڵانی کار، ژمارەی ئەوان دوو و نیو ملیۆن کەسیش دەبەزێنێت."

هەواڵنێری حکومەتی " ئیلنا" لە ڕێکەوتی بیست و دووهەمی گوڵانی ١٣٨٩دا رایگەیاند، کە:

" ڕێکخراوی دابین کردنی کۆمەڵایەتی بە دەرکردنی ویژەنامەیەك بە بۆنەی هەفتەی کاریگەر، هەموو ئەو یاسا و کۆنوانسیۆنانەی کە ئێران سەبارەت بە پشتیوانی لە مافی منداڵان بە رەسمی ناسیویە، پێشێلی کردووە. لەو گۆڤارەدا وێنەی دوو منداڵی کرێکاری کورەخانە لە ئاستێکی گەورەدا و بەم تەوزیحە( ئای منالەکان، باش زانیتان کە سەرمایەی هەتاهەتاییە کار) بڵاو کراوەتەوە، کە بە سادەیی چەند رستە، هەموو یاسا و ریساکانی نێونەتەوەیی دیفاع لە مافی منداڵانی پێشێل کردووە."

" ئای منالەکان، باش زانیتان کە سەرمایەی هەتاهەتاییە کار" واتە پشتیوانی رەسمی ناوەندەکانی دەوڵەتی لە کاری منداڵان؛ واتە شەرعیەت دان بە کۆیلەتی ئەوان؛ دەست هەڵگرتن لە خوێندنی ئەوان، واتە دیفاع لە سەرمایەداران کە لە بابەت کاری ئەو منداڵانە قازانج دەکەن. ئەو راستیە کاری منداڵان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدەات.

بەکار گرتنی منداڵان، بەردی بناغەی بێ مافی بێ سنووری ئەوان لە بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی دایە. منداڵانێك کە دەبێ لە ئەمنیەت و ریفاه و شایی و خوێندن بەهرەمەند بن، لە سەرتاسەری جیهانی سەرمایەداریدا وەك کۆیلەی هەرزان و سەربازانی بچووك و ئاسیب پەزیری ئەرتەشی زەخیرەی کار لەگەڵ بێکار کردنی بەربڵاوی کرێکاراندا، بە دڕندانەترین شێوە و لە دژوارترین بارودۆخدا دەچەوسێنەوە و کاریان لێ دەکێشنەوە. نیزامی سەرمایەداری سەرچاوەی کاری منداڵە و دیاردەی جیهانی بوونی سەرمایە پەرەی پێ داوە. داسەپاندنی هەژاری و چارەرەشی زیاتر بە سەر چینی کرێکار و چەوساننەوە و بەکارگرتنی لەشی ناسکی منداڵان بۆ کار، ئەوەیە مژدەی جیهانی مۆدێرنی سەرمایەداری بۆ زۆربەی هەرەزۆری هاوڵاتیانی.



کاری منداڵان لە ئێرانیش هەر لە نیزامی سەرمایەداری و چاوچنۆکی سەرمایەدارانەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام تایبەتمەندی کاری منداڵان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە داب و نەریت و یاسا و ریسای حکومەتیش سەرچاوە دەگرێت. مادەی سی و حەوتی کۆنوانسیۆنین مافی منداڵ و پەیماننامەی سەد و هەشتا و دووی رێکخراوی جیهانی کار، هەر دووکیان لەسەر قەدەغە کردنی کاری منداڵ پێداگری دەکەن و کۆماری ئیسلامیش ئەم پەیماننامانەی لە ساڵەکانی ١٩٩٥ و ١٩٩٩دا ئیمزای کردووە. ئیمزا کردنی ئەو پەیماننامانە بە واتای دەخاڵەت دانی لە مەوادی یاسایی و بەکردەوە دەرهێنانیەتی. قسە لەسەر چاوەڕوانی لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێبەند بوون بە بەڵێنیەکانی نییە، بەڵکوو پەردە هەڵماڵین لەسەرفریوکاری و فێڵ و تەڵەکەکانی دەوڵەتی ئێرانە لە بەرچاوی بیرو رای گشتی و سوئیستفادە لە ئیمکاناتێکە کە لە لایەن ناوەندەکانی وەك "رێکخراوی جیهانی کار" و "یونیسێف" خراوەتە ئیختیاری. هەروەها لە قاو دانی ناتەبایی و ناکۆکی تەعریفەکان و لێکدانەوەکانی ئەم ناوەندانە سەبارەت بە نیسبیەتی فەرهەنگی و حەقی یەکخستنی ئەو کۆنوانسیۆنانە لەگەڵ یاسا و ریساکانی



دەوڵەتانێکی وەکوو ئێرانە، کە گوایە بە مەبەستی هاندانی دەوڵەتەکان بۆ قەبووڵ کردنی ئەو پەیماننامانە دەکرێت. لە راستیدا شتێك نییە بێجگە لە ئاوەڵە کردنی دەستی ئەم دەوڵەتانە لە چەوساننەوەی منداڵان و پێشێل کردنی بە ئاشکرای مافی ئەوان. بە پێی مادەی هەشتا و چواری یاسای کاری کۆماری ئیسلامی و بە پێی پەیماننامەی سەد و هەشتا و دوو، کاری مەترسیدار بۆ منداڵانی ژێر پازدە ساڵ قەدەغەیە. بەڵام بە تەبسەرەی سەد و حەفتا و نۆی هەر ئەم یاسایە، هەموو ئەوانە دەچێتە ژێر پرسیار. ئەو تەبسەرەیە دەڵێت کە کارگاکانی بچووکی بنەماڵەیی لەو یاسایە مەعافن، هەروەها کارەکانی دەوڵەتی. لەو رووەوە کە لە یاسای شەرعی ئیسلامیدا، کارکردن" باب الاجارە"یە، دایك و باوك وەلی منداڵ و خاوەن ئیختیاری ئەون، ئەگەر بە رەزامەندی باوك ئەو کارە بکات، یاسا مافی دەستێوەردانی نییە.

## جۆرەکانی کاری منداڵانی کار!

" سەید محەمەدی جەهرۆمی"، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی رژیم لە دووسەد و نەوەد و پێنجەمین کۆبووەی ساڵانەی" رێکخراوی جیهانی کار" رایگەیاند: منداڵانی کار لە ئێران بیست و شەش جۆر کار دەکەن. ناوبراو پشتیوانی جیدی کۆماری ئیسلامی لە بەرنامەکانی دەبیرخانەی" رێکخراوی جیهانی کار" لە پێوەند لەگەڵ قەدەغە کردنی کاری منداڵان و هاوکاری لەگەڵ" ئای پی ئی سی" راگەیاند. بەڵام قسەیەك کە جەنابی وەزیر لە بیری چۆتەوە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی و جەنابیشی وەك وەزیری کاری ئەو رژیمە، هۆکاری سەرەکی بارودخۆی تراژیکی کاری منداڵان لە ئێرانن. شایەتیش بە شێوەی باوی پارێزەرانی سەرمایەداری تاوانی کاری منداڵان بخاتە ئەستۆی کولتور و داب و نەریتی بنەماڵەکان! بەڵام جەنابی وەزیر! لە بیری چوەتەوە کە ئەوە فەرهەنگ و داب و نەریتی خوارەوەی کۆمەڵگا نییە کە لە ئێراندا منداڵان بەکار دەهێنن، بەڵکوو بە هۆکاری ئابووری سەرچاوەگرتوو لە بێ کیفایەتی دەوڵەتی سەرمایەداری و داسەپاندنی دواکەوتووانەترین یاسای سەدەکانی ناوەڕاست با پاڵپشتی شەریعەتی ئیسلامی بە زەبری سەرکوت، ئەشکەنجە و هەڕەشە و ئیعدام بەسەر کۆمەڵگایە کە منداڵانی ئێرانی کردووە بە کۆیلەی کرێگرتە و بێ ماف ترین و لەبیرکراوەترین منداڵانی جیهان.

ئاستی کاری منداڵ زۆر بەربڵاو و بارودۆخی کار و

ژیانی ئەوان گەلێك مەترسیدارە. سەدان هەزار منداڵ لە ئێراندا کاری کرێگرتە دەکەن. منداڵان لە ئێران لە بیست و شەش بابەتی کاری مەترسیداردا، تەنانەت لە تەمەنی ٥ ساڵیشدا کار دەکەن. کار لە کارگاکان و کارخانەکانی بەرهەمهێنەری بچووك، کار لە ناو ماڵ وەك رستن و چنینی حەسیر و قاڵی بەشێك لەو کارە پڕمەترسیەن. بە پێی ئامارە رەسمیەکان، تەنیا لە ئۆستانی فارسدا چل و پێنج هەزار داری قاڵی هەڵواسراوە. لە شاری خوی، بیست و یەك هەزار کەس لە پای داری قاڵی دا کار دەکەن. لە ناوچەی ئەفشاری کوردستانیش، زیاتر لە سی و پێنج هەزار ژن و منداڵ لە پشتی دارەکانی قاڵیدا ئیش دەکەن. ئەگەر سەرنج بدەین بەوەی کە سی و پێنج لەسەدی قاڵی جیهان لە ئێراندا بەرهەمدەهێنرێت، دەبینین کە تەنیا لەو مەیدانەدا چ خێڵێکی زۆر لە منداڵان خەریکی کارن و بە دانیشتنی درێژماوە لە پاڵ داری قاڵیەکان و کاری دژوار و تاقەت پڕوکێن، چ خەسارەتێکی لە جوبران نەهاتوو دەگەیەننە جەستە و لەشی نازداریان. هەروەها منداڵان لە ئێران لە کارگاکانی بەرهەمهێنەری دەرگا و پەنجەرە، بازاڕی تەرەباری گەورەی تاران، گواستنەوەی بار، کار بە کارەبای فشار قەوی، جادەسازی، رووەە پاك کردن، دەباغی، کوورەخانە، خەیاتی، مۆنتاژی کەلوپەلی ئیلیکترۆنیکی، میکانیکی، سەمپاشی، شووشەسازی، بەرهەمهێنانی حاجەتی بلوری، کاری ناوماڵ کە کارەکانی وەك بەرهەمهێنانی پێچ و مۆرە، مۆنتاژی کەلوپەلی یەدەکی و پاك کردنی سەوزی و هتد بۆ رێستورانەکانە، رستن و چنین، شۆردنی پەشم و دەیان کاری سەخت و زیانباری دیکەدا لە سەر شەقام کار دەکەن.

لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینیدا، هەواڵی وەك ئیجارەدانی منداڵانیش لە ئێراندا بڵاوکراوەتەوە. ئەو دیاردەیە پێشتر تەنیا تایبەت بە منداڵانی کرێکار لە نێو کارگاکانی بچووك و رستن و چنینی قاڵی بوو، بەڵام ئەمڕۆکە بەکرێ دانی منداڵانی سەر شەقامیش دەگرێتەوە. بە پێی راپۆرتەکان، رۆژانە زیاتر لە پێنج ملیۆن و سێسەد تۆن زبڵ لە جیهاندا بەرهەم دەهێنرێت، کە بەشی ئێران لەو رێژەیە نزیکەی چل هەزار تۆنە. بەشی سەر لەنوێ بەرهەمهێنانەوەی زبڵ بە کەل و پەل لە ئێران هەشت لەسەدە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەو رێژەیە لە ئاڵمان و وڵاتانی پیشەسازیدا هەشتا لەسەد لە نەوەد هەزار تۆن زبڵ دەگرێتەوە. لە ئێراندا منداڵانی هەشت ساڵە و تەنانەت ژێر هەشت ساڵی کۆچبەری ئەفغانستانیش زبڵ کۆ دەکەنەوە. داهاتی مامناوەندی ئەم منداڵانە دوای رۆژانە هەشت سەعات گەڕان بە نێو زبڵدا، تەنیا هەشت هەزار تمەن لە بەرانبەر هەر بیست کیلۆ زبڵدایە.

ئاماری راستەقینەی منداڵانی کار لە ئێران بە لەبەرچاو گرتنی منداڵانی کچ کە کاری ناو ماڵ دەکەن و کرێکارانی بچووك لە بەشی کشت و کاڵ و بەکارهێنانی منداڵان لە بازرگانی سێکس و مادەی سڕکەر، سنووری ٤ ملیۆن کەسیش دەبەزێنێت.

## کاری سەر شەقام

کاری سەر شەقام یەکێك لە مەترسیدارترین کارەکانی منداڵانە. لەو رووەوە کە لایەنەکانی ئاشکرای کاری" سەر شەقام" زۆرە، زیاتر لەسەری قسە دەکرێ. هەروەها بە هۆی ئاشکرا لایەنەکانی زیاتر لە کارەکانی دیکە، ئیمکانی لێکۆڵینەوە لەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی منداڵانی کرێکار لەو مەیدانە دەدات بە دەستەوە. کاری سەر شەقام لە هەمان حاڵدا دڵتەزێن ترین شکڵی حزوری مرۆڤی بچووك لە مەیدانی کاردایە؛ زستان لە پاڵ کیوسکەکانی تەلەفوندا لەسەرما رەق هەڵدەگەڕێن و دەمرن و هاوینیش لە نێو زبڵ و دووکەڵ و ئالودەگی هەوا تووشی نەخۆشینی جۆراوجۆر دەبن. بە هۆی ئەوەیکە کاری سەر شەقامی منداڵان، سومبولی بەکار گرتنی منداڵان لە وڵاتانێکی وەك ئێران و برزیلە، بە شێوەیەکی وردتر دیاردەی کاری سەر شەقام لێکدەدەینەوە. بە هۆی ئەوە برزیل و ئێران وەك نمونە دێنمەوە کە برزیل یەکەمین وڵاتی جیهانە کە زۆرترین ژمارەی منداڵانی سەر شەقامی هەیە و ماجەرای دڵتەزێنی راو کردنی منداڵان وەك گایەلی سەگی وەحشی لە لایەن پۆلیس لە ریۆدۆژانیرۆ بیروڕای گشتی جیهانی هەژاند؛ ئێرانیش سەرەڕای تازە بوونی دیاردەی منداڵانی کاری سەر شەقام ئەو دیاردەیە لە ساڵی ١٩٩٦ەوە تا ئێستا بە خێرایی لە برزیل نزیك بوەتەوە.

گەلاڵەی کۆ کردنەوەی منداڵانی کاری سەر شەقام لە ئاستی شار و دایەر کردنی" خانەی سەبز" و تووندوتیژی نواندنی مەئمورانی ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵانی سەرشەقام، شایەتی ئەو راستیەن.

لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە ئەزیەت و ئازار لە نێو منداڵانی کار و سەر شەقام لە چاو منداڵ ئازاری لە نێو منالانی دیکە گەلێك زیاترە. ئاماری بەردەوام روو لە چوونەسەرەوەی منداڵانی کار و سەر شەقام لە ئێران دەتوانێت تەئیدێك بێت لەسەر پەرەسەندنی منداڵ ئازاری. سکرتێری گشتی "ئەنجومەنی پشتیوانی لە منداڵان"

لە ڕێکەوتی سـێ و یەکەمی مانگی پووشـپەڕی ساڵی ڕابردوودا ڕایگەیاند:" لە سـاڵی ١٣٧٥دا، دە لەسەر سەدی منداڵانی لە نێوان دە تا هەژدە سـاڵ کاریان دەکرد، بەڵام بە پێی ئاماری سـاڵی ١٣٨٥، ئەو ڕێژەیە گەیشـتووەتە دوازدە و حەوت دەهۆمی لەسەد، کە یەك ملیۆن و شەسەد هەزار منداڵ دەگرێتەوە. فەرشـیدی یەزدان لەو بارەیەوە بە هەواڵنێری حکومەتی" ئیسنا"ی ووت

" بە سـەرنجدان بە ئاماری دانیشـتوانی ئێران و ژمارەی خوێندکاران، ئێسـتاکە زیاتر لە سێ ملیۆن و شەسەد هەزار منداڵ دەسـتیان لە خوێندن هەڵگرتووە. ژمارەی منداڵانی کار و سەر شەقام بە وردی روون نییە و ناوەندەکانی بەرپرس نە تەنیا ئامارەکانی ڕێکخراوە ناحوکمیەکان قەبووڵ ناکەن، بەڵکوو سەبارەت بە ئامارەکانی یەکتریش گومانیان هەیە."

ڕێکخراوی بێهزیسـتیش ڕایگەیاند کە لەمساڵدا ژمارەی منداڵانی شناسـایی کراوی سەر شـەقام لە تاران لە چاو سـاڵی ڕابردوو دوو قات بەرز بوەتـەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە حەسـەنی میعماری، جێگری ئیدارەی گشتی خەسارە کۆمەڵایەتیەکانی شـارەداری تاران وێڕای ئاماژە بەوەیکە تا ئێسـتا نزیکەی حەوت هەزار منداڵی خیابانی شناسایی کراون، لە ڕێکەوتی بیسـت و حەوتی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٧٨دا بە "بۆرنا نیوز" ڕاگەیاند :

" ئامارێك کە ڕێکخراوی بێهزیستی بڵاوی کردۆتەوە، هەزار منداڵی سـەر شەقام لە تارانە، ئێمە نازانین ئەو ڕێکخراوەیە ئـەو ئامارەی لە کـوێ کۆ کردوەتەوە و پشـتی بە چی بەستووە."

مێـژووی سـەرهەڵدانی نامەبارەکی نـان دەرهاوردن لە کۆڵان و شـەقامەکانی ئێران بۆ گشت بنەماڵەکان لە لایەن منداڵانـەوە تا ئـەو جێگایەی کە بە مەتـرەح بوونی ئەو دیاردەیە لە چاپەمەنیەکان دەگەڕێتەوە، لە ساڵی ١٩٩٦دا و ئەویش لە ئاستێکی بەرتەسکدا بوو. بە پێی ئەمارەکانی ئەو سـاڵانە، ژمارەی منداڵانی سەر شەقام بیست هەزار کەس ڕاگەیەندرابوو. بەڵام تەنیا چوار ساڵ دواتر، واتە لە ساڵی ٢٠٠٠دا، یـەك ملیۆن کەس ڕاگەیەندرا. سـەیر ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئاماری دەوڵەتی لە دەوروبەری هەر ئەو بیست هەزار کەسـە یان لانیزۆری دووسەد هەزار کەسدا دەگەڕێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە تێکۆشـەران و توێژەرانی بواری دیفاع لە مافی منداڵان و بزووتنەوەی هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵان ڕادەی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژەیە یەك ملیۆن و دووسەد هەزار کەس دەخەمڵێنن و سەبارەت بە بوارەکانی جۆراوجۆری ژیان و کاری منداڵانی سەر شـەقام گەلێك ڕاپۆرت و هەوڵیان بڵاوکردۆتەوە کە پێکەوە چاوێکیان پێدا دەخشـێنین. بەڵام ئیزن بدەن کە پێش لە هەر شتێك لە هەر شتێك چاوگێڕانێکمان بێت بەسەر تەعریف و هەڵسـووکەوتەکان لەگـەڵ دیاردەی منداڵانی کار و سـەر شـەقام. دەمەوێت لە بەرانبەر ئەو کەسانەی کە دیاردەی منداڵانی کار و سـەر شەقام بە مەسەلەیەکی فەرهەنگـی ناو لێدەبەن، یان تایبەت بە منداڵانی کۆچبەر یان بێ سەرپەرەست دەزانن، بڵێم کە سەرەئەنجام" یونیسێف" ڕایگەیاند :

- منداڵانی پەرسە منداڵانی کارن؛

- زیاتر لە هەشـتا و پێنج لەسەدی منداڵانی کاری سەر شـەقام لەگەڵ بنەماڵەکانیان دەژین و بەهۆی هەژاری و نەبوونی و بێکاری بـاوك و دایکیان ڕوویان کردوەتە کاری خیابانی. ئەم مەسـەلەیە تەعریفی بێ سەرپەرەست بوونی منداڵانی پەرەسە بێ ئیعتبار دەکات.

- بـە ڕاگەیاندنی ئەوەیکـە تەنیا دوازدە لەسـەدی ئەو منداڵانە کۆچبەرن یان لە شـارە بچووکەکانەوە ڕوو دەکەنە شـارە گەورەکان، تەعریفی نادروست و بەهەڵەی گەرایشی سەرەوە زیاتر جاران بێ ئیعتبار دەبێت.

ئـەم تەعریفانە گرینگن، چوونکوو سیاسـەت و ڕێگا و ڕەوشـتی بەرخوردی جیاواز بە دیـاردەی کاری منداڵانی سـەر شـەقامیان لە خۆدا گرد و کۆ کردوەتەوە. لە بیرمان نەچێتەوە کاتێك کە ماوەیەك لەوەپێش قسەم لەسەر دیاردەی منالان و منداڵانی کار و سـەر شەقام و منداڵانی کۆیلە بەگشـتی لە ئێران دەکرد، دۆسـتانی هەرە بەڕێزم لە ئێران وەبیریـان دەهێنامەوە کە ئێران، هیند و پاکسـتان نییە. لەم قسـانە مەکەن! هـەر ئەو کات لە ڕۆژنامەی" سـوبح" لە ئاوریلی ٢٠٠٠ ڕۆژنامەنووسـێك بە نـاوی "زۆهرە خۆش نمەك" لەمبارەیەوە نووسیبووی :

" لە قومدا خەبەرێك لە سـڵاو و تەندروستی نییە. لێرەدا منداڵانی شـەش بۆ شازدە ساڵ لە بەرانبەر بڕی پارەیەکی کەمی بیسـت و پێنج تا سەد و پەنجا هەزار تمەن لە ساڵدا بەکرێ دەدرێن."

ڕۆژنامەی" هەمشەهری"یش لە ساڵی ١٣٨١دا نووسی :

" سێزدە لەسەدی منداڵان بۆ بەدەستهێنانی ڕۆژانە هەزار و سێسەد تمەن بوون بە منداڵی سەر شەقام."

بە پێی دوایین زانیاریەکان، هەشـتا لەسەدی منداڵانی سەر شەقام، منداڵانی کارن کە بەهۆی هەژاری و نەبوونی بنەماڵەکانیان ناچارن لەسـەر شـەقامەکاندا کار بکەن و زۆربەیان لە ئۆسـتانەکانی خوراسـان، تاران، لوڕستان و کوردسـتاندان. نەوەد لەسەدی ئەو منداڵانە دایك و باوکیان

هەیە، هەشتا لەسەدیان کۆچبەرن، کە چل و دوو لەسەدیان لە دێهاتەکان و شـــارەکانی دیکەی ئێرانەوە بۆ ئەو شوێنانە چوون و هەشت لەســـەدیان لە وڵاتانی دیکەوە هاتوون. لە بواری رەگەزیشـــەوە حەفتا و هەشت لەسەدی ئەم منداڵانە کوڕن و لە تەمەنی پێنج تا هەژدە ساڵی دان.

## ئیجارە دانی منداڵانی کاری سەر شەقام

لێکۆڵینـــەوەکان لە ئێران نیشـــانی دەدەن کە ژمارەیەکی بەرچاو لە منداڵانی کاری ســـەر شەقام بە هۆی نەبوونی بنەماڵەکانیـــان بـــە برە پارەیەکی زۆر کەمی ســـەد هەزار تمەنی لە ســـاڵدا دەدرێن بە باندەکانی مافیایی ئیجارەدانی منداڵان. دوکتـــور "فاتمە قاســـم زادە"، ئەندامی لێژنەی زانســـتی زانکۆی تاران و ئەندامی "ئەنجومەنی پشتیوانی لە منداڵان" لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێری حکومەتی "مێهر" وێڕای راگەیاندنی ئەو هەواڵە، وتی :

" ئەگەرچی زۆربەی ئەم منداڵانە لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە ئەجیر کراون، بەڵام هێندێکیشیان لە لایەن باندەکانی قاچاخ لە بنەماڵەکان بە نرخی ســـاڵانە ســـەد هەزار تمەن ئیجارە کراون و لە لایەن کەســـانی قازانج پەرەستەوە دەچەوسێنەوە. ئـــەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم باندانە لەم رێگەیەوە قازانجێکی زۆر و زەبەند دەخەنە گیرفانی خۆیان."

ئەو جەختی کردەوە کە ئەو لێکۆڵینەوەیە لەسەر پێنسەد و هەشـــتا و پێنج منداڵی کار و سەر شەقام لە تەمەنی نێوان شەش تا هەژدە ساڵ دەرخەری بارودۆخی خراپی جەستەیی و دەرونی ئەو منداڵانەیە. ناوبراو لە درێژەدا وتی :

" هەشتا لەسەدی ئەم منداڵانە تووشی باڵاکورتی، هەشتا و شەش لەسەدیان لەگەڵ کەمبوونی وەزن، حەفتا و حەوت لەســـەد نەخۆشـــینی دەم و دیان، حەفتا و سێ لەسەدیان نەخۆشـــینەکانی چاو، شەســـت و یەك لەسەد نەخۆشینی پێوەندیدار بە هەناسە، شەســـت و چوار لەسەد نەخۆشینی دڵ و دەمار، شەســـت لەســـەدیان نەخۆشینەکانی گوێچکە و لوت، هەشـــتا و دوو لەســـەدیان نەخۆشـــینی پێستی و شەست لەســـەدیان تووشی نەخۆشـــینی گەوارشی بوون. پەنجاوشـــەش لەسەر سەدی ئەو منداڵانە بێ سەوادن، سی و دوو لەســـەدیان تووشی کێشـــەی حافزەن، سی لەسەدیان کێشـــەوگرفتی فێربوونیان هەیە، شەســـت و یەك لەسەدیان لەگەڵ کورت زەینی، بیســـت و یەك لەسەدیان کەمبوونی کونجکاوی، شەســـت و چوار لەسەدیان کەمبوونی ناسینی شـــوێنی ژیان و کاریان و شەست و یەك لەسەدیش لەگەڵ کێشەوگرفتی وتاری بەرەوڕوون."

فاتمە قاسم زادە جەختی کردۆتەوە :

" تـــا کاتێك کـــە یارمەتیەکی دارایی بـــە بنەماڵەی ئەم منداڵانـــە پەرداخت نەکرێت یـــان یەکێك لە دایك و باوکیان کارێکی گونجاو نەدۆزنەوە، هەروا بنەماڵەکانیان پێویستیان بە کاری ئەم منداڵانە هەیە و ئەم نانخۆرە بچوکانە وەك نان ئاوەری سەرەکی بنەماڵە دەچەوسێنەوە."

## توندوتیژی لە دژی منداڵانی کاری سەر شەقام

منداڵانی کاری ســـەر شەقام ئاســـیب پەزیرترین بەشی منداڵانـــی کارن. هـــەر چەند کە توندوتیـــژی لە دژی منداڵانـــی کرێکار لە هەموو مەیدانەکانی کاردا شـــتێکی بـــاوە و یەکێك لەهۆکارەکانـــی وەرگرتنی منداڵان لە لایەن خاوەنکارەکانـــەوە هەر ئەم منداڵی و قابلی کونترۆڵ بونیانە لە رێگەی ترســـاندن و تۆقاندنەوە؛ و ئەگەر چی رووداوی شوێنی کاریش بۆ هەموو منداڵانی کار شتێکی باوە، بەڵام منداڵانی کاری سەر شەقام بەهۆی بارودۆخی مەترسیداری شوێنی کارەکەیان دەکەونە بەر جۆرەها توندوتیژی جەستەیی و دەرونی؛ لە توندوتیژی بە قســـە و جنێو و سووکایەتی بە کەسایەتی شەریفی منداڵەوە بگرە تا لێدان و ئازار و ئەزیەت و توندوتیژی جەستەیی. لێکۆڵینەوەکانی فاتمە قاسم زادە نیشانی دەدات کە پەنجا لەسەدی ئەم منداڵانە دەکەونە بەر سوئیستفادەی جینســـی. ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشانی دەدات کە :

" ئاستی داهاتی مانگانەی یازدە لەسەدی ئەو منداڵانە پەنجا هەزار تمەنە؛ بیســـت و سێ لەسەدیان هەشتا هەزار تمەن و کەمتر، بیســـت و هەشت لەسەدیان لە نێوان سی تا پەنجا هەزار تمەن و بیســـت و سێ لەسەدیشیان لە سەروی سەد هەزار تمەنەوە حەقدەستیان پێ دەدرێت. بیست و شەش لەســـەدی منداڵانی کار لە نێوان چوار تا شـــەش سەعات کار دەکەن، ســـی و پێنج لەسەدیان شەش تا هەشت سەعات و بیست و چوار لەســـەدیان لە سەروی دە سەعات دەکەن. هەشـــتا و سێ لەســـەدیان لەگەڵ بنەماڵەکانیاندا دەژین و پەنجا و چوار لەسەدی ئەو منداڵانە داهاتی خۆی سەرفی بنەماڵەکەی دەکات. شەست و پێنج لەسەیان دایك و باوکیان هەیـــە و ئەندامانی بنەماڵەکانیان لە نێوان پێنج تا ٨ کەس راگەیەندراوە."

زانکـــۆی تارانیش لـــە لێکۆڵینەوەیەکـــدا رایگەیاند کە نەوەد و دوو لەســـەدی منداڵانی کاری سەر شەقام لە نێوان چـــوارده بۆ هەژدە ســـاڵدان و دوو هـــەزار منداڵی کار لە

تارانیش بەردەوام هەڕەشـــەی توندوتیژی جینسیان لەسەرە. موعتەمێـــدی دەروونناس و ســـەرۆکی ناوەندی قوربانیانی توندوتیژی دەڵێت :

" دە لەسەر سەدی منداڵانی کار بەگشتی منداڵانی کچن، کە لەو ژمارەیە دوو هەزار کەســـیان لە تاران دایە. بە وتەی ئـــەو ژمارەیەك باند و گروپ هەیە کە بە رفاندنی منداڵان بە تایبەتی منداڵانی کچ دەستدرێژی دەکەنە سەریان."

بە پێـــی ئـــەو لێکۆڵینەوەیە لە بواری گەشەســـەندنی کۆمەڵایەتیدا، هەشتا لەسەدی ئەو منداڵانە بەخێرایی تووڕە دەبن و ســـی و حەوت لەسەدیان گیرۆدەی ئیعتیادن. پەنجا لەسەدیان دەستیان داوەتە دزی، چل و یەك لەسەدیان کڕین و فرۆشـــتنی ماددەی سڕکەر و هەشتا و پێنج لەسەدیشیان کەل و پەلی گشـــتیان تێکداوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە پەنجا لەسەدیان کەوتوونەتە بەر سوئیستفادەی جینسی.

## فێرکردن و بارهێنان و خوێندنی منداڵان

بە پێی دوایین ئاماری ســـەرژمێری لە ســـاڵی ١٣٨٥، بیست و سێ ملیۆن، واتە سی و دوو لەسەدی دانیشتوانی حەفتا ملیۆنـــی ئێران منداڵانی ژێر ١٨ ســـاڵن. بە پێی ئاماری ڕەســـمی، لەم ڕێژەیە، سێ و نیو ملیۆن منداڵ لە خوێندن بێ بەشن، کە یەك ملیۆن و حەوسەد هەزار کەسیان منداڵانی کارن. هەڵبەت ئاماری ڕاستەقینە زۆر زیاترە لە ئاماری ڕەسمی و دەوڵەتی.

جیا لە کاری منداڵان وەك پاشـــنە ئاشـــیلی بێبەش بوون لە خوێنـــدن و ســـەرچاوەی هەموو ئازارەکان و خەســـارە کۆمەڵایەتیەکانی داوێنگیری جەســـتەی نازداری ئەوان، هۆکارگەلێکی دیکەش کە لە بنەڕەتدا دیســـانەوە ئابوورین، بـــەر بە خوێندنی منداڵان دەگرن. ئەو هۆکارانە بریتین لە: خەرجی زۆری کەل و پەل و لیباســـی خوێندن، شەهریەی قوورس، خەرجی زۆری قەڵەم و کاغەز و دەفتەر بە تایبەتی بـــۆ بنەماڵە کرێکاریـــەکان؛ و ڕێوڕەســـمی جۆراوجۆری" جەژنی تەکلیف" کە لە ڕاستیدا ڕێوڕەسمی قوربانی کردنی منداڵانـــی کچ لە دەرگای خواوەند و بە واتای باڵغ بوونی ئەو منداڵانە لە تەمەنی هەشـــت و نیو ساڵیدایە، ناوەرۆکی ئایینی و قورســـی دەرســـەکان و نەبوونی هۆگری لە نێو منداڵان بۆ خوێندنی ئەو دەرســـانە، تەمێ کردنی منداڵان لە مەدرەســـەکان، نەبوونی ئازادی و ئیمکانی کایە کردن، بەرتەســـك کردنەوەی شایی و خۆشی و کایە بۆ منداڵان بە تایبەتی منداڵانی کچ بە هۆی پۆشـــینی جلوبەرگی ئیســـلامی کە تەنانەت کاریگەری خراپی لەســـەر بڕبڕەی پشت و ئێسکی لەشیان داناوە؛ ڕۆژنامەی" گوزارش" کە لە ئێران بڵاو دەبێتەوە، چەند ساڵ لەوەپێش نووسیبووی:

" سەرەڕای ئەوەیکە بە پێی ئەسڵی سێی قانوونی ئەساسی،" دەوڵـــەت موەزەفە تا کۆتایی دەورانـــی دواناوەندی کەل و پەلی فێرکـــردن و بارهێنان بۆ هەمـــوو میلەت بەخۆڕایی دابین بـــکات و کەل و پەلی خوێندنی باڵاش تا ئاســـتی خۆبەڕێوەبردنـــی وڵات بەخۆڕایی دابـــەش بکات"، بەڵام بەهۆی خەرج کردنی زیاتر لـــە نیوەی بوودجەی ئاموزش و پەروەرش لە مەدرەســـەکانی دەرەوەی ئێران بە تایبەتی لە وڵاتانی وەك ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی، منداڵان دەبێ شـــەهریەی قوورس بدەن، ئەمەش لە توانای ئەواندا نییە و پێش بە خوێندنی ئەوان دەگرێت."

لە باری دەستەمەڵگرتن لە خوێندن، بارودۆخی کچ لە کوڕ گەلێك خراپترە؛ چونکـــوو کوڕەکان جگە لە ئیجبار بە کار کردن، بۆ خۆیان دەست لە خوێندن هەڵدەگرن، بەڵام کچەکان لە بنەڕەتدا لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە بۆ ئەنجامدانی کاری ناوماڵ یان بەشوودان، ناچار دەکرێن تەرکی تەحسیل بکەن. ئامارەکانی دەوڵەتی باس لە خوێندنی زیاتر لە ٩٠ لەسەدی منداڵان دەکەن.

بە پێی ئەســـڵی پازدەهەمی قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی، "کەڵك وەرگرتن لە زمانی مەحلی و قەومی لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنەکان و وتنەوەی دەرســـی ئەدەبیاتی ئەو زمانانە لە مەدرەسەکان لە پاڵ زمانی فارسی ئازادە." بـــەڵام، بەکردەوە قەدەغەیە. وەزارەتی فێرکردنو بارهێنانی کۆماری ئیســـلامی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

- هەڵاواردنی ڕەگەزی و جیاکردنی مرۆڤەکان لە یەکتری، کوڕانە و کچانە کردنی مەدرەسەکان، دوور ڕاگرتنی منداڵان لە یەك و ڕێکخستنی جەژنی هەژێنەری تەکلیف و ...؛
- پێشـــێل کردنی مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی جلوبەرگ و داســـەپاندنی حیجابی ئیجباری بەســـەر منداڵانی کچ، کە پێش بە گەشـــەی ئازادانەی ئەوان دەگرێت و نەبوونی جموجۆڵ لـــە نێویاندا کاریگەری خراپی لەســـەر بڕبڕەی پشتی منداڵانی کچ داناوە و بە جەستەی ناسکی منداڵان ئاسیبی گەیاندووە؛
- بارهێنانی ئایدەئۆلۆژیکی منداڵان بە مەبەســـتی ئاماد کردنیان بۆ هێزەکانی وەك بەسیج و سپا، کە ناوەرۆکی زۆرێك لە زنجیـــرە تەلەویزیۆنیەکان و بەرنامەکانی ڕادیۆیی و ... لەو ئاراســـتە دایە و لە زوومرەی دیاردەی بە سەربازگرتنی منداڵان بە ئەژمار دێت؛

- ئایدەئۆلۆژیـــك بوونی ناوەرۆكی كتێبەكانی دەرســـی و شـــێوازی دەرس وتن بە پێی مەفاهیمی ئایدەئۆلۆژیك و دواكەوتووی ئیســـلامی، ئەویش لە نەوعی دەوڵەتیەكەی، نـــەك تەجرەبە و ئەزمـــون و تاقی كردنـــەوە و دواكەوتن و بیركردنەوەی جیاواز كە زەینی منداڵ بپشكوێنێت.

- هـــەر لەم پێوەندەدا لەســـە داوای" خانـــەی ئازادی" لە واشینگتۆن لەسەر كتێبەكانی دەرسی لە ئێران لێكۆڵینەوەیەك كراوە و لەگەڵ كتێبە دەرسیەكانی ئامریكا هەڵسەنگێندراوە. ئەو لێكۆڵینەوەیە لەســـەر نەود و پێنج كتێبی دەرســـی لە ســـاڵی خوێندنی ١٣٨٥-١٣٨٦ ئەنجـــام دراوە و لێكدانەوە لەســـەر ناوەرۆكی چوارســـەد و دوازدە دەرس و لێكۆڵینەوە لەسەر یازدە هەزار لاپەڕە و سێ هەزار و سەد و پازدە وێنە و شكڵە. بە چاوخشاندنێك بەسەر ئەو ئامارانە لەسەر رادەی بەشـــداری ژنان و پیاوان لە وێنەی كتێبەكانی قۆناغەكانی جۆراوجـــۆری خوێندنـــی دەورانی ئیبتدایی، مقایســـەی ئەو ئامارە لە ســـاڵەكانی خوێندنـــی دوای یەك و هەروەها چۆنایەتی بەشداری ئەوان، بۆمان دەردەكەوێت كە جگە لە جیاوازیەكی بەرچاو كە حزوری كچان لەو وێنانەدا لە چاو حزوری كوڕان هەیانە( واتە هەشتا و دوو لەسەد لە بەرانبەر شـــەش لەسەد لە ســـاڵی پێنجەم) و هەروەها رەوتی روو لە دابەزینی حزوری كچان( لە ١٩ لەسەد لە ساڵی یەكەمەوە بۆ شـــەش لەســـەد لە ســـاڵی پێنجەم)، لە بەرانبەر رەوتی روو لە بەرزبوونەوەی بەشـــداری پیاوان( لە ٣٤.٥ لەسەد لە ساڵی یەكەمەوە بۆ هەشتا و دوو لەسەد لە ساڵی پێنجەم)، شـــایەتی دابەزینی بەرچاوی وێنەی كچـــان و كوڕان بە یەكەوەین( لە ٤٦.٦ لەسەد لە ساڵی یەكەم، بۆ ٩.٢ لەسەد لە ساڵی پێنجەم). ئەو رەوتە ئاستی جیاكردنەوەی رەگەزی لە نیزامـــی فێركردن و بارهێنانی كۆماری ئیســـلامیمان بۆ دەردەخات. جگە لە جیـــاوازی چەندایەتی لە ژمارەی ئەو وێنانە، شـــایەتی جیاوازی لە چۆنایەتی حزوری ژنان و منداڵانی كـــچ لە دەقی كتێبەكان دایـــن. هەروەها ئەو لێكۆڵینەوەیە بە هەڵاواردنی ئایینی و قەومی لە نێو كتێبە دەرسیەكانیش ئاماژە دەكات.

## توندوتیژی لە مەدرەسەكان

لێكۆڵینەوەیـــەك كە لە ســـاڵی ١٣٨٠ لە تـــاران ئەنجام دراوە، دەریدەخات كە ســـێ و یەك لەســـەدی خوێندكارانی قۆناغی ناوەندی بە شـــێوەیەك لە شێوەكان ئازاری جینسی دراون. توێژینەوەكانی هاوشـــێوە لە شارەكانی دیكە باسی لەسەرەوە بوونی ئەنواعی ئازار دەكەن. سەرەڕای ئیدعاكانی وەزارەتی فێركركردن و بارهێنانی رژێم، كە رایگەیاندووە لە مەدرەســـەكانی ئێراندا منداڵان تەمێ ناكرێن، تێكۆشەرانی دیفـــاع لە مافی منـــداڵان لە راپۆرتـــەكان و بابەتەكانی جیاجیا لـــە رۆژنامەكانی ئێران لەوانە" ئیعتماد" باســـیان لە تەمێی جەســـتەیی لەوانە ئاسن خســـتنە نێو سۆندە بۆ تەمێی منداڵان، میداد خســـتنە نێو ئەنگوستەكانی دەست و گوشار دانی، زیلە لێدان، كەشكخۆر كردنیان كە هێندێك جار دەبێتە هۆی شـــكاندنی سەریان؛ و جۆرەهای دیكەی تەمێـــی نامرۆڤانەی منداڵان كردووە. ســـاڵێك لەوەپێش لە هەواڵەكانـــدا هاتبوو كە منداڵێك بـــە هۆی تەمێ كران لە مەدرەسە گیانی لەدەستداوە.

مەوادی فیقهی ٦٢٢ و ٦٢٥ی یاســـای شەریعە كە لە



ئێرانـــدا پێڕەو دەکرێت، رادەی تەمــێ کردنی منداڵانی تا ئاستی نەمردن دیاریکردووە و ئەگەر منداڵ بەدەستی باوك و دایکیەوە گیانی لەدەستدا، دانی دیە و لانی زۆر دە رۆژی زیندانیان بۆ دیاریکراوە. بەهۆی ئەم یاسایانە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، منداڵ ئازاری لە کۆمەڵگادا رێگەی پێــدراوە و لە بوارە جۆراوجۆرەکانـــی کۆمەڵایەتیدا، لە نێو ماڵ، مەدەرســـە و شوێنی کار و لەسەر شەقام و کۆڵانەکان بووە بە شتێکی باو و بەردەوام روو لە زیادبوونە.

جگەلەوە، بە پێی راپۆرتی" وەفا ژالە" لە ساڵی ١٩٨٥دا، سێزدە لەسەدی خوێندکاران، واتە زیاتر لە دوو ملیۆن کەس و ١٥,٧ لەســـەدی خوێندکارانی تاران لە بەردەم مەترسی گیرۆدە بوون بە مادەســـڕکەرەکاندا بوون و تەمەنی راکێشان بەرەو مادەی ســـڕکەر لە ئێراندا بۆ ســـێزدە ساڵ دابەزیوە! هەروەهـــا پۆشـــینی جلوبەرگی ئیجباری لـــە ژێر ناوی حیجابی ئیســـلامی بۆ کچان تەنانەت کچانی ژێر تەمەنی بلوغیش ئاســـتەنگی و نەهامەتیەکی دیکەیە کە لە لایەن گەورەساڵانەوە بەسەر منداڵاندا سەپاوە.

## ئەدەبیاتی منداڵ و کۆماری ئیسلامی

پێشـــگرتن لە گەشـــەکردنی لێهاتوویەکانی منداڵان بە بەرتەسك کردنەوە و سانسۆر کردنی کتێبەکان و گۆڤارەکانی فەرمی منداڵان پلەی بێ سەوادی منداڵەکانمانی لە ئێران لە بواری باســـەوادیدا بردوەتە پلەی نەوەد و نۆهەم لە سەدا و لە بواری بێ سەوادیش پلەی خوارەوەی نەوەد و نۆی لە جیهاندا هەیە.

محەممـــەد رەزا عاشـــووری تووێـــژەر و کۆمەڵناس و سەرنووســـەری گۆڤاری" ئەندیشـــەی جامیعە" لە بەشێك لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە ســـمیناری دووهەمی "ئەدەبیاتی منداڵ، داروەگ" ســـەبارەت بـــە گۆڤارەکانی منداڵان لە ئێران لە ژێر ناوی "هەوراز و نشـــێوی گۆڤارەکانی منداڵان و تازەلاوان لە ســـاڵی ١٣٥٧ تا ١٣٨٢" پێشکەشـــی کرد، هەڵســـووکەوتێکی مێژوویی و وردی لەســـەر ئەدەبیات و گۆڤارەکانی منداڵان کردووە. لێرەدا بەشێك لەوە تووێژینەوەیە دێنین:

لـــە ســـاڵی ١٣٦٢دا هێندێك لـــە رۆژنامەکانیش چەند لاپەڕەیەکیان بـــۆ بابەتەکانی پێوەندیدار بە منداڵان تەرخان دەکرد. رۆژنامەکانی "کەیهـــان"،" ئیتلاعات" و" کۆماری ئیسلامی" ئۆرگانی حیزبی کۆماری ئیسلامی پێشوو؛ لە زوومرەی ئـــەو رۆژنامانە بوون. وردە وردە و بە تێپەڕبوونی کات ناوەنـــدەکان و ئۆرگانەکانی دیکەی دەســـەڵاتیش بە لیستی بڵاوکراوەکانی چاپەمەنی منداڵان و تازەلاوان زیاد بوون: سەدا و سیما، حەوزەی هونەری رێکخراوی تەبلیغاتی ئیســـلامی و حەوزەی عیلمیەی قوم ئەو ناوەندانەن کە بۆ منداڵان گۆڤاریان بڵاو کردوەتەوە.

کانونـــی بارهێنانی فیکـــری منداڵان و تـــازەلاوان کە ســـەردەمی رەونەقی خۆی لە دەیەی رابردوودا لە دەســـتدا و تووشـــی لێکترازان لە بەرنامەداڕشتن و سیاسەتدانان بوو، دەستی دایە پێداچوونەوە بەســـەر بەرنامەی بڵاوکراوەکانی چاپەمەنیەکانی خۆیدا. ئەو ناوەندە لە ســـاڵی ١٣٦٧ و لە کردەوەیەکی هیستریك و بە پەلەدا دەستی دایە بڵاوکردنەوەی ٧ گۆڤاری منداڵان و تازەلاوان." ئاییش"،" چیرۆك وتن"،" پوویـــش" و" رویش" لە زوومرەی ئەو گۆڤارانە بوون. گوایە پرســـێنێلی کانون دەیانویســـت کە دەورانی تەلایی ئیعتبار و درەوشـــانەوەی کانون لە رێگـــەی زۆر کردنی ژمارەی گۆڤارەکان بەدەســـت بێننەوە! سەرەڕای هەموو ئەو کردەوانە و خـــەرج کردنی هەزینەیەکی زۆر و زەبەند، کانون هەرگیز نەیتوانی ئیعتبار و نفوزی لەدەســـتچووی خۆی بەدەســـت بێنێتەوە. رێگایەك کە هێشتاش پاش تێپەڕ بوونی دوو دەیە نەیتوانیوە بیپێوێ.

لە نزیکەی بیست گۆڤاری منداڵان و تازەلاوان، هیچ کامیان هی کەسێکی دیاریکراو نییە. واتە هەموو چاپەمەنیەکانی منداڵان و تازەلاوان لە ئێران ســـەر بە دەوڵەتن. یەك یان دوو گۆڤـــار کە خاوەن ئیمتیازەکەیان کەســـێکی دیاریکراوە، لە ئێراندا بوونی هەیە، ئەویش کاربەدەستی رەسمی ناوەندەکانی دەسەڵاتن. شەش ناو لە چاپەمەنیەکانی منداڵان و تازەلاوان بە رێکخراوەگەلێك کە هیچ پێوەندیەکیان بە چاپەمەنی نییە، تەعەلوقی هەیـــە. لەوانە دەتوانین یەکێتی ئەنجومەنەکانی ئیســـلامی خوێنـــدکاران، دەفتەری تەبلیغاتـــی حەوزەی عیلمیەی قوم، بونیاد شەهید و هیتر ناوبەرین. هەشت ناوی ئەو چاپەمەنیانە بە وەزارەتخانەکان و ناوەندەکانی دەوڵەتی، دوو ناوی بە رێکخراوەکانی سەربازی و دوو ناوەندی دیکەش سەر بە رێکخراوەگەلی وەك" کەیهان"ن.

هەر ئەمە بەســـە تا بە روونی هەڵســـوکەوتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەدەبیاتی منداڵ نیشان بدرێت.

## ئازار دانی منداڵ

مادەی ســـەد و حەفتا و نۆی یاسای مەدەنی بە دایك و باوك مافی لێدان و تەمێ کردنی منداڵ دەدات و مەوادی یاســـایی فیقهی شەسەد و بیست و دوو تا شەسەد و بیست و پێنـــج رادەی ئەو تەمێ کردنەش دیاریدەکات. بە پێی ئەو

یاسایە :
کردەوەی دایك و باوکی یاسـایی و سەرپەرشتانی منداڵان کە بە مەبەسـتی لێدان و تەمێ کردنیـان ئەنجام بدرێت، بە مەرجێك کـە کارەکەیان لە ئاسـتی مامناوەندی لێدان و تەمێ کردنـدا بێت، تاوان نییە." ئـەو رادەیە لە تەمێ کردن شتێك نییە بێجگە لە لێدانی منداڵ تا حەدی مردن، بەڵام نەشـکاندنی بە پێی مادەی فیقهی شەسەد و بیست و سـێی ئەندامانی لەشی. موسـەوی ئەردەبیڵی یەکێك لە ئاخوندەکانی کۆماری ئیسـلامی لە سـاڵی رابردوودا لـە بەرانبەر پرسـیاری هەواڵنێری حکومەتی "ئیسـنا"دا لەوبارەیەوە رووهەڵماڵاوانە ووتی:" لێدانی جەستەیی منداڵ لەگەڵ تاوانکاری لە کەسایەتی ئەواندا ناتەبا نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پێکهاتنی کەسایەتی منداڵ و هەر بۆیەشە کە دەبێت حاکمی شەرع لە هەرکوێدا پێی باش بوو رێگە نەدات توندرەوی تێدا بکرێت." گوایە ئافتاوە کردنە ملی منداڵان و لاوان و ئیعدامی ئەوان لە بەرچاوی خەڵك توندرەوی بە ئەژمار نایەت.

بە پێی راپۆرتـی "بزووتنەوەی جیهانی کۆتایی هێنانی بە تەمێ کردنی جەستەیی منداڵان"، تەمێ کردنی جەستەیی منداڵان لە مەدرەسـەکان لە سـەد و دوو وڵاتی جیهاندا قەدەغە کراوە. بەم حاڵەشـەوە، منداڵان لە مەدرەسەکان بە شـێوەی جۆراوجۆر تەمێ دەکرێن و تەنیا چەند بابەتێك لەم منداڵ ئازاریەیە کە سەرنجی راگەیاندنەکان بۆ لای خۆی رادەکێشێت.

بـە پێی ئامارێك کە" ئەنجومەنی پشـتیوانی لە مافی منـداڵان" لە ئێـران بڵاوی کردۆتەوە، منـداڵ ئازاری لە ساڵی ١٣٨٦دا لە چاو ساڵی پێشووتر بە رادەی سێ و نیو لەسەد چوونەسەرەوەی بەخۆوە بینیوە. ناوەندەکانی ناحوکمی پشـتیوانی لە مافی منداڵان پێیان وایە لە چەند سـاڵی رابردوودا، منـداڵ ئازاری چوونەسـەرەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و جێگای نیگەرانییە. کارناسان پەرەسەندنی هەژاری و قەیرانەکانی بنەماڵەیی بە هۆکاری سـەرەکی چوونەسەرەوەی منداڵ ئازاری دەزانن.

بە پێی ئامارەکان، تەنیا لە ساڵی ١٣٨٥دا، هەشتا هەزار بابەتـی توندوتیژی نواندی لە نێو بنەماڵەدا تۆمار کراوە، کـە دە هەزار بابەتیان منداڵ ئازاری بووە. بە سـەرنجدان بەوەیکە لە ئێراندا تەمەنی بلوغ بۆ منداڵی کچ نۆ سـاڵ و کوڕ پازدە سـاڵ دیاری دەکرێت، ئەو ئامارە گەلێك لەوە زیاترە. لە ئێراندا منداڵ بە کەسانی ژێر دە ساڵ دەوترێت. بە پێی ئامارەکانی دەوڵەت، نەوەد لەسەدی منداڵ ئازاریەکان لە نێو بنەماڵەکاندا بەرێوەدەچن. بۆیە لەسەر ئەو مەسەلەیە جەخت دەکرێتەوە کە توندوتیژی نواندن لە مەدرەسـەکان و شوێنی کار و لە ئاستی کۆمەڵگادا کەمرەنگە. هەر چەند هەر وەك پێشـتر ئاماژەمان پێدا، لـە بنەماڵەیەکدا کە بەم ئیمکاناتە ئابووریە کەمە و لە ژێر یاسـای رەسمی منداڵ ئازاری کۆماری ئیسلامیدا، توندوتیژی لە دژی منداڵان زۆر دەبێت. سـەیر لەوەدایە کە سکرتێری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی وەزارەتی ئیرشاد، واتە وەزارەتخانەی سانسۆری هەر چەشـنە بیروباوەڕێکی ئازادی ئینسانی رادەگەیەنێت کە منداڵ ئازاری گەیشـتوەتە قۆناغێکی مەترسیدار. بە پێی ئامارەکان، ٤٨,٥ لەسـەد لـە توندوتیژەکان لە لایەن باوکان و ٢٨,٣ لەسـەدیش لە لایـەن دایکەکانەوە لە دژی منداڵان ئەنجام دەدرێت.

## مافی شارۆمەندی و کۆنوانسیۆنەکان

کۆماری ئیسـلامی هەموو کۆنوانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە مافی منداڵان، لەوانە" کۆنوانسیۆنی مافەکانی سیاسی شارۆمەندی منداڵان"ی لەسـەر قەدەغە کردنی ئیعدامی منداڵانی ژێر هەژدە سـاڵ ئیمزا کردووە. بەڵام بە وتەی" رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیـی"، لە نامەی ئیعترازی رۆژی ١٦ی ژانویـەی ٢٠٠٦ بـۆ دەوڵەتـی کۆماری ئیسـلامی، لە ساڵی ١٩٩٠ەوە تا ئێسـتا بیست و هەشت منداڵی ژێر هەژدە سـاڵ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامیدا ئیعدام کراون.

## خۆکوژی

بەڵگەکان نیشـانی دەدەن کە لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٧٦ تا ١٣٨٠دا، سەرجەم سێزدە هەزار و نۆسەد و حەفدە بابەتی خۆکوژی بـە ناوەندەکانی ئینتزامـی راگەیەندراون. ١٠ لەسەدی پیاوان و ٩٣,١٣ لەسەدی ژنان کە دەستیان داوەتە کردەوەی خۆکوژی، کەمتر لە حەفدە سـاڵ تەمەنیان بووە. مەسـەلەیەکی گرینگ لەو ئامارەدا، هەزار و حەوسەد و سـێزدە منداڵ و تازە لاوی کەمتر لە حەفدە سـاڵە، واتە ٣١,١٢ لەسـەد لە نێو ئەو کەسـانەیە کە دەستیان داوەتە کردەوە خۆکوژی. هۆکاری ئەوەیکە لەو ساڵانەدا ئەو کەسانە دەسـتیان داوەتە کردەوەی خۆکوژی بە بێ سـەرنج دان بە رەگەز و تەمەن بریتیە لە: ٥٤,٢٩ لەسەد بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی، ١٨,٧ لەسەد بەهۆی بێ هیوایی و شکست لە پێکهێنانی بنەماڵە، ٩٧,٤ لەسەد بە هۆی گرفتی دەرونی، چوار لەسـەد بەهۆی هەژاری و نـەداری، ٤٩,١ بەهۆی

مەسایلی ناموسی و ٣٧,٧١ لەسەد بە هۆی هاوسەرگیری ئیجباری. هەروەها ٤٥,٥١ لەسەدی کەسانێك کە دەستیان داوەتە کردەوەی خۆکوژی، ئەنگیزەی دیکەشیان بووە کە رانەگەیەندراوە.

## منداڵان و لەشفرۆشی

بە پێی راپۆرتی "یونیسێف"، لە نۆ ساڵی دواییدا رێژەی لەشفرۆشی لە ئێران سنووری ٦٣٠ لەسەدی بەزاندووە. واتە زیاتر لە شەش بەرابەر بووە. جگە لە ئازار و دەستدرێژی ئاشکرای جینسی بۆ سەر منداڵانی کاری سەر شەقام، هەڕاج کردنی منداڵانی کچ لە بازاڕەکانی ئەمارات و کڕین و فرۆشتنی کچانی ژێر هەژدە ساڵ لە لایەن قاچاخچیانی منداڵ، یەکەمین جار لە لایەن "موستەفا بین یەحیا" خەلەبانی ئێرانی تەبار کە دوکتورای تاواناسیشی لە گۆڵیسی ئیمارات وەرگرتووە، لەقاو درا. بە وتەی ناوبراو :

" رۆژانە ٩ فڕۆکەی تایبەت کچانی ئێران بۆ فرۆش دەبەن بۆ ئەمارات و فڕۆکەیەکیش تەرمی سووتاو و کەسانێك کە بە نەخۆشینی ئەیدز گیرۆدە بوون، بۆ ئێران دەگەڕێننەوە."

مەجلیسی شوڕای ئیسلامی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەدا بە هۆی بلاوکردنەوەی ئەم هەواڵە و" هەڵخراندنی هەستی نەتەوەیی رەخنەی لە رۆژنامەی" ئێران" و" ئیعتماد" گرتبوو، بەڵام ئەگەر ئەمرۆکە چاوێك بە سەر سایەتە ئینتێرنێتیەکاندا بخشێنین، چاومان بە پڕوپاگەندەی فرۆشتنی کچان دەکەوێت. من لەمدواییانەدا سایتێکم چاوپێکەوت کە نووسیبووی :

" بەناوی خودا، بسمی تەعالا! بۆ لە نێو نەچوونی کچانی هەڵاتوو لە ماڵ و لەشفرۆشی نەکردنیان ئێمە بە ئێوەی دەفرۆشین، بە مەرجێك کە بیانپارێزن. ئەگەر نەخۆشیش بن پارەیەکی کەمتان لێ وەردەگرین." و وێنەی کچێکی شازدە ساڵەی بە ناوی مریەم بلاو کردبووەوە. فرۆشتنی کچانی کەم تەمەنی ئێرانی دانیشتووی ناوچە هەژار نشینەکان بە پیاوانی پاکستانی یان ئەفغانستانیش دیاردەیەکی باوە و بۆ هەموان ئاشکرایە. رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨ زۆرێك لە دیاردەکانی دیکەی خستە پەراوێزەوە. یەکێك لەو دیاردانە قاچاخی کچان بۆ سوئیستفادەی جینسیە. بە پێی راپۆرتە رەسمیەکان، لە چەند ساڵی رابردوودا، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی منداڵانی کۆیلەی جینسی ٦٣٥ لەسەد چوەتە سەرێ و دەیان کچیش بۆ وڵاتانی عەرەب، پاکستان و بەنگلادیش قاچاخ دەکرێن و لە زۆربەی بابەتەکاندا، ئەو کچانە لە بیست و چوار سەعاتی یەکەمی ورودیان بۆ ئەو وڵاتانە دەکەونە بەر دەستدرێژی جینسی.

لە تاراندا دەخەڵمێنرێت کە نزیکەی هەشتا و چوار هەزار ژن و کچ کرێکاری جینسین و لەشفرۆشی دەکەن. لەو نێوانەدا چوارسەد و پەنجا فاحشەخانە بوونی هەیە. لە هەمان کاتدا، زۆرێك لەو کچانە بۆ وڵاتانی وەك ئاڵمان، فەڕانسە و بریتانیا قاچاخ دەکرێن یان بە هۆی هەژاری زۆر بۆ ئەفغانستان و پاکستان هەڵدێن.

## منداڵانی کۆچبەری ئەفغانی و چیرۆکی دڵهەژێنی سنوورەکان

منداڵانی ئەفغانستانی نە تەنیا لە بازنەی نەهامەتیەکانی منداڵانی ئێران وەدەرنین، بەڵکوو زۆرترین ئازارەکان لە دژیان بەڕێوەدەچێت. بێبەش کردنی ئەم منداڵانە لە خوێندن بە پێی پەسەندکراوەی وەزارەتی فێرکردن و بارهێنانی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە دێسامبری ساڵی ٢٠٠٥، لە پاڵ ئاستەنگیەکانی پێشووتر لەسەر رێگای ژیانیان، لەوانە گواستنەوەی شوێنی ژیان و بەهرەمەند نەبوون لە بیمەی بێکاری و دەرمانی بۆ گەورەساڵان، کە بە ناچار منداڵانی ئەفغانستانی بەرەو کار کردن پاڵ پێوەناوە، تەبلیغاتێکی راسیستی کە ئەم خەڵکە بێبەش و زەحمەتکێشە بە هۆکاری بێکاری کرێکارانی ئێران دەزانێت و جنێو و سووکایەتی بەردەوام بە کەرامەتی ئینسانی ئەوان؛ تەنیا چەند بابەتێکن لە بێ عەداڵەتیەکی ئاشکرا کە دەرحەق بە کرێکارانی منداڵی ئەفغانستانی دەکرێت.

بە پێی پەیماننامەکانی پاراستنی مافی منداڵان و پەسەندکراوەکانی کۆنوانسیۆنی ژنێف سەبارەت بە کاروباری پەنابەریەتی، هەموو منداڵان بە بێ لەبەرچاو گرتنی جینسیەت، رەگەز، ئایین و تابیعیەت دەبێ لە مافی شارۆمەندی و بە تایبەتی مافی خوێندن بەهرەمەند بن، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینیدا بە پشتبەستن بە کۆنوانسیۆنەکانی تەتبیقی و بڕوبیانوی پووچی دیکەی ئەو پرنسیپانەی ناوەتە ژێر پێ و منداڵانی لە هەموو بوارەکانی کاری تاقەت پڕوکێندا بەکارهێناوە و ئەوانی لە سەرەتایی ترین پێویستیەکانی ژیان بێبەش کردووە.

منداڵانی بنەماڵەکانی کۆچبەری ئەفغانستان لە ئاستێکی بەریندا لە بازاڕەکانی کاری ئێراندا کار دەکەن. کاری دژوار لەگەڵ دایك و باوکیان لە کورەخانەکان، ناوەندەکانی رستن

و چنینی قاڵی و هەروەها کار لە نێو کارگاکانی بچووك و دەستفرۆشـــی و بەدوای زبڵداگەڕان و ... لە زوومرەی ئەو کارانەن.

تەنیا لە ئۆســـتانی مەرکەزی خوراســـاندا، پەنجا و پێنج هەزار منداڵی ئەفغانستانی بێ پێناس هەیە، ئەوە منداڵانێك کە دایك یان باوکیان ئێرانیە یان ئەفغانســـتانیە، دەگرێتەوە. لە وڵام بە پرســـیاری، واتە هیچ کام لەو منداڵانە پێناسیان نییە؟ ناهیدی ئەشرەفی ســـەۆکی ئەنجومەنی پشتیوانی ئەنجومەنی تایبەتی پێڕاگەیشـــتن بە کاروباری کۆچبەران لە تەلەفونێکدا سەبارەت بە منداڵانی بێ شناسنامە وتی :

" هیچ کەس ئامارێکی وردی نییە. نە ئێمە و نە سەرچاوە دەوڵەتیەکان. بەڵام بە پێی ئاماری نیسبی ناحوکمی، زیاتر لە ١٠٠ هەزارمنداڵ لە ئێراندا لەوەها بارودۆخێکدا دەژین."

## ئیعتیاد لە نێو منداڵان و تازەلاوان

دەوڵەتـــی کۆمـــاری ئیســـلامی دیـــاردەی ئیعتیاد بە مادەســـڕکەرەکان لە ئێران دەگەڕێنێتەوە بۆ هاوسنوور بوون لەگەڵ ئەفغانســـتان. "ئەحمەدی نژاد" ســـەرۆك کۆماری رژیم"یش بە پێچەوانەی هەموو تووێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی تا بە ئێســـتا ژمارەی قەتعی موعتادەکان لە ئێرانی تەنیا شەســـەد هەزار کـــەس راگەیاندووە و بۆ چەواشـــە کردنی ژمارەی گەلێك لەوە زیاتری موعتادەکان لە ئێران وتوویەتی کە "هێندێك کەس پێداگری لەســـەر خراپ نیشـــان دانی وەزعەکە دەکەن."

بەڵام هەواڵ و گوزارشـــەکان ســـەبارت بـــە ئیعتیاد و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی مادەی ســـڕکەر لە ئێران بە باشی دەرخەری وەزعەکەیە :

بـــە پێی راپۆرتی "کەناڵی هەواڵگری بۆرنا"،" مۆتەکەی مەوادی موخەدیر لە بۆســـەی منداڵان دایە. موســـتەفا ئاقاجانی ئۆستادی مەددەکاری زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە وتووێـــژ لەگەڵ هەواڵنێـــری کۆمەڵایەتـــی "بۆرنا"دا لەمبارەیەوە وتوویەتی :

" زۆربەی منداڵانی ســـەر شـــەقام لە تەمەنی پازدە بۆ حەفدە ســـاڵیدان و بە سەرنجدان بە بارودۆخی کار و ژیانی ئەوان، لە بەردەم ئەنواعی خەساری کۆمەڵایەتی دان."

ئاقاجانی ئیعتیاد بە سەرەکیترین ئازاری کۆمەڵایەتی لە ئێران دەزانێت و دەڵێت :

" نزیکەی بیســـت لەســـەدی منداڵانی ســـەر شـــەقام بە مادەســـڕکەرەکان موعتادن، کە لەم نێوانەدا نزیکەی پازدە لەســـەدیان جگەرە دەکێشـــن و پێنج لەســـەدی دیکەیان بە مەوادی موخەدیر موعتادن. منداڵانی سەر شەقام لە بواری ئابـــووری و کولتوری لە ژێر هێڵـــی هەژاریدان و نزیکەی چل لەســـەدی ئەو منداڵانە لە نێو بنەماڵەیەکدا دەژین کە لانیکەم یەکێك لە ئەندامانی مادەسڕکەرەکان بەکار دێنێت."

سرویســـی خەسارە کۆمەڵایەتیەکانی "ئیسنا"، هەواڵنێری خوێندکارانی ئێران لە تاران رایگەیاند:" جێگری تووێژینەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی زانستی رەفتاری و وابەستەگی بە مادەی سڕکەر لەسەر بنەمای تووێژینەوەیەکی ئەنجامدراو لە نێو حەفتا و پێنج خوێندکاردا، بە ئاماژە بەوەیکە ئێران لە بواری ئولگوی بەکارهێنانی ئەلکول مەترسیدارترین وڵاتی جیهانە، رایگەیاندووە کە بڵاوبوونەوەی مادەســـڕکەرەکان لە نێو لاوانی ژێر پازدە و پازدە بۆ ١٩ ســـاڵ بە تەرتیب چوار و بیست و چوار لەسەدە و ئەو ئاستە لە نێو سەرجەم لاوانی ژێر بیست و چوار ساڵدا گەیشتوەتە ٥٦,٣ دەهۆمی لەسەد.

بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری حکومەتی "ئیســـنا"، دوکتور "حەمیدی ئەڵاوەردی پور" لە کۆبوونەوەی هاوبیری ستادی بەناو خەبات لەگەڵ مادە ســـڕکەرەکان کە بە مەوزوعیەتی هەڵســـەنگاندنی هۆکاری خۆکونترۆڵ کردن بۆ پێشگرتن لـــە بەکارهێنانی مادەســـڕکەرەکان لە نێـــو خوێندکارانی کوڕی ســـاڵی دووهەمـــی دواناوەندی رۆژئاوای شـــاری تاران بەڕێوەچوو، بە ئامـــاژە بەوەیکە ئەو لێکۆڵینەوە نیوە تەجروبیە، لە نێو کۆمەڵەی نمونەیی حەفتا و پێنج کەســـی لە ساڵی ٨٣ ئەنجام دراوە، وتوویەتی:" لە حاڵی حازردا، پەرەسەندنی بەکارهێنانی مادەسڕکەرەکان لە نێو خوێندکاران لە هێندێك لە لێکۆڵینەوەکاندا بیســـت و ســـێ لەسەد و لە هێندێکی دیکەدا پێنج لەسەد راگەیەندراوە."

هەروەها ئەندامی لێژنەی زانستی زانکۆی علوم پزیشکی هەمەدان ئاماژەی بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك لەســـەر چوارســـەد کەس بە مەبەستی تووێژنەوە سەبارەت بە رادەی لـــە مەترســـیدابوونی خوێندکارانی هەمەدانـــی لە بواری بەکارهێنانی مادەی ســـڕکەر و مەشـــروباتی ئەلکوڵی دا. ناوبـــراو لە درێژەدا جەختی کـــردەوە :"بە پێی ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە، رێژەی ئەو کەســـانەی کە لە بەردەم مەترسی بەکارهێنانی مەشـــروباتی ئەلکۆڵی، تریاك و ماریجوانادا بوون، بە تەرتیب نەوەد و هەشـــت و شەست و حەوت و چل و سێ لەســـەد بووە.... ئولگوی بەکارهێنانی ئەلکۆڵ لە ئێران مەترسیدارترین ئۆلگوی جیهانە. بناغەی دەستپێکردن بەخواردنەوەی ئەڵکوڵ ( خەست بوونی ئەڵکۆڵی بەکارهاتوو) لە نێو لاوانی ئێراندا زۆر لەســـەرەوەیە، بە شێوەیەك کە ئەو رادەیـــە لە خەســـتی ئەڵکولی بەکارهاتوو لە ئوروپا ســـێ



لەسەدە، بەڵام لە ئێران ٤٠ لەسەدە."

هەروەها دوکتور ئەڵاوەردی پور سەبارەت بە فرۆشتنی ئەلکۆڵی سەنعەتی بە لاوان و تازەلاوان لە هێندێك لە داروخانەکانی ئێران هۆشداری دا و جەختی کردەوە :

" تاکەکان لە تەمەنی بلوغ و تازە لاویدا زۆرتر لە ئەوانی دیکە لە بەردەم مەترسی بەکارهێنانی جگەرە، مادەی سڕکەر و مەشروباتی ئەلکۆڵی دان."

رۆژنامەی" ئێران" لە ١١ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٣دا ئەو وتەیەی قایم مەقامی ڕێکخراوی بێهزیستی ئێرانی تاوتوێ کردبوو، کە: زیاتر لە دوو ملیۆن موعتاد لە ئێراندا هەیە و گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ پێشگرتن لە پەرەسەندن و بەربەرکانێ لەگەڵی پێویستە. بە وتەی ئەو کاربەدەستەی ڕژیم :

" ڕۆژانە چوار تۆن مەوادی موخەدیر لە ئێراندا بەکار دەهێنرێت و یەك کەسیش دەتوانێت دە کەسی دیکە موعتاد بکات... ئاکامەکەی دوو ملیۆن موعتادی ڕەسمی و تەفەنونی، سێسەد هەزار موعتادی تەزریقی، پێوەندی ڕاستەوخۆی شەست لەسەدی لێکترازانی شیرازەی ژیانی بنەماڵەکان لە ئێران لەگەڵ ئیعتیاد، گەیاندنی چوار تا پێنج هەزار ملیار تمەن خەسارەتی دارایی لەو ڕێگەیەوە بە وڵات و مردنی ڕۆژانە دە تا دوازدە موعتاد و سەدان کێشەوگرفتی دیکەیە."

یەکێك لە بەرپرسانی بەربەرەکانێ لەگەڵ مادەسڕکەرەکان لەمبارەیەوە ووتی :

" لە ئێراندا لە هەر دەقیقەیەکدا یەك کەس بە هۆی ئیعتیاد دەمرێت و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا نزیکەی ٢ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار موعتاد دەستبەسەر کراون، کە تەمەنیان لە نێوان ١٠ تا سەد ساڵ بووە."

لە حاڵێکدا کە ئەم بەرپرسە باس لە بەکارهێنانی ڕۆژانە دو تۆن مادەی سڕکەر بە بایەخی چل و پێنج هەزار ملیار ریاڵ لە ئێران دەکات کە هێندێك لە کارناسان و دەزگاکان پێیان وایە ڕۆژانە لە نێوان دوو تا شەش تۆن مەوادی موخەدیر لە لایەن موعتادەکانەوە بەکار دەهێنرێت و ١٢ ملیۆن کەسیش بە شێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ ئەو بەڵا ماڵوێرانکەرە دەرگیرن. بە شێوەی مامناوەند هەر موعتادێك لە ماوەی ژیانیدا ١٠ کەسی دیکە دەکێشێتە کامی ئیعتیاد، کە بە سەرنجدان بە درێژەی ڕەوتی ڕوو لە چوونەسەرەوەی نرخی ٢٣ لەسەدی بێکاری لە ساڵدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەوانە لاوانی بێکار یان بێبەش لە هەر چەشنە شارەزایەکی کۆمەڵایەتین.

لەم نێوانەدا سەرداری سپا،" مێهدی ئەبوویش" بە گۆشەیەك لە ئاسەوارەکانی بڵاوبوونەوەی مادەسڕکەرەکان لە ئێران ئاماژەی کردووە و دەڵێت :

" بە پێی ئاماری ڕەسمی پزیشکی قانوونی لە ساڵی ١٣٨١دا، سێ هەزار و پێنسەد کەس و لە ساڵی ڕابردوودا چوار هەزار و پێنسەد موعتاد گیانیان لەدەستداوە، کە زۆربەیان لە تاراندا مردوون."

سەردار ئەبوویی بە ئاماژە ئەوەیکە لە هەشت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە چاو هەشت مانگی ساڵی ڕابردوو دۆزراوەکانی ئیدارەی بەربەرەکانێ لەگەڵ مەوادی موخەدیری" ناجا" پەنجا و شەش لەسەد چوونەسەرەوەی بەخۆیەوە بینیوە، ڕایگەیاندووە :

" ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی بەراوردەکان، هەر لەم ماوەیەدا هاتنی مادەسڕکەرەکان بۆ ئێران تەنیا بیست تا سی لەسەد چوەتە سەرێ."

سەردار ئەبوویی ئاماژەی بەوەداوە کە تەمەنی چل و حەوت لەسەدی موعتادەکانی ئێران لە نێوان بیست و پێنج تا چل ساڵدان. ناوبراو لە درێژەدا وتوویەتی:" لە وڵاتی ئێمەدا تەنیا سی لەسەد لە موعتدەکانی ڕەسمی ئێران، واتە یەك ملیۆن و دووسەد هەزاریان لاوانی ژێر بیست ساڵن."

ئاماری ئەمساڵ نیشانی دەدات کە دوو ملیۆن و نیوی منداڵی خوێندکار یان تووشبوون بە مادەسڕکەرەکان هەڕەشەیان لێ دەکات، یان گیرۆدەی بوون.

## ڕێکخراوەکانی منداڵان

لە ئێرانیش هەر وەك گلوبالیزاسیۆن و تەنوری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە چەند دەیەی رابردوودا" ئێن جی ئۆ"گەلێکی زۆر پێکهاتوون. جیاوازی" ئێن جی ئۆ" کانی ئێران لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی جیهان، لەوەدایە :

١- ئەو ژمارەیە کە مافی تۆمار کردن و ئیمکاناتی پشتیوانی ناوەندەکانی پێوەندیداریان بەدەستهێناوە، لە راستیدا زۆربەیان" ئێن جی ئۆ" نین، بەڵکوو نوسخەی کوپیکراوی دەوڵتیی ناوەندەکانی خۆرسك و جەماوەرین و بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردن و بە لاڕێدا بردنی هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە خوارەوە و لە ناخی دڵی جەماوەرەوە پێکهاتوون. پێڕەوی ناوخۆ و حوکمەکانیان نەك خۆکرد بە پێی پێویستیەکانی هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، بەڵکوو نوسخەی ڕەشنووسی وەزارەتخانەکانی دەوڵەتن.

٢- " ئێن جی ئۆ" کانی خەڵك لە کەمترین پشتیوانیەك بەهرەمەند نین، تەنانەت مافی تۆمار کردنیشیان پێ نادرێت.

٣- بە پێچەوانەی تەبسەرەی یەکی پەیماننامەی سەد و هەشتا و دوو، هەڵسووڕاوانی "ئەو ئێن جی ئۆ"کان نە تەنیا پارێزراوی یاسایی نایانگرێتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەی واز لە چالاکیەکانیان بێنن، بەردەوام لە ژێر ئازار و بەدواداچوون و گرتن و زیندانی کراندان. لە چەند ساڵی رابردوودا، دەوڵەت بەردەوام دەستی داوەتە گرتن و زیندانی کردنی هەڵسووڕاوانی ئەو ڕێکخراوانە و تۆمەتی ناڕەوا و ناڕاست دەخەنەپاڵ ئەم ئازیزانە کە بە کەمترین ئیمکانات لە خزمەت بە منداڵاندا گەلێك کاری بەنرخ و گرینگیان کردووە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە مەشروعیەت بدات بە ئازار و ئەزیەت و زیندانی کردنی ئەوان.

هەر ئێستا شیوا نەزەرئاهاری هەڵسووڕاوی ناسراوی دیفاع لە مافی منداڵان، لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکی مەترسیداردا بەسەر دەبات. ئەو پاش دەستبەسەری ماوەیەکی زۆری لە ژووره تاکەکەسیەکاندا بردە سەر و تەنانەت پاش دوو مانگ ئیزنی چاوپێکەوتن لەگەڵ دایکی پێدرا. دادسەرای زیندانی ئێوین پاش" پێشکەش کردنی دوایین دیفاعیات"ی شیوا نەزەرئاهاری، تۆمەتەکانی "تەبلیغ لە دژی نیزام" و " کردەوە لە دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی لە ڕێگەی بەشداری لە کۆبوونەوەی سێزدەی ئابان و شازدەی ئازەر"ی خستوتە پاڵی. ئەو چەشنە تۆمەتانە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت زیندانی درێژماوە و تەنانەت ئیعدامی زیندانیەکەی لێبکەوێتەوە. ئیعدامی فەرزادی کەمانگەر، مامۆستای منداڵان لە شاری کامیارانی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ عەلی حەیدەریان، فەرهادی وەکیلی، شیرینی عەلەم هولی و مێهدی ئیسلامیان لە رۆژی یەکشەمە ١٩ی مانگی گوڵانی ١٣٨٩ تەنیا نمونەیەکی دڵتەزێن لەو بارودۆخەیە کە کۆماری ئیسلامی بەسەر هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایەتیدا سەپاندووە.

پێشێل کردنی مافی ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافی منداڵ و ئازاردانی هەڵسووڕاوانی ئەو بوارە بێجگە لە دەستدرێژی بۆ سەر مافی منداڵان، هیچی تر نییە.

جێگای خۆیەتی کە بەم راستیەش ئاماژە بکەین کە لەو بارودۆخە دژوارەدا منداڵانی ئێران و ڕێکخراوەکانیان تەنانەت نەیانتوانیوە نوێنەرێکیش بۆ کۆنگرەکانی منداڵانی کار بنێرن.

***

سەفەرەکەمان لێرەدا کۆتایی پێ دێنین، بە بێ ئەوەیکە توانیبێتمان لە نێو گشت کەلێن و قووژبنەکانی دنیای جەوور و ستەمی منداڵان لە ئێراندا بگەڕین. لانیکەم لەم بارەیەوە، رستەی مست نمونەی خەروارە! بۆی باش نییە. ئەوەیکە لە دنیای واقیعدا و لە ئاستی دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا لەسەر منداڵان لە ئێران رەوایە، نە هیچ قەڵەمێك دەتوانێت لەسەر کاغەز دایبرێژێت و نە هیچ زمانێك بیگێڕێتەوە.

" منداڵی"یان لە ئێران کوشتووە. منداڵانی ئێران ئەگەر شادیش بوون، ئەگەر زیندوو بن، ئەگەر توانیبێتیان سەرەڕای شیزوفێڕنیای داسەپاو، کەسایەتیەکی ئینسانیان پەیدا بکەن، یان بن بە خوێندکار و تێکۆشەر و لە بزووتنەوەی کرێکاران و ژناندا رۆڵ بگێڕن و...؛ تەنیا دەرئەنجامی سروشتی ئینسانی ئەوانە. منداڵانی ئێران، تەنانەت منداڵانی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان، گەنمگەلێکی دەیمین کە بەهۆی باران و بەوزە بوونی خۆیان باڵا دەکەن، نەوەك چاوەدێری کۆمەڵایەتی. گوڵەسورگەلی رووای ناو ساراتن، کە وزەی گەشە کردنیان لە هەناوی خۆیاندا هەیە.


بەم حاڵەشەوە نابێت و ناکرێت منداڵان لە ئێران بێ پشت و پەنا بهێڵینەوە. پێویستی هەوڵێکی گشتگیری نێونەتەوەیی دژ بە بێ مافی رەهای ئەوان هەر رۆژە زیاتر و زیاتر هەست پێ دەکرێ.

گوڵەکانی "لەبیرکراو"ی ئێران فام کەین. هاوپشتی نێونەتەوەیی لەم پێوەندیەدا ئەرکێکی بە پەلە و سەرەکییە.

منداڵان ئەمرۆ و دەنگی داهاتووشن! ئێمە گەورەکانی کۆمەڵگا، بەرپرسی بارودۆخی منداڵانەکانمانین و ئەرکی خۆمانە تا ئەو کاتەی منداڵن، منداڵی و شایی و ئاسایش و ڕێز بگەڕێنینەوە بۆیان. سبەی رۆژ ئیر درەنگە!


***

# بڵاوکراوەی نوێ





دیدارێک لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵە چاپی سێهەمی بە ناونیشانی خەبات بەرەو سەرکەوتن بڵاو کرایەوە

ئەم کتێبە گفتوگۆیەکە سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵە و گۆرانکاریەکانی کوردستانی ئێران لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی رابردوو دا لە سازدانی بەهمەن سەعیدی. چاپی سێهەمی وێرای باسێکی نوێ لەسەر شەری نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە لە دوو بەرگ دا بە چاپ گەیشتووە.





بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی "ئەحمەد بازگر"ی شاعر لە دووتوێ دیوانە شیعرێک دا بە ناونیشانی "چۆن بۆت بدوێم" بە هەوڵی "ئەنوەر حسێن" بە دیزاین و چاپێکی گەلێک جوانەوە بە چاپ گەیشتن. ئەم دیوانە چەندین شیعری ناسراوی شاعیر لەوانە: گۆمە شین، زولفا، مەیلی بێستان، ئێوارەیەک لە مێژووم، چۆن بۆت بدوێم... لە خۆگرتووە.




کۆنسێرتێکی ناتەواو

ناوی کۆمەڵە شیعرێکە کە لە دووتوێی کتێبێکی دا بە شێوەی pdf بڵاو بووەتەوە و "سەعید ئەمانی" ئەم شیعرانەی لە زمانی فارسیەوە کردووە بە کوردی و بەرهەمی کۆمەڵێک لە شاعیرانی پێشرەوی جیهانیە و چەندین دەقی جوان و پێشکەوتنخوازانەی لەخۆ گرتووە.




کتێب ئازادی ژنان لە چاپ درا

ئەم کتێبە لە نوسینی ژنە خەباتکاری ئەمریکایی ئێڤلین رید_ و لە لایەن ناسر حەقپەرەست وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی یەکێتی ژنانی کوردستان لە چاپی داوە

سەردێری باسەکانی بریتین لە:

ژنان و بنەماڵە: روانینێکی مێژوویی


ئەفسانەی ژێردەستەیی ژنان

ژنان چۆن کۆنترۆڵی چارەنووسی خۆیان لەدست دا و چلۆن دەتوانن بەدەستی بێنن ....

ژنان: سیستەمی کاستی، چینایەتی یا رەگەزی زۆرلێکراو؟

جوانکاریی، مۆد و چەوساندنەوەی ژنان

رازورەمزی ژنانە



کارێک لە شۆڕش ئاهی بە یادی قوربانیانی شیناوێ

PESHANG24